٨

# فەلسەفە چییە؟


نووسین:
**Vegard Martinsen**

وەرگێڕان: ئیبراهیم ساڵحڕاد (لاجانی)




**پێشکەشە بە:**

بە هەموو لاوانی کورد کە بیری ئازادی و ڕزگاریی
کوردستانیان کردۆتە فەلسەفەی ژیان و خەباتی خۆیان

# فەلسەفە چییە؟

Vegard Martinsen
وەرگێڕان: ئیبراهیم سالْحڕاد (لاجانی)

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبی تیشک
٢٠٢٢ی زایینی

# فەلسەفە چییە؟

نووسین:
Vegard Martinsen

وەرگێڕان:
ئیبراهیم ساڵحڕاد (لاجانی)

بەراوردی دەقی کوردی و نۆرویژی:
عەبدوڵلا حیجاب

پێداچوونەوە: کاروان مێراوی

تایپ: عەلی لالە

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

چاپخانەی زانا (سلێمانی) ـ ٢٠٢٢ی زایینی

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبی «تیشک»
ژمارە (٨)

دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
www.govartishk.com

سەرجەم مافەکانی ئەم بەرهەمە بۆ گۆڤاری تیشک پارێزراوە.

دەقی نۆرویژیی ئەم کتێبە لەم بەستەرە وەرگیراوە: https://filosofi.no

# پێڕست

پێشەکی.................................................................................................................... ٩

بەشی یەکەم

فەلسەفە چییە؟........................................................................................................ ١١
لەنێو بوارە ئاکادێمیکییەکاندا فەلسەفە لە هەموویان گرنگترە!................................................... ١١
مێتافیزیک ............................................................................................................... ١٣
ئایا ئەو شتەی دەیبینین هەیە؟................................................................................... ١٤
ئایا یاسا سروشتییەکان هەن؟ ..................................................................................... ١٥
ئۆبژێکتیڤ و سۆبژێکتیڤ یان هۆشەکی و بابەتیانە............................................................. ١٦
مرۆڤ....................................................................................................................... ١٦
ماتریالیزم و ئیدەئالیزم............................................................................................. ١٧
ئایا خودا بوونی هەیە؟ ............................................................................................... ١٧
ئایا شتێکی دیکە هەیە؟.............................................................................................. ١٨
ئیپیستیمۆلۆژی یان زانیناسی........................................................................................ ١٨
هەستەکان ................................................................................................................. ١٩
چەمکەکان (کۆنسێپتەکان) .......................................................................................... ٢٠
ئاوەز.......................................................................................................................... ٢٢
لۆژیک ...................................................................................................................... ٢٣
هەستەکان .................................................................................................................. ٢٥
باوەڕ......................................................................................................................... ٢٦
بیرۆکە هۆشەکییەکان (ئەو بیرۆکانەی کە لەگەڵمان لەدایک دەبن)............................................... ٢٧

ئۆبژێکتیڤ و سوبژێکتیڤ (بابەتیانە و هۆشەکی)........ ٢٨
مەبەست ........ ٣٠
مەبەست ........ ٣٦
ئەخلاقی ئەرکدار (DUTY ETHICS)........ ٣١
هێدئۆنیزم (چێژوەرگرتن)........ ٣٢
قازانجباوەڕی (utilitarianismsm)........ ٣٣
خۆنەویستی، مرۆڤ دۆستی یان ئالّترویسم (ALTRUISM)........ ٣٤
ئیگۆئیزم و خۆویستی (EGOISM)........ ٣٦
کێشەی دەبێت و نابێت........ ٣٧
سیاسەت........ ٣٨
سۆسیالیزم ........ ٣٨
فاشیزم ........ ٤٠
سەرمایەداری........ ٤١
دەوڵەتی خۆشبژیوی (WELFARE STATE)........ ٤٣
ئانارشیزم ........ ٤٤
دێموکراسی........ ٤٥
جوانیناسی یا ئیستاتیک........ ٤٦
هونەر لە ئەنتیکدا........ ٤٧
ڕۆمانتیک........ ٤٧
ناتوراڵیزم ........ ٤٨
مۆدێڕنیزم........ ٤٩

بەشی دووهەم

فەلسەفە پێش لە ئەفلاتوون........ ٥١
فەلسەفەی سروشتی (NATURAL PHILOSOPHY)........ ٥١
بیرکردنەوەی ئەخلاقی........ ٥٤
سوقرات (Sokrates)........ ٥٤
ئەفلاتوون (Platon) ........ ٥٦
مێتافیزیک ........ ٥٦
زانینناسی........ ٥٩
ئێتیک یان ئەخلاق........ ٦١
سیاسەت........ ٦٢
جوانیناسی و ئیستاتیک........ ٦٤
ئەریستۆ (Aristoteles) ........ ٦٥
مێتافیزیک ........ ٦٦
زانینناسی........ ٦٨
ئێتیک یان ئاکار........ ٦٩
سیاسەت........ ٧١

ئیستاتیک و جوانیناسی.......... ٧١
ناوبرِێک.......... ٧٢
ئەپیکوریزم.......... ٧٢
ستۆیسیزم (ڕەواقیگەری).......... ٧٣
سکێپتیزم.......... ٧٤
نیوئەفلاتوونیزم.......... ٧٥
مەسیحییەت و خاچپەرستی.......... ٧٥
ئینجیلەکان.......... ٧٧
پاوڵس.......... ٨٠
مێتافیزیک.......... ٨٢
زانینناسی.......... ٨٣
ئاکار.......... ٨٤
سیاسەت.......... ٨٥
جوانیناسی.......... ٨٦
ئاگوستین.......... ٨٦
کێشە و ململانێی جیهانی.......... ٨٨
تۆماس ئەکویناس.......... ٨٩
مارتین لۆتەر.......... ٩٢
ڕێنێسانس.......... ٩٣
رێنە دیکارت.......... ٩٦
زانینناسی.......... ٩٦
مێتافیزیک.......... ٩٩
ئاکار.......... ١٠٠
سیاسەت.......... ١٠٠
سپینۆزا.......... ١٠١
لایبنیز.......... ١٠٢
تۆماس هابز.......... ١٠٣
فرانسیس بەیکن.......... ١٠٥
جان لاک.......... ١٠٧
جۆرج بێرکلێ.......... ١٠٨
داڤید هیوم.......... ١٠٩
مێتافیزیک و زانینناسی.......... ١١٠
ئاکار.......... ١١٤
سیاسەت.......... ١١٦
ژان ژاک ڕۆسۆ.......... ١١٧
ئیمانوێل کانت.......... ١١٨
مێتافیزیک.......... ١١٩

زانینناسی.......... ١١٩
ئاکار.......... ١٢٥
سیاسەت.......... ١٢٧
جوانیناسی.......... ١٢٨
فیتشە.......... ١٢٨
هێگڵ.......... ١٢٩
مێتافیزیک و زانینناسی.......... ١٢٩
سیاسەت و ئاکار.......... ١٣١
ڕۆمانتیزم.......... ١٣٢
شۆپنهاوەر.......... ١٣٢
نیچە.......... ١٣٣
کارڵ مارکس.......... ١٣٤
ڕەوتە سەرەتاییەکان.......... ١٣٥
ماتریاڵیزمی مێژوویی.......... ١٣٦
سەرمایەداری.......... ١٣٧
مرۆڤ.......... ١٣٩
سەدەی بیستەم.......... ١٤٢
پراگماتیزم یان کردەوەتەوەر.......... ١٤٥
فەلسەفەی زمان.......... ١٥٠
ڤیتگنێشتاین.......... ١٥١
بێرتراند ڕاسڵ.......... ١٥٤
ڤیتگنێشتاینی دوایی.......... ١٥٥
ئێگزیستانسیالیزم.......... ١٥٦
کیرکە گۆرد.......... ١٥٧
مارتین هایدیگەر.......... ١٥٨
جان پۆڵ سارتەر.......... ١٥٨
ئاین ڕاند.......... ١٦٠
مێتافیزیک.......... ١٦٠
زانینناسی.......... ١٦٢
ئەخلاق و ئاکار.......... ١٧٢
سیاسەت.......... ١٧٦
جوانیناسی.......... ١٨٠
وتەی کۆتایی.......... ١٨٣
سەرچاوەکان.......... ١٨٧

## پێشەکی

فەلسەفە لە زانکۆ و قوتابخانە ئامادەییەکاندا بە جۆرێک دەخوێندرێت و وەکوو وانە دەوترێتەوە کە زۆربەی قوتابی و خوێندکارەکان پێیان وایە ئەو وانەیە وانەیەکی تیۆری و ئاکادیمیکە و پێوەندییەکی ئەوتۆی بە ڕاستی و ژیانی ڕۆژانەوە نییە.

ئەو کتێبە هەوڵێکە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو جۆرە تێگەیشتنە، هەر بۆیە کتێبەکە دەیهەوێت ئەوە نیشان بدات کە فەلسەفە گەورەترین و زیندووترین پێوەندیی بە ڕاستییەوە هەیە، هەروەها لە هەوڵی ڕوونکردنەوەی ئەوەدایە کە لەنێو بابەتە بۆچوونی و تیۆرییەکاندا فەلســـەفە لە هەموویان زۆرتر بەکار دێت، هەروەها زیاتر ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە ئەگەر فەلسەفە بە شێوەیەکی دروست و ڕێکوپێک ئامادە بکرێت و بوترێتەوە، تێگەیشتن و فێربوونی زۆر ئاسانە.

ئەگەر بمانەوێت بە شـــێوەیەکی کورت و پۆخت باســـێک ســـەبارەت بە فەلسەفە ئامادە بکەین، پێویســـتە بۆ بابەتێکی بەو شیوە لە پێشدا شیکردنەوەی بەشە سەرەکییەکانی فەلسەفە و پاشان ئەو گیروگرفتانەی کە فەلســـەفە توێژینەوەیان لەســـەر دەکات بخەینە بەرباس، دیارە دەبێت ئاماژە بە هەندێک لەو ڕێگەچارانەش بکەین کە فەلســـەفە بۆ وەڵامدانەوەی پرسە جۆراوجۆرەکان پێشنیاریان دەکات، لە ئاکامدا پێویستە بە شێوەیەکی وردتر ڕوانگە و بۆچوونی بیرمەند و فەیلەسووفە گەورەکان لە پێوەندی لەگەڵ گیروگرفت و کێشـــە و پرســـە بنەڕەتییەکاندا بخەینە بەر لێکۆڵینەوە، ئەو کتێبە بە مێتۆدێکی لەو چەشنە ئامادە کراوە.

کەواتە کتێبەکە بە مێتۆدێکی تایبەت و بە زمانێکی ســـادە و ڕەوان ئامادە کراوە تاکوو بابەتێک

بخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە کە خۆی لە خۆیدا بە باسێکی دژوار لەقەڵەم دەدرێت.

کتێبەکە لە ڕوانگەیەکی فەلسەفیی ئۆبژێکیڤیستییەوە، واتە لە گۆشەنیگایەکی بابەتیانە و مژارییەوە نووسراوە، نووسەر مەبەستی ئەوەیە کە لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەی کە پێی وایە فەلسەفە باسێکی بۆچوونی و ئاکادیمیکە وهیچ قازانجێکی بۆ تاکەکان و کۆمەڵگە نییە بەربەرەکانێ بکات.

کتێبەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێک هاتووە: بەشی یەکەم بریتییە لە پرس و گیروگرفتە فەلسەفییەکان، کە ئەو بەشەش خۆی بریتییە لە باس و شیکردنەوەی پێنج لقە سەرەکییەکانی فەلسەفە؛ واتە مێتافیزیک، زانینناسی، ئەخلاق، سیاسەت و جوانیناسی. بەشی دووهەم بریتییە لە هێڵە سەرەکییەکانی فەلسەفە لە مێژوودا: لێرەدا بە شێوەیەکی مێژوویی، ئەو فەیلەسووف و کەسایەتییە بیرمەندە گرنگانە و بیرۆکەکانیان دەخرێنە بەرباس و لێکۆڵینەوە کە شوێنەواریان لەسەر بوارە جۆراوجۆرەکانی فەلسەفە داناوە، هەر لە تالیسەوە بگرە تا فەیلەسووفەکانی سەدەی بیستەم.

کتێبەکە سەرچاوەیەکی باش و گرنگە بۆ ئەوکەسانەی کە خۆیان دەیانەوێت فەلسەفە بخوێنن و فێری ببن، هەروەها سەرچاوەیەکی بەکەڵکە بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت بچنە نێو جیهانی فەلسەفە و پاشان لە نێو فەلسەفەدا قووڵ ببنەوە.

## فەلسەفە چییە؟

لەنێو بوارە ئاکادیمیکییەکاندا فەلسەفە لە هەموویان گرنگترە!

هەموومان ڕۆژانە گەلێک هەلومەرجی جۆراوجۆمان بۆ دێنە پێش کە پێویسـت دەکات ساغ بینەوە، لـە هەر کام لەو هەلومەرجانەدا ناچاریـن بیرۆکەکانمان تەتەڵە بکەین و کردەوەکانمان هەڵبژێرین، دەبێت بڕیار بدەین چ کردەوەیەک دروسـتە و چ کردەوەیەک نادروسـتە، چ شـتێک باشـە و چ شـتێک خراپە، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین هەڵبژاردنێکی لەو چەشـنە بکەین دەبێت بنەمایەکمان بۆ هەڵبـژاردن هەبێت، واتە دەبێت بناغەیەکمان بۆ بڕیاردان و سـاغبوونەوەی خۆمان هەبێت، چونکە ئەگـەر بیرۆکەیەکمان نەبێت وەک بناغەیەکی پتەو بۆ بڕیاردان و وەکوو پێوانە بۆ هەڵسـەنگاندنی ڕاستی و دروستیی بیر و بیرۆکە و کردەوەکانمان بگەڕێنەوە سەری کە وەک بنەما یان پرەنسیپێکی سەرەتایی بێتە بەرچاو، ئەگەری ساغبوونەوە و هەڵبژاردنمان نەلواوە.

ئەو بنەمایەی کە کەسێک لەسەر بناغەی ئەو یان بنەمایەک کە ئەو کەسە لەبەر ڕووناکیی ئەودا بڕیار دەدات و هەڵدەبژێرێت، بە ڕوانگە و بیرۆکە و بۆچوونی فەلسەفیی ئەو کەسە لەقەڵەم دەدرێت.

کەواتە فەلسـەفە بیر و باوەڕە بنەڕەتییەکانی کەسـەکان دیاری دەکات؛ جا ئەوە لەسەر بنەمای یاسـای هۆکار و ئاکام یان باوەڕ بە پەرجۆ و مۆجیزە بێت، یان لەسـەر بناغەی ئاوەز یان باوەڕ بێت، یان لە ڕوانگەیەکی خۆپەرسـتانە یان مرۆڤدۆسـتییەوە بێت، یان لەسەر بنەمایەکی تاکگەرایانە یان کۆگەرایانـە بێت، یان لە ڕووی هونەرییـەوە لایەنگری لە ڕۆمانتیزم یـان ڕیئالیزم بێت، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت.

لەبەر ئەوەی کە کولتوور بە ئاکامی ئەو بیرۆکە و بۆچوونە فەلسەفییانە دادەنرێت کە کەسەکان لە کۆمەڵدا هەڵیاندەبژێرن، بیر و بۆچوونە فەلسەفییە زاڵەکان بەسەر هەر کولتوورێکدا ئەو نرخ و بایەخانە دەستنیشان دەکەن کە ئەو فەرهەنگە پێک دەهێنن، کەواتە فەلسەفە ئەوە دیاری دەکات کە ئایا فەرهەنگێک ڕوو لە گەشەیە و دەڕواتە پێش، یان ڕوو لە لاوازییە و بەرەو لەنێوچوون دەچێت، هەر بۆیە ئەوە فەلسەفەیە کە ڕەوتی چوونەپێشەوەی مێژوو دیاری دەکات.

لەبەر ئەوەی کە هەموو مرۆڤەکان خاوەنی هەندێک بیر و ڕای بنەڕەتین، پێ بزانین یان پێ نەزانین، هەموومان خاوەنی بیر و بۆچوونی فەلسەفیی تایبەت بە خۆمانین، ئەگەر وشیارانە بیر و بۆچوونە فەلسەفییەکانمان هەڵنەبژێرین، جێگرەوە و ئاڵترناتیڤ ئەوەیە کە بە شێوەیەکی پاسیڤ ئەو بیرۆکە و بیر و بۆچوونانە وەرگرین کە بەسەر کۆمەڵگەکەماندا زاڵن. خۆ لەخۆڕا نییە زۆربەی ئیتالیاییەکان کاتۆلیکن و زۆربەی هیندییەکان هیندو و زۆربەی ئێرانییەکان موسڵمانن.

لەلایەکی دیکەوە ئەو کەسانەی نایانەوێت کوێرکوێرانە بکەونە داوی ئەو هزرییەت و بیر و ڕایەی کە بەسەر فەرهەنگی کۆمەڵگەکەیاندا زاڵە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر چەشنە بنبەستێکی ڕۆحی و دەروونی، باشترین هێز و توانای بەرگری لە پێوەندیی وشیارانەی خۆیان لەگەڵ فەلسەفە وەردەگرن، بە واتایەکی تر ئەوان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بنبەستە ڕۆحی و دەروونییەکان، وشیارانە ڕوو لە فەلسەفە دەکەن.

فەلسەفە ئەو زانستەیە کە توێژینەوە لەسەر بیر و ڕا و بیرۆکە بنەڕەتییەکان دەکات، بە واتایەکی دیکە فەلسەفە ئەو زانستەیە کە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی دنیای ڕاستەقینە دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە، مرۆڤ و پێوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ دنیای دەوروبەر شی دەکاتەوە، لەسەر بناغەی ئەو لێکۆڵینەوانە ڕاسپاردە و ڕێنماییی پێویستمان سەبارەت بەوەی کە مرۆڤ دەبێت چۆن بژی، پێ دەدات.

فەلسەفە بەسەر پێنج بەشی سەرەکیدا دابەش دەبێت؛ مێتافیزیک (زانستێک کە لە ڕاستی و ڕاستەقینەی گەردوون و کائینات دەکۆڵێتەوە)، ئیپیستیمۆلۆژی (زانیناسی)، ئاکار (ئەخلاق و نرخ و بایەخەکان)، سیاسەت (زانستی چۆنیەتیی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵ)، ئیستاتیک و جوانیناسی (زانستێک کە توێژینەوە لەسەر هونەر دەکات).

بیر و بۆچوونە بنەڕەتییەکان ئەو ئیدە و بیر و باوەڕانەن کە مرۆڤ لە هەلومەرجە جۆراوجۆرەکاندا بە گوێرەی ئەوان و لەسەر بنەمای ئەوان بیر دەکاتەوە و کردەوەی کۆنکرێت و دیاریکراو جێبەجێ دەکات، نموونەی ئەو بیرۆکە و بۆچوونە بنەڕەتییانە ئەو هەڵوێستانەن کە کەسەکان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پرس و بابەتانەدا دەیانگرنە پێش.

ئایا ڕاستی یان ڕاستەقینە ڕەهایە؟ واتە ڕەبەقە؟ یان دەکرێت لە ڕێگەی زیرەکی و وشیاریی خودا یان کەسانی دیکەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت؟ ئایا دەکرێت دەستمان بە زانستێک ڕابگات کە

لێی دڵنیا بین و بە ڕاستی بزانین؟ ئایا مرۆڤ لە بنەڕەتدا کەسێکی سەربەخۆیە یان پێش لە هەر شتێک بەشێکە لە کۆمەڵ؟ ئایا مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە کە لەلایەن کەسانی ترەوە پشتیوانیی لێ بکرێت و پێداویستییەکانی دابین بکرێن؟ ئایا دەکرێت لەو دنیایەدا ژیانێکی شاد و خۆشمان هەبێت؟ ئایا کاراکتەر و کەسایەتیی هەر کەسێک لەلایەن خۆیەوە دیاری دەکرێت یان بەرهەمی ئەو هێز و فاکتۆرانەیە کە خۆی هیچ کۆنترۆڵێکی بەسەریاندا نییە؟ ئایا ئەو ژیانە تەنیا خۆئامادەکردن بۆ ژیانی پاش مردنە؟ ئایا بەو شیوەیە کە دەوترێت تاکوو مرۆڤ زۆرتر فێر ببێت کەمتر دەزانێت؟

هەموو هەڵبژاردەیەکی مرۆڤەکان لەو بیر و ڕا و بۆچوونە بنەڕەتییە فەلسەفییانەوە سەرچاوە دەگرن کە بە بناغەی بیر و کار و کردەوەکانی ئەوان دادەنرێن.

## مێتافیزیک

*ئایا ئەو شتانەی دەیانبینین بوونیان هەیە؟*

*ئایا یاساگەلی سروشتی هەن؟*

*مەبەست لە ئۆبژێکتیڤیزم و سۆبژێکتیڤیزم یان بابەتی و هۆشەکی چییە؟*

*سەبارەت بە مرۆڤ*

*ماتریالیزم و ئیدەئالیزم*

*ئایا خودا هەیە؟*

*ئایا شتێکی دیکە هەیە؟*

مێتافیزیک یان زانستی بوونناسی (ئۆنتۆلۆژی) بەشێک لە فەلسەفەیە کە لە سروشتی بنچینەییی دنیای ماددی یا ڕاستییەکان دەکۆڵێتەوە (زانستی بوونناسی).

ئەگەر سەیری دەوروبەری خۆمان بکەین زۆر شت دەبینین؛ وەک خانوو، دار و دەوەن، ڕێگە و شەقام، ترۆمۆبیل و هەروەها خەڵک و زۆر شتی تریش، ئەمانە ڕاستییەکی فیزیکی و ماددی پێک دەهێنن، ڕاستییەک کە زەقە و ڕاستەوخۆ هەستی پێ دەکرێت.

لە مێتافیزیکدا مرۆڤ لەگەڵ ئەو جۆرە پرسیارانەی خوارەوە سەروکاری هەیە:

ئایا جگە لەو ڕاستییەی کە ئێمە هەستی پێ دەکەین، شتێکی دیکە هەیە؟ ئایا شتێکی دیکە، لەودیوەوە و لە ڕەهەندێکی دیکەوە هەیە؟ ئایا لەو ڕاستییەدا نەزم و هاوئاهەنگی و هارمۆنی هەیە یان ڕاستی، سەرانسەر بریتییە لە بێنەزمی و بێسەرەوبەرەیی و نارێکوپێکی؟ (ئەگەر ڕاستیی نەزم و هارمۆنی و هاوئاهەنگیی تێدا بیت، ئەگەری ئەوەمان هەیە لێی تێ بگەین، بەڵام ئەگەر سروشت هیچ نەزم و هارمۆنی و یاسایەکی تێدا نەبێت، هیچ ئەگەرێک بۆ لێ تێگەیشتنیشی نییە).

ئایا لە سروشتدا، یاسای ڕەها هەیە یا مۆجیزە لەگۆڕێدایە؟ (مۆجیزە ڕووداوێکە کە بە پێچەوانەی یاسا سروشتییەکانە).

ئایا ئەو شتانەی کە هەستیان پێ دەکەین، بە شێوەیەکی ڕاستی و سەربەخۆ لە ئێمەدا بوونیان هەیە؟ یان بەو شـــێوەی کە ئێمە هەستیان پێ دەکەین لەژێر کاریگەری و شوێندانەریی ئێمەدان؟ ئایا ئەو شـــتانەی هەستیان پێ دەکەین بەو جۆرەن کە هەن؟ یان دەتوانن لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی دیکە چۆنیەتی و ناسنامە و بوونی خۆیان بۆ شتێکی دیکە بگۆڕن؟ ئایا ئەو شتانەی دەیانبینین ئەو کاتانەی کە ناشیانبینین هەر لە جێگەی خۆیانن؟

## ئایا ئەو شتەی دەیبینین هەیە؟

زۆربەی خەڵک لەوانەیە باس لەوە بکەن کە ئەوەی ئێمە دەتوانین هەستی پێ بکەین بوونی هەیە، ئەگەر ئەسپێکی قاوەیی لە شوێنێک ببینین، زۆربەی خەڵک دەڵێن کە ڕاست لەو شوێنە ئەسپێکی قاوەیی هەیە، بەڵام لەڕاستیدا هەندێک فەیلەسووف هەن لەگەڵ بۆچوونێکی لەو چەشنە ناکۆکن.

ئەوەی کە زۆربەی ئەم فەلەســـووفانە بانگەشـــەی بۆ دەکەن ئەوەیە کە دەڵێن لەڕاستیدا شتێک بوونـــی هەیە، بـــەڵام پێوەندییەکی کەم لەنێوان ئەو شـــتەی کە دەیبینین و ئەوشـــتەی کە هەیە لەگۆڕێدایە یان هەر لە بنەڕەتدا هیچ پێوەندییەک لە نێوانیاندا نییە.

هەندێـــک لـــەوان باس لەوە دەکـــەن کە نموونەگەلێکـــی زۆر ڕوون هەن کە پشـــتگیریی ئەم هەڵوێســـتە دەکـــەن، بۆ نموونە دیاردەی ڕەنگکوێری: ئەگەر کەســـێکی خاوەن بینایی ئاســـایی و کەســـێکی ڕەنگکوێر هەردووکیان ســـەیری ترۆمۆبیلێکی ئاگرکوژاندنەوە بکەن، ئەو کەسەی کە بە چاوێکی ئاساییەوە دەڕوانێت دەڵێت ترۆمۆمبێلەکە سوورە، بەڵام ئەو کەسەی کە ڕەنگکوێرە دەڵێت ترۆمۆبیلەکە خاکییە. زۆرکەس لەمەوە بەو ئاکامە دەگەن کە ئێمە لە ڕاســـتیدا هیچکات نازانین ئەو شتانەی هەستیان پێ دەکەین چۆنن.

فەیلەســـووفی ئاڵمانی؛ ئیمانوێل کانت، لە سیستەمە فەلسەفییەکەیدا ڕاستیی کردە دوو بەش: بەشـــی یەکەم، ڕاســـتی بەو جۆرە کە لە ڕاستیدا هەیە، ئەو بەو ڕاســـتییە دەڵێت جیهانی نۆمیناڵ یان دنیای ناونراو، ئەو جیهانە ناونراوە یان نۆمیناڵە، بە تەواوەتی بۆ ئێمە نەناســـراو و نادیارە. بەشـــی دووهەم: ئەو ڕاســـتییەیە کـــە ئێمە دەیبینین، کانت بـــەو دنیایە دەڵێت جیهانـــی دیاردەکان یان فینۆمیناڵ. ئەو دەســـتەواژە ئاڵمانیانەی کە کانت بۆ پێناســـەکردنی ئەو دوو ڕاستییانە واتە ئەو دوو جیهانە بەکاریان دەهێنێت زۆر باو و ناسراون، Ding an sich ئەو شتەی کە لە ڕاستیدایە و خۆی هەیە، Ding für mich شتێک بەو جۆرەی کە بۆ من دیارە.

ئەو پرسیارەی کە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتەدا دێتەگۆڕێ ئەوەیە کە؛ ئایا ئەو شتەی کە ئێمە نایبینین بوونی هەیە؟ ئەگەر ئەو کتێبەی بە دەستەوەیە هەڵی بگریت و بیخەیتە ناو کەشەوێکەوە و دەرگای کەشـــەوەکە ببەستیت بە جۆرێک کە کەس نەتوانێت کتێبەکە ببینێت، ئایا کتێبەکە بوونی هەیە؟ وەڵامی جۆرج بێرکلی، فەیلەسووفی ئینگلیسی، بۆ ئەو پرسیارە لە سەرەتادا نا، واتە وەڵامیکی

نەرێنی بوو و گوتی: "to be is to be perceived واتە؛ بۆ ئەوەی شتێک بوونی هەبێت پێویستە هەستی پێ بکرێت و ببینرێت"، بە واتایەکی دیکە ئەو شتەی کەس نایبینێت بوونی نییە، واتە هەر نییە. دیارە هەڵوێست و گەنگەشەیەکی لەو جۆرە بێواتایە بەرچاوە، بەڵام بێرکلی کە خۆی قەشە بوو، شـیکاری یان ڕوونکردنەوەیەکی گونجاوی بۆ ئەو قسـەیە هەبوو، بە گوتەی ئەو خودا هەموو شتێک دەبینێت، هەر بۆیە ئەو کتێبە کە کەس (مرۆڤ) نایبینێت، خودا دەیبینێت، کە واتە بوونی هەیە.

توندترین هەڵوێست لەو بوارەدا ئەو هەڵوێستەیە کە پێی دەگوترێت سۆلیپسیزم (solipsisme).

سۆلیپسیسـت کەسـێکە کە پێی وایە تەنیا خۆی هەیە و هەموو ئەو شـتانەی دەیانبینێت یان دەیانبیسـتێت یان ئەزموونیان دەکات و بەسـەری دێن، تەنیا و تەنیا بیرۆکە و خۆرانانی خۆینییە، هەر چۆنێک بێت ئەو ڕوانگەیە زۆر بەربڵاو نییە.

## ئایا یاسا سروشتییەکان هەن؟

ئایا سروشت ڕێکوپێکە و یاسای هەیە یان نە؟ ئایا سروشت نەزمی تێدایە یان نە؟ «مریشک هێلکە دەکات، سـەگ هێلکە ناکات» ئەوە گوتەیەکی ڕاسـتە، ئەگەر چەندین جۆر ئـاژەڵ و باڵندە تاقی بکەینەوە بۆ ئەوەی بزانین چۆن زاوزێ دەکەن تاکوو لەو بارەوە بگەینە یاسـایەکی گشـتی، بۆمان دەردەکەوێت کە باڵندەکان و خشۆکەکان هێلکە دەکەن و مەمکدارەکانیش دەزێن. ئەگەر کەسێک درێژە بەو توێژینەوەیە بدات بۆی دەردەکەوێت کە لە سروشتدا هەندێک یاسا و پرەنسیپی بنەڕەتی هەن، ئەو پرەنسـیپە بنەڕەتییانە پێیان دەوترێت یاسـاکانی سروشـت، ئەو یاسایانەی سروشت لە فیزیکدا زۆر ناسـراون، بۆ نموونە یاساکانی نیۆتۆن کە باس لە چۆنیەتیی جووڵەی تەنەکان دەکەن، یان لە بواری ئەلەکترۆنیکدا یاسای (Ohm's law)هەیە کە باس لە پێوەندیی نێوان کارەبا، ڤۆڵتاژ و بەرهەڵستی دەکات، هەر بەو جۆرە لە بوارەکانی دیکەی سروشتدا یاسای جۆراوجۆری ترمان هەیە.

زۆربەی خەڵک لەسـەر ئەوە هاوڕان کە دیاردەکانی ڕۆژانە بە شـێوەیەکی یاسایی و بە گوێرەی یاسـای سروشـت ڕوو دەدەن، بەڵام کەسـانی واش هەن نکۆڵی لەوە دەکەن کە یاسا لە سروشتدا هەبێت، بۆ نموونە "داڤید هیوم" فەیلەسـووفی ئینگلیزی، نکۆڵیی لەوە دەکرد کە سروشـت یاسای هەبێت، هەر بۆیە نکۆڵیی لەوە دەکرد کە یاساکانی نیۆتۆن یاسای سروشت بن.

توێژینـەوە تازەکان لە بـواری فیزیکی ناوکیدا زاناکانیان هێناوەتە سـەر ئـەو بڕوایە کە هیچ یاسایەکی سروشتی نییە بەسەر گەردیلەکان و تەنۆلکە بنەڕەتییەکاندا جێبەجێ بکرێت، واتە زاناکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە لە ئاستی میکرۆدا هیچ یاسایەکی سروشتی نییە، هەر چۆنێک بێت تەنانەت ئەگەر سروشـت لە ئاستی مایکرۆشـدا یاسای هەبێت، کە دێینە سەر ئاسـتی کوانتۆم و گەردیلە وردەکانی ژێر ئەتۆم، هێشتا هیچ یاسایەکی سروشتیمان نەدۆزیوەتەوە کە بتوانرێت بەسەر ئەو تەنە ژێرئەتۆمیانەدا جێبەجێ بکرێت.

## ئۆبژێکتیڤ و سۆبژێکتیڤ یان بابەتی و هۆشەکی

ئایا ڕاستی بابەتییە یان هۆشەکی؟ ئایا ڕاستی بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەو کەسە بوونی هەیە کە هەستی پێ دەکات یان لەژێر شوێندانەری و کاریگەریی هەستەکاندایە، بۆ نموونە لە کاتی ڕەوتی هەستکردندا ئایا ڕاستی ناکەوێتە ژێر کاریگەریی هەستەکانمان؟

ئۆبژێکتیڤیزمی مێتافیزیک پێی وایە کە ڕاستی واتە ئۆبژێکت، ڕاستییەکی ڕەهایە، واتە ڕاستی بۆ هەموو کەس وەکوو یەکە و یەک شتە، واتە ڕاستی تەنانەت لە ڕەوتی هەستکردنیشدا وەکوو شتێکی بابەتی هیچکات ناکەوێتە ژێر کاریگەریی هەستەکان یا هۆش و وشیاریی کەسەکانەوە.

سۆبژێکتیڤیزمی مێتافیزیک ئەو جیهانبینییەیە کە پێی وایە ڕاستی یان ئۆبژێکت پەیوەستە بەو کەسە (سۆبژێکت) کە چاودێریی ئەو دەکات، ئەو بۆچوونە لەسەر ئەو بڕوایەیە کە لەبەر ئەوەی کەسەکان و چاوەدێرەکان واتە سۆبژێکتەکان جیاوازن، ڕاستییەکانیش بۆ کەسەکان جیاواز دێنە بەرچاو، بۆیە هەندێک لە کەسانی لایەنگری ئەو جیهانبینییە لەسەر ئەو بڕوایەن کە ڕاستیی ڕەها نییە، بە قسەی ئەوان ڕاستی، پلاستیکی و شل و ناسەقامگیرە و لە حاڵی ئاڵوگۆڕدایە، لەوەش زیاتر ئەوان دەڵێن ڕاستی لەژێر کاریگەریی هەوا و هەوەس و ئارەزوو و هەستەکانی ئەو کەسانەدایە کە چاودێریی دەکەن.

## مرۆڤ

مرۆڤ بە بەشێک لە ڕاستییەکان ئەژمار دەکرێت، کەواتە ئەو ڕوانگە و بیر و بۆچوونانەی سەبارەت بە چۆنیەتی و سروشتی ڕاستەقینەی بنچینەییی مرۆڤ لەگۆڕێدان، بە بەشێک لە مێتافیزیک دادەنرێن، لەو پێوەندییەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە؛ ئایا مرۆڤ خاوەنی ئیرادەی ئازادە یان نا؟ ئەگەر مرۆڤ خاوەنی ئیرادەی ئازاد بێت، واتای ئەوەیە کە ئەو هەڵبژاردنانەی دەستنیشانیان دەکات لەلایەن خودی خۆیەوە هەڵیاندەبژێرێت، واتە کەسایەتی، ڕوانگە، بیر و بۆچوون، هەڵسوکەوت و کرداریشی لە خودی خۆیەوە سەرچاوە دەگرن. ئەو کەسانەی پێیان وایە مرۆڤ خاوەنی ئیرادەی ئازاد نییە، دەڵێن ئەوەی وەکوو ئیرادە و هەڵبژاردەی ئازاد دێتە بەرچاو، لە خودی مرۆڤەوە سەرچاوە ناگرێت، بە گوێرەی ئەو جیهانبینییە ئەوەی وەکوو هەڵبژاردەی ئازاد دێتە بەرچاو، ئەو هەڵوسکەوت و کردەوانەن کە لە ئاکامی هۆکارە پێکەوەگرێدراوەکانەوە ڕوو دەدەن و مرۆڤ خۆی کۆنترۆڵی بەسەریاندا نییە، ئەو هۆکارە پێکەوەگرێدراوانە زۆرن، بۆ نموونە ئەو ژینگەیەی مرۆڤ تێیدا ژیان دەکات یان ئەو تایبەتمەندییە جۆراوجۆرانەی کە وەکوو میرات و جێماوە بۆی لە باوک و باپیرانەوە بەجێ ماون. ئەو تیۆرییەی کە پێی وایە مرۆڤ ئازاد نییە و خاوەنی ئیرادەیەکی ئازاد نییە، پێی دەوترێت ناوەڕۆکباوەڕی یان جەبرباوەڕی.

پرسیار ئەوە نییە کە ئایا مرۆڤ تا چ ڕادەیەک لەژێر کاریگەری و شوێندانەریی ژینگەدایە،

بەڵکوو پرسیار ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەک مرۆڤ دەتوانێت کاریگەریی ژینگە لەسەر خۆی کۆنترۆڵ بکات.

ئەو پرسیارە مێتافیزیکییە لە بواری ئەخلاقدا ئاکامی کردەوەیی گەلێک ناسراوی هەیە، ئاخر ئەگەر مرۆڤ ئازاد بێت و خاوەنی ئیرادەی ئازاد بێت، دەبێت هەر مرۆڤێک لە بواری ئەخلاقییەوە لە پێوەندی لەگەڵ کار و کردەوەکانیدا بە بەرپرسیار بناسرێت، لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر ئەوە قەبووڵ بکەین کە مرۆڤ ئازاد نییە و خاوەنی ئیرادەی ئازاد نییە، واتای ئەوەیە کە هەر کەسێک بەرهەمی ژینگە و ئەو جینانەیە کە لە باوک و باپیرانییەوە بۆی ماونەتەوە، لە بارودۆخێکی ئاواشدا ناکرێت ئەو کەسە لە ڕووی ئەخلاقییەوە سەبارەت بە کار و کردەوەکانی بە بەرپرسیار دابنرێت.

## ماتریاڵیزم و ئیدەئالیزم

ئەو تیۆریەی کە لەسەر ئەو بڕوایەیە ماددەی فیزیکی، واتە مادده تەنیا شتێکە کە بوونی هەیە، پێی دەوترێت ماتریالیزم. کەواتە ماتریاڵیست کەسێکە کە پێی وایە هەر شتێک هەستی پێ نەکرێت نییە، هەر بۆیە ماتریاڵیست بڕوای بەوە نییە کە خودا هەیە، بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە هەموو کەسێکی خوداناباوەڕ یا بێخودا (atheists) ماتریاڵیستە. دەبێت بگوترێت ماتریاڵیزمیش ئینکاری ئەوە دەکات کە مرۆڤ خاوەنی ئیرادەی ئازاد بێت، بە گوێرەی تیۆرییە ماتریاڵیستییەکان، واتە تیۆرییە ماددییەکان، وشیاری بەتەواوەتی لەلایەن هۆکار و یاسا فیزیکییەکانەوە بڕیاریان لەسەر دەدرێت، واتە هۆش و وشیاریی مرۆڤ بەرهەمی یاسا فیزیکییەکان و ئەو هۆکار و کارلێککردنە کیمیاییانەیە کە لەنێو لەشی مرۆڤ و لە ئاکامی پێوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ دنیای دەوروبەردا ڕوو دەدەن، لە مێژووی فەلسەفەدا چەندین فەیلەسووفی ماتریاڵیست هەن، بۆ نموونە تۆماس هۆبس و کارڵ مارکس.

ڕوانگەی پێچەوانەی ماتریالیزم لەسەر ئەو بڕوایەیە کە لە ڕاستیدا هیچ شتێکی ماددی و فیزیکی بوونی نییە و هەرچی هەیە بە شێوەیەک لە شێوەکان بریتییە لە هزرییەت واتە «spiritual»، ڕاستە کە ئەو شتە ڕۆحانی و هزرییانە بە ڕواڵەت وەکوو شتێکی ماددی واتە ماتریاڵ دێنە بەر چاو، بەڵام لەڕاستیدا ئەوانە شتی ماددی نین، ئەو جیهانبینییە پێی دەوترێت ئیدەئالیزم و گرنگترین نوێنەرەکانی ئیدەئالیزم لە فەلسەفەدا بریتین لە بێرێکلی، لایبنیتس و هێگڵ.

## ئایا خودا بوونی هەیە؟

یەکێک لە پرسیارەکانی مێتافیزیک ئەوەیە کە ئایا شتێکی جیا لەو ڕاستییە هەیە کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە هەستی پێ دەکەین؟ زۆر کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە جگە لەو ڕاستییانەی کە هەستی پێ دەکەین، شتێکی دیکەش بوونی هەیە، زۆربەی ئایینەکان بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن، بۆ

نموونە مەسیحییەت بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە لە سەرەوەی ئەو ڕاستییە هەستپێکراوەی کە هەیە، واتە لەسەرەوە یان لەودیوی دنیای ماددی، خودایەک هەیە.

لەلایەکی دیکەشـــەوە زۆرن ئەو کەسانەی کە بڕوایان بەوە هەیە کە خودا نییە، خەڵکانێکی زۆر ســـەبارەت بەو پرسیارە ســـەرەکییەی مێتافیزیک ڕوانگە و هەڵوێستی خۆیان هەیە، بەڵام کەسانی واش هەن کە لەو بارەوە هیچ هەڵوێســـت یان بۆچوونێکیان نییە، ئەوان لە ســـەر ئەو بڕوایەن کە ناکرێت وەڵامی پرســـیارێکی لەو چەشنە بدرێتەوە. چۆنیەتیی هەڵوێست و ڕوانگەی مرۆڤ سەبارەت بەو پرســـیارە کە ئایا خودا هەیە یان نا، لە هەموو بوارەکانی دیکەی فەلســـەفەدا کاریگەریی لەسەر هەڵوێستەکانی مرۆڤ دەبێت.

## ئایا شتێکی دیکە هەیە؟

تەنیا ئەو کەســـانەی باوەڕیان بە خودا هەیە، لەو بڕوایەدان کە شـــتێکی دیکە جگە لەو ڕاستییە کە هەســـتی پێ دەکرێت هەیە. ئەگەر سەیری دەوروبەری خۆمان بکەین، بە هەزاران شتی جۆراوجۆر دەبینین، کەچی هەندێک «شـــت» هەن کە هەرچەند ئێمە هەســـتیان پێ ناکەین، بەڵام باوەڕمان هەیە کە هەن، بۆ نموونە ئێمە «میوە» نابینین، مۆز، ســـێو و پرتەقاڵ و هتد... دەبینین، بەڵام وەکوو باســـمان کرد «میوە» نابینین. هەر بەو شـــێوەیەش کورســـی و مێز دەبینین بەڵام «مۆبڵ» نابینین، «مۆبڵ» و «میوە» دەســـتەواژەی ئابستراکت واتە واتایین. پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەو شتە ئابستراکتانە هەر وەکوو شـــتە کۆنکرێتەکانی دیکەی دەوروبەرمان کە هەست بە بوونیان دەکەین، بە شێوەیەکی ســـەربەخۆ هەن یان نە؟ هەر بەو جۆرە کۆمەڵگە و چینی کرێکاریش بە دەســـتەواژەی ئابستراکت ئەژمار دەکرین. کەواتە ئەو پرســـیارە کە ئایا چینی کرێکار یان کۆمەڵگە هەیە یان نە، لەڕاســـتیدا پرسیارێکی مێتافیزیکییە.

ئەفلاتوون، فەیلەسووفی بەناوبانگی یۆنانی پێی وابوو کە ئەو شتە ئابستراکتانە لە ڕەهەندێکی تردا بە شـــێوەیەکی ســـەربەخۆ هەن، لەوەش زیاتر پێی وابوو کە ئەو ڕەهەندی دووهەمە، لەو راستییەی کە لە دەوروبەرماندا هەیە و هەستی پێ دەکەین، ڕاسترە.

## ئیپیستیمۆلۆژی یان زانیناسی

*هەستەکان*

*چەمکەکان*

*ئاوەز*

*لۆژیک*

*هەست*

*بڕوا و باوەڕ*

*بڕوا و باوەڕە جەوهەرییەکان یان زگماکییەکان*

*ئۆبژێکتیڤ و سۆبژێکتیڤ (بابەتییانە و هۆشەکی)*

هەموو خەڵک زانیارییان هەیە، زۆربەی خەڵک دەزانن کە ئاسمان شینە، کە ئەسپەکان چوار قاچیان هەیە، کە زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، کە دزیکردن هەڵەیە، کە ئەگەر بتەوێت لە تاقیکردنەوەیەکدا دەربچیت و نمرەی باش بێنیت، دەبێت چاک بخوێنیت و زۆر کار لەسەر بابەتەکە بکەیت. پرسیار ئەوەیە کە چۆن زانست و زانیاری بەدەست دەهێنین؟ ئەوە ئەو پرسیارەیە کە زانیناسی کار و توێژینەوەی لەسەر دەکات، دەبێت بگوترێت کە زۆرجار بە زانیناسی دەوترێت تیۆریی ناسین یا زانستی ناسین (شناخت).

**هەستەکان**

ئێمە دەتوانین زانیارییەکی زۆر لە ڕێگەی دیتن، بیستن، بۆنکردن، تامکردن و دەستلێدان و هەستکردنەوە، سەبارەت بە ژینگە و شتەکانی دەوروبەرمان بەدەست بهێنین، ئەوە نزیکترین سەرچاوەی زانیارییە بۆ ئێمە. دەبینین ئاسمان شینە و گیا سەوزە، لە ڕێگەی بۆنکردنەوە دەزانین کە بۆنی گوڵەباخ خۆشە، هەست دەکەین کە نووکی چەقۆ تیژە و هتد... .

هەموو هەستەکان بۆ ئێمە گرنگن، بەڵام لە هەموویان گرنگتر بۆ مرۆڤ بینین و بیستنە، ڕەنگە ئەوە لە لای گیانلەبەرەکانی دیکە بە جۆرێکی دیکە بێت، بۆ نموونە هەستی بۆنکردن لە سەگدا زۆر گرنگترە لەوەی کە لە لای ئێمەی مرۆڤ هەیە. گیانلەبەری ئەوتۆ هەن کە هەندێک هەستیان هەیە کە مرۆڤ نییەتی، شەمشەمەکوێرە جۆرێک سیستەمی ڕاداری هەیە کە ڕێگەی پێ دەدات لە تاریکیدا بفڕێت، هەندێک باڵندە توانای ئەوەیان هەیە هەست بە بازنەی ڕاکێشەری گۆی زەوی بکەن. لێرەدا تەنیا باسی ئەو هەستانە دەکەین کە لە هەڵبژاردە و دەستنیشانکردنی مرۆڤدان.

مرۆڤ خاوەنی هەندێک پێکهاتەیە کە توانای ئەوەی پێ دەدەن ئاماژە و مەبەستەکانی ژینگە و دنیای دەرووبەری وەرگرێت، چاوەکانمان دەتوانن ئەو شەپۆلە ئەلەکترۆموگناتیسییانە کە درێژییەکەیان لە نێوان ۴۰۰ nm تا ۸۰۰ nm ـە ببینن، گوێیەکانمان توانای تۆمارکردنی ئەو دەنگ یان لەرزانەیان هەیە کە فریکانسیان لە نێوان ۲۰ هێرتز تا ۲۰ کیلۆ هێرتزدایە.

هەندێک جار دەوترێت چونکە هەستەکان جاری وایە زانیاریی هەڵە مان پێ دەدەن، جێگای باوەڕ نین، بۆ نموونە زۆر کەس دەڵێن هەستەکان پێمان دەڵێن کە ڕەیلەکانی شەمەنەفەر هاوتەریب نین و لە مەودایەکی دووردا پێک دەگەن، ئەوە لە کاتێکدایە کە دەزانین ئەوان لەگەڵ یەکتر هاوتەریبن، بۆیە دەوترێت کە هەستەکان باوەڕپێکراو نین.

مرۆڤ زانست و زانیناسییەکی ئابستراکتی هەیە، واتە زانست و زانیناسییەک کە ڕاستەوخۆ

لەلایەن هەســـتەکانمانەوە بەدەســـت ناهێندرێت، کەس ناتوانێت هەســـت بەوە بکات کە زەوی بە دەوری خۆردا دەســـوورێتەوە، هەر بەو جۆرەی کە کەس ناتوانێت هەســـت بەوە بکات کە دزیکردن هەڵەیە. کەواتە دەبێت جگە لە هەســـتەکان ڕێگەی دیکەش هەبن بۆ بەدەســـتهێنانی زانســـت و زانیاری، لێرەدا و لەو پێوەندیەدایە کە کێشە و ناکۆکییە فەلسەفییە گەورەکان دەست پێ دەکەن.

## چەمکەکان (کۆنسێپتەکان)

ئەگەر دەمانەوێت زانینێکی زۆرتر لەوە بەدەســـت بهێنین کە دەکرێت تەنیا ڕاســـتەوخۆ لە ڕێگەی هەستەکان و بە چاوەدێریی جیهانەوە بەدەست بێت، پێویستە بە شێوەی واتایی بیر بکەینەوە، لێرەدا گیروگرفتێک دێتە پێش: لە دنیای ڕاســـتەقینە و فیزیکیی دەوروبەرماندا تەنیا ئەو شـــتانە هەن کە کۆنکرێت و بابەتین، بەڵام ئەوەی کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە شتەکانن یا لەڕاستیدا چەمکەکانن، بۆیە ئەو پرسیارەی خوارەوە زۆر گرنگە: پێوەندیی نێوان ڕاستیی ماددی و چەمکەکان چییە؟

دەبێت بزانین کە وشـــە هەمان زاراوە یا چەمک نییە، بۆیە زۆر گرنگە جیاوازی لە نێوان وشـــە و چەمکدا دابنێین. چەمک خۆی لە خۆیدا واتا و تێگەیشـــتنێکی واتاییە، بەڵام وشـــە نیشـــانە یا ســـیمبۆلێکە کە نوێنەرایەتیی ئەو واتا و تێگەیشـــتنە واتاییە دەکات کە باســـمان کرد، شتێک کە دەتوانین بە "مەفهووم"ـیش باسی بکەین.

کاتێک بیر لە شـــتێک دەکەینەوە یان ســـەبارەت بە شـــتێک قســـە دەکەین، لە چەمکەکان کەڵک وەردەگریـــن، بۆ نموونە کاتێک دەڵێین ســـەگ دەوەڕێت، بیر لە چەمکی "ســـەگ" دەکەینەوە، کاتێک دەڵێین مرۆڤ توانای بیرکردنەوەی هۆشەکی و ژیرانەی هەیە، بیر لە چەمکی "مرۆڤ" دەکەینەوە. هەموو چەمکەکان جیهانین، ئەوان هەموو ئەو جۆرە شتانە دەگرنەوە کە ئێمە بیریان لێ دەکەینەوە، هەر بۆیە بە جیهانی دادەنرێن. کاتێک دەڵێین سەگ چوار پێی هەیە، مەبەستمان هەموو سەگێکە، کە دەڵێین مرۆڤ توانای بیرکردنەوەی ژیرانەی هەیە، مەبەستمان هەموو مرۆڤێکە. هەر شتێک کە زاراوەیەک ئاماژەی پێ دەکات بە ســـەرچاوە یان دادوەر یان داوەر (Referee) ئەژمار دەکرێت. هەر "مرۆڤ"ـــێک ئاماژەیە بۆ چەمکی مرۆڤ، هەر بەو جۆرەی کە هەر "سەگ"ـێک ئاماژەیە بۆ چەمکی سەگ.

چەمکەکان نەک هەر جیهانین، بەڵکوو نەگۆڕیشـــن، کاتێک چەمکێک ســـاز دەکەین، هەمیشە وەکوو خۆیەتی، بەڵام ڕوونە کە تا زۆرتر فێر ببین، زانین و زانیاریشـــمان سەبارەت بە چەمکەکان و ئەو شتە کە ئاماژەی پێ دەکرێت زۆرتر دەبێت.

ئەو شتانەی کە لە دەوروبەرمان هەن سنووردارن، لێرە و لەوێ هەن بەڵام بۆ هەمیشە نامێننەوە، بۆ نموونەماڵێک دروســـت دەکرێت، بۆ ماوەیەک دەمێنێت و پاشـــان دەڕووخێت و نامێنێت. مرۆڤ وەکـــوو منداڵێک لەدایک دەبێت، گەورە دەبێت و پاشـــان پیر دەبێـــت و دەمرێت. بە واتایەکی تر ئەو شـــتانەی لە دەوروبەری خۆمان هەن و هەســـت بە بوونیان دەکەین، بۆ ماوەیەکی دیاری کراو

هەن، لەو کاتانەدا کە هەن ئاڵوگۆڕ بەسەریاندا دێت، بەڵام لە ئاکامدا لەنێو دەچن و نامێنن، کەچی چەمکەکان ناگۆڕدرێن و وەک گوتمان هەمیشە وەکوو خۆیان هەن و دەمێننەوە.

ڕاستییەکەی پێوەندیی نێوان ڕاستی و چەمکەکان چییە؟ دەزانین کە شتە کۆنکرێتەکان هەن و ئێمە دەتوانین ڕاستەوخۆ هەستیان پێ بکەین، ئەی چەمکەکان چی؟ چەمکەکان هەن بەڵام پرسیار ئەوەیە کە لە چ شێوە و فۆرمێکدا بوونیان هەیە؟ فەیلەسووفە جیاوازەکان وەڵامی جیاوازیان بۆ ئەو پرســـیارە هەیە کە دواتر بیر و بۆچوون و ڕوانگەی زۆربەیان ســـەبارەت بەو پرسە دەخرێتە بەرباس. لێرەدا تەنیا باس لە دوو بۆچوون دەکەین کە لە مێژووی فەلسەفە و لە پێوەندی لەگەڵ وەڵامدانەوە بەو پرســـیارەدا بە بۆچوونی زاڵ و سەرەکی لەقەڵەم دەدرێن، ئەو دوو بۆچوونە یان هەڵوێستە پێیان دەوترێت ڕیئالیزم و نۆمیناڵیزم. ئەفلاتون ڕیئالیست بوو، ناوبراو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە چەمکەکان لە جۆرە دنیایەکی ڕاســـتەقینە و بەرزی دیکەدا کە دەکەوێتە ســـەرووی هەستەکانی ئێمەوە بوونی ســـەربەخۆیان هەیە، ئەو ڕوانگەیە پێـــی دەوترێت ڕیئالیزمی توندئاژۆ. هەروەها ئەریســـتۆ کە پاش ئەفلاتوون بە دووهەمین فەیلەســـووفی گـــەورەی یۆنان دادەنرێت، هەر ڕیئالیســـت بوو، بەڵام ئەو ڕیئالیســـتێکی مامناوەندی بوو، ناوبراو بانگەشـــەی بۆ ئەوە دەکرد کە چەمکەکان وەک جەوهەر بە جۆرێک لەنێو شتەکاندا بوونیان هەیە.

لەلایەکی دیکەوە نۆمیناڵیزم ئەو ڕوانگەیەیە کە دەڵێ تەنیا ئەو شـــتە کۆنکرێتانە هەن کە ئێمە هەســـتیان پێ دەکەین، بۆیە چەمکەکان هیچ بوونێکی ســـەربەخۆیان نییـــە. بەپێی ئەو تێڕوانینە چەمکەکان شتێکن کە ئێمە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو شتانەی وەکوو گرووپ دەیانبینین و کەم و زۆر وەکوو یەکن، لە مێشک و بیری خۆماندا ڕێکیان دەخەین و بەو جۆرە سازیان دەکەین. ئێمە هەموو مرۆڤەکان لە گرووپێکدا دەپێچینەوە. پشـــیلەکانیش لە گرووپێکی دیکەدا دادەنین، ترۆمۆبیلەکانیش لە دەســـتەیەکی دیکەدا و هتد... بۆ هەر کام لەو گرووپانە چەمکێک واتە زاراوەیەک ســـاز دەکەین، ئەو زاراوەیە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە دەکەونە چوارچێوەی ئەو گرووپەوە، هەر چەمکێک بە وشەیەک ناو دەنێین، واتە هەر وشەیەک بە ناوی چەمکێک یا کۆنسێپتێک دادەنرێت.

بەپێـــی نۆمیناڵیزم هیچ پێوەرێکی بابەتیی ئەوتۆمان نییە بـــەکار بهێنرێت بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە دوو شـــتی زۆر وێکچـــوو لە یەک گرووپدا دابنرێن. ئێمە شـــتەکان لە چوارچێـــوەی گرووپ و بەکۆمەڵ دەپێچینـــەوە، چونکە پێمان وایە هاوشـــێوی یەکترن، بەگوێرەی ئەم ڕوانگەیە چەمکەکان بە شـــتێکی جەوهەری واتە هۆشـــەکی دەزانرێن. لە مێژووی فەلســـەفەدا ژمارەیەکی زۆر فەیلەســـووفی نۆمیناڵیست بەرچاو دەکەون، بەڵام گرنگترین پێشڕەوانی ئەو ڕوانگە فەلسەفییە بریتین لە تۆماس هۆبز، داڤید هیوم و لودویک ڤیتگنێشتاین. (لێرەدا ئێمە تەنیا باسی ئەو چەمکانەمان کرد کە لەسەر بنەمای شتە هەستپێکراو و کۆنکرێتەکان دروســـت دەبن، نـــەک چەمکە واتاییەکان وەکوو دادپەروەری، ئـــازادی، هاوپێوەندی و هاوســـۆزی. ئەو پرەنســـیپانەی کە لە سەرەوە باســـمان کردن، لێرەش هەر ڕاست و دروستن؛ بۆ نموونە

ئەفلاتوونی ڕیئالیست پێی وابوو ئەو چەمکانەش لە ڕەهەندێکی دیکەدا بوونی سەربەخۆی خۆیان هەیە.)

ڕوانگەی ڕیئالیستەکان و نۆمینالیستەکان سەبارەت بە پێناسەکان لەگەڵ یەکتر تەواو جیاوازن، لە ڕوانگەی ڕیئالیستێکەوە پێناسە دەبێت جەوهەر و ناوەڕۆکی ئەو شتە دەستنیشان بکات کە پێناسەی دەکات، لە ڕوانگەی کەسێکی ڕیئالیستەوە جەوهەری مرۆڤ بریتییە لەوەی کە توانای بیرکردنەوەی ژیرانە و ڕاسیۆنالیستی هەیە، بۆیە مرۆڤ بە ئاژەڵێکی ژیر پێناسە دەکات. (ئەو پێناسەیە هی ئەریستۆیە). بەڵام نۆمینالیستەکان دەڵێن شتێک بە ناوی جەوهەر و ناوەڕۆک بوونی نییە، بۆیە چەمکەکان کەم و زۆر هەڕەمەکین و پێناسەکانیش ناتوانن هەڕەمەکی نەبن، لەبەر ئەوەیە کە نۆمینالیستەکان دەتوانن مرۆڤ بەوە پێناسە بکەن کە ئاژەڵێکە ئامراز بەکار دەهێنێت یان ئاژەڵێکە هەستی گەمەکردن و جەفەنگیی هەیە، مەبەست لە جەفەنگ بریتییە لە "humor". یان دەتوانێت بڵێت مرۆڤ ئاژەڵێکی ژیرە. لە ڕوانگەی نۆمینالیستەکانەوە هەموو ئەو پێناسانە بە ڕادەی یەک باشن یان وەکوو یەک خراپن.

دەبێت ئاماژە بەوەش بکرێت کە لە پێوەندی لەگەڵ چەمکەکاندا هەندێک کێشەی تر لە گۆڕێدان کە لێرەدا باسیان دەکەین. لە زمانە جیاوازەکاندا وشەی جیا جیا بۆ یەک چەمک بەکار دەبرێ، بۆ نموونە وشەکانی "Pferd"، "horse"، و "hest" لە جیاتی ئەسپ بەکار دەبرێن، لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئەوەش بزانین کە جاری وایە یەک وشە بۆ چەند مەبەستی جیاواز بەکار دەبرێت، واتە وشەیەک لە جیاتی چەند چەمک بەکار دەهێنرێت، وشەیەک کە چەند واتای جیاوازی هەیە و وەکوو ناوی چەند چەمک بەکار دێت، پێی دەوترێت هاوناو "homonym".

ئەگەر وشەیەکی هاوناو واتە هۆمۆنیم لە کاتی باس و قسەکاندا بێتە ئاراوە، واتاکەی لە کۆنتێکستەکەدا دەر دەکەوێت، واتە لەو بارودۆخەدا دەر دەکەوێت کە قسە و باسی تێدا دەکرێت، ڕوونە سەربازێک و کەسێک کە بەرگی کتێب دەگرێت، بە شێوەیەکی جیاواز لە وشەی پێرم (perm) تێ دەگەن، بەڵام جاری واش هەیە وا نییە، بۆیە زۆر گرنگە ئاگاداری ئەو باسە بین. هەندێک جار قسە و باسەکان ڕوون نین، کاتێک بە هەڵکەوت وشەیەک بە چەند واتا بەکار دەبرێت، مرۆڤ ناتوانێت چەمکە جیاوازەکان لە یەکتر جیا بکاتەوە. کاتێک وشەیەک بۆ دوو چەمکی جیاواز بەکار دەبرێت، ئەگەر کەسێک نەتوانێت ئەو دوو چەمکە جیاوازانە لە یەک جیا بکاتەوە، تووشی کێشەی زۆر گەورە دەبێت، ئەگەر لە کاتی باس و وتووێژدا بۆ بەڵگەهێنانەوە بتەوێت لە وشەیەک کەڵک وەرگریت کە چەند واتای هەیە، دەکرێت بە ئاکامێکی هەڵە بگەیت. هەڵەی لەو چەشنە پێی دەوترێت ناڕوونی، واتە "equivocation".

## ئاوەز

ئیسحاق نیوتۆن، زانای بەناوبانگی ئینگلیزی کە لە بواری فیزیکدا لێکۆڵینەوەی دەکرد، لە ڕێگەی

چاوەدێریکردنی ڕاســـتییەکانی دەوروبەر، پاشـــان هەڵێنجانی هەندێک ئاکام و دواتر ئەزموونکردنی سەرلەنوێی ئاکامەکان، بەتایبەتی هەندیک دیاردە و تایبەتمەندیی دیاریکراوی ئەوان، توانی یاساکانی میکانیـــک بدۆزێتـــەوە. ئەو لە ڕێگەی بەکارهێنانی هزر و ئاوەزەوە توانی بەو ئاکامانە بگات و یاســـا میکانیکییەکان فۆرمۆڵە بکات. ئاوەز ئەو تایبەتمەندییەیە کە مرۆڤ هەیەتی و بۆ ناسینەوە، ڕێکخستن، تەتەڵەکردن و بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەی کە لە ڕێگەی هەســـتەکانەوە وەریان دەگرێت، بەکاری دەهێنێت. هەموو کەســـێک لە ژیانی ڕۆژانەیدا ئاوەز بەکار دەهێنێ، هەموومان ڕۆژانە بۆ چارەسەری کێشە و گرفتە بچووک وگەورەکان و هەروەها بۆ چارەسەری مەسەلە جۆراوجۆر و لە ژمارنەهاتووەکان لە ئاوەز کەڵک وەردەگرین، کاتێک دەمانەوێت لە شـــەقام بپەڕینەوە، بۆ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی بـــارودۆخ و دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا پەڕینەوەمان کارێکی دروســـتە یا پڕمەترســـی، ئاوەز بەکار دەهێنین. کاتێک دەمانەوێت شـــتێک بکڕین، لـــە ڕێگەی ئاوەزەوە توانای خۆمان لێک دەدەینەوە و هەڵســـەنگاندنی دۆخی خۆمان دەکەین و دواتر بڕیار دەدەین. جاری وا هەیە لە ئاوەزی خۆمان بۆ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئەوە کەڵک وەردەگرین کە ئایا باشترە ئەو کارەی ئێستە بگۆڕین یان هەر درێژەی پێ بدەین، هەر بەو جۆرە لە هەموو ژیانماندا ئاوەز بۆ چارەسەری پرسە جۆراوجۆرەکان بەکار دەهێنین.

ســـەرەڕای هەموو ئەوانەش، زۆربەی خەڵک دەزانن تەنانەت ئەگەر بە هەموو تواناشمانەوە هەوڵ دەدەین بە دروســـتی لە ئاوەزی خۆمان بۆ چارەســـەری کێشە و گیروگرفتەکانمان کەڵک وەرگرین، جاری وایە تووشی هەڵە دەبین و بە ئاکامی دڵخواز ناگەین. بۆ پێشگیری لە هەلومەرج و بارودۆخێکی لەو چەشـــنە، پێویســـتە ئەو یاسا و ڕێسا و پرەنســـیپانە کە بۆ بیرکردنەوەیەکی ڕاست و دروست بە پێویســـت لەقەڵەم دەدەرێن، وە بەرچاو بگرین. ئەو پرەنســـیپانە لقێکی سەربەخۆن و لە زانینناسیدا پێی دەوترێت لۆژیک.

## لۆژیک

بەپێی نەریت، زانستی لۆژیک بەسەر دوو لقی سەرەکیدا دابەش دەکرێت؛ هەڵسەنگاندن و بەراوردکردن (ئیستقراء و قیاس). (induction and deduction). کاتێک دەوروبەری ڕاستەقینەمان دەخەینە ژێر چاودێری و پاشـــان لەســـەر بنەمای ئەو زانیاری و تێبینییانە کە لە ڕێگەی ئەو چاوەدێرییەوە بەدەســـتمان هێناون، دەگەین بە ئاکامێک، بـــەوە دەڵێن هەڵێنجـــان. (induction). "بەردەکان نافڕن"، "هەموو مرۆڤەکان دەمرن" و "جگەرەکێشان ئەگەری مەترسیی تووشبوون بە شێرپەنجەی ســـییەکان دەباتە ســـەر"، چەند نموونەیەکن کە چۆنیەتیی تێپەڕین بە پرۆسەی "هەڵسەنگاندن" و ئاکام وەرگرتنمان بۆ ڕوون دەکەنەوە. با وردتر لەو باســـە بکۆڵینەوە کە چۆن بەو ئاکامە گەیشتووین کە "بەردەکان ناتوانن بفڕن"، ئێمە سەیری ژمارەیەک بەرد دەکەین و دەیانخەینە ژێر چاودێرییەوە،

دەبینیـــن بـــەردی ژمارە یەک نافڕێت، هەر بەو جۆرە دەبینین بـــەردی ژمارە دووش نافڕێت، دواتر دەبینین کە بەردی ژمارە سێش نافڕێت و هتد... ئێمە ئەو بەردانەمان لەو جێگەیە داناون کە ئێستە لەوێن، دواتر هەوڵ دەدەین کە ئەو بەردانە لە بارودۆخی جیا جیادا بخەینە ژێر چاوەدێرییەوە: جارێک کـــە هەوا تاریکە بەردەکان دەخەینە ژێر چاودێری، جارێکی دیکە لە کاتی بارانباریندا و پاشـــان لە کاتی درەوشانەوەی خۆردا، سەیری ئەو بەردانە دەکەین، ئەگەر بەردەکان لەگەڵ ئەو شتانە بەراورد بکەین کە توانای فڕینیان هەیە، بۆمان دەردەکەوێت ئەو شـــتانەی کە دەفڕن هەندێک میکانیزمی تایبەتییان هەن کە ئەگەری ئەوەیان پێ دەدەن کە بتوانن بفڕن، باڵندەیەک لە کاتی فڕیندا باڵەکانی لێـــک دەدات تاکوو بفڕێـــت. فڕۆکە چەند مۆتۆر و باڵی هەن و بە هێزی مۆتۆر و باڵەکانی دەتوانێت بفڕێـــت، هتد... دەبینین کە بەرد هیچ ئامرازێکی ئەوتۆی نییە کە ئەگەر و ڕێگەی ئەوەی پێ بدات بتوانێت بفڕێت. لەســـەر بنەمای هەموو ئەو زانیاری و تێبینی و لێکۆڵینەوانە بەو ئاکامە دەگەین کە بەردەکان ناتوانن بفڕن. ئایا پاش ئەو پرۆســـە درێژخایەنە لە چاوەدێری و ئەزموون و هەڵسەنگاندن، دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە بەردەکان ناتوانن بفڕن؟ فەیلەسووفەکان لەو پێوەندییەدا وەڵام و بۆچوونی جۆراوجۆریان هەیە کە لە بەشەکانی دواتری ئەم کتێبەدا باسی دەکەین.

هەندێـــک لەو میتۆد و شـــێوازانەی کە لە پرۆســـەی هەڵســـەنگاندن و ئاکامـــدا کەڵکیان لێ وەردەگیردرێت، لەلایەن فەیلەسووفی بەناوبانگی ئینگلیزی، جان ئیستیوارت میل، فۆرمۆڵە کراون.

لقـــی دووهەمـــی لۆژیک پێـــی دەوترێـــت بەراوردکـــردن (deduction)، هـــەر توێژینەوە و ئاکامێکی بەراوردکردن، بنەماکانی خۆی لەســـەر بناغەی دوو یان چەند پێشگریمانە (premises) دادەمەزرێنێـــت. ئەو بەیانەی کە کەسـێک لە ئاکامی ئەو پرۆســـەیەدا پـــێ دەگات، پێی دەوترێت ئاکاموەرگرتـــن؛ نموونەیەک بۆ ئەو جۆرە توێژینەوە بەراوردکاری و بە ئاکامگەیشـــتنە دەکرێت ئەوە بێت: "لەبەر ئەوەی هەموو مرۆڤەکان دەمرن و ســـوقرات مرۆڤە، کەواتە ســـوقراتیش دەمرێت"، بەو جـــۆرە بۆچـــوون و ئاکاموەرگرتنە دەوترێت بۆچوونی بەراوردکاری کە زۆر ســـادەیە. دیارە ئەو کارە هەموو کاتیش وا ســـادە نییە، باس و بۆچوونەکان تەنانەت ئەگەر زۆریش ئاڵۆز بن، ئەگەر وردیان بکەینەوە و دابەشـــیان بکەین بەسەر چەند بەشی بچکۆلەتردا، وەکوو ئەو نموونەی سەرەوە، ئەودەم دەتوانین کۆنترۆڵمان بەسەریاندا هەبێت و باشتر بگەین بە ئاکام. دیسانەوە هەندێک جار وردکردنەوە و دابەشکردنی بۆچوونێکی ئاڵۆز بۆ هەندێک بەشی بچکۆلە، دەتوانێت کێشە و ئاڵۆزیی لێ ساز ببێت.

دەوترێـــت کە بۆچوون و ئاکامێکی بەراوردکردن، ئەگەر یاســـا و ڕێســـاکانی لۆژیک لە بەرچاو بگرێت، ئاکامەکەی دروست دەردەچێت و ڕاست و باوەڕپێکراوە، ئەگەر پشت بە پێشگریمانە ڕاست و دروســـتەکان ببەســـتێت، بەرەو ئاکامێکی ڕاست و دروســـتمان دەبات. کاتێک ئاکامێک ڕاست و دروســـت نییە، واتای ئەوەیە کە پێشـــگریمانەکانی ڕاست نین یان پرەنســـیپ و ڕێساکانی زانستی لۆژیکی ڕەچاو نەکردووە، ئەوە دوا شـــتە کە لە بەراوردکردنە بەناوبانگەکەی "ئاراسمۆس مۆنتانۆسی

لۆدویک هۆڵبێرگ"دا هەیە؛ "بەردێک ناتوانێت بفڕێت، هەروەها دایە نیللەش ناتوانێت بفڕێت، ئێرگۆ، دایـــە نیللە بەردە"، ئەگەر ئەو بۆچوون و ئاکاموەرگرتنە بخەینە نێو چوارچێوەی خشـــتەیەکەوە بەو جۆرە خۆی نیشان دەدات:

"دایکە نیللە" وایە کە "ناتوانێت بفڕێت" واتە A بریتییە لە C

"بەردێک" وایە کە "ناتوانێت بفڕێ" واتە B بریتییە لە C

"دایە نیللە" بەرانبەرە لەگەڵ "یەک بەرد" A بریتییە لە B

ئێستا بە ئاسانی دەتوانین ببینین کە هەرچەند A و B وەکوو C دەردەکەون، بەڵام دیسان A بە دڵنیاییەوە B نییە.

ئەگـــەر هەر بەو جۆرە گریمانە بەراوردکارییەی ســـوقراتیش بخەینە نێو خشـــتەوە بەم جۆرەی خوارەوەی لێ دێت:

"سوقرات" "یەک "مرۆڤـ"ـە؛ A بەرانبەرە لەگەڵ B

"مرۆڤ" شیاوی "مردنـ"ـە؛ B بەرانبەرە لەگەڵ C

"سوقرات" کەسێکە کە "دەمرێت"؛ A بەرانبەرە لەگەڵ C

ئێستا بە ئاسانی دەتوانین ببینین کە ئاکامەکە ڕاست و باوەڕپێکراوە.

ئەریستۆ بە "باوکی لۆژیک" ناسراوە، ئەو یەکەم کەس بوو کە کاری بۆ دۆزینەوە و ڕێکخستنی یاسا و پرەنسیپەکانی بیرکردنەوەیەکی دروستی لۆژیکی کرد، هەر بۆیە لۆژیک وەکوو زانستێکی سەربەخۆ لەلایەن ئەریستۆ هاتە کایەوە. دیارە دواترگەلێک فەیلەسووفگەلی تریش لەو بوارەدا کاریان کردووە و ئەو زانستەیان بەرەوپێش بردووە، بۆ نموونە تۆماس ئەکیوناس و جۆن ستیوارت میل، بۆ دۆزینەوە و فۆرمۆڵەکردنی پرەنسیپ و یاساکانی زانستی لۆژیک کاری زۆریان کردووە.

## هەستەکان

زۆرن ئەو کەسانەی بەڵگە بۆ ئەوە دەهێننەوە کە بۆ وەرگرتنی زانیاری و کۆکردنەوەی بەڵگە، جگە لە هەستەکان و ئاوەز، ڕێگەی دیکەشمان هەن. ئەوان دەڵێن کە "ئاوەز هەموو شتێک نییە و پێویستە هەســـت و ســـۆزیش لەبیر نەکەین"، دەڵێن هەندێک جار مرۆڤ هەست دەکات کە هەندێک کار، هەرچەند پاکانەی ژیرانەیشیان بۆ ناکرێت، بەڵام بە کردەوەیەکی دروست لەقەڵەم دەدرێن. بۆ نموونە دەتوانیت هەست بکەیت کە ڕێبازیک یان ڕوانگەیەکی تایبەتی سیاسی ڕوانگە و ڕیبازێکی دروستە.

کاتێک گوێمان لە دەســـتەواژەی هەســـت دەبێت، بیرمان بۆ ئەوە دەچێت کە بۆ نموونە ئەگەر دەســـت بۆ نزیکی ســـۆبەیەکی گەرم بەرین، هەســـت دەکەین کە گەرمە، هەر بەو جۆرە دەتوانین

هەست بکەین کە بەفر ساردە و هتد... ئەو زانیارییەی کە بەو شێوەیە بەدەستی دەهێنین، لە ڕێگەی هەستی دەستلێدانەوە بەدەست دێت. ئەو زانیارییەی کە لەو ڕێگەیەوە بەدەست دێت، لەژێر ناونیشانی هەستەکاندا دەخرێتە بەرباس، بەڵام وشەی هەست سەبارەت بە زۆر دیاردەی دیکەش بەکار دێت کە تەواو جیاوازە لەوەی کە لێرەدا باسمان کرد.

مرۆڤ دەتوانێت هەست بە خەم، شادی، بەخێڵی، ترس و بەختەوەری و هتد... بکات، ئەو جۆرە هەستانە لە ڕێگەی ئەو ئۆرگانانەوە دروست نابن کە پێیان دەوترێت ئۆرگانەکانی هەستکردن، ئەوانە بریتین لە دژکردەوەیەکی ئەتۆماتیکی کە لە بیروزەین و هۆشیاریی مرۆڤ و لە کاتی چاوەدێریکردنی هەندێک بارودۆخی دەرەکیدا بۆی دێنە پێش، کام بارودۆخ چ هەستێکمان تێدا دەخوڵقێنێت، لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی دیکە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕدرێت، هەندێک دانمارکی کاتێک تیپی تۆپی پێی دانمارک بەسەر تیمێکی تۆپی پێی سویدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، لەڕادەبەدەر خۆشحاڵ دەبن، کەچی کەسانی دانمارکیی واش هەن لەو پێوەندییەدا هیچ جۆرە هەستێکیان بۆ نایەتە پێش. هەر بەو جۆرە لە بارودۆخێکی ئاوادا زۆر سویدیش هەن کە بە دۆڕانی تیمی تۆپی پێی وڵاتەکەیان هەستێکی زۆر ناخۆش و پڕ لە نارەزایەتی دایان دەگرێت.

لەڕاستیدا وشەی هەست بۆ ئەو دوو بارودۆخە بەکار دەبردرێت، بۆ ئەوەی کە تووشی هیچ نارِوونییەک نەبین، باشترە بۆ باسکردن لە دیاردە جیاوازەکان لە چەمکی جیاواز کەڵک وەرگرین، بۆ وەرگرتنی زانیاری لە ڕێگەی دەست لێدان و بۆ ئەو هەستەی لە پێوەندی لەگەڵ باس و بابەتە جۆراوجۆرەکان لە بیرماندا دروست دەبێت، هەر لە وشەی هەست کەڵک وەردەگرین، ئەوە بە جۆرێک جێی گرتووە کە زەحمەتە بتوانین وشەیەکی نوێتر لەو بارەوە ڕۆ بنێین. بۆیە کاتێک باس لەو دژکردەوە ناخودئاگایە دەکەین کە لە ژیانی ڕۆژانە و لە بیرماندا دێنە پێش، هەر لە وشەی هەست کەڵک وەردەگرین، مەبەستمان دیاردەکانی وەکوو ترس، شادی، بەخێڵی و هید... کاتێک خەڵک دەڵێن کە هەست دەکەن ئەم یان ئەو ڕێباز و بیر و بۆچوونی سیاسی دروستە، ئاماژە بەو جۆرە هەستکردنە دەکەن، هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی هەستەکانییەوە زانیاری بەدەست بهێنێت، بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئەو زانیارییەی لەو ڕێگەیەوە بەدەست دێت، چ پێگە و بایەخێکی زانیناسیی هەیە، لەنێو فەیلەسووفەکاندا جیاوازیی بۆچوون یەکجار زۆرە.

## باوەڕ

زۆربەی مەسیحییەکان دەڵێن کە باوەڕیان بە بوونی خودا هەیە، ئەوان قەبووڵ دەکەن کە بوونی خودا بە ئاوەز پاساو ناکرێت، بەڵام هەر چۆنێک بێت باوەڕیان بەوە هێناوە و باوەڕیان وایە خودا بوونی هەیە. هەروەها هەندێک لەو باوەڕەدان کە عیسا کوڕی خودا بووە، فریشتە هەیە، جیهان لە حەوت ڕۆژدا دروست بووە، هتد... دەبێت بگوترێت کە باوەڕ بە خودا و چیرۆکی ئافراندن، بۆ پەیڕەوانی ئایینە

ئاسمانییەکانی دیکەش هەر ڕاستە.

ئەگەر داوا لەو جۆرە کەسانە بکەین کە بەڵگە و هۆکار بۆ پاساوی باوەڕی خۆیان بێننەوە، دەڵێن پێویست بە بەڵگەهێنانەوە ناکات و باوەڕ بە تەنیا بەسە. هەندیک کەسی تر لەوان باس لە دیاردەیەک دەکەن کە پێی دەوترێت "وەحی" یان فەرمانی خودا، لێرەدا خودا (عیسا یان مریەمی داوێن پاک) ڕاستەوخۆ لەگەڵ مرۆڤێک پێوەندی دەگرێت و قسەی لەگەڵ دەکات، ساوڵ یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە سەردەمەکانی پاش مەرگی مەسیحدا بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر بە دوای ئەزیەت و ئازاردانی مەسیحییەکانەوە بوو، کاتێک ساوڵ لە ڕێگەی وەحیەوە لە عیسا پەیامێکی پێ گەیشت، ئایینی مەسیحییەتی قبووڵ کرد و ناوی خۆشی گۆڕی بۆ پاوڵوس.

ئەو تیۆرییەی کە دەڵێت مرۆڤ جگە لە ئاوەز و هەستەکانی، لە ڕێگەی دیکەشەوە دەتوانێت زانست و زانیاریی سەبارەت بە ڕاستی و دەوروبەری ڕاستەقینەی خۆی بەدەست بهێنێت، پێی دەوترێت عیرفان، ئەو کەسانەی لایەنگری ئەو ڕێبازەن، زۆرتر لە ڕێگەی بۆچوون و بەڵگەهێنانەوەی مێتافیزیکییەوە پاکانە بۆ ئەو بیر و بۆچوونە دەکەن. ئەوان دەڵێن سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە هەستی پێ دەکەین، ڕاستییەکی تریش هەیە کە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بەو ڕاستییە، پێوستە لە هەندێک ڕێگەی دیکە کەڵک وەرگرین.

## بیر و بیرۆکە جەوهەریەکان (ئەو بیرۆکانەی لەگەڵمان لەدایک دەبن)

هەندێک کەسیش بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە ئێمە خاوەنی هەندێک بیر و بیرۆکە و زانیاریی ئەوتۆین کە هەر لە زگماکەوە لەگەڵمانن و لەگەڵمان لەدایک دەبن، تەنانەت ئەفلاتوون لەو بڕوایەدا بوو کە هەموو مرۆڤەکان هەر لە سەرەتای لەدایکبوونیانەوە بەشێوەیەکی جەوهەری خاوەنی گشت ئەو زانست و زانیارییەن کە دەکرێت دواتر بەدەستی بهێنێت، هەر بۆیە لە ڕوانگەی ئەوەوە خوێندن و فێربوون شتێک نییە جیا لە دۆزینەوەی سەرلەنوێی ئەو زانیارییانە. کەچی ئەریستۆ بۆچوونێکی دیکەی هەبوو، ئەو پێی وابوو کە مرۆڤ لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە هیچ زانست و زانیارییەکی نییە، واتە هۆش و مێشک وشیارییەکەی وەک کاغەزێکی سپییە.

فەیلەسووفەکانی قۆناخەکانی دواتر لەو بارەوە خاوەنی بۆچوونی جۆراوجۆرن، بەڵام هیچ کامیان لەو پێوەندییەدا وەکوو ئەفلاتوون نەچوونەتە پێش، زۆربەیان لەسەر ئەو بڕوایەن کە مرۆڤ لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە لانیکەم بە شێوەیەکی جەوهەری، خاوەنی هەندێک زانست و زانیارییە. لایبنیز پێی وابوو کە مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە خاوەنی هەندێک بیر و بیرۆکەیە. دیکارت دەیوت کە ئەو دەزانێت بیر و بیرۆکە جەوهەرییەکان لە کوێیەوە دێن: "ئەوان لەلایەن خوداوە لە دەروونی ئێمەدا چێنراون". کەچی جان لۆک، فەیلەسووفی بەناوبانگی ئینگلیزی، لەو بارەوە هەمان بۆچوونی ئەریستۆی هەبوو، واتە ئەویش دەیوت مرۆڤ لە کاتی لەدایکبوونیدا هۆش و وشیارییەکەی وەکوو

کاغەزێکی سپی وایە و هیچی لەسەر نەنووسراوە.

## ئۆبژێکتیڤ و سۆبژێکتیڤ (بابەتیانە و هۆشەکی)

لــە زانیینناســیدا جیاوازیدانان لە نێوان ئۆبژێکتیڤ و ســۆبژێکتیڤدا واتە (بابــەت و هۆش، بابەتیانە و جەوهەری) زۆر گرنگە، ڕوانگەی ئۆبژێکتیڤی لە زانیینناســیدا لەســەر ئەو بناغەیە ڕاوەســتاوە کە ڕاســتیی هۆشەکی و بابەتیانەی ڕاستەقینە ســەربەخۆ لە هۆش و وشاریی ئێمە بوونی هەیە، هەر بۆیە پێویستە مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری هەندێک ڕێکار و ڕێوشوێنی تایبەتی پەیڕەو بــکات، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو ڕێکارە دیاریکراوانــە و بە وەفادارمانەوە بە بنەمای بابەتەکە واتە ئۆبژێکتەوە، ئەو ئاکامەی کە لەو پرۆســەیەدا پێی دەگەین، ئاکامێکی بابەتیانە و هۆشــەکی دەبێت. دەبێت ئەوەش بگوترێت کە بابەتیانەبوون پێویســت بەوە ناکات کە نالایەنگری و بێلایەنیی لەگەڵ بێت، واتە بێلایەنی هەردەم مەرجێکی یەکلاکەرەوەی بابەتیانەبوون و هۆشەکیبوون نییە.

ڕوانگەی سوبژێکتیڤیســتی (هۆشــەکی و جەوهەری) لەســەر بنەمای دونیابینیی هۆشــەکی لــە مێتافیزکــدا (واتە ئەوپەڕی سروشــت) ڕاگیراوە، بەگوێــرەی ئەو جیهانبینییە هیچ ڕاســتی و ڕاســتەقینەیەکی بابەتیانە و ڕەها بوونی نییە، بۆیە هیچ یاســا و ڕێسایەکی هۆشەکی و بابەتیانەی ئەوتۆشمان نییە تاکوو بۆ ناسینی دنیا و بەدەستهێنانی زانست و زانیاری بتوانین پێڕەویی لێ بکەین. هۆشــەکیبوون یا هۆشەکیگەرایی دەڵێت کە هەموو جۆرە ناســینێک لە بنەڕەتدا لە هەست، سۆز، ڕوانگە، هەڵوێست و بیر و ڕاکانی جەوهەریی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن. لایەنگرانی ئەو جیهانبینییە دەڵێن زانست سەربەخۆ نییە و بەستراوەتەوە بە جەوهەر و هۆشی مرۆڤەوە، بۆیە ڕێژەییشە.

با بە هێنانەوەی چەند نموونە ئەو باسە پتر ڕوون بکەینەوە:

ئەگەر مامۆســتایەک لــە کاتی هەڵســەنگاندنی قوتابییەکی خۆیدا لەســەر بنەمای چۆنیەتیی وەڵامدانــەوەی قوتابییــەکان لــە تاقیکردنەوەکانــدا و هەروەها لەســەر بنەمــای خۆماندووکردن و خوێنــدن و چالاکیــی قوتابییەکان نمرەیان پێ بدات، ئەو هەڵســەنگاندنە بە هەڵســەنگاندنێکی بابەتییانــە ئەژمــار دەکرێت، لێرەدا مامۆســتا ئۆبژێکتیڤیســتە، بەڵام ئەگەر مامۆســتاکە لە کاتی هەڵســەنگاندنی قوتابییەکاندا لەسەر ئەو بنەمایە نمرەیان پێ بدات کە ناوبراو لایەنگری فڵانە حیزبە کــە ئەو دژیەتی، یان بە شــێوەیەک جلوبەرگ لەبەر دەکات کە مامۆســتا حــەزی لێی نییە، ئەوە ئەو هەڵســەنگاندنە بە هەڵســەنگاندنێکی هۆشــەکی ئەژمار دەکرێت، لێرەدا دەوترێت مامۆستاکە سۆبژێکتیڤیستە.

نموونەیەکی دیکە: وای دادەنین کە ڕۆژنامەنووســێک پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ کتێبێک بکات، کتێبەکە لەلایەن کەســێکەوە نووســراوە کە ئەو ڕۆژنامەنووسە خۆشــی ناوێت و لەگەڵ ئەو بیر و بۆچوونانــەش دژایەتیی هەیە کە لە کتێبەکەدا هاتوون، جا ئەگەر ئەو ڕۆژنامەنووســە لەســەر ئەو

بنەمایە هەڵسەنگاندن بۆ کتێبەکە بکات، ئەوە ناوبراو کەسێکی هۆشەکیگەرا و سۆبژێکتیڤیستە. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر ڕۆژنامەنووسەکە، بێ وەبەرچاوگرتنی ئەو حوببو بوغزە، بە ئەسڵی بابەتەکەو نیوەرۆکی کتێبەکە وەفادار بێ، هەروەها ئەوە هەڵسەنگێنێ کە کتێبەکە چەندە لە شیکردنەوەو هێنانەگۆڕی ئەو بیرۆکانەدا سەرکەوتوو بووە کە مەبەستی کتێبەکەیە، ئەودەم ئەو لێکۆڵینەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییە. لەحاڵەتێکی ئاوادا ڕۆژنامەنووسەکەش ئۆبژێکتیڤیستە.

هەندێک کەس دەڵێن "چونکە جەوهەر واتە مرۆڤ خەریکی ناسینی دنیایە، هەموو جۆرە زانست و ناسینێک هۆشەکی و جەوهەرییە"، مەبەست ئەوەیە کە هەموو جۆرە ناسین و زانستێک لە ژێر کاریگەری و شوێندانەریی ئەو کەسەدایە کە کاری لەسەر دەکات، یان چونکە هەموو جۆرە زانیاری و ناسینێک لەژێر شوێندانەریی مرۆڤدایە، ناتوانین هیچ ستانداردێکی دیاریکراومان بۆ ناسین و زانست هەبێت. ڕاستە هەموو زانست و ناسینێک تاکەکەسییە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەوە دەکەوێتە سەر ئەو کەسە خۆی کە ئایا دەیهەوێت کەسێکی بابەتیانە و ئۆبژێکتیڤ بێت یان کەسێکی هۆشەکی و سوبژێکتیڤ، لەو پێوەندییەدا ئەوە فەلسەفەی تاکەکەسی و تایبەتیی ئەو کەسەیە کە لەو بارەوە بڕیار دەدات، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسەدا ئەو ڕاستییەمان بە ڕوونی بۆ دەردەکەوێت کە لە نموونەی سەرەوەدا باسمان کرد. ئەگەر کەسێکی هۆشەکیگەرا و سۆبژێکتیست بێت، ناوبراو بەگوێرەی فەلسەفەی تاکەکەسی و بۆچوون و ڕوانگە تایبەتییەکانی خۆی ڕەخنە لە کتێبەکە دەگرێت، بەڵام ئەگەر کەسێکی بابەتیانەگەرا و ئۆبژێکتیڤیستیش بێت، لەسەر بنەمای بابەتەکانی نێو کتێبەکە لێکۆڵینەوە دەکات و پاشان بڕیار دەدات.

ئۆبژێکتیڤیستەکان و سۆبژێکیڤیستەکان بۆچوون و تێگەیشتنی تایبەت بە خۆیان لەسەر "ڕاستی" هەیە، بۆچوونی بابەتیانە واتە ئۆبژێکیڤیست، لەسەر ئەو بڕوایەیە کە "ڕاستی" شتێکە کە لەگەڵ "ڕاستەقینە" یەکانگیرە، واتە ڕاستی ئەو شتەیە کە لەگەڵ ڕاستەقینە بێتەوە. بە واتایەکی دیکە ئەو شتەی کە لەگەڵ ئەو ڕاستەقینەیە دێتەوە و دەتوانین ببینین و هەستی پێ بکەین، ڕاستییە.

ئەو تێگەیشتنە لە ڕاستی پێی دەوترێت "تیۆری لەگەڵ هاتنەوە" یان "بیردۆزیی یەکانگیری" (correspondence theory). ئەو تیۆرییە لە بنەڕەتدا لەلایەن ئەریستۆیەوە تیۆریزە کراوە، بەگوێرەی ئەو تیۆرییە ئەگەر بمانهەوێت بزانین کە "باڵای ئازاد لە باڵای ڕزگار بەرزترە"، دەبێت بچین لە نزیکەوە لەو بارەوە لێکۆڵینەوە بکەین، هەر دوو کەسەکە بخەینە ژێر چاودێری و زانیاریی پێویست بۆ ئەو مەبەستە کۆ بکەینەوە و پاشان لەسەر بنەمای ئەو زانیارییە مەیدانییانە کە کۆمان کردوونەتەوە، بە شێوەیەکی دروست و ڕاستییەکی ڕاستەقینە ئاکام وەرگرین و بڕیار بدەین. کەچی کەسێکی هۆشەکی و سۆبژێکتیست پاسا و بۆ ئەوە دەهێنێتەوە کە "ڕاستی" ڕەنگە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاواز بێت و ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت، «ئەو شتەی بۆ تۆ ڕاستە، مەرج نییە بۆ منیش ڕاست بێت".

**مەبەست**

*ئەخلاقی ئەرک و بەرپرسایەتی*

*چێژوەرگرتن*

*قازانجباوەڕی*

*خۆنەویستی*

*خۆویستی*

*کێشەی دەبێت و نابێت*

ئـــاکار، یا زانســـتی ئەخلاق، ئەو لقە لە فەلســـەفەیە کە ســـەبارەت بەوەی کـــە چ کار و کردەوە و هەڵســـوکەوت، یان چ شتێک دروست و چ شـــتێک دروست نییە، لێکۆڵینەوە دەکات. لەوەش زیاتر ئاکار ئەو نۆرم، پرەنســـیپ، ستاندارد و ڕێوشـــوێنانەی کە بۆ هەر کردار و هەڵسوکەوتێکی ڕاست و دروست پێویستن، دەستنیشان دەکات.

کاتێک دەوترێت شـــتێک "نائەخلاقی"ە بە واتای ئەوەیە کە ئەو شتە، ئەو کارە، ئەو کردەوەیە و هتد...، بە پێچەوانەی هەندێک نۆرم و ڕێوشوێنی ئەخلاقییە؛ بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤ پێی وایە دزی کارێکی بێئەخلاقییە، دەبێت پێڕەوی ئەو نۆرم و پرەنسیپانە بێت، کە دەڵێن مرۆڤ نابێت دزی بکات. لە هەموو کۆمەڵگەکاندا نۆرم و ڕێوشـــووێنی ئەخلاقی هەن، بەڵام ئەو نۆرمانە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە و لە ســـەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، دەگۆڕدرێن. هەندێک لەو هەڵسوکەوت و کار و کردەوانـــەی لە کۆمەڵگەیەکدا قەبوولّ دەکرێن، لە کۆمەڵگەیەکی تردا پەســـند ناکرێن؛ بۆ نموونە ئەمڕۆ خواردنەوەی مەی و مەشرووب، لە هەندێک کۆمەڵگەدا قەبوولّ دەکرێت و لە هەندێک کۆمەڵگـــەی دیکەدا، بە کردەوەیەکی ناپەســـند و بەپێچەوانەی نۆرمەکان دادەنرێت. هەندێک کار و کردەوە کە هەنووکە قەبوولّ ناکرێن، ســـەردەمانێک نەک هەر قەبوولّ دەکران، بەڵکوو سەدان ساڵ لەمەوبەر بە جۆرێک بە ناچاری دەکران. جادووگەر سووتاندن، لە سەردەمەکانی پێشوودا، نموونەیەکی سامناکی ئەو باسەیە، دیارە ڕێوشوێن و نۆرمی ئەخلاقیی ئەوتۆش هەن کە لە سەرتاسەری جیهاندا وەکوو یەک پەســـندن؛ بۆ نموونە لە هەموو شـــوێنێک دزی و مرۆڤکوشـــتن بە کردەوەی ناپەسند دادەنرێن و قەدەغەن. گرنگترین پرســـیار لە ئاکاردا ئەوەیە کە ئایا ڕێوشوێن و ئاکار و هەڵسوکەوت و نۆرمی ئەخلاقیی ئەوتۆی جیهانی هەن کە لە هەموو شـــوێنیک و لە هەموو ســـەردەمێکدا بکرێت گشت مرۆڤەکان وەکوو یەک جێبەجێیان بکەن؟

**مەبەست**

ئەخلاق بریتییە لە سەرجەمی ئەو نۆرم و پرەنسیپ و ڕێوشوێنانە کە کار و کردەوە و هەڵسوکەوتی مـــرۆڤ ڕێنوێنی و ئاڕاســـتە دەکەن، دەبێـــت بزانین کە هەر کار و کردەوەیـــەک ئامانجێکی هەیە،

مەبەستی خەڵک لە هەر کارێک ئەوەیە کە لەو ڕێگەیەوە ئامانجێک بەدەست بهێنن، یان بۆیە ئەو کارە دەکەن چونکە بە کارێکی باش و پڕبایەخی دەزانن، ئەگەر وای وێنا بکەین کە پێویستە تیۆرییەکی ئەخلاقی فۆرمۆڵە بکەین، دەبێت لە پێشدا بزانین ئامانج لەو کارە چیە، واتە دەبێت لە پێشدا ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئامانج لەو تیۆرییە ئەخلاقییە چیە، ئەوە پرسیارێکی زۆر گرنگە. ئاخر تیۆرییە ئەخلاقییەکان لەسەر بنەمای ئەو ئامانج و مەبەستانە کە وەکوو ئامانجی خۆیان دیارییان دەکەن، بەسەر تیۆریی ئەخلاقیی جۆراوجۆردا دابەش دەبن.

ئەگەر ئامانج بریتی بێت لە خزمەت بە کۆمەڵ و کۆمەڵگە، ئەوە تیۆرییەکی ئەخلاقیی تایبەت بەو مەبەستەمان پێویستە، بەڵام ئەگەر ئامانج بریتی بێت لە بەجێهێنانی ئەرک و ڕاپەڕاندنی بەرپرسایەتی، ئەوە جۆرە تیۆرییەکی دیکەی ئەخلاقیمان پێویستە کە ئەو مەبەستە بەدی بهێنێت، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئامانج بریتی بێت لە بەرژەوەندی و ویستە تاکەکەسییەکان، گەشە و پەرەسەندنی تاکەکەسی و دابینکردن و دەستەبەرکردنی قازانجەکانی تاکەکەسی، ئەوە ئەخلاق یان ئاکاری ترمان پێویستە. ئەو پرسیارەی کە دەڵێت تیۆرییەکی فەلسەفی دەبێت چ ئامانجێکی هەبێت؟ بە شێوەی جۆراوجۆر لەلایەن فەیلەسووفەکانەوە وەڵام دراوەتەوە و لێرەدا بە کورتی چاوێک دەگێڕین بەسەر گرنگترینی تیۆرییە ئەخلاقییەکاندا و لە بەشی دووهەمی کتێبەکەدا لەو بارەوە زۆرتر دەدوێین.

## ئەخلاقی ئەرکدار (DUTY ETHICS)

ئەو تیۆرییە دەڵێت هەندێک دەسەڵات و کاربەدەست بڕیار دەدەن کە چ شتێک دروستە و چ شتێک نادروستە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ویست و بۆچوون و هەڵسەنگاندنەکانی خۆمان، ئێمە تەنیا ئەوەمان لەسەرە کە گوێڕایەڵی فەرمان و بڕیارەکانی ئەوان بین، ئێمە تەنیا ئەوەمان لەسەر شانە کە ئەرکی خۆمان بەجێ بگەیەنین و پێڕەوی لەوان بکەین، لێرەدا بایەخی ئەخلاقیی هەر کردەوە و هەڵسوکەوتێک، بەگوێرەی ئەو پێوانەیە هەڵدەسەنگێنرێت و بڕیاری لەسەر دەدەرێت کە تا چ ڕادەیەک لەگەڵ ئەو فەرمان و داخوازییانە دێتەوە کە ئەو دەسەڵات و کاربەدەستانە دیارییان کردوون؛ نموونەی ئەو دەسەڵات و کاربەدەستە دەکرێت سەرۆک عەشیرەت، پاشا، کاربەدەستانی حکوومەت، بەرپرسانی سیاسی، یاسا یان خودا بێت.

بەگوێرەی ئەو جۆرە ئەخلاقیاتە، خەڵک ناتوانن بۆ خۆیان هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی بکەن، بۆیە بۆ ئەوەی بێسەرەوبەرەیی و ئاژاوە ڕوو نەدات، دەبێت دەسەڵاتێک هەبێت کە نۆرم و یاسا و ڕێسا ئەخلاقییەکان دیاری بکات، خەڵکیش بێ گوێدانە ئەوەی کە خۆیان ڕوانگە و بیروبۆچوونیان لەو بارەوە چییە، پێویستە پێڕەوی لەو نۆرم و ڕێوشوێن و پرەینسیپانە بکەن و ڕەچاویان بکەن. ئەو هەڵوێستە لەو گوتەیەدا بە باشترین شێوە بەیان کراوە کە دەڵێت: "بەبێ بوونی خودا، هەموو شتێک

ڕێگەپێدراوە". (ئەو ڕستەیە لە ڕۆمانی "برایانی کارامازۆڤـ"ـی دیستۆفسکی وەرگیراوە).

لێـــرەدا مەبەســـت ئەوەیە کە بەبێ هەبوونی خودا یان دەســـەڵات، ڕێبەر یان ســـەرچاوەیەکی باڵادەســـت کە بتوانێت ئەوەمان بۆ دیاری بکات کە چ شـــتێک دروستە و چ شتێک دروست نییە، هەر بەو جۆرەی کە خودا لە دە فەرمانەکەی خۆیدا ڕوونی کردوونەتەوە، ئێمەی مرۆڤەکان ئەگەری ئەوەمان نییە خۆمان لەو بارەوە شـــتێک بزانین، جا ئەگەر کەســـێک ئەگەری ناسین و دیاریکردنی ئەوەی نەبێت کە ڕاست و ناڕاست، چاک و خراپ لێک جیا بکاتەوە و هەرشتێک بە مێشکیدا بێت دەیکات . بۆیە بەگوێرەی ئەو تیۆرییە ئەخلاقییە، بەبێ هەبوونی ڕێبەر یان سەرچاوەیەکی باڵادەست یان دەســـەڵاتێک کە مرۆڤەکان لە بواری ئەخلاقییەوە ڕێنوێنی بکات، هیچ یاســـا و ڕێوشـــوێنێکی ئەخلاقـــی لە گۆڕێدا نییە، زۆربەی ئایینەکان بە نوێنگەی تیۆرییـــە ئەخلاقییە ئەرکدارەکان ئەژمار دەکرێن.

## چێژوەرگرتن (هێدۆنیزم)

تیۆریـــی هێدۆنیزم یـــان چێژوەرگرتن دەڵێت؛ ئامانجی مرۆڤ لە هـــەر کار و کردەوەیەک بریتییە لە بەدەســـتهێنانی زۆرترین ڕادەی چێژ و خۆشی، هێدۆنیزم ڕیشـــەکەی لە وشەی "hedone"ی یۆنانییـــەوە هاتووە کـــە بە واتای مەیل و هەوەس دێت، بەپێی ئـــەو بیردۆزییە، تەنیا پێوانەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی هەر کار و کردەوەیەک ئەوەیە کە ئایا ئەو کردەوەیە چەندە خۆشی و چێژ بە بکەری کارەکە دەبەخشێت.

کەواتە کەســـێکی هێدۆنیســـت کە لایەنگری تیۆریی چێژوەرگرتنە، بۆ بەدەســـتهێنانی چێژ و خۆشی لە ژیانی خۆیدا کەڵک وەردەگرێت، چێژ و خۆشیش لە گەلێک بواری جۆراوجۆردا بەدەست دێت؛ وەک خواردن، هەستان و دانیشتن لەگەڵ دۆست و ناسراوان، مەستی و خواردنەوە، گۆرانی و سەما و هەڵپەڕکێ و مۆسیقا، هونەر و کاری هزری و هتد... ڕادەی خۆشی و چێژوەرگرتن دەکرێت هەم بەپێی چڕی و خەســـتییەکەی و هەم بەگوێرەی ئەو ماوە کاتییە بپێورێت کە چێژوەرگرتنەکە دەخایەنێت، بەو پێیەش بۆ کەسێکی هیدۆنیست، کردەوەیەکی ئەخلاقی ئەوەیە کە تاکوو ئەو شوێنەی کە ئەگەری هەیە، چێژ بە بکەرەکەی ببەخشـــێت. دیارە ئەوە بەو واتایە نییە کە هێدۆنیســـتەکان هێندە سەرەتایین کە تەنیا بیر لە چێژوەرگرتنی کورتماوە دەکەنەوە، کەسێکی هێدۆنیست دەتوانێت گوێ بداتە مۆســـیقای کلاســـیک یان کتێبەکانی کانت بخوێنێتەوە و سەگیش لەگەڵ خۆی بباتە دەرەوە بۆ گەڕان و پیاســـەکردن، بەو مەرجەی کە ئەو کار و چالاکییانە گەورەترین چێژ و خۆشیی پێ ببەخشن. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو کەسەش کە هەموو شەوێک تاکوو درەنگانی شەو بێ ئەوەی بیر لە سبەینێ بکاتەوە، خەریکی مەستی و کەیف و ڕابواردنە، هەر بە هێدۆنیست دادەنرێت.

دەتوانیـــن بڵێین کە چێژوەرگرتن هیچ جۆرە نۆرم و پرەنســـیپ و چوارچێوەیەک دیاری ناکات،

لەو بارەوە کە کام کردەوە و کام هەڵسوکەوت بە کردەوە و هەڵسوکەوتێکی ئەخلاقی دادەنرێن، چێژوەرگرتن بێدەنگە. گرنگ ئەوەیە ئەو کار و کردەوانە خۆشی و چێژیان بۆ بکەرەکە بەدواوە بێت، دەبێت ئەوەش بگوترێت کە ئەو کەسەش چێژ و خۆشی لە ئەزیەت و ئازاردانی کەسانی دیکە وەردەگرێت، هەر بە هێدۆنیست لەقەڵەم دەدرێت.

## قازانجباوەڕی (utilitarianismsm)

قازانجباوەڕی یا ئوتیلیتاریانیزم تیۆرییەکی ئەخلاقییە، جێرمی بنتام و جان ستیوارت میل، کە دوو فەیلەسووفی گەورەی ئینگلیزین، دایانهێناوە، دیارە شێوەیەک لەو جۆرە بیرۆکەیە لە سەرەتاکانی دەورانی یۆنانی کۆندا هەبوون.

قازانجباوەڕی جۆرێک خۆشی و چێژوەرگرتنی بەکۆمەڵە، ئامانج لە هەر کار و کردەوەیەک بریتییە لە چێژوەرگرتن، بەڵام نەک بۆ ئەو کەسەی کە کارەکە دەکات، بەڵکوو بۆ هەمووان. واتە ئەو کارە پێویستە خێری گشتیی تێدا بێت و لە قازانج و بەرژەوەندیی زۆربەی خەڵک تەواو بێت، نێوەرۆکی ئەو تیۆرییە ئەخلاقییە دەڵێت؛ "زۆرترین ڕادەی شادی و خێر و خۆشی، بۆ زۆرترین ڕادەی خەڵک"، لەو تیۆرییەدا مەبەست لە چێژوەرگرتن، چێژوەرگرتنی تاکەکەسی نییە، بەڵکوو مەبەستی سەرەکی بریتییە لە خۆشبژیوی و خۆشبەختی و ژیانێکی باش بۆ هەمووان.

کەسێکی قازانجباوەڕ لە خۆی دەپرسێت: کام کار و هەڵبژاردە دەتوانێت زۆرترین ڕادەی خۆشبژیوی و خێر و خۆشی بۆ زۆرترین ڕادەی خەڵک دابین بکات؟ کەواتە ئەو کەسەی کارەکە دەکات، نابێت لە پێشدا قازانج و بەرژەوەندیی خۆی یان خۆشی و چێژوەرگرتنی خۆی لەو کارە وەکوو مەبەستی سەرەکی لە بەرچاو بێت، بەڵکوو دەبێت ئەوەی لە بەرچاو بێت کە ئەو کردەوەیە، ئەو هەڵبژاردەیە و هتد... خێری گشتیی تێدا بێت و لە بەرژەوەندیی کۆمەڵدا بێت، لێرەدا مەبەست لە خێر و بەرژەوەندیی گشتی، دەکرێت خێر و بەرژەوەندیی مرۆڤایەتی، نەتەوە، وڵات، گەل، چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگە و بنەماڵە و هتد... بێت.

## قازانجباوەڕی دوو جۆرە:

کار - قازانجباوەڕی و یاسا - قازانجباوەڕی (action-utilitarianism and rule-utilitarianism).
مەبەست لە کار - قازانجباوەڕی ئەوەیە کە لە کاتی جێبەجێکردنی هەر کار و کردەوەیەکدا هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کارە، ئەو کردەوە، ئەو هەڵبژاردەیە و... بکەین کە تاکوو چ ڕادەیەک بە قازانجی خێری گشتی و خۆشبژیویی گرووپ تەواو دەبێت؟ بەڵام مەبەست لە یاسا - قازانجباوەڕی ئەوەیە کە دەبێت لەو یاسا و ڕێسا و نۆرم و پرەنسیپانە پێڕەوی بکرێت، ئەگەر هەموو لایەک پێڕەوییان لێ بکەن، زۆرترین ڕادەی خۆشبژیوی و خێر و خۆشی، بۆ زۆرترین ڕادەی خەڵک دابین و دەستەبەر

دەکرێت؛ نموونەیەک بۆ ئەو ڕێوشوێنە دەکرێت ئەو بنەمایە بێت کە دەڵێت درۆکردن قەدەغەیە، ئاخر ئەگەر مرۆڤ نەتوانێت متمانە بە زۆربەی ئەو قسانە بکات کە خەڵک دەیڵێن، بەڕاستی کارەسات ڕوودەدات کە ئەوەش جێگەی داخە. هەر بۆیە ئەگەر ڕێوشوێن ئەوە بێت کە هەموو کەسێک هەردەم ڕاستی بڵێن و ڕاستبێژ بن، ئاکامەکەی بە قازانجی گشتی و خێر و خۆشبژیویی بەکۆمەڵ تەواو دەبێت، هەر بەو جۆرە ئەگەر کەسێکیش بیهەوێت درۆ بکات، ڕێوشوێنی ئەخلاقیی یاسا - قازانجباوەڕی ڕێگەی کارێکی لەو چەشنەی لێ دەگرێت.

ئەمڕۆ لە کردەوەدا هیچ کەسێک بەرگری لە ڕێوشوێنی کار - قازانجباوەڕی ناکات، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ڕێگە دەدات، بۆ نموونە یەکێک ئەو پرەنسیپە بەو بیانووەی کە دەبێتە هۆی زۆرتربوونی خۆشبژیوی و خێری گشتی بۆ سزادانی کەسانی بێتاوان بەکار بهێنێت. بۆ ڕوونبوونەوەی زۆرتر نموونەیەکی تر دەهێنینەوە؛ لە شارێکدا تاوانکارێک خەریکی کوشتنی کەسێک یان تاوانێکە، خەڵک لە ترسی ئەوەی کە بکەونە بەر پەلامار ناوێرن لە ماڵ بێنە دەرەوە، لەو بارودۆخەدا کاربەدەستان کەسێکی بێتاوان دەگرن و سزای دەدەن، بەو جۆرە خەڵک دیسان دەتوانن لە ماڵ بێنە دەرەوە و ژیانی ئاسایی دەست پێ بکەنەوە، ئەوان بڕوایان وایە کە تاوانبارەکە گیراوە و مەترسییەکە بەسەر چووە، بەو جۆرە وا دێتە بەرچاو کە دەکرێت لە ڕێگەی سزادانی کەسێکی بێتاوانەوە خۆشبژیوی و ئاسایشی گشتی زیاتر دەستەبەر بکرێت. زۆربەی خەڵک لەو بنەمایە حاڵی دەبن کە ئەوە هەڵەیە "نانەوا لە جیاتی ئاسنگەر سزا بدەیت"، ئەوە کردەویەکی بێئەخلاقانەیە، بۆیە هەر سیستەمێکی ئەخلاقیش کە ڕێگەی کردەوەیەکی لەو چەشنە دەدات، دەبێت هەڵە بێت، لەخۆڕا نییە ئەو لایەنەی تیۆریی قازانجباوەڕی لەلایەن خەڵکێکی زۆر کەمەوە لاینگریی لێ دەکرێت.

دەبێت ئەوەش بگوترێت کە بەشەکەی دیکەی ئەو تیۆرییەش، واتە یاسا - قازانجباوەڕی، خاڵی لاوازی خۆی هەیە، لەسەر یەک تیۆریی قازانجباوەڕی هەموو شتێک بەگوێرەی ئاکامەکان و بە پێوانەی ئەو ئاکامانە هەڵدەسەنگێنێ، نەک بۆ نموونە بەگوێرەی هەندێک نۆرمی وەکوو دادپەروەری لە کۆمەڵگایەکدا کە پێڕەوی لە قازانجباوەڕی دەکات. ئەگەر تاوانبارێک سزا دەدەرێت، تەنیا لەبەر ئەوە سزا دەدرێت کە پێش لە تاوان و تاوانکاری بگیردرێت، لێرەدا لەسەر بناغەی ئەوەی کە دادپەروەری لەوەدایە تاوانبار سزا بدرێت ناتوانین بڕیار بدەین و دادوەری بکەین، واتە لەو جۆرە بڕیارانەدا هیچ قازانج و دەستکەوتێک بۆ دادپەروەی لەبەرچاو ناگیردرێت.

## خۆنەویستی، مرۆڤدۆستی یان ئاڵترویسم (ALTRUISM)

زاراوەی مرۆڤدۆستی یان ئاڵترویسم بۆ یەکەم جار لەلایەن فەیلەسووفی فەڕانسەیی، ئاگۆست کۆنت، بەکار هاتووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بیرۆکەی مرۆڤدۆستی زۆر لەوەش کۆنترە؛ ئەو تیۆرییە دەڵێت ئامانجی ئەخلاقی و ئاکاری هەر کەسێک بریتییە لە خزمەت بە خۆشبژیوی و

بەختەوەری و خێروخۆشـــیی ئەوانی دیکە، لەســـەر فیداکاری و قوربانیکردنی قازانج و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی، ئەو ستانداردە ئەخلاقییە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە دەبێت ئەو پرەنسیپە وەک پێوانە بۆ هەڵســـەنگاندنی ڕاســـتی و دروســـتیی هەموو کار و کردەوەیەکی مرۆڤ کەڵکی لێ وەربگیرێت.

مرۆڤدۆســـتی بەپێچەوانەی خۆویستییە، مرۆڤدۆستی خستنەپێشـــەوەی قازانج و بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان بە کارێکی نەرێنی دەزانێت، بەو واتایە کە بەگوێرەی ئەو پرەنسیپە، هەر کردەوەیەک کـــە تەنیا بە مەبەســـتی دابینکردنی قازانـــج و بەرژەوەندییە تاکەکەســـی و تایبەتییەکان بکرێت و مۆتیڤاشـــۆن لەوە وەردەگرێت، لە بواری ئاکار و ئەخلاقییەوە بە کردەوەیەکی بێڕەوشـــتی لەقەڵەم دەدەرێت. لەو تیۆرییەدا کە پێداگری لەســـەر خزمەت بەوانی دیکە دەکات ڕوون نییە کە مەبەست لە «ئەوانی دیکە» کێیە، بەڵام هەموو ئەوانەی خۆیان بە مرۆڤدۆستو خۆنەویست دەزانن لەو بارەوە خاوەنی بیر و بۆچوونی ڕوون و ئاشکرای تایبەت بە خۆیانن. هەندێک لەوان دەڵێن؛ دەبێت خزمەت بە هەموو مرۆڤایەتی بکەن، هەندێکیشـــیان دەڵێن؛ مەبەست ئەوەیە کە مرۆڤ خزمەت بە نەتەوە و میللەت و ڕەگەز و نیشتمانی خۆی بکات.

کەواتە مرۆڤدۆستی و خزمەت بە کەسانی دیکە بە فیداکاری دەزانرێت، ئەو ڕێوشوێنە لە ئاستێکی زۆر بەریندا لایەنگریی لێ دەکرێت. هەر لەســـەردەمی یۆنانەوە کە فەلســـەفە سەری هەڵداوە تاکوو ئێستە زۆربەی فەیلەسووفەکان لە جۆرە ئەخلاق و ڕەوشتێک پشتیوانیان کردووە کە دەتوانین بڵێین کەم و زۆر بە ئەخلاقی مرۆڤدۆســـتانە لەقەڵەم دەدرێت، تەنیا ژمارەیەکی کەم لەوان ڕایانگەیاندووە کە خۆنەویست و مرۆڤدۆست نین.

نموونەیەکی باشـــی ڕەوشـــتی خۆنەویســـتانە، وەک ئیدەئالێکی بەرزی ئەخلاقی لە ڕۆمانەکانی (Olav Duuns)دا بەرچـــاو دەکەوێت، ناوبراو لە بەرگـــی کۆتاییی ڕۆمانی گەلی یوڤیکدا (Juvik people)، بـــاس لـــە دوو کەس بە ناوەکانی "لۆریســـی ناپاک" و "ئۆدینـــ"ی پیاو چاک دەکات، ئەوان بەلەمێکیان لە دەریادا گیرۆدەی شـــەپۆلەکانی گەرداوێکی گەورە دەبێت و وەردەگەڕێت، لەو بارودۆخەدا بەلەمەکە دەتوانێت تەنیا جێگەی یەکێک لەوانی لەســـەر ببێتەوە، ئۆدین کە کەســـێکی بەهێـــز دەبێت، خۆی خۆویســـتانە ڕێگە دەدات لۆریس بچێتە ســـەر ئەو لایـــەی بەلەمەکە کە بە دەرەوەیە و بەو جۆرە لەوپەڕی ئاگایی و وشـــیاریدا مردن هەڵدەبژێرێت، بەو کارە ئۆدین خۆی کردە قوربانی. بۆچی ئەوە هەڵدەبژێرێت؟ نووســـەر دەڵێت ئۆدیـــن بۆیە ئەوەی هەڵبژارد، لەبەر ئەوەی کە مرۆڤێکی باشە.

بۆ دۆزینەوەی کەسانێک کە قارەمانی ئەو جۆرە ئیدەئالە ئەخلاقییەن، پێویست نییە لە ئەدەبیاتدا بگەڕێین، حەزرەتی مەســـیح، بەناوبانگترین کەســـایەتیی مێژووییە کە خـــۆی کردووەتە قوربانی بۆ ڕزگاریی خەڵکانی دیکە. کەواتە بەگوێرەی ئەخلاقی خۆنەویســـتانە، لەســـەرمانە سەرپەرســـتیی

منداڵەکانمان بکەین و یارمەتیی دۆست و ناسراوەکانمان بدەین، لەوەش زیاتر ئەو ئەرکە لەسەر شانمانە کە خزمەت بە خەڵکانی دیکەش بکەین. مرۆڤدۆستی دەڵێت کە مرۆڤ ئەرکی سەرشانییەتی خزمەت بە خەڵکانی دیکە بکات، واتە لەسەرمانە خزمەت بە کەسانێک بکەین کە نایانناسین و بگرە خۆشیشمان ناوێن.

## خۆویستی (EGOISM)

بە پێچەوانەی خۆنەویستی، خۆویستی دەڵێت ئامانجی مرۆڤ لە هەر کارێک پێویستە دابینکردن و دەستەبەرکردنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی بێت، بەگوێرەی خۆویستی؛ مرۆڤ دەبێت بە جۆرێک کار بکات کە لە ئاکامی کارەکەیدا قازانجی دەست بکەوێت.

خۆپەرەستی پێوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ ئەو ئارمانجە ئەخلاقییەدا هەیە کە لە یۆنانی کۆندا بە ناوی ئیودایمۆنیسم (eudaimonism) بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ بوو، دایمۆن لە وشەی یۆنانی (daimon) وەرگیراوە کە بە واتای "توانای دەروونی" دێت. بەپێی ئەو پرەنسیپە ئەخلاقییە مرۆڤ پێویستە توانا دەروونییەکانی خۆی پەرە پێ بدات و تا چڵەپۆپە گەشە بکات، لەو ڕێگەیەوە هەموو کەس دەتوانێت بە ژیانێکی خۆش و بەختەوەر بگات.

ئاکارێک کە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە دەڵێت مرۆڤ دەبێت بە جۆرێک بژی کە لە توانایی، لێوەشاوەیی، سەلیقە و تایبەتمەندییەکانی خۆی تا ئەو جێگەیەی ئەگەری هەیە بە باشترین شێوە کەڵکی لێ وەربگرێت، مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر جیاوازن، لەبەر ئەوەی هەر کەس باشتر لە کەسێکی دیکە خۆی دەناسێت، خۆشی باشتر لە هەر کەسێکی دیکە دەزانێت کە قانجەکانی ئەو لە کوێدان، بۆیە هەرکەس لەسەر بناغەی هەڵسەنگاندنەکانی خۆی پێویستە بۆ دابینکردنی قازانج و بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی خۆی کار بکات. ئەریستۆ کە ئیودایمۆنیست بوو، پێی وابوو مرۆڤ دەبێت بە شێوەیەکی بیرمەندانە بژیت.

بەناوبانگترین فەیلەسووف کە لە دەورانی مۆدێرندا وەکوو لایەنگری ئەو بۆچوونە ناسراوە "ئاین ڕاند"ە (Ayn Rand)، ناوبراو دەڵێت ئامانج لە ژیان ئەوەیە کە بە شێوەیەکی شاد بژین، بۆیە پێویستە بە جۆرێک هەنگاو هەڵ بگرین کە لە درێژخایەندا بەکەڵک و بە قازانجمان بێت. واتای ئەو قسەیە ئەوەیە کە مرۆڤ دەبێت بە شێوەیەکی لۆژیکی، دروست و ستراتیژیک بژی، لە بیر و بۆچوونە ئاکارییەکانی خۆی پێڕەوی بکات و ژیانێکی پڕبەرهەمی هەبێت، لەوەش زیاتر پێویستە ئامانجی سەرەکیی ئێمە لە ژیان، خولقاندنی بایەخ و بەها بەرزەکان بێت.

ئاین ڕاند دەڵێت مەبەست لە خۆویستی ئەوەیە کە لە بواری ئاکار و ڕەوشتەوە کەس بۆی نییە زۆری لە کەسانی دیکە بکات یان بە زۆر شتێکی لێیان بوێت. ئەو پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە هەر کەسێک پێویستە خۆویست بێت و پێش هەموو شتێک بۆ بەدەستهێنانی شادی و خۆشیی

خۆی، هەنگاو هەڵ بگرێت و هەر بۆ ئەو مەبەستەش کار و تێکۆشان بکات.

ئەمڕۆ کەسێکی خۆویست وەک کەسێکی "بێڕەحم و دڵڕەق" چاوی لێ دەکرێت، بەڵگەش بۆ ئەوە لە گۆڕێدان. بۆ نموونە لە فەلسەفەی نیچەدا؛ نیچە بەرگری لە خۆویستی دەکات و دەڵێت مرۆڤ دەبێت بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە بژی و بە دوای ویست و داخوازی و دابینکردنی قازانجەکانی خۆی بکەوێت، ناوبراو پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە مرۆڤ دەبێت ئیرادەی خۆی بەرێتە پێش و لەو ڕێگەیەدا پێویست ناکات سەرنج بداتە کەسانی دیکە، ئەمەش لەگەڵ فەلسەفەی (Irrationalism) نیچەدا دەگونجێت. ناوبراو یەکێکە لە بەناوبانگترین فەیلەسووفە ئیراسیۆناڵیستەکانی مێژووی فەلسەفە، ئاکار و ڕەوشت ئەوەیە کە مرۆڤ بەگوێرەی هەوا و هەوەس و بە شێوەی کورتخایەن هەڵسوکەوت بکات.

## کێشەی دەبێت و نابێت

ناکرێت باسی ئاکار بکەین و خۆ لە مەسەلەی کێشەی دەبێت و نابێت، کە باسێکی ڕەسەن یان کلاسیکە ببوێرین.

پرسیار ئەوەیە کە ئایا بەگوێرەی پرەنسیپ دەکرێت بۆ نۆرم و بایەخە ڕەوشتییەکان بەڵگەی پێویستی ژیرانە بێنینەوە؟ بیرکردنەوەی ژیرانە لەسەر ڕاستەقینە دادەمەزرێت، واتە لەسەر بناغەی ئەو ڕاستییە کە هەیە، کەواتە چۆن دەکرێت مرۆڤ سەبارەت بە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی خەڵک بڕیار بدات و هەڵوێست بگرێت؟

وا بزانە کە مایەپووچ هاتوویە دەر، کەواتە دەبێت چ بکەی؟ کار و پیشەیەک هەڵبژێریت؟ قەرز لە بانک وەرگریت؟ دەست بە سواڵ بکەیت؟ بانکێک تاڵان بکەیت؟ ئەو فەیلەسووفانەی دەڵێن مرۆڤ لەسەر بنەمای ڕاستییە بابەتییەکان ناتوانێت بگاتە ئەوەی کە چۆن دەبێت ژیرانە بڕیار بدات، لەسەر ئەو بڕوایەن کە لە هەلومەرجێکی ئاوادا ئەگەری نییە لەنێو ئەو جێگرەوە جۆراوجۆرانەدا بە شێوەیەکی ژیرانە هەڵبژاردن بکەیت. بۆیە ئەوان دەڵێن ناکرێت لە ڕووی ڕەوشتەوە پاکانە بۆ هیچ نۆرم و پرەنسیپێکی ئەخلاقی بکەین، بۆیەش هیچ نۆرمێکی ڕەوشتیی ڕاستەقینە و بابەتیانە لە گۆڕێدا نییە.

بۆچوونی "داڤید هیووم" لەگەڵ ئەو ڕوانگەیە دێتەوە؛ ئەو دەڵێت "ئەوە هیچ ناتەباییەکی لەگەڵ ئاوەزدا نییە کە من وێرانیی هەموو دنیا بەسەر برینداربوونی پەنجەیەکی خۆمدا هەڵبژێرم، ئەوە هیچ ناتەبایی لەگەڵ ئاوەزدا نییە کە من لە نێوچوونی تەواوی خۆم بۆ پێشگیری لە نارەحەتیی کەسێک هەڵبژێرم کە تەنانەت ناشیناسم". (Næss II, s.177)

کاتێک هیچ پاکانەیەکی لۆژیکی بۆ نۆرمە ئەخلاقییەکان نییە، تەنیا کارێک کە مرۆڤ دەتوانێت بیکات ئەوەیە کە پێڕەوی لە هەست و سۆزی خۆی بکات، "ئەوەی کە بۆ تۆ گونجاوە، پێویست نییە

بۆ منیش گونجاو بیت"، لێرەدا دەگەینە سۆبژێکتیڤیزمێکی تەواو.

لە سەردەمی ئێستەدا ژمارەیەکی زۆر لە فەیلەسووفەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئاکار و ڕەوشت شتێکی هۆشەکی و سۆبژێکتیڤە، بۆیە دەڵێن هیچ بنەمایەک بۆ بڕیاردانێکی ئەخلاقیی ئەوتۆ بوونی نییە کە جێی پەسەندی جیهانی و گشتیی ببێت. سەرەڕای ئەوەش لە کردەوەدا هیچکام لەوان ڕوانگە و بۆچوونە جەوهەرییەکانی خۆیان بە جیددی ناگرن، چونکە هەمووی ئەوان دادوەریی ئەخلاقیی ئەوتۆیان کردوون کەخۆیان پێیان وایە جێی پەسەندی گشتی و جیهانییان هەیە.

## سیاسەت

*سۆسیالیزم*

*فاشیزم*

*کاپیتالیزم*

*دەوڵەتی خۆشبژیوی*

*ئانارشیزم*

*دێموکراسی*

زۆربەی فەیلەسووفەکان بە درێژاییی مێژوو لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە مرۆڤاییەکاندا ڕوانگە و بیر و بۆچوونی هەمەلایەنەی جۆراوجۆریان خستوونەتە بەرباس، ئەوان لەو کۆمەڵگەیانەی لە نێویاندا ژیاون، نارازی بوونە. ئەو تیۆرییانەی فەیلەسووفەکان لە پێوەندیی لەگەڵ چۆنیەتیی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵدا باسیان دەکەن، دەکەونە چوارچێوەی فەلسەفەی سیاسییەوە. سیاسەت پێوەندیی بە هەموو مرۆڤەکانەوە هەیە، بۆیە باس و بابەتە سیاسییەکان بایەخێکی زۆریان لە ژیانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووریی کۆمەڵدا هەیە.

## سۆسیالیزم

سۆسیالیستێک لایەنگری ئەوەیە کە هەموو خەڵک کەم و زۆر یەکسان و بەرانبەر بن، لێرەدا مەبەست لە بەرانبەری ئەوە نییە کە هەموو خەڵک لە بەرانبەر یاسادا وەکوو یەک بن یان بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی باش بە پێداوستییەکی وەکوو یەک و لە بارودۆخێکی هاوبەشەوە دەست پێ بکەن، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە هەموو خەڵک تاکوو ڕادەیەکی زۆر وەکوو یەک و بە شێوەیەکی یەکسان دەستیان بە ستانداردەکانی ژیان ڕابگات. دەستڕاگەیشتن بەو ئاستە یان ئەو ستانداردە لە ژیان، پێویستە سەربەخۆ لە هەوڵ و زەحمەت و ماندووبوون و تێکۆشانی خودی ئەو کەسەوە بێت، دروشمی سۆسیالیستەکان ئەوەیە کە "لە هەر کەس بەگوێرەی تواناکانی، بۆ هەر کەس بەگوێرەی پێداویستییەکانی" و "دابەشکردنی قازانج و خێروبێر و سەروەت و سامان". سۆسیالیستەکان ئەوە بە

شتێکی تەواو دادپەروەرانە دەزانن، ئەو بیر و بۆچوونە سیاسییە پێی دەوترێت (egalitarianism) ئیگالیتاریانیسم واتە یەکسانی و بەرانبەریخوازی.

سۆسیالیزمی مۆدێرن لە پێوەندی لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی لە بریتانیادا هاتە ئاراوە، لە سەرەتای ئەو دەورەیەدا گۆڕانکارییەکی بەرینی ئابووری پێک هات، حەشیمەتێکی زۆر لە خەڵکی گوندەکان کە هیچ کارێکیان بۆ بەڕێوەچوون بەدەست نەدەکەوت، بەرەو شارەکان کە کارگە و کۆمپانیایان تێدا دامەزرابوون کۆچیان کرد، ئەوان لە شارەکاندا لە هەلومەرجێکی زۆر ناخۆش و دژواردا دەژیان. ئەگەر لە لایەک زۆربەی ئەو خەڵکە لە بێبەشی و بەشمەینەتیدا دەژیان، لە لایەکی دیکەوە خاوەن کارگە و کۆمپانیاکان کە قازانجێکی زۆریان دەکرد و پارەیەکی زۆریان بەدەست دەهێنا، ژیانێکی خۆش و ئارام و هێمن و پڕ لە دەستکەوتیان هەبوو. زۆر کەس ئەو بارودۆخەیان بە نادادپەروەرانە دەزانی، ئەوان دەیانوت خاوەن کارگەکان، بێ ئەوەی کار بکەن، تەنیا لەبەر ئەوەی خاوەنی کارگەن، خۆش ڕادەبوێرن و ژیانێکی خۆشیان هەیە، کەچی کرێکارەکان کە لە کارخانەکاندا کار دەکەن، لەبەر ئەوەی خاوەن کارگە نین، ناچارن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانیان هێزی کاریان بفرۆشن، ئەوەش پێوەندییەکی بەتەواوەتی نادادپەروەرانەیە.

سۆسیالیستەکان بە شێوەیەکی سەرەکی نەک وەکوو تاک، بەڵکوو لە پێش هەر شتێکدا وەک ئەندامانی چینی کرێکار، واتە پرۆلیتاریا، سەیری کرێکاران دەکەن، (لەڕاستیدا پرۆلیتاریا شۆڕشگێرترین بەشی چینی کرێکارە). خاوەن کارگە و کۆمپانیاکان سەر بە چینێکی دیکەن کە پێی دەوترێت چینی بۆرژوازی یا سەرمایەدار. دابەشکردنی خەڵک بەسەر چین و توێژی جیاوازدا، بەتایبەتی لە ڕوانگەی سۆسیالیستەکانەوە زۆر گرنگە. ئەوان دەڵێن هەر کەس بەگوێرەی ئەو کار و ڕۆڵەی کە لە ئابووریی وڵاتدا هەیەتی، سەر بە چینێکی دیاریکراوە، سۆسیالیستەکان لەو بڕوایەدان کە بە شێوەیەکی سروشتی، ناکۆکی و ململانێ لە نێوان چینە جیاوازەکاندا هەیە، هەر بۆیە بە گوتەی ئەوان سەرتاسەری مێژوو بریتییە لە مێژووی خەبات و ململانێی چینایەتی.

بەپێی بیر و بۆچوونی سۆسیالیستی، ئەو جیاوازییە زۆرەی لە نێوان چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، تەنیا کاتێک لەنێو دەچێت کە خاوەندارێتیی تایبەتی کارگە و کۆمپانیا و سەرجەم ئامرازەکانی تری بەرهەمهێنان لە تاکەکەسەکان قەدەغە بکرێت و لەجیاتی ئەوە خاوەندارێتیی گشتی و بەکۆمەڵ جێگیر بکرێت، واتە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەلایەن هەمووانەوە خاوەندارێتی بکرێن. لە کردەوەدا ئەوە بە واتای ئەوەیە کە دەوڵەت دەبێت خاوەندارێتیی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بکات، پاش ئەوە دەوڵەت دەبێت بۆ هەر کەسێک بەگوێرەی حەز، داخوازی و تواناکانی کار و بە ڕادەی ویست و پێداویستییەکانیشی مووچە دابین بکات.

بە گوتەی کارڵ مارکس، گەورەترین تیۆریسییەنی سۆسیالیزم، لەبەر ئەوەی کە ئامانج بریتییە لە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی و دوور لە چینایەتی، لە دەورانی تێپەڕبوون لە قۆناخی

سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمەڵگەی سۆسیالیستی، دەبێت دەوڵەت بە شێوەیەکی زۆر بەهێز هەموو کاروباری نێو کۆمەڵ بگرێتە دەست و بەڕێوەی ببات.

پاش ئەوەی کە دوای ماوەیەک کە لە ڕێگەی "دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا"وە ئەو قۆناغە بە ئاکام گەیشت، ئیتر لە قۆناغی دواتردا کۆمەڵگە پێویستی بە دەوڵەتێکی بەهێز نییە. بەپێی بیر و بۆچوونی سۆسیالیستی، هەموو کێشە و ململانێ و شەڕ و ناکۆکییەکان ڕیشەیان لە جیاوازیی چینایەتیی نێوان چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکاندایە، لەو قۆناغەدا دەوڵەت خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە و تاکەکەس پێ دەنێتە نێو کۆمەڵگەی کۆمۆنیستییەوە کە کۆمەڵگەیەکی ناچینایەتییە، واتە لەوێدا جیاوازیی چینایەتی نەماوە.

## فاشیزم

ئەو ئایدئۆلۆژییە سیاسیە لە ماوەی نێوان شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی لە ئیتالیادا سەری هەڵدا و ڕێبەری بزووتنەوەی فاشیستی، "بینیتۆ مۆسۆلینی" بووکە پێشتر کەسێکی سۆسیالیست بوو.

بەگوێرەی ئایدئۆلۆژیی فاشیزم، دەوڵەت هەموو شتیکە و تاکیش هیچ، ئەوە واتای وایە کە تاکەکەس لە هەموو بوارەکاندا، بێ لەبەرچاوگرتنی پێداویستییەکانی و خۆشبژیویی خۆی، دەبێت ملکەچی سیاسەت و بڕیارەکانی دەوڵەت بێت، "خێری هاوبەش لە قازانجی تاکەکەسی و تایبەتی گرنگتر و لە پێشترە" یەکێک لە دروشمە دیارەکانی فاشیزمە.

لە سیستەمێکی فاشیستیدا مەجالێکی زۆر کەم بۆ ئازادیی تاکەکەسی هەیە، ئەوە لە ژیانی ئابووریی تاکەکەسیشدا هەر وایە، خاوەنداریەتیی تایبەتی بە فەرمی هەڵناوەشێتەوە، بەڵام ئەوە هەر ڕواڵەتییە و لەڕاستیدا بە شێوەیەکی فەرمی لە پێوەندی لەگەڵ مڵک و ماڵ، سامان، دارایی و چۆنیەتیی دابەشکردنیاندا، دەوڵەت خاوەن دەسەڵاتە و بڕیاری کۆتایی دەدات. کەواتە لە سیستەمێکی فاشیستیدا مافی خاوەنداریەتیی تایبەتی و ئازادیی کردەیی بڕیاردان لەسەر مڵک و ماڵ و هۆیەکانی بەرهەمهێنان، لە یەکتر جیاوازن و سەبارەت بە پێوەندییەکانی نێوان کرێکاران و خاوەنکارەکانیش هەر وایە، بۆ نموونە چۆنیەتیی ڕادەی مووچە و هەلومەرجی کار لەلایەن کرێکاران و خاوەنکارەکانەوە بڕیاری لەسەر نادرێت، بەڵکوو لەو بارەیەوە دەوڵەت و ئەو ڕێکخراوانەی نوێنەرایەتیی کرێکاران و خاوەنکارەکان دەکەن بڕیار دەدەن، بەو شێوەیە لە ڕێکخستنی کار و کاسبی و ژیانی ئابووری، دەوترێت هەرەوەزی (corporate).

لەو سیسەتمەدا کەسانێک دەوڵەت بەڕێوە دەبەن کە بە شێوەیەکی دێموکراتیک هەڵنەبژێردراون، هەر لە بناغەدا لە ڕوانگەی فاشیزمەوە دێموکراسی و دەسەڵاتداریەتیی خەڵک واتای بێسەرەوبەرەیی و ئاژاوەگێڕییە، بۆیە هەبوونی (پیاوێکی بەهێز) باشترین جێگرەوەیە، بۆ جێگیرکردنی ئەو پەیامە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا، پێویستە کەسایەتیی پێشەوا گەورە بکرێتەوە. ئەو ئایدئۆلۆژییە لەسەر

بایەخ و گرنگیدان بە گرووپ زۆر جەخت دەکاتەوە، واتە جەخت لەسەر بایەخی نەتەوە و پێداگری لەســەر گرنگیی هەســتی نەتەوایەتی دەکاتەوە، دەتوانین بڵێین فاشیزم بزووتنەوەیەکی توندڕەوی ناسیۆنالیستییە.

نازیســم کورتکراوەی سۆسیال ناسیۆنالیزمە (جۆرێکە لە فاشیزم)، بە شێوەیەکی ئاسایی نازیسم بریتییە لە فاشــیزمێک کە لەسەر بناغەی ڕەگەز و ڕەگەزپەرستی دروست بووە، واتە ئاوێتەیەکە لە فاشیزم و ڕەگەزپەرەستی، نازیسم زۆرتر جەخت لەسەر گرنگی و بایەخی ڕەگەزپەرەستی دەکات.

فاشــیزم بەپێچەوانەی سۆســیالیزم هیچ پێگەیەکی هزری و پرســتیژێکی ئینتلیکتوێڵی نییە. لەڕاســتیدا پێگەی فاشــیزم وەکوو تیۆرییەکی سیاسی، لە ســاڵی ١٩٤٥ی زایینیدا کۆتایی هات، لــەوەش زیاتر دەتوانین بڵێین فاشــیزم هیچ کاتێک بیرمەندێکی گەورەی لە پشــت نەبووە، دیارە فەیلەســووفی ئاڵمانی، مارتین هایدگەر، نازیســت بوو و ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٣ی زایینیدا ڕایگەیاند کە ئیتر دەورانی ئازادیی لێکۆڵینەوەی زانســتی و ئەکادێمیک بەســەر چووە و ئەرکی ڕووناکبیران ئەوەیە کە خزمەت بە دەوڵەتی نازی بکەن، بەو حاڵەش ئەو هیچکات هەوڵی نەدا کە فاشیزم وەک ئایدئۆلۆژییەکی سیاسی، جوان بکات.

## سەرمایەداری

بە پێچەوانەی ئەو سیستەم و ئایدئۆلۆژییە سیاسییانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن و جەخت لەسەر گرنگی و بایەخدان بە گرووپ، نەتەوە و ڕەگەزپەرەســتی دەکەن و بە گرووپگەرا (collectivist) لەقەڵەم دەدرێن، ســەرمایەداری جەخت لەســەر گرنگی و بایەخدان بە تاکی مرۆڤ واتە تاکەکەس دەکاتەوە، کەواتە ســەرمایەداری سیستەمێکی سیاسییە کە پێداگری لەسەر گرنگی و ڕەسانەیەتیی تاکەکەس (individualistic) دەکات.

جەوهــەر و خاڵی بنەڕەتیی ســەرمایەداری ئەوەیە کە پێ لەســەر تیۆریی مافەکانی تاکەکەس (theory of the rights of individuals) دادەگرێ.ئــەم تیۆرییــە بــۆ یەکەم جار لە کۆتایی ســەدەی حەڤدەهەم و لەلایەن جان لۆک، زانای بەناوبانگی ئینگلیزی، داڕێژرا. ناوبراو ڕایگەیاند کە هەموو مرۆڤەکان بە هۆکاری مرۆڤبوونیان خاوەنی کۆمەڵێک مافی سروشــتیی (natural rights) تایبــەت بە خۆیانن، مافە سروشــتییەکان زۆر لایەنی ژیان دەگرنــەوە، وەکوو مافی خاوەنداریەتیی تایبەتی، کەبە سەرەکیترین لایەنی مافە سروشتییەکان لەقەڵەم دەدرێت و بەپێی تیۆرییەکەی جان لاک، خاوەنداریەتیی تایبەتی، کاتێک دروست دەبێت کە کەسێک کاری خۆی لەگەڵ شتێکی دیکە ئاوێتە دەکات کە پێشــتر هیچ کەســێکی تر خاوەنی نەبووە؛ بۆ نموونە چاندن و کێڵانی زەوییەک، یان ئاوەدانکردنەوەی جێگایەک کە پێشــتر هیچ کەســێکی تر خاوەنی نەبووە، فەلسەفەی سیاسیی جان لاک بە بنەمای شۆڕشی ئەمریکا دادەنرێت، جەوهەری ئەو تیۆرییە لە بەیاننامەی سەربەخۆییی

ئەمریکادا ڕەنگی دایەوە: "هەر مرۆڤێک خاوەنی هەندێک مافی حاشاهەڵنەگرە، ئەو مافانە لە هیچ هەلومەرجێکدا زەوت ناکرێن و گرنگتر لە هەموویان مافی ژیان، ئازادی و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی خۆشبەختی و بەختەوەرییە".

لە هەر کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری سەقامگرتوودا مافەکانی تاکەکەس، بە تەواویەتی و بێ هیچ چەشنە سنووردانانێک بۆ ئەو کەسانەی کە مافی کەسانی دیکە پێشێل ناکەن، دابین و دەستەبەر دەکرێن. هیچ کەس و لایەنێک تەنانەت دەوڵەتیش بۆی نییە ئەو مافانە پێشێل بکات، تەنانەت لە کاتێکدا کە زۆربەی خەڵکیش خوازیاری پێشێلکردنی ئەو مافانە بن، دەوڵەت بۆی نییە هیچ کام لەو مافانە پێشل بکات. کەواتە ئەرکی دەوڵەت لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ئەرکێکی سەرەتاییە کە بریتییە لە پارێزگاریکردنی مافی تاکەکەسەکان. دەوڵەت دەزگای پۆلیس بۆ پاراستنی هاووڵاتیان لە بەرانبەر تاوانباراندا، دەزگای دادوەری بۆ سزادانی تاوانکاران و چارەسەری ئەو ناکۆکییانەی نێوان هاووڵاتیان کە خۆیان دڵخوازانە ناتوانن چارەسەریان بکەن و دەزگاگەلێکی تری هاوشێوە دادەمەزرێنێت، لەوەش زیاتر سوپا بۆ پاراستنی هاونیشتمانیان لە بەرانبەر پەلاماری دوژمنی دەرەکیدا ڕێک دەخات. لەڕاستیدا ئەوە گرنگترین ئەرکەکانی دەوڵەتن و نابێت کاری بە بەڕێوەبەریی قوتابخانە، دامەزراوە تەندروستی و بیمە کۆمەڵایەتییەکانەوە بێت و هەمووی ئەوانە پێویستە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە بچن.

بە مەبەستی پێداگریکردن لەسەر گرنگیی لەبەرچاوگرتنی مافەکانی تاکەکەس، هەندێک جار بەو جۆرە سەرمایەدارییە دەوترێت؛ سەرمایەداریی دەستێوەرنەدان (laissez-faire capitalism). ئەو دەستەواژەیە لە فەڕانسەی سەدەی حەڤدەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەودەم لە فەڕانسە ژیانی ئابووری بە توندی لەلایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ دەکرا و بەڕێوەبردنی بەدەست دەوڵەتەوە بوو. کۆلبێرت، وەزیری دارایی ئەو کاتی دەوڵەت، لە کاتی کۆبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵێک بازرگان و خاوەن کارگە و کۆمپانیاکاندا پرسیاری لێ کردن کە بۆ ڕەونەقدان بە کاروباری ئابووری و بازار چ باشە بکرێت؟ یەکێک لەوان وەڵامی دایەوە؛ "لێمان گەڕێن کاری خۆمان بکەین و دەست لە کاروباری ئێمە وەرمەدەن"، (laissez nous faire).

ئەوانەی لایەنگری سەرمایەدارین، لەسەر ئەو بڕوایەن کە هەموو کەس دەتوانێت بێ ئەوەی پێویستی بە چاودێریی دەوڵەت یان خودا هەبێت، خۆی پێداویستییەکانی ژیانی خۆی دابین بکات، ئەوە بەو واتایەیە کە لە کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریدا هەموو کەسێک بێ ئەوەی چاوەڕوانی ڕێپێدانی دەوڵەت بێت، دەتوانێ کار بکا، مڵک و ماڵ، سامان و دارایی کۆ بکاتەوە و کەلوپەل و کاڵا بەرهەم بهێنێت و بفرۆشێت، بێ ئەوەی کاربەدەستانی دەوڵەت دەست لە کاروباری ئەو وەربدەن. کەواتە دەتوانین بڵێین سەرمایەداری ئەو سیستەمە سیاسی- ئابوورییەیە کە دەوڵەت و ئابووری بەتەواوەتی لێک جیان، لەو سیستەمەدا تەنیا یەک یاسا هەیە کە هەموو دەبێت پێڕەویی لێ بکەن، ئەو

یاسایەش بریتییە لەوەی کە هیچ کەسێک بۆی نییە مافی کەسانی دیکە ژێر پێ بخات.

ئەو سیســـتەمە کۆمەڵایەتییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە جیاوازی لەنێو خەڵکدا دروست بێت، ئاخر توانا و زیرەکی و لێوەشاوەیی هەمووان وەکوو یەک نییە، هەموو وەکوو یەک هەوڵ نادەن و هەموو وەکوو یەک خۆیان ماندوو ناکەن، هەر بۆیە لە سەرمایەداریدا پێوەر و دۆخی ژیانی هەندێک کەس لەچاو هەندێک کەسی دیکە باشترە، ئەوە لەلایەن لایەنگرانی سەرمایەدارییەوە شتێکی تەواو ڕەوا و دادپەروەرانەیە، چونکە هەر کەس بەگوێرەی توانا، شـــارەزایی، لێوەشاوەیی، زەحمەت و ماندووبوونی خـــۆی، پاداش لە بازاری ئـــازاد وەردەگرێت، لەوەش زیاتر ئەوان دەڵێن کۆمەڵگەی ســـەرمایەداری دەبێتە هۆی گەشـــەکردن و پەرەســـەندنی داهێنەریی و لێوەشاوەییەکانی مرۆڤ، لە ئاکامدا ڕادەی بەرهەمداریی کار و زەحمەتی هەموو کەس دەچێتە ســـەر و ئەمەش دەبێتە هۆی چوونە ســـەری ئاســـتی ســـتانداردی ژیان و خۆشـــبژیوی هەموو کۆمەڵگە، هەر بۆیە ئەوان کارکردی سیســـتەمی سەرمایەداری بە بەراورد لەگەڵ سیستەمەکانی دیکە بە باشتر دەزانن.

## دەوڵەتی خۆشبژیوی (WELFARE STATE)

ئەو سیســـتەمە سیاســـی - کۆمەڵایەتییە زۆر بەربڵاوە و لە ئاستێکی بەریندا لایەنگریی لێ دەکرێت و بە تێکەڵاوێک لە سەرمایەداری و سۆسیالیزم دادەنرێت، بە بڕوای زۆربەی خاوەن تیۆرییەکان ئەو سیستەمە لە ئاســـتی ناوەندیی نێوان سەرمایەداری و سۆسیالیزم لەقەڵەم دەدەرێت، بەو سیستەمە دەوترێت دەوڵەتی خۆشبژیوی.

دەوڵەتی خۆشبژیوی بەو سیستەمە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییە دەوترێت کە لەوێدا دەوڵەت بێجگە لە ئەرکە بنەڕەتییەکان، هەندێک ئەرکی گرنگی دیکەش بەڕێوە دەبات، گرنگترینیشـــیان خوێندن و پەروەردەکردن و فێرکردن، لەشســـاغی و تەندروستی، بیمە و چاودێریی کۆمەڵایەتی، ڕێکخستنی کاروباری ئابووری و دەســـکاریکردنی نرخی دراو و ڕێکخســـتنی بارودۆخی نیشتەجێکردنی خەڵکە، هەروەهـــا دەوڵەت بـــە لەبەرچاوگرتنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی کۆمـــەڵ و کۆمەڵگە، ئەو ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆ.

دیـــارە بەڕێوەبردنی ئەو هەموو ئەرکانە پێویســـتی بە پـــارە و بوودجەیەکی زۆرە، بۆیە دەوڵەت لـــە دۆخێکی ئاوادا دەبێت باجێکی زۆر وەرگرێت. هاووڵاتی لەســـەریەتی بـــاج بە دەوڵەت بدات و باجدان ئەرکێکە هاووڵاتیان بۆ دابینکردنی تێچووی سیســـتەمەکانی پەروەردە و تەندروستی و بیمە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێوەی دەبەن، شایانی باسە کە لە سیستەمی دەوڵەتی خۆشبژیویدا کۆمەڵە یاسا و ڕێسایەک لە گۆڕێدان کە دەوڵەت ناچارە بەگوێرەی ئەوان سیاسەت و بەرنامەکانی دارێژێت و لە چوارچێوەی ئەواندا بڕیار بدات، بۆ ئەو مەبەستەش بۆرۆکراسییەکی گەورە و بەهێز پێویستە.

لە کۆمەڵگایەکدا کە بەو جۆرە بەڕێوە دەبرێت، ناکۆکییەکی زۆر لەســـەر چۆنیەتیی دیاریکردنی

بوودجە بۆ بوارە جۆراوجۆرەکان لەنێو دەستە و تاقمە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، بۆ نموونە هەندێک لەو بڕوایەدان کە ئەو بڕە پارەیەی کە لە ڕێگەی باجەوە بەدەست هاتوون، وا باشە بۆ پشتیوانی لە کەرتی کشتوکاڵ خەرج بکرێن، بەڵام هەندێکی دیکە لەوان لەسەر ئەو بڕوایەن کە نابێت پارەی باج بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ خەرج بکرێت، بەڵکوو دەبێت بۆ دەستەبەرکردن و دابینکردنی پێداویستییەکانی تەندروستی و لەشساغی تەرخان بکرێت. بەو جۆرە لەسەر ئەو وردەکاریانە هەمیشە ناکۆکی لەنێو ئەواندا لە گۆڕێدایە، بەڵام لە هەمان کاتدا هاوئاهەنگی و ڕێککەوتنێکی هەمیشەیی لەنێو ئەواندا و لەسەر پرس و بابەتە بنەڕەتییەکان لە ئارادایە.

ئەو دەستە و تاقمە کۆمەڵایەتییانە بەگوێرەی شێوەی کار و جۆری تێکۆشانیان دەبنە دووبەشی سەرەکی؛ هەندێک لەوان سیاسەتەکانیان لە چوارچێوەی بەرنامە و گەڵاڵەی دیاریکراودا دادەڕێژن و دەچنە گۆڕەپانی ململانێی هەڵبژاردن، ئەوانە پێیان دەوترێت حیزبە سیاسییەکان. ئەوانی دیکە هەوڵ دەدەن کاریگەری و شوێندانەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر پرۆسەی بڕیاردان دانێن، ئەوانە پێیان دەوترێت گرووپ و دەستە و تاقمەکانی گوشار. حیزبە سیاسییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە بەرنامە و سیستەمەکانی خۆیاندا لە چوارچێوەی یاسا و ڕێساکانی سیستەمی دەوڵەتی خۆشبژێویدا سەرنج دەدەنە قازانج و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵگە، بەڵام گرووپەکانی گوشار لە کار و تێکۆشانی خۆیاندا تەنیا قازانج و بەرژەوەندییەکانی ئەندامانی خۆیان لەبەرچاو دەگرن، بە واتایەکی دیکە ئەوان کارێکیان بەسەر پرسە گشتییەکانەوە نییە، ئاخر ئەوان نوێنەرایەتیی ئەندامانی خۆیان دەکەن و بەس.

## ئانارشیزم

ئانارشیزم ڕوانگەیەکی سیاسییە کە دەڵێت هەر لە بنەڕەتدا دەوڵەت پێویست نییە، بەپێی بیروبۆچوونی ئانارشیستی، بوونی دەوڵەت نە پێویستە و نە ڕەوشتییە و ئانارشیستەکان دەڵێن کۆمەڵگە تەنیا ئەو کاتە بە شێوەی سروشتیی خۆی کار دەکات کە دەوڵەت نەمێنێت.

بەگوێرەی جیهانبینیی ئانارشیزم، هەر مرۆڤێک پێویستە ژیان و بژێویی خۆی بەبێ دەستێوەردانی نەخوازراوی کەس و لایەنێکی تر بەڕێوە بەرێت. ئەو کۆسپانەی کە دەوڵەت لەسەر ڕێگەی چالاکیی مرۆڤەکان پێکیان دەهێنێت، وەکوو یاسا، دەبێت و نابێت، قەدەغەی جۆراوجۆر و هتد... نەک هەر ئاکامێکی ئەرێنییان نییە، بەڵکوو زیانیشیان بەدواوەیە. هەندێک لە ئانارشیستەکان لەو بڕوایەدان ئەو پێداویستییانەی کە دەوڵەت بە شێوەیەکی ئاسایی دابینیان دەکات وەکوو پۆلیس، سیستەمی دادوەری و سوپا، لەلایەن کۆمپانیایەکی تایبەتەوە باشتر جێبەجێ دەکرێن.

دەستەیەکی دیکە لە ئانارشیستەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە کۆمەڵگەیەکی ئانارشیستیدا هەر لە بنەڕەتدا هیچ پێویستییەک بە پۆلیس و سیستەمی دادوەری نییە، ئەوان دەڵێن لەڕاستیدا

هیچ ناکۆکییەک لە پێوەندی لەگەڵ قازانج و بەرژەوەدییەکان لە نێوان مرۆڤەکاندا نییە، واتە قازانجی خەڵک لە بنەڕەتدا لێک جیاواز نییە، چونکە مرۆڤایەتی لە بنەڕەتەوە ڕێکخراوێکی گەورەیە و هەر کام لە مرۆڤەکان بەشێک لەو ڕێکخراوەیەن.

## دێموکراسی

دێموکراسی بەگشتی و بەتایبەت لە ڕۆژاوادا بەربڵاوترین چوارچێوە و شێوەی حکوومەتە، دێموکراسی واتە دەسەڵاتداریەتیی خەڵک. لە سیستەمێکی دێموکڕاتیکدا خەڵک (گەورەساڵان کە مافی دەنگدانیان هەیە) سەبارەت بە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بڕیار دەدەن، لەڕاستیدا ئێستە هەموو دێموکراسییەکان، دێموکراسییەکی نوێنەرایەتین (representative democracy) لە دێموکراسییەکی نوێنەرایەتیدا خەڵک ئەو کەسانە هەڵدەبژێرن کە حکوومەت بەڕێوەدەبەن. ئەوە لە کردەوەدا بە جۆرێک جێبەجێ دەبێت کە خەڵک ماوە بە ماوە و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک نوێنەرانی خۆیان بۆ پارلەمان یا شۆرای شار هەڵدەبژێرن، دواتر ئەوان لە پێوەندیی لەگەڵ ئەو پرس و گیروگرفتانەی کە دێنە پێش، بەپێی کەلوپەل، کەرەستە و پێداویستییانەی بەردەستیان و یاسا دیاریکراوەکان بڕیاری پێویست دەدەن، سەرەڕای ئەوە لە پێوەندی لەگەڵ باس و پرسە گرنگەکاندا زۆر جار ڕێفراندۆم یان گشتپرسی بەڕێوە دەچێت.

بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگەیەک یان سیستەمێک بە دێموکراتیک ئەژمار بکرێت و لەقەڵەم بدرێت، یەک پێشمەرج لە گۆڕێدایە، ئەو مەرجەش بریتییە لەوەی کە هەموو کەس بتوانێت لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکات و دەنگدانەکانیش بە نهێنی بەڕێوە بچن، دێموکراسی سیستەمێکی حکوومەتییە کە خۆی گەلێک گیروگرفتی بنەڕەتی تێدان، سیستەمێکە کە لەوێدا خەڵک دەسەڵات و حکوومەت بەڕێوە دەبەن، ئەوە لە کردەوەدا تەنیا دەتوانێت یەک واتای هەبێت کە زۆرایەتی یان زۆربەی خەڵک حکوومەت دەکەن. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە لە بارودۆخێکی ئاوادا قازانج و بەرژەوەندییەکانی کەمایەتی چی بەسەر دێت؟ لە یۆنانی کۆندا سوقرات، بەهۆی "فریودان و تووشکردنی لاوان بە گەندەڵی" ئیدانە کرا و لە ئاکامدا سزای مەرگی بەسەردا سەپا. ئەوە بە شێوەیەکی دێموکراتیک ڕووی دا، (هەرچەند لە ئاتێندا ژنان، کۆیلەکان و خەڵکی ڕەش و ڕووت مافی دەنگدانیان نەبوو، ئێمە ئاتێن وەکوو سیستەمێکی دێموکراتیک لەقەڵەم دەدەین)، هەر بەو جۆرە دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت کە هیتلەر بە شێوەیەکی دێموکراتیک هەڵبژێردرا و دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. لایەنگرانی دێموکراسیی نوێ و مۆدێرن ئاگاداری ئەو خاڵە لاوازەی دێموکراسین، بۆیە ئەوان پێناسەیەکی دیکە لە دێموکراسی دەکەن و پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە زۆرینە پێویستە قازانج و بەرژەوەندییەکانی کەمینە بە باشی لەبەرچاو بگرێت، بەڵام ئەوە کە دەبێت کام گرووپی کەمینە لەبەرچاو بگیردرێن و تاکوو چ ڕادەیەک؟ شتێکە زۆرینە خۆی دەتوانێت بڕیاری

لەسەر بدات.

ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە هەر چەند هەموو دێموکراسییەکان دەڵێن کە ئازادیی ڕادەربڕین دەستەبەر دەکەن، بەڵام لە کردەوەدا هەندێک ڕوانگە و بیر و بۆچوون هەن کە لە هەموو دێموکراسییەکاندا قەدەغە کراون؛ بۆ نموونە ئەو ڕوانگە و بیر و بۆچوونانەی کە بە کفر و ڕاسیستی و ڕەگەزپەرستانە لەقەڵەم دەدرێن.

پرسێکی تر ئەوەیە کە هەموو گەورەساڵان بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە چ ڕوانگە و بیر و بۆچوونێکیان سەبارەت بە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کۆمەڵ و کۆمەڵگە هەیە، خاوەنی مافی دەنگدانن؛ بۆ نموونە کۆمەڵناسێک لەگەڵ کەسێک کە لە سەرتاسەری تەمەنیدا یەک کتێبی نەخوێندووەتەوە، لە هەڵبژاردنەکاندا یەک دەنگیان هەیە و کاریگەریی وەکوو یەکیان هەیە.

لە سیستەمێکی دێموکراتیکدا هەموو ئەو پرسانەی کە پێوەندییان بە کاروباری کۆمەڵگە و گیروگرفتەکانی نێو خەڵکەوە هەیە، زۆرینە دەتوانێت بڕیاریان لەسەر بدات، ئەوە بەو واتایەیە کە دێموکراسی لەگەڵ سۆسیالیزم و سەرمایەداری کۆک نییە؛ بۆ نموونە لە سۆسیالیزمدا مافی خاوەندارێتیی تایبەت بەفەرمی ناناسرێت. لەلایەکی دیکەشەوە لە سەرمایەداریدا مافی خاوەندارێتیی تایبەت لە هیچ هەلومەرجێکدا پێشێل ناکرێت، تەنانەت ئەگەر زۆرایەتیش بڕیاری لەسەر بدات. هەر بۆیە لەڕاستیدا دێموکراسی وەکوو سیستەمێک بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ دەوڵەتی خۆشبژیوی وەکوو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی هەیە، واتە لە دەوڵەتی خۆشبژیویدا ئەگەری جێگیرکردنی دێموکراسی لە گۆڕێدایە.

## جوانیناسی

*هونەر چییە؟*
*هونەر لە ئەنتیکدا*
*ڕۆمانتیک*
*ناتوراڵیزم*
*مۆدێرنیزم*

## هونەر چییە؟

هونەر چییە؟ چ شتێک دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەرهەمێکی هونەری باش بێت یان خراپ؟ ئایا هونەر ئامانجێکی هەیە؟ ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارە ئەرێنییە، ئامانجی هونەر چییە؟ ئەوانە هەندێک لەو باس و بابەتانەن کە جوانیناسی توێژینەوەیان لەسەر دەکات.

بۆ یەکەمجار فەیلەسووفی ئەڵمانی، ئەلەکساندەر باومگارتەن (Aleksander Baumgarten)،

لە ساڵی ١٧٥٠ی زایینیدا دەستەواژەی جوانیناسی یان ئیستاتیکای بەکار هێنا، بەڵام لەڕاستیدا بۆ یەکەمجار هێگڵ (Georg W. F. Hegel)، بەو واتایەی کە هەنووکە بەکار دێت، بەکاری هێناوە. دیارە ئەوە بەو واتایە نییە کە پێش باومگارتەن، بیر لە جوانیناسی نەکراوەتەوە، تەنانەت هەر لە سەردەمی ئەنتیکدا مرۆڤ بایەخێکی زۆری بە ئامانج و ئامرازەکانی هونەر داوە.

هونەر لە چوارچێوە و شێوەی جۆراوجۆردا دەردەکەوێت، گرنگترین ئەو چوارچێوە و شێوە جۆراوجۆرانە بریتین لە پەیکەرتاشی، وێنە و نیگارکێشی، مۆسیقا، شیعر و شێوەکانی تری هونەر و ئەدەبیات.

لێرەدا ناتوانین ئەو هەموو بابەتانە بێنینە بەرباس، بۆیە لە پێشدا بە کورتی باسێک لە هونەر لە سەردەمی ئەنتیکدا دەکەین و دواتر ڕێبازە سەرەکییە هونەرییەکان دەخەینە بەر لێکۆڵینەوە، ئەو پێشەکییە جگە لە مۆسیقا، لەگەڵ هەموو بوارەکانی دیکەی هونەر دێتەوە، ئێمە لێرەدا زۆربەی نموونەکان لە ئەدەبیات دێنینەوە و زۆرتریش هەر باسی ئەدەبیات دەکەین، بەڵام دواتر لە کاتی باسکردن لە فەیلەسووفە جۆراوجۆرەکان، جارێکی دیکە بە وردی دێینەوە سەر ئەو باسە.

### هونەر لە ئەنتیکدا

لە یۆنانی کۆندا پەیکەرەکان، تابلۆکان، وێنە و نیگارەکان دەبوایە بە وردی وەکوو ئاوێنە مرۆڤ، ئاژەڵ، زیندەوەر و پاڵنەرە جۆراوجۆرەکانی دیکە نیشان بدەن، ئەوە بەو واتایە بوو کە بەرهەمە هونەرییەکان تا ئەو جێگەیەی کە دەگونجێت، پێویست بوو لە لایەک جوان و ئیدەئاڵ بن و لە لایەکی دیکەشەوە ئاوێنەی باڵانوێنی بوونەوەرەکان بن. بە گوتەی ئەریستۆ؛ دەبوایە "هەموو شتێک وەکوو ڕاستەقینەی خۆی" پێشان بدەن، ئامانج لەو کارە ئەوە بوو کە بەرهەمە هونەرییەکان ببنە سەرەتایەک بۆ بیرکردنەوە و ڕامان.

### ڕۆمانتیک

ڕۆمانتیزم وەک ڕێبازێکی ئەدەبی، لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمی زایینی سەری هەڵ دا و بۆ چەندین دەیە درێژەی کێشا، تاکوو ئەوەی کە ڕێبازی ناتۆراڵیزم جێگەی گرتەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانتیزم لە ئەدەبیاتدا ئەوەیە کە پرسە نەمر و هەمیشەییەکان وەکوو سووژەی خۆی دیاری دەکات و قارەمانەکانی لەو کەسانە هەڵدەبژێرێت کە ئامادەن لە پێناو بایەخە بەرزەکاندا فیداکاری و گیانبازی بکەن، ئەوە بە واتای ئەوەیە کە هونەرمەندێکی ڕۆمانتیک وێنەی شتی ڕۆژانە و بێبایەخ ناکێشێتەوە و نووسەرێکی ڕۆمانتیک لە کەسانی "ڕیئاڵیستیک" کە ڕۆژانە زۆر بەرچاو دەکەون نادوێت، بەڵکوو لەسەر کەسانێک دەنووسێت کە بە شێوەیەکی نامناوەندی کەم هەڵدەکەون. نووسەر لە ڕێگەی ئەو جۆرە کەسانەوە هەوڵ دەدات نرخ و بایەخە بەرزەکان بئافرێنێت.

دەتوانیـــن لەنێو نووســـەرە ڕۆمانتیکـــە بەناوبانگەکاندا بایرۆن، شـــیلی، ڤیکتـــۆر هۆگۆ، فیۆدۆر دۆستۆڤســـکی، فریدریش شـــیللەر، ئێدمۆند ڕۆستاند، ئەلەکســـاندەر دۆما، والتەر سکۆت، هێنریک سینکویچ، ناتانیل هارتۆرن و ئەین ڕاند وەک نموونە بهێنینەوە.

ڕۆمانتیزم خۆی بە جێگرەوەی قوتابخانە یان ڕێبازی ڕەســـەن یان کلاســـیک دادەنرێت. بەپێی ڕێبازی کلاســـیک بەرهەمێکی هونـــەری دەبێت لەو بنەمایانە کە لە یۆنانـــی کۆندا وەکوو پێوانەی جوانیناسی بۆ کاری هونەری دیاری کراون، کەڵک وەربگرێت؛ بۆ نموونە لە کارێکی ئەدەبیدا پێوانە ئەوە بوو کە لە چیرۆکێکدا ڕووداوەکە لە چەند شوێن دەکرێت ڕوو بدات، درێژاییی ئەو ماوە کاتییە کە ڕووداوەکە تێیدا ڕوو دەدا دەبێت چەندە بێت، یان ژمارەی ئەو کەسانەی دەکرێت لە ڕووداوەکەدا ڕۆڵیان هەبێت دەبێت لە چەند کەس زیاتر نەبن و هتد... کۆرنیل و ڕاســـین لە ڕیزی پێشـــەوەی نووســـەرانی کلاسیکدا دادەنرێن. لەڕاســـتیدا پێوانە کلاسیکییەکانی جوانیناسی زۆر دەست و پێگیر بوون، بەڵام ڕۆمانتیزم ئازادی و گۆڕەپانێکی گەورەتر بۆ نووسەر و ڕەمبازێنی ئەسپی خەیاڵی نووسەر دابین دەکات، هەر بۆیە نیشانەیەکی زەقی بەرهەمێکی ڕۆمانتیک ئەوەیە کە لە چوارچێوە و نەریتە دیاریکراوەکان بێتـــە دەرەوە. لە دەورانی ڕۆمانتیکدا هونەرمەندانی پەیکەرتاش و وێنەکێش، مۆتیڤ یان پاڵنەر و سووژەکانی خۆیانیان لە دیمەنە سروشتییەکان و هەندێک جاریش لە بابەتە کولتوورییە کۆن و دوورەدەستەکان وەردەگرت.

## ناتوراڵیزم

ناتوراڵیزم بانگەشـــە بۆ ئەوە دەکات کە "هەموو شـــتێک وەکوو ڕاستەقینەی خۆی نیشان دەدات". لـــە کـــردەوەدا ئەوە بە واتای ئەوەیە کە ناتوراڵیســـتەکان خەڵک وەک قوربانیـــی ئەو هەلومەرجانە دەبینین کە خۆیان دەسەڵاتیان بەسەریاندا نییە. ئەوان لە بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکاندا خەڵک وەکوو پارچەیەکی بچکۆلە نیشـــان دەدەن کە گیرۆدەی دەســـتی هەلومەرجـــە جۆراوجۆرەکانن و دەسەڵاتێکیان بەسەر چارەنووسی خۆیاندا نییە، هەر بۆیە دیتێرمینیزم و بێئیرادەیی Determinism (جەبرگەرایـــی)، بە کۆڵەکەیەکی گرنگـــی ناتوراڵیزم لەقەڵەم دەدرێت، لێـــرەدا ئێمە ناتورالیزم بە واتایەکی فەراوانتر لەوە بەکار دەبەین کە لە تیۆرییە ئەدەبییەکاندا بەکار دەبرێت.

شکســـپیر بە پێشـــڕەوی ئەو ڕێبازە ئەدەبییە دادەنرێت؛ ناتوراڵیزم وەک دژکردەوەیەک بەرانبەر ڕۆمانیتزم، لە نێوەڕاســـتی ســـەدەی هەژدەهەمدا سەری هەڵ دا. شانۆنامەکانی شکسپیر زۆرتر باس لە کەســـانێک دەکەن کە گیرۆدەی دەســـتی چارەنووســـی خۆیانن، کەســـانێک کە بە شێوەیەکی بێئیرادە بوونەتە قوربانیی ئەو هێزانەی داگیریان کردوون و بەرەو پێشـــەوە پاڵیان پێوە دەنێن وەک پێگەخـــوازی (Macbeth)، بەخێڵـــی و ئیرەیی (Othello)، گومان (Hamlet). ئەو کەســـانەی شکسپیر باسیان دەکات ئاسایی و مامناوەندی نین، کەسانی بەرچاون، ئەوە سەبارەت بەو کەسانەش

هەر ڕاسـتە کە تۆلستۆی باسـیان دەکات. بەڵام ناتوراڵیزمی ئاسایی ئەو کەسانە پێشان دەدات کە نموونەیان لە شـەقام و سـەر جادەکاندا زۆر بەرچاو دەکەوێت و بوونە قوربانیی هێزە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکان و لە ئاکام و لەو ململانێیەدا کە لەگەڵی دەستەویەخەن لەنێو دەچن.

کەواتە ئەو پرسـە تاکوو ڕادەیەک دەچێتە پێش کە ئەو جۆرە ئەدەبیاتەی کە لە ڕۆژنامەنووسی نزیـک دەبێتەوە، واتە ئەدەبیاتێک کە بە ئەرکی خۆی دەزانێت خەڵک لە گشـت ئەو بەدبەختی و مەینەتبەشـییانە کە لە دنیادا هەن و کەمینیان لە مرۆڤ گرتووە، ئاگادار بکاتەوە و نموونەیەک لەو جۆرە ئەدەبیاتە لە "ئێمیل زوولا"دا دەبینرێت، لەنێو نووسـەرە ناتوراڵیسـتەکاندا دەکرێت گۆستاڤ فلۆبێرت، هۆنورە دیبالزاک، چارلز دیکنیز، ئیڤان تورجینیڤ، تیۆدۆر درایزەر، یوجین ئونیل، سینکلەر لوئیس و تێنسی ویلیامس ئاماژەیان پێ بکرێت.

لە هونەرەکانی پەیکەرتاشی و وێنەکێشیدا، ناتوراڵیزم وێنەی کەسانی ئاسایی لە بارودۆخی ژیانی ئاسایی دەرەوەی شارەکاندا دەکێشێتەوە، زۆر جار ئەو وێنانە جووتیاران کە سەرقاڵی کارکردنن یان ژنان لە کاتی ڕستن و چنین و دۆشین، یان خەڵک لە کاتی پرسە و مردوو بەخاکسپاردن و هتد... نیشان دەدەن.

## مۆدێرنیزم

مۆدێرنیزم بە سـێهەمین ڕێبازی گرنگی ئەدەبی و هونەری دادەنرێت، نموونەی ئەو جۆرە بەرهەمە ئەدەبـی و هونەرییانە جگە لە بەرهەمە نافیگۆرەتیڤەکان «non-figurative art» لە هونەرەکانی تردا بەرچاو دەکەوێت، واتە ئەو بەرهەمە هونەرییانەی شتێک نیشان دەدەن کە ناناسرێنەوە.

لـە مۆدێرنیزمدا بەگوێرەی تیۆریـی ئێکسپرێشـینیزم، (expressionist theory) لە پلەی یەکەمـدا بایەخ نادرێتە بەرهەمە هونەرییەکـە، بەڵکوو بایەخ دەدرێتە ئەو ئەزموونەی کە لە ئاکامی دیتنی ئەو کارە هونەرییەدا دەست دەکەوێت.

لـە مۆدێرنیزمدا دەوترێت کە "بەرهەمی هونەری" لـە ناخی خودئاگای هونەرمەندەکەدایە، ئەو بەرهەمـە هونەرییە بابەتییەی هونەرمەنـد دەیئافرێنێت، تەنیا ئامرازێکە کە ئامانجەکەی بریتییە لە ئافراندنی سـەرلەنوێی ئەو ئەزموونە لە هوشـیاری و ئاگاییی ئەو کەسـەدا کە سەیری تابلۆکە یان بەرهەمە هونەرییەکە دەکات.

پرسـیار ئەوەیە کە کام دەسـتە لە کارە ئەدەبییەکان دەکەونە خانـەی ئەدەبیاتی مۆدێرنیزم؟ ئەو شـیعر و هۆنراوانەی سـەروا و ترپە و ناوەڕۆکیان نییە و ئەو ڕۆمانانەی کردەوەیان تێدا نییە، لە چیرۆکەکانی Thomas Manns Trollfjellet و James Joyces Ulysses ئەو ڕاسـتییەمان بۆ دەردەکەوێـت. هەروەها دەتوانین ڕۆمانەکەی "جویس" واتـە بێداریی فینگان، (Finnegan's wake) لـەو جۆرە ڕۆمانانـە لەقەڵەم بدەین، ئەو ڕۆمانە بە زمانێک نووسـراوە کە جویس تەنیا بۆ

نووسینی ئەو ڕۆمانە دایهێناوە و هیچ کەس تەنانەت وشەیەکیشی لێ تێ ناگات.

## فەلسەفە پێش ئەفلاتوون

مرۆڤ هەمیشـــە هەوڵی داوە وەڵام بۆ ئەو پرســـیارانە بدۆزێتەوە کە فەلسەفە کاریان لەسەر دەکات، لە ســـەرەتادا مرۆڤ پرسە قووڵ و ئاڵۆزەکانی ژیان و سروشتی بەوە لێک دەدایەوە کە دەستی خودا و هێزەکانی تری ســـەرووی سروشتیان لە پشتە، هەروەها لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە خوداکان بڕیار دەدەن کە خەلەوخەرمان باش بێت یان نە؟ ژیانێکی خۆشمان هەبێت یان نە؟ لە شەڕەکاندا بەسەر دوژمناندا ســـەر دەکەوین یان نە؟ هتد... بەو جۆرە لێکدانەوانە دەوترێت لێکدانەوە و وەڵامدانەوەی ئایینی و ئەفسانەیی.

### فەلسەفەی سروشتی (NATURAL PHILOSOPHY)

نزیکەی شەشسەد ساڵ بەر لەدایکبوونی مەسیح، لە یۆناندا جۆرە لێکدانەوەیەکی دیکە لە پێوەندی لەگەڵ دیاردە جۆراوجۆرەکاندا هاتە کایەوە، (بیرکردنەوەی لۆژیکی جێگەی بیرکردنەوەی ئەفسانەیی گرتـــەوە)، نێوەڕۆکی ئـــەو بیرکردنەوە لۆژیکییە بریتی بوو لەوەی کە مـــرۆڤ هەوڵی بۆ دەدا، بەبێ پەنابردن بۆ هێزەکانی ئەوپەڕی سروشت (supernatural forces) پرس و دیاردە جۆراوجۆرەکان لێک بداتەوە، لە ئاکامدا فەلسەفە وەکوو بوارێکی سەربەخۆی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی هزری سەری هەڵ دا.

کەواتە لە ســـەرەتادا فەیلەســـووفەکان خەریکی تەتەڵەکردنی دیاردە سروشـــتیەکان بوون، واتە ئەو بابەتانەی کە ئەمڕۆ زانســـتە سروشـــتییەکانی وەک زیندەوەرزانی، فیزیک، کیمیا، ئەستێرەناسی

و بیرکاری توێژینەوەیان لەسەر دەکەن، دیارە هەموو ئەوانەش دەکەونە چوارچێوەی مێتافیزیکەوە.

لە سەرەتادا پرسیار ئەوە بوو کە ئایا هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەرمانن، لە چەند توخمێکی کەم بەڵام بنەڕەتی دروست بوون یان نە؟ تالیس کە خەڵکی مەڵەت بوو (نزیکەی ساڵی ٦٤٠ پ.ز لەدایک بووە) لەو بڕوایەدا بوو کە هەموو شتێک لە ئاو دروست بووە، واتە هەموو ئەو شتانەی دەیانبینین لە ئاو دروست بوون، بەڵام فۆرمی جۆراوجۆریان بەخۆیانەوە گرتووە. ئاخر ئاو بە شێوازی جۆراوجۆر خۆی نیشان دەدات، ئاناکسیمێندێر بڕوای وا بوو کە هەموو شتێک لە یەک ماددەی بنەڕەتی بە ناوی ئاپایرۆن (Apeiron) دروست بووە، دواتر ئەو تیۆرییەی کە دەڵێت هەموو شتێک لە ئاو و ئاگر و خاک دروست بووە، بوو بە تێئورییەکی سەرەکی. دێموکریت پێی وا بوو هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەرمانن، لە بنەڕەتدا لە گەردیلەی بچکۆلە و ورد دروست بوون کە پێیان دەوترێت ئەتۆم، واتە ئەگەر هەر شتێک ورد بکەینەوە، لە ئاکامدا دەگاتە گەردیلەی بچووک و ورد کە ئیتر لەوە زیاتر دابەش نابێت و ئەو گەردیلانە پێیان دەوترێت ئەتۆم کە تەنیا چەند جۆری بنەڕەتی لە جۆرەکانی ئەتۆم هەیە، ئەو کەسانەی بانگەشەیان بۆ ئەو تیۆرییە دەکرد پێیان دەوترا ئەتۆمیست.

### ئەو فەیلەسووفانە سەرقاڵی گیروگرفتێک بوون کە پێی دەوترێت ئاڵوگۆڕ:

مرۆڤ لەدایک دەبێت گەورە دەبێت، پیر دەبێت و دەمرێت. ئەو پرۆسەیە بەردەوام و بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ لە گۆڕانکاریدایە، لە دۆخێکی ئاوادا دەتوانین بڵێین کە ئایا مرۆڤ لە هەموو بارودۆخەکاندا هەر هەمان مرۆڤە؟ لە گەلێک بواری جۆراوجۆری دیکەشدا ئاڵوگۆڕ دەبینرێت؛ سەیرکە کۆلکەدارێک کە دەسووتێن، لە سەرەتادا کۆلکەدارێکە و بەس، دوایە گڕ دەگرێت و دەسووتێت و لە کۆتاییدا دەبێتە خۆڵەمێش، ئێستە پرسیار ئەوەیە کۆلکەدارەکە چیی بەسەر هات؟

یەکێک لە وەڵامەکان بەو پرسیارە ئەوەیە کە لە جیاتی شتەکان، باشتر وایە لە پرۆسەکانەوە دەست پێ بکەین، واتە هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەری خۆماندا دەیانبینین و پێمان وایە کە شتن، لەڕاستیدا پێویستە وەکوو جیلوەیەکی ڕەوت و پرۆسە جۆراوجۆرەکان سەیریان بکەین. ڕستە بەناوبانگەکەی هێراکلیتوس کە دەڵێت؛"هەموو شتێک لە گۆڕانکاریدایە"، بە باشترین شێوە ئەو ڕوانگەیە ڕوون دەکاتەوە و بەو واتایەشە کە هیچ شتێک سەقامگرتوو نییە، بەڵکوو هەموو شتێک لە گۆڕانکاریدایە، هەر بۆیە ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە کە پێمان وا بێت ڕاستی لە شتە فیزیکییەکان دروست بووە. هێراکلیتوس لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە پێمان وایە دنیای دەوروبەرمان لە شتە فیزیکییەکان دروست بووە، دەیوت؛ سیستەمی هەستەکانمان هێندە باش نییە تا ڕاستییە ڕاستەقینەکان بەو جۆرە ببینێت کە هەیە.

ڕێگاچارەیەکی دیکە ئەوەیە کە وا بزانین هیچ ئاڵوگۆڕێک لە گۆڕێدا نییە، بەناوبانگترین ئالاهەڵگری

ئەو بیرۆکەیە پارمێندیس بوو کە لە دوروبەری پێنجسەد ساڵ پێش زایین دەژیا، ناوبراو بەڵگەی دەهێناوە کە ناتەباییەکان لە "ڕاستیـ"ـدا بوونیان نییە. هەر گۆڕانکارییەک، بۆ نموونە لە دەنکە بەڕوویەکەوە بۆ داربەڕوویەک، کە خۆی ناتەباییەک وێنا دەکات، ناتوانرێت بە شتێکی ڕاستەقینە دابنرێت. پارمیندێس لەو بڕوایەدا بوو کە ڕاستیی ڕاستەقینە جێگیر و نەگۆڕە، بەڵام ئەی ئەو هەموو ئاڵوگۆڕانەی کە لە دەوروبەری خۆماندا دەیانبینین چی؟ پارمێندیس لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەیوت ئەوەی وەک ئاڵوگۆڕ دەیبینین تەنیا خەیاڵاتە و بەس. یەکێک لە قوتابییەکانی پارمێندیس بە ناوی "زێنون" کە پسپۆڕی ماتماتیک بوو، بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە ئەو دەتوانێت بیسەلمێنێت هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک ڕوو نادات، ناوبراو بۆ سەلماندنی ئەو بانگەشەیە خۆی دەنگۆی ئاشیل و کیسەڵەکە دێنێتەوە، ئاشێل وەرزشکارێکی بەناوبانگ بوو و دەبوایە لەگەڵ کیسەڵێک ڕا بکات، لەبەر ئەوەی کیسەڵەکە هەر لە سەرەتادا خێرا نەبوو، دە پێشپوەنی هەبوو، واتە پێش لەوەی کە دەست پێ بکەن، لەبەر ئەوەی کە خێرایی کەمە دە خاڵی پێ درابوو. زێنون دەیگوت لە بارودۆخێکی ئاوادا ئاشیل هیچکات ناگاتە کیسەڵەکە، ناوبراو بەو جۆرە بەڵگەی بۆ قسەکانی خۆی دەهێنایەوە.

وای وێنا بکە ئاشیل دە بەرانبەر لە کیسەڵەکە خێراتر ڕادەکات، کاتێک ئاشیل دە میتر ڕایکردووە، کیسەڵەکە یەک میتر چووەتە پێش، کاتێک ئاشیل ئەو یەک مترە دەچێتە پێش، کیسەڵەکە دە سانتیمتری بڕیوە، کاتێک ئاشیل ئەو دە سانتیمترە دەبڕێت، کیسەڵەکە سانتیمترێکی دیکە چووەتە پیش و هتد... واتە کیسەڵەکە هەمیشە لە پێشەوەی ئاشیل دەبێت. زێنون لەو ڕێگەیەوە سەلماندبووی کە ئاشیل قەت ناتوانێت بگاتە کیسەڵەکە و پێشی بکەوێت، بەڵام کاتێک لە ڕاستیی ڕاستەقینەدا سەیری باسەکە دەکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئاشیل بۆ گەیشتن بە کیسەڵەکە و تێپەڕین لێی، هیچ کۆسپێک لەسەر ڕێگەی نییە.

لەو نموونەی سەرەوەدا لەنێوان ئەو شتەی دەبینرێت و ئەو شتەی کە بەڵگە بۆی دەهێندرێتەوە، ناتەباییەکی ڕاستەوخۆ هەیە. یان دەبێت بەڵگەکە هەڵە بێت، یان ئەوەی بینراوە دەبێت خەیاڵ بێت. زێنون بارودۆخێکی هەڵبژاردبوو کە ئەو شتەی بەو جۆرە دەبینرا، تەنیا خەیاڵ بوو. بۆ یەکەم جار لە سەدەی هەژدەهەمدا لەلایەن زاناکانی بیرکارییەوە ڕێگەچارەیەکی ماتماتیکی بۆ دژوازیی زێنون دۆزرایەوە. (دژوازی: پارادۆکس)

ئەو جۆرە ئاوەزتەوەرییە (Rationalism) بوو بە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان بیرکردنەوە و دیتندا (observation). بەرەبەرە ئەو بۆچوونە کە بیرکردنەوە پێوەندییەکی کەمی بە ڕاستەقینەوە هەیە و گیروگرفتە ڕاستەقینە و پراکتیکییەکان لە ڕێگەی بیرکردنەوەی لۆژیکییەوە چارەسەر ناکرێن، پەرەی گرت. لە ئاکامدا دژکردەوەیەک بەرانبەر ئاوەزگەرایی هاتە کایەوە، ئەو دژکردوەیە بریتی بوو لە سەرهەڵدانی ئەزموونگەرایی (empiricism) کە دواتر سەبارەت بەو دوو ڕێبازە فەلسەفییە پتر دەدوێین، بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ڕێنە دێکارت و

فرانسیس باکۆن (René Descartes og Francis Bacon).

## بیرکردنەوەی ئەخلاقی یان ڕەوشتگەرا

تاکوو دەوروبەری سالآنی ٤٥٠ پ.ز، تەتەڵەکردنی پرسە مێتافیزیکییەکان بابەتی سەرەکیی فەلسەفە بـــوو، دواتر بەرەبەرە لقە جۆراوجۆرەکانی دیکەی فەلســـەفەش زەق بوونـــەوە و کەوتنە بەر ڕامان و لێکۆڵینەوەی مرۆڤ. لەبەر ئەوەی فەیلەسووفەکان لە پێوەندی لەگەڵ پرس و بابەتە مێتافیزیکییەکاندا گەیشـــتبوونە هەڵوێســـتی جیاواز و تا ڕادەیەک بەتاڵ و بێواتا، خەڵک دەســـتیان کرد بە سەرنج و گرنگیـــدان بە زانین. ئایا ئەگەری ئەوە هەیە زانســـت و زانیاری وەدەســـت بخەیـــن؟ ئایا دەتوانین سەبارەت بە ڕاستی و دروستیی زانین دڵنیا بین؟ هتد... سۆفیستەکان کە مامۆستای گەڕۆک بوون و لە ڕێگەی وتنەوەی ڕەوانبێژی و لێدواندەرییەوە بژێویی ژیانی خۆیان بەدەست دەهێنا، لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ئەگەری ئەوە نییە کە زانست و زانیارییەکی ڕاست و دروست بەدەست بهێنین. لەم سەردەمەدا بە پێڕەوانی ئەو بۆچوونە فەلسەفییە دەوترێت دڕدۆنگی یان گومانگەرایی (skeptics).

خەڵک حەزیان لە سیاســـەت و پرس و بابەتە ئاکاری و ئەخلاقییەکانە، بە هۆی ســـەفەرکردن و ناسینی شێوەژیان و فەرهەنگ و کولتوورەکانی دیکە، سەبارەت بەو داب‌ونەریتانەی کە خوویان پێوە گرتبوون، گومانیان بۆ دروســـت بووە، لەبەر ئەوەی کـــە کۆمەڵگە جیاوازەکان پێوانەی جیاوازیان بۆ ڕاستی و دروستیی کار و کردەوەکان هەبوو، خەڵک کەوتنە بیرکردنەوە کە ئایا ئەگەری هەیە یاسا و ڕێوشوێنی گشتیمان بۆ نیشاندانی ڕاستی و دروستیی پرسە ئاکاری و ئەخلاقییەکان هەبێت؛ واتە یاســـا و ڕێســـایەک کە لە هەموو کاتێک و لە هەموو شوێنێکدا ڕاست و دروست بێت. سۆفیزمەکان دەیانوت یاســـا و ڕێســـایەکی وەها کە لە هەموو کات و شوێنێکدا ڕاست و دروست بێت بوونی نییە، هەندێکـــی دیکە لە بیرمەندەکان پێیـــان وا بوو کە هێز هەمان مافە، واتە هێز مافیش لەگەڵ خۆی دێنێت.

## سوقرات (Sokrates)

ســـوقرات لە دەوروبەری ساڵەکانی ٤٧٠ پ .ز لەدایک بووە، هەرچی سەبارەت بە سوقرات دەزانین، لە ئەفلاتوونەوە پێمان گەیشتووە، ئەفلاتوون خۆی قوتابیی سوقرات بووە و سوقرات لە دیالۆگەکانی ئەفلاتووندا بە کاراکتەری ســـەرەکی دادەنرێت، لەوەش زیاتر ناوبراو ســـوقرات وەکوو میکرۆفۆنێک و تریبۆنێک بۆ دەربڕینی ڕوانگە و بیر و بۆچوونە فەلسەفییەکانی خۆی بەکار دەهێنێت.

سوقرات فەیلەسووفێک بوو بە بازار و شەقامەکانی ئاتێندا دەگەڕا و قسەی بۆ لاوان دەکرد، ناوبراو بە هۆکاری کرداری ئازادیخوازانەی، لە دادگادا گەورەترین سزا واتە مەرگی بەسەردا سەپا، هەندێک لە قوتابی و هاوڕێیەکانی هەوڵیان دا ئەو هەلەی بۆ بڕەخســـێنن تاکوو لە بەندیخانە دەرچێت، بەڵام

سوقرات گوێی پێیان نەدا، لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە وەکوو هاووڵاتییەک ئەرکی سەر شانیەتی تاکوو پێڕەوی لە بڕیاری کاربەدەستان بکات و لە ساڵی ٣٩٩پ.ز جامێک ژەهری دەرخوارد درا و مرد.

سوقراتیش وەکوو سۆفیستەکان بایەخێکی کەمی بە پرس و بابەتە مێتافیزیکییەکان دەدا، بەڵام بیردۆزیی ڕەوشتیی ڕێژەیی (moral relativism) ئەوانی ڕەت دەکردەوە، ئەو پێی وا بوو شتێکی گشتی و جیهانی هەیە کە هەردەم و لە هەموو جێگایەکدا ڕاست و دروستە، بۆیە خەڵک پێویستە بە هەموو توانایانەوە تێکۆشن بۆ ئەوەی کە ئەو شتە بدۆزنەوە و لێی تێ بگەن. بە گوتەی سوقرات ئەو بابەتە لە پێوەندیی لەگەل کەڵکوەرگرتنی مرۆڤ بە باشترین شێوە لە تایبەتمەندی و لێوەشاوەییەکانی خۆیدا ڕاستە، ئەو دەیوت تاکی مرۆڤ پێویستە شوێن و پێگەی خۆی لە کۆمەڵ و کۆمەڵگەدا بدۆزێتەوە و بە باشترین شێوە کە دەگونجێت، بژی و ژیان بەسەر بەرێت.

زانیناسیی (epistemology) سوقرات هەڵکردنی چرای بیرکردنەوە لە بیر و هۆشی خەڵکدا بوو، ئەو گەرەکی بوو خەڵک هان بدات تاکوو لەنێو ڕوانگە و کار و کردەوەکانیاندا بیر بکەنەوە، بۆ ئەوەی بەتەواوەتی لە مەبەستەکانی خۆیان تێ بگەن.

ئەو چیرۆکانەی خوارەوە (کە لە یەکێک لە دیالۆگەکانی ئەفلاتوون بە ناوی Laches وەرگیراوە)، ڕێکار و ئامانجی کاری سوقرات دەردەخات، کە بەم شێوەیە: سوقرات لە یەکێک لە فەرماندەکان بە ناوی "لاشس" پرسیاری کرد؛ دەزانیت واتای ئازایەتی چییە؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی؛ "ئازایەتی ئەوەیە کە لە کاتی هێرش و پەلاماری دوژمندا لە سەنگەری خۆت ئامادە بیت". سوقرات پرسیارێکی تری کردەوە و پرسی: پێت وایە ئەو کەسەی کە لە کاتی هێرشی دوژمندا لە سەنگەری خۆی ئامادە دەبێت، تەنانەت ئەگەر نەشزانێت ئەو کارە چەندە پڕمەترسییە، هەر بە کەسێکی ئازا دادەنرێت؟ "لاشس" لە وەڵامدا گوتی؛ نەخێر. سوقرات گوتی؛ کەواتە ئەو کەسە ساویلکەیە، ئازا ئەو کەسەیە کە لە سەنگەری خۆی و لە شوێنی پێسپێردراوی خۆیدا ئامادە دەبێت، سەرەڕای ئەوەش کە دەزانێت بارودۆخەکە چەندە پڕمەترسییە. پاشان سوقرات لە پرسیارێکی تردا پرسی؛ ئایا ئەگەر مرۆڤ بزانێت بە دڵنیاییەوە دەکوژرێت، دیسانیش ئامادەبوون لە سەنگەردا هەر بە کارێکی ژیرانە دادەنرێت؟ سەرەنجام دیالۆگەکە بەوە کۆتایی پێ هات کە لاشس سەبارەت بەوەی کە ئایا بەڕاستی ئازایەتی چییە دەکەوێتە گومانەوە. بەو کارە سوقرات دوو ئامانج دەپێکێت:

لە پێشدا ئەو هەندێک چەمک و دەستەواژە ڕوون دەکاتەوە، ئاخر سوقرات یەکەمین کەس بوو کە پێی وا بوو چەمکەکان دەبێت پێناسە و چوارچێوەی دیاریکراوی خۆیان هەبێت. لە لایەکی دیکەشەوە دەیهەویست خەڵک لەوە تێ بگەیەنێت کە ئەوان زۆرتر سەبارەت بە هەندێک باس و بابەت قسە دەکەن کە لەڕاستیدا زانیاریی تەواویان سەبارەت بەو باسانە نییە، هەروەها سوقرات باوکی ئەو ڕستە پڕواتایەیە کە دەڵێت "تایبەتمەندیی ئاکاری و ڕەوشتی، زانستە"، واتای ئەو قسەیە لە لای سوقرات ئەوەیە کە ئەگەر مرۆڤ بزانێت ڕاستی و دروستی چییە، کار و کردەوەی ڕاست و

دروستیش دەکات.

## ئەفلاتوون (Platon)

*مێتافیزیک*

*زانیناسی*

*ئاکار*

*سیاسەت*

*جوانیناسی*

ئەفلاتوون (٤٢٧-٣٤٧ پ.ز) یەکەم فەیلەسووفە کە لە هەموو بوارەکانی فەلسەفەدا ڕوانگە و بیر و بۆچوونی فەلسەفیی گرنگ و ڕێکوپێکی پەرە پێ داون، پێش ئەو فەلسەفە شتێک نەبوو جیا لە هەندێک بیر و بۆچوونی پچڕ پچڕ و ناڕێکوپێک، پاش ئەو سەرتاسەری فەلسەفە، بە گوتەی فەیلەسووفێکی مۆدێرن؛ "شتێک نییە جیا لە پەراوێزنووسی بۆ ئەفلاتوون". هەر چەند ئەو قسەیە کەمێک زێدەڕۆیی تێدایە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە سیستەمی فەلسەفیی ئەفلاتوون بە یەکێک لە گەورەترین دەسکەوتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی لەقەڵەم دەدرێت، لەو دەمەوە تاکوو ئەمڕۆ ئاکامەکانی فەلسەفەی ئەفلاتوون بەسەر بیر و بۆچوونی ڕۆژاوادا زاڵن.

ئەفلاتوون وەکوو شاعیرێکی تراژیدیست دەستی بەکار کرد، بەرهەمە فەلسەفییەکانی بە شێوەی دیالۆگ نووسراون، گرنگی و بایەخی ئەدەبییشیان هەیە، ئەفلاتوون لە ئاتێن سوقراتی بینیوە و کەوتە ژێر کاریگەریی سوقراتەوە، هەر ئەو کاریگەرییەی سوقراتیش بوو کە ئەوی کردە فەیلەسووف. هەروەها ئەفلاتوون دواتر کەوتە ژێر کاریگەریی قوتابخانەی فیساگۆرسیەکان، ئەوان کۆمەڵێک کەسی فەلسەفی بوون کە ئیلهامیان لە فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی وەردەگرت، لە لای ئەوان ژمارەکان پێگەیەکی گرنگ و جادووییان هەبوو، بڕوایان بە زیندوبوونەوە و خەڵوەتگەری (reincarnationand asceticism) و پەشمینەپۆشی هەبوو، بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد کە ڕۆح و لەشی مرۆڤ لەگەڵ یەکتر لە ململانێیەکی هەمیشەیی و بەردەوامدان.

ئەفلاتوون لەساڵی ٣٨٨ پ.ز، قوتابخانەی ئەکادێمیای دروست کرد و تاکوو ساڵی ٥٢٩ د. ز درێژەی بە چالاکییەکانی دا، هەروەها ئەفلاتوون شانسی ئەوەی هەبوو کە هەوڵ بدات بیر و بۆچوونە سیاسییەکانی لە سیراکوس و سیسیل جێگیر بکات، دیارە لەو کارەدا سەرکەوتوو نەبوو، بە هەزار حاڵ توانی گیانی خۆی بەدەربەرێت و ڕابکات.

### مێتافیزیک

ئەفلاتوون باسی ئەوەی دەکرد کە بێجگە لەو ڕاستییە ڕاستەقینەیەی لە دەوروبەرماندا هەیە و

دەتوانین هەستی پێ بکەین، ڕاستییەکی دیکەش هەیە، ئەو ڕاستییە دووهەمە ئەگەرچی هەستی پێ ناکرێت، بەڵام لە ڕاستییە هەستپێکراوەکە گرنگتر، ڕەسەنتر و ڕاستەقینەترە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تێگەیشتن لەو شێوە بیرکردنەوەی ئەفلاتوون کارێکی هێندە دژوار نییە، ئەگەر یەکێک بیر لە کەسێکی تایبەتی وەک ئازاد، یان ئەسپێکی تایبەتی وەکوو بلاکن یا سەگێکی تایبەتی وەکوو گەڵاز بکاتەوە، ڕوونە کە لە ڕاستیدا ئەو "شتانە" هەن. بەڵام ئەگەر مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی بیر لە مرۆڤ یان ئەسپ یان سەگ دەکاتەوە و دەڵێت: "مرۆڤ ئاوەزی هەیە" یان "ئەسپ چوار پێی هەیە" یان "سەگ دەوەڕێت"، مرۆڤ ناتوانێت ئاماژە بە ئۆبژێکتێکی دیاریکراو لە دنیای ڕاستەقینەدا بکات و بڵێت سەبارەت بەوەیان قسە دەکات، ئەتۆ دەتوانیت ئاماژە بە ئازاد یان چیا یان نازەنین بکەیت، بەڵام ناتوانیت ئاماژە بە مرۆڤێک بکەیت، دەتوانین ئاماژە بە گەلێک سەگ بکەین، بەڵام ناتوانین ئاماژە بە سەگێک بکەین. مرۆڤ و سەگ و ئەسپ نموونەیەکن لەو شتانەی کە لە ڕاستی و لە دنیای هەستپێکراوی دەوروبەرماندا بوونیان نییە، بەڵام کاتێک دەڵێین "مرۆڤ ئاوەزی هەیە" یان "سەگ دەوەڕێت"، مەبەستمان لەو "شتانە"یە کە باسمان کردن. لەوەش زیاتر هەموو زانست و لێکۆڵینەوەی زانستی لەو جۆرە قسە و باسانە پێک هاتووە، ئەفلاتوون دەیوت ئەگەر مرۆڤ، سەگ و ئەسپ بوونیان نەبێت، کەواتە نەک هەر توێژینەوەکان، بەڵکوو زۆربەی ئەو قسە و باسانەش کە سەبارەت بەوان هەن، بوونیان نییە.

ڕێگەچارەی ئەفلاتوون بۆ ئەو گیروگرفتە ئەوە بوو کە مرۆڤ، سەگ و ئەسپ و هتد... هەن، بەڵام چونکە ئەو شتانە هەستیان پێ ناکرێت، دەبێت لە ڕەهەندێکی دیکەدا، واتە ڕەهەندێک لە دەرەوەی ماددیبووندا هەبن، ڕەهەندێک کە هەستەکان دەرکی پێ ناکەن، کە ئەفلاتوون بەو شتانەی دەوت ئیدە. لە ڕەهەندی دووهەمدا ئیدەی مرۆڤ و سەگ و ئەسپ و شتەکانی دیکە بوونیان هەیە.

ئەفلاتوون ئەیگوت ئەو شتانەی کە لە ڕەهەندی دووهەمدا هەن، پێرفێکت و بێ کەموکوڕیین، بەڵام ئەوەی ئێمە لەو دنیایەدا لەوانی دەبینین یان هەستی پێ دەکەین، بریتییە لە وێنەیەکی ناتەواو یان تەنیا سێبەرێک لەوان. دنیای ئیدەکان، دنیایەکی نەمر، نەگۆڕ، پێرفێکت، ڕێکوپێک و پڕ لە هارمۆنییە، کەچی لەو دنیایەدا کە ئێمە هەستی پێ دەکەین، هەموو شتێک خەریکە تێپەڕ دەبێت و گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، پڕە لە پشێوی و نالێکی، لە بێسەرەوبەرەیی و ناتەبایی. دەتوانین بڵێین ئەفلاتوون ڕەوایی هەم بە هیراکلیتوس و هەم بە پارمێندێس دەدا. دنیای ئیدەکان لەگەڵ مێتافیزیکی پارمێندیس دێتەوە، (لەوێدا هەموو شتێک نەگۆڕە)، کەچی دنیای هەستپێکراو لەگەڵ مێتافیزیکی هیراکلیتۆس سازگارە، (هەموو شتێک لەوێدا گۆڕانکاریی بەسەردا دێت).

لە ڕاستیی ڕاستەقینە یان ڕەهەندی دووهەمیشدا ئیدەکانی وەکوو بیر، نەخۆشی، ئازادی، دادپەروەری، خێر و شەڕ، فەرهەنگ و هتد... هەن. هەر شتێک کە بکرێت بیری لێ بکرێتەوە لە ڕەهەندەکەی دیکەشدا هەیە، ئەوە شتەکانی وەکوو ئەسپی قۆچدار، تۆز و خۆڵ، دێو، جادووگەر و

هتدیش دەگرێتەوە. ئەفلاتوون دەڵێت لەبەر ئەوەی کە هەموو ئەو شتانەی لەو دنیایەدا هەستیان پێ دەکەین کۆپی یان وێنەیەکی ناتەواون، لەو ڕاستییە ڕاستەقینە تەواو و پێرفێکتەی کە لە ڕەهەندی دووهەمدا هەیە، هیچ شتێک لەو دنیایەدا بێکەموکوڕی نییە. ئەو ڕستەیەی کە دەڵێت "لە تیۆریدا باشە، بەڵام لە کردەوەدا خراپە"، لەسەر بناغەی ئەو جۆرە مێتافیزیکە ڕاوەستاوە.

ئیدەکان بە شـــێوەی پلەبەندی هەن، هەندێک ئیدە یا فۆرم بەپێی بەراورد لەگەڵ ئەوانی دیکە لە پلەیەکی بەرزتردان، تاکوو فۆرمێک گرنگتر بێت، لە پلەیەکی بەرزتر دایە، لە ســـەرەوەی هەموو فۆرمەکان، فۆرمیک هەیە کە پێی دەوترێت: باش یان خێر. ئەوە پێشکەوتووترین ئیدەو فۆرمە و لە هەمـــوو ئیدەو فۆرمەکانی دیکەدا کە دەکەونە لای خوارتر ڕەنگ دەداتەوە، لەوەش زیاتر ئەو ئیدەیە بوونـــی هەموو ئیدەو فۆرمەکانی دیکە دەســـتەبەر دەکات. ئەفلاتوون لە نیشـــانەیەکدا خێر بە خۆر دەچوێنێت، لە دنیای ئێمەدا خۆر ســـەرچاوەی بوون و ژیان و گەشـــەیە، بەبێ خۆر ئێمە نەک هەر ناتوانین هیچ ببینین، بەڵکوو هەموو شـــتێک دەکەوێتە تاریکی و دەمرێت، ڕۆڵی خێریش لە دنیای ئیدەو فۆرمەکاندا بەو جۆرەیە.

ئەفلاتوون لە یەکێک لە دیالۆگەکانیدا بە ناوی دەوڵەت، "هێمای ئەشکەوت" وەک نموونەیەک، بۆ ڕوونکردنەوەی ڕوانگەی مێتافیزیکیی خۆی بەکار دەهێنێت: لە ئەشکەوتەکەدا دەستەیەک بەندکراو دانیشـــتوون، ئەوان بە جۆرێک دانراون و زەنجیر کراون کە تەنیا دیواری پشـــتەوەی ئەشکەوتەکە، واتە دیواری ڕووبەڕووی خۆیان دەبینن، لەســـەر دیوارەکـــەی ڕووبەڕوویان هەندێک وێنە کە وەکوو ســـێبەر دەجووڵێنەوە و هاتوچوو دەکەن. لەو لاشـــەوە لە پشتی ســـەری ئەوان دێوارێک هەیە کە کۆمەڵـــە خەڵکێک بە بەردەمیدا تێپەڕ دەبن، ئەو خەڵکە کەلوپەل و هەندێک ئامرازی جۆراوجۆریان هەڵگرتوون و دێن و دەچن. لە پشـــتەوەی ئەوانیش ئاگرێکی گەورە داگیرســـاوە و بڵێســـە دەدات، ئەو ڕووناکییەی کە لەو ئاگرە هەڵدەســـتێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە سێبەری ئەو کەس و شتانەی بە پێش ئاگرەکەدا تێپەڕ دەبن بکەوێتە ســـەر دیواری پشـــتەوەی ئەشـــکەوتەکە کە بەندکراوەکان ڕووبەڕووی دانیشتوون. واتە ئەوەی کە بەندکراوەکان دەیانبینن سێبەری ئەو شتانەیە.

ئەفلاتوون دەپرســـێت ئایا بۆ بەندکراوەکان شتێکی ژیرانە نییە کە باوەڕ بکەن ئەو وێنانەی (ئەو سێبەرانە) لەسەر دیوارەکەی ڕووبەڕوو دەیانبینن ڕاستەقینەن؟

ئەفلاتوون باسی ئەوە دەکات کە چۆن یەکێک لەو بەندکراوانە، پاش ئەوەی کە زەنجیر دەپسێنێت و ڕادەکات، لـــە ئاکامدا بۆی دەردەکەوێت کە ڕاســـتیی بابەتەکە چیـــە؟ بەندکراوە هەڵاتووەکە بۆی دەردەکەوێت کە ئەو شـــتانەی بە پێش ئاگرەکەدا دێن و دەڕۆن، شتی ڕاستی و ڕاستەقینەن، بەڵام ئەو وێنە و ســـێبەرانەی بەندکراوەکان لەســـەر دیوارەکەی پێش خۆیان دەیانبینن، تەنیا ســـێبەر و کۆپییەکی ناتەواوی ئەو شتانەن کە لە پشت دیوارەکەوە دێن و دەچن، کەچی بەندکراوەکان وەک شتی ڕاستەقینە و سەرەکی دەیانبینن. جا ئەگەر بەندکراوە هەڵاتووەکە بگەڕێتەوە نێو ئەشکەوتەکە

و ڕاستیی بابەتەکە بۆ بەندکراوەکان باس بکات کە جیهان چ جۆرێکە، زۆر بە دژواری باوەڕی پێ دەکەن. هەر بەو جۆرەش خەڵک بە دژواری بڕوا بەوە دەکات کە دنیای ئیدەو فۆرمەکان زۆر ڕاستەقینەترە لەو دنیایەی کە ئێمە هەستی پێ دەکەین.

ڕوانگەی ئەفلاتوون بۆ مرۆڤ لەسەر ئەو بنەما مێتافیزیکییە ڕاوەستاوە. بە گوتەی ئەفلاتوون؛ لە ڕۆحی هەر مرۆڤێکدا کێشە و ململانێیەکی هەمیشەیی لەنێوان ئاوەز و هەستەکاندا لە گۆڕێدایە، بۆ نموونە هەندێک جار کەسێک هێندە ئارەزووی شتێک دەکات کە دەدات لە مێشکی بۆ ئەو شتە دزی بکات، بەڵام کە بیر دەکاتەوە و ئاوەزی بەکار دێنێت، بۆی دەردەکەوێت کە دزی کردەوەیەکی هەڵەیە. ئەفلاتوون دەڵێت ئێمە لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە زانین و زانیاری سەبارەت بە دنیای هەستپێکراوی دەروبەرمان بەدەست دەهێنین، بەڵام ئاوەز و بیرکردنەوەی ژیرانە پێوەندیی ئێمە لەگەڵ دنیای فۆرمەکان پێک دەهێنێت. بە بڕوای ئەفلاتوون دوو جۆرە هەست بوونیان هەیە کە لەگەڵ یەکتر لە ململانێ و ناکۆکیدان، بۆ نموونە کەسێک سەبارەت بە حەز و ئارەزووە سێکسییەکانی خۆی هەست بە بێهیوایی دەکات. ئەو دوو جۆرە هەستانە هەم بەشی ئازا و هەم بەشی چاوچنۆکیی هوشیاری و ئاگایی ئێمە پێک دێنن. بەشی چاوچنۆکی ئەو بەشەیە کە حەزی ئێمە بۆ خەو، خواردن و سێکس و هتد... ئاراستە دەکات، بەڵام بەشی ئازاش لە هەستەکانی وەکوو دەسەڵاتخوازی، پێگەخوازی، تووڕەیی و بێهیوایی و هتد.. پێک دێت.

بەو جۆرە هەر کام لەو دوو بەشانە وشیاری و ئاگاییی ئێمە، ئەرکی تایبەت بە خۆیان لەژیانی مرۆڤدا هەیە؛ بەرنامەڕێژی، کۆنترۆڵی ڕۆح و بیرکردنەوەی ورد و قووڵ سەبارەت بە ئیدەو فۆرمەکان ئەرکی ئاوەزە. بەشی ئازاش ڕۆڵی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن دەگێڕێت و ئەرکی ڕێنوێنی و ئاراستەکردنی کار و کردەوەکانمانی بە ئەستۆوەیە. بەشی چاوچنۆکیش کاری ئەوەیە ئامانج بۆ کار و کردەوەکانمان دیاری بکات. ئەو دوو بەشە وشیاریی و ئاگاییە لە هەموو کەسدا بە یەک ڕادە بەهێز نین، بەشی چاوچنۆک لە بوونی زۆربەی خەڵکدا بەشی هەرە زاڵە، دیارە باشتر وایە کە بەشی ئاوەز بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵ بێت. لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە مرۆڤێکی ژیر کەسێکە کە تەواو بەبێ هەستە. ئەو جۆرە دابەشکردنەی مرۆڤەکان لە فەلسەفەی سیاسیی ئەفلاتووندا، زۆر گرنگە کە دواتر لەو بارەوە دەدوێین.

## زانیناسی

مێتافیزیکی ئەفلاتوون بایەخێکی زۆری بۆ زانیناسیی ناوبراو هەیە. ئەفلاتوون دەڵێت ئێمە لە ڕێگەی هەست و سۆزەکانمانەوە زانست و زانیاریی سەبارەت بە دنیای ڕووکەش و ماددیی دەوروبەرمان بەدەست دەهێنین، بەڵام لە ڕێگەای بیرکردنەوەی ژیرانە و ئاوەزمەندانەوە زانیاریی سەبارەت بە دونیای فۆرمەکان بەدەست دەهێنین، لەبەر ئەوەی دنیای ئیدەوفۆرمەکان، دونیایەکی پلەبەندی

کــراوە و تاکوو بمانەوێت لەگەڵ فۆرمی پێشــکەوتووتر و بەرزتر پێوەندی بگرین، پێویســتیمان بە بیرکردنــەوەی ژیرانەتر و قووڵتر هەیە. بۆیە تەنیا فەیلەســووفەکان دەتوانــن لەگەڵ فۆرمە بەرز و پێشــکەوتووەکان پێوەندی بگرن، لەوەش زیاتر تەنیا فەیلەســووفە هەرە زیرەکەکان دەتوانن لەگەڵ فۆرمە هەرە بەرزەکە (خێر و چاکە) پێوەندی دامەزرێنن، پێوەندییەکی لەو جۆرەش تەنیا لە ڕێگەی ئەزموونێکــی نادیــارەوە (mysterious experience) لواوە و ئەگــەری هەیە. مرۆڤ بۆ ئەوەی بگاتە ئەزموونێکی لەو چەشــنە، پێویســتە ســاڵانێکی زۆر و دوورودرێژ لە ڕێگەی پەشمینەپۆشی، خۆنەویســتی و ســۆفیگەرییەوە خۆی بۆ ئامادە بکات. لە هێمای ئەشــکەوتەکەدا بەندکراوەکان لە ڕێگەی ئەو کەسەی لە ئەشکەوتەکە ڕادەکات، پێوەندی لەگەڵ دنیای ڕاستەقینە دادەمەزرێنن.

بــە گوتەی ئەفلاتــوون زۆربەی خەڵک تەنیا ســەرقاڵی کاروباری ڕۆژانەی ئــەو ژیانەن، ئەوان گیرۆدەی دەســتی ئەو ڕاستەقینە ماددییەن کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە زەق دەبێت، بیر ناکەنەوە، هەســتەکانیان ئاراســتەیان دەکەن، کاتێک برســی دەبن دەخۆن، کاتێک ماندوو دەبن دەخەون و هتد... خەڵکی ئاسایی ناتوانن پێوەندیی نادیار لەگەڵ بنەما و شتە بنەڕەتییەکان کە تەنیا لە دنیای ڕاستەقینە و ڕەســەنی فۆرمەکاندا هەن، دامەزرێنن. ئەفلاتوون دەیوت هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری، بریتییە لە گەڕان بەدوای خێردا تاکوو زانیاری و تێگەیشتنی مرۆڤ قووڵتر بێت، لە پلەیەکی بەرزتر و پێشکەوتووتردا جێ دەگرێت.

ئەفلاتــوون لــەو بارەیــەوە تا ئەو ڕادەیــە چووە پێش کــە بێژێت مرۆڤ ناتوانێــت لە ڕێگەی هەستەکانییەوە زانست و زانیاری بەدەست بێنێت. ناوبراو بەو جۆرەی خوارەوە پاکانەی بۆ ئەو بیر و بۆچوونەی خۆی کردووە؛ سوقرات لە تایتیتوس بەرزتر و لە ئاشیل خوارتر بوو. کەواتە سوقرات هەم بــەرز بوو هەم نــزم! ئەفلاتوون پێی وا بوو کە ئەوە خۆی ناتەبایی و دژایەتیی تێدایە. کاتێک مرۆڤ ســاغ و تەندروستە، تامی شەراب شــیرینە، بەڵام کاتێک نەخۆشین، تامی شەراب ترش و تاڵە. لەو بارەیەوە دەتوانین گەلێک نموونە بهێنینەوە، بەڵام قســەی ســەرەکی ئەوەیە کە؛ هەستەکان ناتوانن زانیارییەکی ڕاست و دروست سەبارەت بە ڕاستیی ڕاستەقینەی هەستپێکراوی دەوروبەرمان بە ئێمە بــدەن. ئەفلاتوون دەیوت ئێمە لە ڕێگەی چاوەکانمانــەوە دەبینین نەک بە چاوەکانمان، لە ڕێگەی گوێیەکانمانەوە دەبیستین نەک بە گوێیەکانمان، هەروەها دەیوت ئەو زانست و زانیارییەی لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە بەدەستی دەهێنین، جێگەی بڕوا و متمانە نییە. ئەو لە درێژەی بەڵگەهێنانەوەکەیدا دەڵێــت ئێمە زانســت و زانیاریی ئەوتۆمان هەیە کە لە ڕێگەی هەســتەکان بەدەســت نەهاتووە، هیــچ ئەندام یان ئۆرگانێکی ئەوتۆمان نییە کە بتوانێت چاکە و خراپە هەســت پێ بکات، زانســت و زانیارییەکــی لەو جــۆرە تەنیا لە ڕێگەی بیرکردنەوە، ڕامان، تێفکریــن و لێوردبوونەوەی قووڵەوە بەدەســت دێت. کەواتە ئێمە تەنیا لە ڕێگەی ڕامان، بیرکردنەوە، ژیری و تێگەیشــتنەوە دەتوانین زانیاریی گرینگ بەدەست بهێنین.

ئەفلاتوون تەنانەت دەیوت فێربوونی زانست و زانیاری شتێک نییە بێجگە لە پەردەلادان لەسەر ئەو زانست و زانیارییانەی کە بە شێوەی هۆشەکی و خۆڕسک کە دێینە سەر دنیا، هەمانن. هەموو کەسێک کە دێتە سەر دنیا هەموو ئەو زانست و زانیارییانەی هەن کە دەکرێت بەدەست بێن، (ڕۆح پێش لەدایکبوون لە دنیای  ئیدەوفۆرمەکاندا دەمێنێتەوە) هەموو فێربوونێک بریتییە لەوەی کە ئەو زانست و زانیارییە لە ڕێگەی پرسیار و وتووێژەوە بێنینە پێشەوە.

ئەگەر کەسێک لە تیۆریی دنیای ئیدەو فۆرمەکانی ئەفلاتوون تێ بگات، بە ئاسانیش دەتوانێت لە تیۆریی زانیناسی ئەو تێ بگات، هەر چەمکێک  فۆرم وئیدەیەکە، چەمکی "ئاژەڵ" فۆرمە بۆ ئاژەڵ، چەمکی "مرۆڤ" فۆرمە بۆ مرۆڤ و هتد... کەواتە چەمکەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ بوونیان هەیە. بەڵام لە ڕاستەقینەیەکی بەرزتردا هەن نەک لەو ڕاستییە ڕاستەقینەی کە هەستی پێ دەکەین. ئەو تیۆرییە تایبەتییە سەبارەت بە چەمکەکان پێی دەوترێت ئەوپەڕی ڕیئالیزم «extreme realism». جەوهەری ئەو تیۆرییە ئەوەیە کە چەمکەکان ڕاستەقینەن و بە شێوەیەکی سەربەخۆ هەن.

## ئاکار یا ئەخلاق

شتێکی ئاسایی نییە بایەخێکی زۆر بە ڕوانگەکانی ئەفلاتوون سەبارەت بە ئاکار بدەین، ئەو زۆرتر لە بوارەکانی مێتافیزیک، زانیناسی و فەلسەفەی سیاسیدا کاری کردووە، ڕاستییەکەی ئەوەیە ڕوانگەی ئەو سەبارەت بە ئاکار زۆر ڕوون نییە، لەوەش زیاتر وا دێتە بەرچاو کە ناوبراو لە ڕەوتی کار و چوونەپێشدا بۆچوونەکانی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ ئاکاردا گۆڕیون.

ئەفلاتوون لە سەرەتای کاردا لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە هەستەکانی پێخۆشبوون و پێخۆشنەبوون (feelings of desire and displeasure)، پێویستە وەک بنەما و پێوانەی ڕاستی و دروستیی کار و کردەوەکان لە بەرچاو بگیردرێن، کەچی دواتر گەیشتووەتە ئەو ئاکامە کە کاری دروست ئەوەیە شادی و خۆشبژیوی وەک ستاندارد و پێوانە بۆ هەڵسەنگاندنی کار و کردەوەکان دابنێین، بۆیە ئەو کەسێکی ئودایمۆنیست، (eudaimonist) بووە. ئەفلاتوون لەو بڕوایەدا بوو کە هەندێک شت بۆ هەمووان گرنگ و هاوبەشن، پێویستە هەموو هەوڵ بدەن بەدەستیان بخەن. گرنگترینی ئەو شتانە بریتین لە سامان، شەرەف و پرستیژ، خۆشی و چێژە جەستەییەکان، سڵامەتی و تەندروستی و تەمەندرێژی. ئەوانە بەڕاستی بە خێر و بەرەکەتی ڕاستەقینە لەقەڵەم دەدەرێن، بەڵام بۆ ئەوەی وەکوو خێر و بەرەکەت ئەژمار بکرێن، یەک مەرج لە گۆڕێدایە، ئەو مەرجەش ئەوەیە کە ئەو شتانە لە پرۆسەی ژیانێکی درێژخایەندا دابین و دەستەبەر کرابن، ژیانێک کە ئاوەز و شعوور و تێگەیشتن ڕێنوێنی و ئاراستەی کردبێت.

جیهانبینی و ڕوانگەیەکی لەو چەشنە، پێویستیی بە توانا و لێوەشاوەییی ئاکاری و ڕەوشتی هەیە، مەبەست لە کارامەیی و لێوەشاوەییی ئاکاری بریتییە لە بەکارهێنانی ئاوەز و ئاکار (تواناییی

بینینی ژیان بە شـێوەیەکی گشـتی)، ئازایەتی (توانای ئەوەی کە بترسـێ کاتێک ئاوەز بەڵگە و هۆکاری بۆ لە گۆڕێدابوونی ترس هەیە)، خۆڕاگری، بەخۆویران و خۆکۆنترۆڵکردن و دروستکاری.

دەزانین ئەفلاتوون پێداگری لەسـەر ئەوە دەکات کە چاکە یان خێر بە شـێوەیەکی سەربەخۆ بوونی هەیە، بۆیە بە ئاسـانی دەتوانین تێ بگەین کە مەبەسـتی ئەو لە ژیانێکی باش، بریتییە لەو ژیانەی کە ببێتە هۆی گەشـەی تواناکانی ئێمە بۆ دیتنـی ئیدەو فۆرمەکان و پێوەندیگرتن لەگەڵ دنیـای فۆرمەکان. بـە واتایەکی دیکە ژیانێکی باش لە ڕوانگـەی ئەفلاتوونەوە، بریتییە لە ژیانێکی بیرمەندانە و دوورکەوتنەوە لەم دنیایە، لەو پێوەندییەدا ئەفلاتوون زۆر دەچێتە پێش.

وەکوو باسـمان کرد ئەو دەیـوت ڕۆح پێش لەدایکبوون، بەر لەوەی ناچـار بکرێت لە لەش و جەستەی ماددی و خاکیدا جێگیر بێت، لە دنیای ئیدەوفۆرمەکاندا نیشتەجێ دەبێت و دەمێنێتەوە، بۆیە ڕۆح بەر لە هەرشـتێک ئارەزوو دەکات بگەڕێتەوە بۆ دنیـای فۆرمەکان، ئەوەش کاتێک دێتە پێـش کە مردن ڕوو بدات. کەواتـە ژیانی ئەو دنیایە تەنیا بە خۆئامادەکردن بۆ مردن دادەنرێت، لە خۆڕا نییە فەیلەسووفە ڕاستەقینەکان بە دوای مەرگدا دەگەڕێن و ئارەزووی مردن دەکەن. ئەفلاتوون ڕاسـتەوخۆ لە دیالۆگی فەیدوندا، لەزاری سـوقراتەوە دەڵێت: "دۆستانی ڕاستەقینە و ژیر، مەشق و ڕاهێنان لەسەر مردن دەکەن" (Platon: Faidon, Det Norske Samlaget, Oslo 1928, s.28).

## سیاسەت

ئەفلاتوون لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ژیانی باش تەنیا لە کۆمەڵگەیەکی باشدا ئەگەری هەیە، تەنانەت ئەو پێی وا بوو کە تاکی مرۆڤ دەبێت وەکوو بەشێک لە دەوڵەت سەیر بکرێت، ناوبراو لەو بڕوایەدا بوو کە دەوڵەت پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی هەیە، بۆیە بەشـەکانی ئەو ڕێکخراوەیە، واتە تاکەکەسەکان، پێویستە بەر لە هەر شتێک وەکوو بەشێک لە دەوڵەت چاویان لێ بکرێت، کەواتە تاک پێویستە سەر بە گشتی بێت. "W.T. Jones" م. ت. جۆنز؛ کە مێژوونوسێکی بەناوبانگی مێژووی فەلسەفەیە، بەو جۆرەی خوارەوە بیر و بۆچوونی ئەفلاتوون لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتەدا دادەڕێژێت: "پەنجەی پێ بۆ قاچە، قاچ بۆ ئێسقانە، ئێسقانەکان بە مرۆڤن، مرۆڤیش بۆ دەوڵەتە". (Jones I, p.175)

لەبەر ئەوەی کە زۆربەی خەڵک توانای بەدەستهێنانی ژیری و تێگەیشتوویی ئەوەیان نییە کە بە دوای چاکە و خێر بکەون، زۆربەیان ناتوانن ژیانی خۆیان بە جۆریک کۆنترۆڵ و ئاراستە بکەن تاکوو بتوانن ژیانێکی باشـیان هەبێت، بۆیە هەموو خەڵک دەبێت لەلایەن کەس یان کەسانێکەوە ڕێبەری و ئاراستە بکرێن کە توانای بەدەستهێنانی تێگەیشتوویی و ژیرییان هەیە، ئەفلاتوون ئەو بنەمایە بەو جۆرە فۆرمۆڵە دەکات: "یان شاکان دەبێت ببنە فەیلەسووف، یان فەیلەسووفەکان دەبێت ببنە شا".

بە بڕوای ئەفلاتوون دەوڵەت دەتوانێت لە هەموو ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵ و ئاراستەکردنی تاکەکانی مـرۆڤ کەڵک وەرگرێت، زۆر و گوشـاری فیزیکی لەلایەن دەوڵەتەوە کارێکی پەسـندە، بەڵام لە

درێژخایەندا کارایی نییە، کەواتە باشتر وایە تەنیا و تەنیا لە پڕوپاگەندا و بانگەشە کەڵک وەرگیرێت. باشترین ئامرازیش بۆ بانگەشە و پڕوپاگەندا بریتییە لە سیستەمی پەروەردە و بارهێنان، هەر کەس پێویستە بەو جۆرەی بۆی دەگونجێت پەروەرە بکرێت و خوێندنی بۆ دابین بکرێت، بەڵام ئامانجی سەرەکیی پەروەردە و خویندن دەبێت ئەوە بێت کە خەڵک فێری پێڕەوی لە کاربەدەستانی دەوڵەت بکات. کارێکی نەلواوە بۆ خەڵک ڕوونی بکەینەوە کە ئەمە باشترین ڕێگەی ڕێکخستنی کۆمەڵگایە، ئاخر زۆربەی خەڵک ناتوانن لە سروشتی ڕێکخراوەییی دەوڵەت تێ بگەن، بۆیە لە ئاکامدا ناتوانن قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بخەنە دوای قازانج و بەرژەوەندییە گشتییەکان.

ئەفلاتوون لە دەوڵەتدا پێناسەی کۆمەڵگەیەکی نموونەیی و ئیدەئاڵ دەکات، لێرەدا پەروەردەی منداڵەکانی هێندە بۆ گرنگە کە دەڵێت ئەو پرسە نابێت بە دایک و باوکەکان بسپێردرێت. ناوبراو دەڵێت منداڵەکان دەبێت لە دامەزراوە گشتییەکاندا پەروەردە بکرێن و هەموو دەبێت بە جۆرێک پەروەردە بکرێن کە باشترین دەرفەتی گونجاویان بۆ بەدەستهێنانی ژیری و تێگەیشتن بۆ گەیشتن بە خێر و چاکە بۆیان دابین بکرێت، بۆیە سیستەمی پەروەردە و بارهێنان پێویستە هەموو منداڵان، مێرمنداڵان و لاوان بخاتە ژێر چەتری خۆی و تاکوو تەمەنی بیست ساڵی هەموو دەبێت وەکوو یەک و بە شێوەیەکی یەکسان پەروەردە بکرێن و بخوێنن. خوێندن و فێربوون دەبێت لایەنە تیۆری و کردەوەیییەکان بگرێتە خۆ، واتە فەلسەفە و پەروەردەی جەستەیی دەبێت بخوێنرێن، لاوەکان دەبێت لە بواری جەستەیییەوە پەروەردە بکرێن، هەستی جوانیناسی بەدەست بهێنن، فێری فیداکاری و گوێڕایەڵی بن. لەو نێوەدا ڕاهێنان و پەروەردەکردنی لاوەکان لەسەر فیداکاری و گیانبازی، هێندە گرنگە کە نابێت بهێڵین دەستیان بە ئەدەبیاتێک بگات کە ئەوان تووشی ترس لە ئازار و مردن بکات، بۆ نموونە لە دۆخێک و ئەگەرێکی ئاوادا فەرماندەییکردنی ئەوان لە کاتی شەڕدا کارێکی دژوار دەبێت.

پاش تەواوبوونی ئەو بەشە لە بەرنامەی خوێندن، قوتابییەکان دەبێت بخرێنە ژێر تاقیکردنەوە، بەگوێرەی ئاکامەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە شوێن و پێگەی هەر کەس لە کۆمەڵدا دیاری دەکرێت، ئەوانەی لەو ئەزموونە دەرناچن، دەبنە جووتیار، کرێکار و بازرگان، (ئەوانە کەسانێکن کە بەشی شەهوانی و چاوچنۆکی بەسەر ئاگایی و وشیارییاندا زاڵە)، ئەو کەسانەی لەو ئەزموونە دەردەچن، بۆ دە ساڵی دیکەش درێژە بە خوێندن دەدەن و لە ئاکامدا دەبنە ئەفسەر، مامۆستا و کاربەدەستی دەوڵەت، ئەوانە کەسانێکن کە بەشی ئازای وشیارییان بەسەر ئاگاییاندا زاڵە، لەنێو ئەوانەشدا باشترینیان هەڵدەبژێردرێن و بۆ ماوەی پێنج ساڵی دیکە درێژە بە خوێندن دەدەن و لە ئاکامدا دەبنە فەیلەسووف. ئەو کەسانەی پاش تاقیکردنەوەی یەکەم بۆ ماوەی پازدە ساڵی دیکە دەخوێنن، وەکوو جووتیار و کرێکار و بازرگان لەنێو کۆمەڵ و کۆمەڵگەدا کاری کردەوەیی دەکەن، بەڵام کە کاتێک گەیشتنە تەمەنی پەنجا ساڵ دەتوانن ببنە کارمەندی دەوڵەت و وەکوو کاربەدەستی حکوومەت ئەرک بەڕێوەبەرن.

هاوســەرگیری تەنیا لەو فیســتیڤاڵە تایبەتییانەدا ئەگەری هەیە کە بە مەبەستی جووتگیری و زەماوەند ڕێک دەخرێن، هیچ کەس ناتوانێت هاوسەر یان جووتی خۆی هەڵبژێرێت، ئەو پرۆسەیە لە ڕێگەی تیروپشــکەوە جێبەجێ دەبێت. واتە ئەوە دەسەڵاتدارانن کە بڕیار دەدەن دوو کەس لەگەڵ یەک زەماوەند بکەن، بەڵام ئەوانەی بەو شــێوەیە دەبنە هاوســەری یەکتر، پێویستە بڕوا بەوە بکەن کە ئەوان لە ڕێگەی تیروپشکەوە پێک گەیشتوون.

منداڵان هەر لەســەرەتای لەدایکبوونیانــەوە لە دایک و باوکیان وەردەگیردرێن و بە شــێوەی بەکۆمــەڵ و گرووپــی، گەورە و پەروەردە دەکرێن، هیچ کەس نابێت دایک و باوکی ڕاســتەقینە و بیۆلۆژیی خۆی بناســێت، منداڵێک دەتوانێت هەر کەســێک کە بیهەوێت بە دایک یان باوک بانگی بکات، تەنیا ئەو ژنانەی تەمەنیان لە نێوان ٢٠ تا ٤٠ ساڵیدایە دەتوانن ببنە دایک، هەروەها تەنیا ئەو پیاوانەی تەمەنیان لە نێوان ٢٥ تا ٤٥ ســاڵیدایە دەتوانن ببنە باوک و لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە هیچ ڕێوشوێنێکی دیکە بۆ زەماوەند و هاوسەرگیری لە بەرچاو نەگیراوە، ئەگەر ژنێک دووگیان بێت و منداڵەکەی لەنێو نەبات، لەکاتی لەدایکبوونیدا منداڵەکە دەکوژرێت.

ئامانجی ئەو پڕۆژانە بریتییە لە لاوازکردنی پێوەندییە تاکەکســی و تایبەتییەکان و بەهێزکردنی ڕۆحیــەی ژیانــی بەکۆمەڵ و گرووپی. بە مەبەســتی بەهێزکردنی ڕۆحیــەی کۆمەڵایەتی و ژیانی بەکۆمەڵ، پێویستە خاوەندارێتیی تایبەتی لە هەر دوو چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵ قەدەغە بکرێت، ئەو کەســانەی سەر بەو دوو دەســتەی ســەرەوەی کۆمەڵن، تەنانەت مافی ئەوەیان نییە هەرێمی تایبەت و ژیانی تایبەتیشیان هەبێت. ئاخر ژیانی بنەماڵەیی و پێکهێنانی خێزان دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ قازانج و بەرژەوەندییە تایبەتی و تاکەکەسییەکانی خۆی بخاتە پێش قازانج و بەرژەوەندییە گشــتییەکان. لە بارودۆخێکی ئاوادا ژیانی بنەماڵەیی بۆ هەر کەســێک دەبێتــە ئامانجی بنەڕەتی، لەوەش زیاتر دارایی و سامان دەبێتە مایەی ململانێ و بەخیلی و چاوچنۆکی، ئەوەش هەلومەرجی ژیانی بەکۆمەڵ و گرووپی بەرەو لاوازی و پشێوی دەبات.

ئەفلاتوون لایەنگری ئەوە بوو کە پێویستە ئایینێکی فەرمی هەبێت و دەیوت مرۆڤ لە بنەڕەتدا لە ســێ مێتاڵ دروســت بووە؛ زێڕ، زیو و ئاسن. ئەوانەی لە زێڕ دروســت بوون پێویستە کاروباری دەوڵەت و کۆمەڵ بەڕێوە بەرن، ئەوانەش کە لە زیو دروست بوونە بریتین لە مامۆستایان، ئەفسەران و فەرمانبەرانــی دەوڵــەت، هەروەها جووتیار و کرێــکار و بازرگانەکانیش لە ئاســن پێک هاتوون، ئەفلاتوون هیچ بایەخێکی بەوە نەدەدا کە ئەو بۆچوونە ڕاست نییە.

## جوانیناسی

بەگوێــرەی تیۆریی ئیدە و فۆرمــەکان، ئەفلاتوون بڕوای وایە کە لە دنیــای فۆرمەکاندا، فۆرمێکی تایبەتیــش بــۆ جوانی هەیە، واتە جوانی فۆرم و ئیدەئالی خۆی لــەو دنیا بەرز و نا ماددییەدا هەیە

کە ئەفلاتوون باسی دەکات. ئەگەر هەست بە شتێکی جوان دەکەین (خۆرئاوابوون، پەیکەرێک یان ڕاکردنی ئەسپێک) بەو واتایەیە کە ئەوەی هەستی پێ دەکەین، وێنەیەکی ناتەواو و پڕ لە تەمومژی ئەو فۆرمە جوانییەیە کە لە دنیای فۆرمەکاندا بۆ جوانی هەیە.

شتە سروشتییەکان جوانتر لەنێو وێنەکاندا دیارن، بۆ نموونە ئەسپێکی جوان، زۆر لە وێنەی خۆی جوانترە، بەڵام ئەو ئەسپە سروشتییەش خۆی فۆرم یان دیمەنێکی ناتەواوە لە فۆرمی ئەسپ کە لە دنیای فۆرمەکاندا هەیە، بۆیە ئەفلاتوون لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە چێژوەرگرتن لە هونەر هەم بە لاڕێماندا دەبات و هەم نایەڵێت چێژ لە ڕاستەقینەی هەستپێکراو وەرگرین. بۆیە دەیوت دەبێت چێژ لە بنەمای جوانی یان فۆرمی جوانی وەرگرین، واتە هەوڵ دەدەین خۆمان بگەیەنینە جوانیی ڕەسەن و بنەڕەتی کە لە دنیای بەرزی ئیدەئالەکاندا هەیە، ئەوەش تەنیا لە ڕێگەی بیرکردنەوەی قووڵ و ڕامان و شۆڕبوونەوە بەنێو ناخی دەروونی خۆماندا ئەگەری هەیە. سەرەڕای ئەوەش ئەفلاتوون پێی وا بوو کە هونەر ئامرازێکی باشە بۆ تەڵقین (indoctrinate) و شوێندانەری لەسەر کۆمەڵانی خەڵک، هەر بۆیە دەوڵەت دەبێت تێ بکۆشێت و دڵنیا بێت لەوەی کە هونەری "ڕاست و دروست" (correct) بە خەڵک بگات، وەکوو پێشتر گوتمان ئەفلاتوون لایەنگری ئەوە بوو کە هەندێک جۆری بەرهەمە ئەدەبییەکان قەدەغە بکرێن، لەوەش زیاتر لەو بڕوایەدا بوو کە هەندێک جۆری گۆرانی و مۆسیقاش کە خولق و خووی خەڵک تێک دەدەن، پێویستە قەدەغە بکرێن.

## ئەریستۆ (Aristoteles)

*مێتافیزیک*
*زانیناسی*
*ئێتیک*
*سیاسەت*
*جوانیناسی*

ئەریستۆ (٣٨٤-٣٢٢ پ.ز) قوتابیی ئەفلاتوون بوو، بە لاوی لە ئاکادێمیا واتە قوتابخانەکەی ئەفلاتووندا فەلسەفەی خوێند. فیلیپ، پادشای مەقدۆنیە، داوای لە ئەریستۆ کرد بەرپرسایەتیی پەروەردە و فێرکردن و بارهێنانی کوڕەکەی، واتە ئەسکەندەر، کە دواتر بە ئەسکەندەری گەورە ناوبانگی دەرکرد، بگرێتە ئەستۆ. سەرەڕای ئەوەش، شوێندانەریی فەلسەفەی ئەریستۆ بەسەر سیاسەتەکانی ئەسکەندەرەوە زۆر بەکەمی دەبینرێت، خەڵکی ئاتێن دوژمنایەتییان لەگەڵ مەقدۆنیە هەبوو، کاتێک ئەسکەندەر مرد، ئەریستۆ لەوە ترسا کە پێوەندیی نزیکی ئەو لەگەڵ بنەماڵەی پادشاییی مەقدۆنیە، ئاکامی نالەبار و پڕکارەساتی بەدوادا بێت، بۆیە ڕایکرد. ئەو بە لەبەرچاوگرتنی چارەنووسی سوقرات گوتی؛ نەیدەویست "ڕێگە بدات کە ئاتێن جارێکی دیکە دژایەتی لەگەڵ فەلسەفە بکات". ئەریستۆ

لە نووسراوە سەرەتاییەکانیدا بە ئاشکرا لەژێر کاریگەریی ئەفلاتووندایە، بەڵام دواتر ڕوانگە و بۆچوونەکانی بەرەبەرە بەرەو سەربەخۆیی زۆرتر چوون.

سەرەڕای ئەوەش ئەریستۆ هەر نەیتوانی بەتەواوەتی خۆی لە دەستی مامۆستا مەزنەکەی ڕزگار بکات، لەخۆڕا نییە هەندێک توخمی فەلسەفەی ئەفلاتوونی تاکوو ئاخر لە فەلسەفەی ئەریستۆشدا هەر دەردەکەون. ئەریستۆ لە خاڵێکی بنەڕەتیدا جیاوازیی لەگەڵ ئەفلاتووندا هەیە: ئەو نەیدەتوانی هاوڕای ئەوە بێت کە ئەو شتەی ئێمە ئەزموونی دەکەین، ئەو شتەی هەموو سات و کاتێک هەستی پێ دەکەین، ڕاستەقینە نییە، بەڵام ئەو شتەی کە ناتوانین ئەزموونی بکەین یان هەستی پێ بکەین، ڕاستەقینە، هەروەها ئەریستۆ گەرەکی بوو پێگە بۆ ئاوەز و ڕێکاری عەقڵگەرایی ژیرانە (ئینتێلێکتواڵیزم) وەکوو ڕێگەیەک بۆ زانیناسی و بەدەستهێنانی زانست و زانیاری سەبارەت بەو جیهانە، بگێڕێتەوە. ـ بە پێچەوانەی عەقڵگەرایی ڕیئالیزمی ئەفلاتوون.

## مێتافیزیک

ئەریستۆ ئەو بۆچوونەی ڕەت کردەوە کە دەبێژێت ڕاستییەکی دیکە هەیە کە لەوێدا ئیدەو فۆرمەکان بە شێوەی سەربەخۆ هەن. بە ڕای ئەریستۆ تەنیا جیهانێک هەیە، ئەویش ئەو دنیایەیە کە ئێمە لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە ڕاستەوخۆ ئەزموونی دەکەین و گوتی ئەوەی ئەفلاتوون بە ناوی ئیدەو فۆرمەکان باسیان دەکات، تەنیا واتایین (abstractions)، بۆیە ئەفلاتوون لە هەڵەدایە کە دەڵێت ئەو واتاییانە شتێکن کە لە ڕەهەندێکی تردا بوونی سەربەخۆیان هەیە.

سەرەڕای ئەوەش ئەریستۆ بڕوای بەوە هەبوو کە فۆرمەکان بوونیان هەیە، بەڵام نەک بە شێوەیەکی سەربەخۆ و جیا لەو شتانەی کە ئێمە هەستیان پێ دەکەین، بەڵکوو وەکوو بەشێک لەوان و هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەری خۆماندا هەستیان پێ دەکەین لە دوو بەش پێکهاتوون؛ فۆرم و ماددە. ماددە ئەو شتەیە کە شتەکەی لێ دروست بووە، بەڵام فۆرم ئەوەیە کە ئەو شتەی کردووەتە شت و هەیە. بۆ نموونە هەموو ئەسپەکان لە فۆرم و شێوەی ئەسپدا هەن، هەموو پشیلەکان شێوەی پشیلەیان هەیە و هەموو کورسییەکان لەسەر شێوەی کورسین و هتد... شێوە یان فۆرم وا لە شتەکان دەکات کە چۆن بن و چۆن بێنە بەر چاو، هەر بۆیە فۆرم بە جەوهەری شتەکان دادەنرێت.

ئەریستۆ لە گۆڕانکارییش دواوە و لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ڕاستی شتێکی نەگۆڕ، واتە وەستاو نییە، بەڵکوو لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕی بەردەوامدایە. ڕاستی دینامیکە و هەموو شتەکان گەلێک توانا و شانس و هەروەها زۆر لێوەشاوەیی و ئەگەری دیاریکراویان (possibilities, potentials) لە خۆیاندا هەڵگرتوون، کاتێک شتێک ئاڵوگۆڕی تێدا پێک دێت، واتای ئەوەیە کە ئەو شتە لە توانا و ئەگەری خۆی تێگەیشتووە. کۆرپەیەکی ساوا توانای ئەوەی تێدایە گەورە بێت، پیر بێت و بمرێت. بەڕوو توانا

و ئەگەری ئەوەی تێدایە گەشە بکات و ببێتە داربەڕوو هتد... هەموو ئاڵوگۆڕەکان بەگوێرەی ئەو توانا و ئەگەر و دەرفەت و شانسە دیاریکراوانە ڕوو دەدەن کە شتەکان لە ناخی خۆیاندا هەڵیانگرتوون. تاکوو ئەو کاتەی کە شتەکان لە ناوەڕۆکی خۆیاندا ئەو توانا و ئەگەرە دیاریکراوانەیان هەن، ئەو ئەگەر و توانا دیاریکراوانەش ڕەوت و ئاراستەی ئاڵوگۆڕەکان دەستنیشان دەکەن. ئەوە بە واتای ئەوەیە کە بەڕوو گەشە دەکات و دەبێتە داربەڕوو، (بەو مەرجەی ئاو و خاک و ڕووناکی و هتد... پێویستی بۆ دابین بێت)، بەڕوو ناتوانێت ببێتە شتێکی جیا لە دار بەڕوو، بۆ نموونە بەڕوو هیچکات نابێتە پرتەقاڵ یان شتێکی دیکە، بە واتایەکی تر سروشت یاساباوەڕە، واتە سروشت یاساگەلێکی تایبەت بە خۆی هەیە و بەگوێرەی ئەو یاسایانەش دەڕواتە پێش. ئەریستۆ بە پێچەوانەی هیراکلیت و ئەوانی دیکە، لەو بڕوایەدا بوو کە پرۆسەکان بە شتی سەرەکی دانانرێن، بەڵکوو شتە ماددی و فیزیکییەکان سەرەکی و بنەڕەتین، چونکە پرۆسە هەمیشە لە شتێکی فیزیکیدا ڕوو دەدات. بۆیە هیچ ڕەوت و پرۆسەیەک ناتوانێت بەبێ بوونی شتە ماددی و فیزیکییەکان بوونی هەبێت.

بە گوێرەی وتەکانی ئەریستۆ ڕاستی بە شێوەی پلەبەند و ئامانجدارە، (hierarchical and teleological)، مەبەستی پلەبەندی لە سروشتدا ئەوەیە کە هەموو شتێک لەو سیستەمەدا شوێن و پێگەی تایبەت بە خۆی هەیە. مەبەست لە ئامانجداربوونی سروشت ئەوەیە کە هەموو شتێک لەو سیستەمەدا ئامانجی تایبەت بە خۆی هەیە و بە ئاراستەی ئەو ئامانجە دیاریکراوەدا گەشە دەکات و دەڕواتە پێش.

شتە بێگیانەکان دەکەونە پلەی هەرە خوارەوە؛ بەرد، خاک، خۆڵ و ئاو هتد... ئەو شتانە بێ گیان و بێ ڕۆحن، ڕووەکەکان واتە گیاکان دەکەونە لای سەرەوەی ئەو شتە بێڕۆحانە، گیاکان زیندوون، ماددە خواردەمەنییەکان وەردەگرن و توانای گەشەیان هەیە، ئەوان ڕۆحێکی گیاییان (egetative soul) هەیە. ئاژەڵەکان دەکەونە سەرووی ڕووەکەکان، ئاژەڵەکان هەموو ئەو تیابەتمەندییانەی ڕووەکەکانیان هەیە، لەوەش زیاتر توانای هەستکردنیان هەیە، دەتوانن هەست بە پێداویستییەکانی خۆیان بکەن، هەروەها دەتوانن بۆ دابین و دەستەبەرکردنی ئەو پێداویستییانە تێکۆشن و بجووڵێنەوە. هەروەها ڕۆحێکی هەستیار و پڕجووڵەیان هەیە، ئێمە مرۆڤەکان دەکەوینە سەرەوەی هەموو زیندەوەر و گیانلەبەرەکان، مرۆڤ خاوەنی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەیە کە ئاژەڵەکان و گیاندارانی تر هەیانە، سەرەڕای ئەوە توانای بیرکردنەوەی لۆژیکی و ئاوەزمەندانە و ژیرانەی هەیە. لەبەر ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی ژیرە، دەرفەت و مەجالی ئەوەی هەیە کە ڕاستی و دروستی و خێر و چاکە بناسێت، ئامانجی ژیان بۆ مرۆڤ بریتییە لەوەی کە بەگوێرەی ئەو تایبەتمەندییە ئاوەزمەندانە بژی و بڕواتە پێش.

مێتافیزیکی ئەریستۆ بەو واتایەش دێت کە خودایەک هەیە و بە پاڵنەری یەکەم دادەنرێت، «First Mover»، ئەو خودایە هەموو شتێکی لەو گەردوونەدا وەڕێ خستووە، ئەو جیا لە وەڕێخستنی شتەکان کارێکی دیکەی نەکردووە، دنیای دروست نەکردووە و ناشتوانێت دەست لەو ڕووداوانە وەر

بدات کە لە گەردووندا ڕوو دەدەن، هیچ بایەخێکیش بە مرۆڤەکان و چارەنووسی ئەوان نادات. لای ئەریســـتۆ ئەو خودایە تەنیا بە پێداویســـتییەکی مێتافیزیکی لەقەڵەم دەدرێت و بەس، مەبەست لەو خودایە ئەوە نییە کە خەڵک بیپەرستن و عیبادەتی بکەن.

## زانینناسی

ئەریســـتۆ بێجگە لەوەی کە فەیلەســـووف بوو، بایەخێکی زۆریشی بە زانستە سروشتیەکان دەدا، بە شێوەیەکی سەرەکی حەزی لە زیندەوەرزانی بوو، تاکوو ئەو جێگایەی بۆی لوا، کارێکی زۆری لەسەر پۆلێنکردنی ژیانی ڕووەکی و ئاژەڵی کرد، لەو پێوەندییەدا هەموو تێبینییەکانی خۆی بە وردی تۆمار دەکرد. کار و لێکۆڵینەوەکانی خۆی بە شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێک و تەواو ڕادەپەڕاند، لێرەدا بابەتێکی گرنگی فەلســـەفی لە گۆڕێدایە؛ هەموو زانســـت و زانیارییەک لە ڕێگەی چاوەدێرییەوە بەدەســـت دێـــت (observation)، کەواتە ڕێکاری ئەریســـتۆ ڕاســـت بە پێچەوانەی ڕێـــکاری ئاوەزتەوەریی (rationalism) ئەفلاتوونە و لە ڕێکاری ئەفلاتووندا، هیچ جێگەیەک بۆ چاوەدێریی ڕاســـتەوخۆی ڕاستییەکان نییە، ئەگەر هەشبێت زۆر کەم و بێ بایەخە. ئاوەزتەوەری لە ڕێگەی هەندێک گریمانەی (premises) کەم و زۆر سەرەتاییەوە تیۆریی هەموو لایەنەکان بەدەست دەهێنێت.

هەروەها ڕێکاری چاوەدێریکردنی ڕاســـتەوخۆی سروشـــت، بنەمایەک بوو بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو بانگەشـــەیەی پارامێندیس کە دەیوت ئەگەری گۆڕان لە هیچ شـــتێکدا نییە. قسەی ئەریستۆ ئەوە بوو کە چونکە ئێمە ڕاســـتەوخۆ دەتوانین چاوەدێریی ئاڵوگـــۆڕەکان بکەین و ببینین کە گۆڕان ڕوو دەدات، (دەکرێت ببینین ئاشیل پێش کیسەڵەکە دەکەوێت) کەواتە ئاڵوگۆڕ دیاردەیەکی ڕاستەقینە و حاشـــاهەڵنەگرە. هەروەها ئەریســـتۆ بیر و بۆچوونەکانی زێنونیشی خستنە بەر نەشتەری ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و نیشانی دا کە هەڵەکانی ناوبراو لە کوێدان.

ئەریســـتۆ بەرانبەر بە بۆچوونی ئەو کەســـانەش کە دەیانوت ئەگەری هەیە هەســـتەکان زانیاریی نادروست و هەڵەمان پێ بدەن، ڕاوەستا. وەکوو پێشتر باسمان کرد، ئەو دەستەیە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کـــە ناکرێت متمانە بە هەســـتەکان بکەین چونکە (ئەگەر نموونەیەکی ســـەردەم بێنینەوە) هێڵەکانی شەمەندەفەر لە دوورەدەستدا پێک دەگەن. ئەریستۆ پێی وا بوو ئەو زانیارییانەی لە ڕێگەی هەســـتەکانەوە پێمان دەگەن، بە شـــێوەیەکی ئاسایی، نە ڕاستن و نە هەڵەن، ئەوانە هەر بەو جۆرەن کە هەن. ئەوەی دەکرێت ڕاست یان هەڵە بێت، بریتییە لە چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنی ئەو زانیارییانەی کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەستمان کەوتوون، ئەگەر بڕوانیە ئەو سەری هێڵەکانی شەمەندەفەر و وا لێکی بدەینەوە کە لە دوورەدەستدا پێک دەگەن، ئەوە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئێمەیە کە هەڵەیە، بە گوتەی ئەریســـتۆ وا باشترە کە بڵێین شتەکان تاکوو دوورتر بن، بچووکتر دێنە بەرچاو و هەر بەم هۆیەش تاکوو ڕێلەکانی شەمەندەفەر پتر لێمان دوور دەکەونەوە، ماوەی نێوانیان کەمتر دەبێتەوە.

زۆرن ئەوانەی کار و هەوڵەکانی ئەریستۆ لە بواری لۆژیکییەوە بە شاکاری هەرە گەورەی ناوبراو دەزانــن، دەبێت بگوترێت کە پێش ئەریســتۆش بیرکردنەوەی ژیرانە هەبووە.، بەڵام ڕاســتییەکەی ئەوەیە کە ئەریســتۆ بوو بۆ یەکەمجار ڕێوشوێن و پرەنســیپی دیاریکراوی بۆ بیرکردنەوەی لۆژیکی و ژیرانە دانان. مەبەســت ئەو یاسا و ڕێســایانەن کە تایبەتن بەو بوارەی فەلسەفە کە پێی دەوترێ لۆژیک (کارەکانی ئەریســتۆ لەو بوارەدا گەورە و بەرچاون، بــەڵام بێ کەموکوڕی نین). بیرمەندانی دیکەی دوای ئەویش بۆ نموونە کەسانی وەکوو تۆماس ئەکویناس و جان ئیستیوارت میل، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پەرەپێدانی پرەنســیپەکانی لۆژیکدا گێڕاوە. لە بەشــی یەکەمــی ئەو کتێبەدا، وەکوو ڕێکاری دیبەیت و لێکۆڵینەوە باسی لۆژیکمان کرد، لێرەدا بۆچوونەکانی ئەریستۆ سەبارەت بە لۆژیک دەخەینە بەرچاو.

وا بــاوە کە یاســاکانی لۆژیک بریتیــن لە کۆمەڵە ڕێوشــوێنیکی دڵبەخــوازی ئەوتۆ کە هیچ پێوەندییەکیان بە ڕاســتیی ڕاســتەقینەوە نییە، ئەو یاســایانە دەکرا بەتەواوەتی بە جۆرێکی دیکە بوایەن، کەچی ڕوانگەی ئەریســتۆ لەو بارەوە بە جۆرێکی دیکە بوو. ئەو بڕوای وا بوو کە یاســاکانی لۆژیک لەسەر ئەو ڕاســتییە مێتافیزیکییە دامەزراون کە ناتەباییەکان لە ڕاستەقینەدا بوونیان نییە (شــتێک لە یەک کاتدا ناتوانێــت تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی هەبێت و نەیبێتیش) کەســێک یاســاکانی لۆژیک لە بەرچاو نەگرێت، تووشــی جۆرێک ناتەبایی دەبێت کە دەتوانین لە ڕێگەی ئەو نموونەیەی خوارەوە ئەو ناتەباییە ڕوون بکەینەوە.

"هەموو مرۆڤەکان دەمرن"، "سوقرات مرۆڤە"، ئاکام: "سوقرات قەت نامرێت". لێرەدا ئێمە لەگەڵ ناتەباییەک بەرەوڕووین، چونکە لە لایەک دەڵێین "هەموو مرۆڤەکان دەمرن"، لە هەمان کاتدا دەڵێین سوقرات کە مرۆڤێکە قەت نامرێت". بەگوێرەی ڕوانگەی ئەریستۆ، یاسا و ڕێساکانی لۆژیک ڕیشەیان لە ڕاستیی ڕاســتەقینەدایە، ئەو جۆرە بۆچوونە ســەبارەت بە لۆژیک، بۆچوونێکی گەردوونناسانەیە (ontological). تیۆرییەکەی ئەریســتۆ لەمەڕ چەمکەکان، پێی دەوترێت ڕیئالیزمی مامناوەندی، (moderate realism). بەگوێرەی ئەو تیۆرییە هەموو شتەکان جەوهەرێکی مێتافیزیکییان هەیە، ئەو شــتانەی لەژێر چەمکێکدان، یەک جەوهەریان هەیە، هەموو ئەسپەکان "جەوهەر"ی ئەسپیان تێدایە، هەموو ترۆمۆبیلەکان، جەوهەری ترۆمۆبیلیان تێدایە و هەموو ئەو شتانەی کە لەژێر چەتری یەک چەمکدان، یەک جەوهەریان تێدایە. لە ڕێگەی دۆزینەوەی ئەو جەوهەرە بنەڕەتییەیە کە ئێمە دەتوانین چەمک و زاراوەکان ساز بکەین.

## ئاکار

لە پێوەندی لەگەڵ ئاکار و ڕەوشتیشدا، ئەریستۆ لە شێوەی سوننەتیی خۆی کەڵکی وەرگرتووە، واتە ڕاســتیی ڕاســتەقینەی لە بەرچاو دەگرت، ئەو بە چاوەدێریکردنی کەسانی ژیر و وشیار دەستی پێ

کرد، بۆ نموونە ئاخۆ ئەو کەسانە چۆن دەژین و چی دەکەن؟ و هتد... ناوبراو ڕێکار و تیۆرییەکانی دیکەی سەبارەت بە لۆژیک و زانیناسی، وەکوو خاڵی دەستپێک بۆ داڕشتنی تیۆرییە ئاکارییەکان بەکار هێنا. هەموو ئەو شتانەی هەن توانا و ئەگەر و لێوەشاوەییی دیاریکراوی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەوە بۆ مرۆڤیش هەر ڕاستە. مرۆڤ لە ناخی خۆیدا گەلێک توانا و لێوەشاوەییی کەرەستە و هەلومەرجی جۆراوجۆری هەڵگرتوون، ژیانێکی دروست و باش بۆ مرۆڤ ئەوەیە کە بتوانێت ئەو توانا و کەرەستە و لێوەشاوەییانەی بەکار بهێنێت و بەپێی ئەوان بڕواتە پێش، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت بە باشترین شێوە لە کەرەستە و توانا و لێوەشاوەییەکانی خۆی کەڵک وەرگرێت، پێویستە تایبەتمەندییە مرۆڤییەکانی خۆی بەکار بهێنێت، واتە ئەو توانا و تایبەتمەندییانە بەکار بهێنێت کە تایبەتن بە مرۆڤ و لە ئاژەڵی جیا دەکاتەوە. واتای ئەو قسە ئەوەیە کە مرۆڤ پێویستە لە ئاوەز و بیری کەڵک وەرگرێت. بە پێچەوانەی ئەفلاتوون، ئەریستۆ لەو بڕوایەدا بوو کە هیچ خێر و چاکەیەک سەربەخۆ لە پێویستی و پێداویستییەکانی مرۆڤ بوونی نییە، هەر شتێکی باش، بۆ شتێک باشە و بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک باشە.

لە ڕوانگەی ئەریستۆیەوە مرۆڤ پێویستە جوان و باش بژی، بۆ مرۆڤ مەبەست لە ژیان ئەوەیە کە باش بژی، بۆ ئەوەی کە باش بژی، پێویستە لە توانا و دەرفەت و کەرەستە و شانس و لێوەشاوەییەکانی خۆی کەڵک وەرگرێت، ژیانی باش ئەوەیە کە مرۆڤ بەگوێرەی توانا و تایبەتمەندییەکانی خۆی بژی و بڕواتە پێش. ئەو جۆرە ڕەوشتە و ئاکارە پێی دەوترێت ئیودایمۆنیزم (eudaimonism). باشترین شێوەی ژیان و ژیانکردن ئەوەیە کە مرۆڤ تاکوو ئەو جێگەیەی کە بۆی دەلوێت لە ئاوەز کەڵک وەرگرێت، بۆیە ئەریستۆ پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە مرۆڤ پێویستە بیر بکاتەوە، ڕامێنێت و قووڵ بێتەوە و وەکوو بیرمەند بژی. واتە مرۆڤ پێویستە بیر لە بابەتە واتاییەکانی وەکوو بیرکاری، ئەستێرەناسی و زانستە سروشتییەکانی دیکە بکاتەوە و تێیاندا قووڵ بێتەوە، لەوەش زیاتر ئەریستۆ لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ژیانێکی باش ئەوەش دەگرێتەوە کە مرۆڤ تەندروست و سڵامەت بێت، خۆش ڕابوێرێت، ئاسایشی کۆمەڵایەتیی هەبێت، دۆست و هاوڕێی باش و کوڕ و کچی ژیر و ئاکارباشی هەبن.

کاتێک سەبارەت بە ئاکار باسی تیۆریی ئەریستۆ دەکەین، ناکرێت تێزە بەناوبانگەکەی ناوبراو (واتە؛ نێوەنجیەتیی زێڕین) لەبیر بکەین، ئەو دەیوت زۆر گرنگە مرۆڤ دەستبڵاو و هەڵەخەرج نەبێت، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە مرۆڤ نابێت ڕەزیل و لەڕادەبەدەر لەچەر بێت، دروست ئەوەیە کە نێوەنجیی زێڕین بەدەست بهێنین و بەگوێرەی ئەو پرەنسیپە بجووڵێینەوە. واتە دروست ئەوەیە کە بەخشندەیی و دلۆڤانییەکی هاوسەنگمان هەبێت، نە زۆر دەستبڵاو بین و نە زۆریش ڕژد و قڕنیس بین، هەر بەو جۆرەی کە مرۆڤ نابێت ترسەنۆک بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت زۆریش بێباک بێت. وەکوو گوتمان باشترین چارەسەر ئەوەیە کە نێوەنجیی زێڕین هەڵبژێرین، واتە لە هەموو

بوار و گۆڕەپانەکانی ژیاندا، بە هەموو ئاراستە و ڕەهەندەکاندا، مرۆڤ دەبێت خۆی لە توندڕەوی دوور بگرێت، واتە پێویستە ئیکستریمیست نەبێت (Extreme).

ئەو تیۆرییە ڕەنگە وەکوو بیردۆزییەکی ئاسایی و جێی متمانە بێتە بەرچاو، بەڵام بە ئاسانی تووشی خراپ تێگەیشتنمان دەکات. ئەوە بەو واتایە نییە کە مرۆڤ لە هەموو شتێک و لە هەموو بوارێکدا دەبێت هەوڵ بدات نێوەنجیی زێڕین بدۆزێتەوە، ئاخر لەنێوان درۆ و ڕاستیدا چۆن دەکرێت نێوەنجیی زێڕین بدۆزینەوە؟ مەبەستی ئەریستۆ ئەوە بوو کە ئەگەر هەر دوو لایەنی ئەو پەڕاوپەڕی بابەتێک هەڵە بوون یان توندڕەوییان پێوە دیار بوو، وەکوو ترسەنۆکی و نەترسی (گەمژەیی)، باشترین ڕێگاچارە ئەوەیە کە نێوەنجیی ئەوان هەڵبژێرین، ترسەنۆکی باش نییە، بەڵام ئەوەش باش نییە مرۆڤ بە ناوی ئازایەتی هێندە بێباک بێت کە بە سانایی و بێ لێکدانەوە، خۆی بە ئاو و ئاگردا بدات، کارێکی ئاوا نەک هەر ئازایەتی نییە، بەڵکوو بە گەمژەیی و کاڵفامی دادەنرێت.

## سیاسەت

لەو بوارەشدا ئەریستۆ هەر پشت بە نەریتەکەی خۆی، واتە بە ڕێکاری چاوەدێریکردنی ڕاستەقینە بۆ وەرگرتنی زانیاری دەبەستێت.

ئەو لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوکارەکانی، سیستەمی حکوومەتی و یاسا بنەڕەتییەکانی، لە پتر لە ١٥٠ ئەیالەتدا خستنە بەر لێکۆڵینەوە و لە لێکۆڵینەوەکەیدا چۆنیەتیی کارکردی حکوومەت و سیستەمی سیاسیی لەو ئەیالەتانە بە ڕوونی خستنە بەرباس و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەوانی نیشان دان.

ئەریستۆ سەرەڕۆیی (tyranny)، واتە سیتەمێکی حکوومەتی کە لەوێدا تاقە کەسێک دەسەڵات بەپێی پێخۆشبوون و بڕیاراتی خۆی بەڕێوە دەبات، بە خراپترین چەشنی حکوومەت دادەنێت، لە ڕوانگەی ئەریستۆ ئەو شێوە حکوومەتە بە جۆرێک توندڕەوی لەقەڵەم دەدرێت. لە لایەکی دیکەشەوە ئەریستۆ لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە دێموکراسییش، واتە دەسەڵاتداریی خەڵک، جۆرێک لە دیکتاتۆریی زۆرایەتیە، ئاخر ئەو سیستەمەش هیچ بایەخێک بۆ تاکەکەس دانانێت، بۆیە ئەریستۆ لێرەشدا هەر "نێوەنجیەتیی زێڕێن"ـی بە ڕێگەچارە دەزانی. ئەو دەیوت باشترین سیستەمی حکوومەتی بریتییە لە حکوومەتێکی ئەریستۆکراتی، واتە ئەریستۆ دەیوت کۆمەڵگە پێویستە لەلایەن دەستە، تاقم، گرووپ و کەسە بلیمەت و (elite) نوخبەکانەوە بەڕێوە ببرێت.

## جوانیناسی

ئەریستۆ لەو بڕوایەدا بوو کە هونەر لە مێژوو گرنگترە، مێژوو ڕاستییەکان وەکوو خۆی نیشان دەدات، بەڵام هونەر پێویستە لە ڕێگەی نواندن و کێشانەوە، ڕاستییەکان بەو جۆرە نیشان بدات کە دەبێت هەبێت.

ئەریستۆ دەڵێت کە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی ئەزموونکردنی هونەرەوە بە قۆناغی ڕەوان پاڵاوتن و تەزکیەی نەفــس (catharsis) بگات. ئەزموونکردنی هونەر ڕۆحــی مرۆڤ دەوڵەمەند دەکات و بەرەو بەرزیمان دەبات، کاتێک هەست بە هاودەردی لەگەڵ ئازارەکانی قارەمانی چیرۆکێکی تراژیدی دەکەیــن، بــە ڕزگاری و ڕازیبوونێک دەگەین کە ڕەنگە هیچکات لە دنیای ڕاســتەقینەدا دەرفەتی تاقیکردنەوەیەکی لەو جۆرەمان بۆ نەیەتە پێش.

کاتێک لە هونەر و بەرهەمە هونەرییەکاندا ڕووداو و بەسەرهاتە دژوارەکان ئەزموون دەکەین، لە دنیای ڕاستەقینەدا باشــتر دەتوانین کەڵک لە پرەنسیپی "نێوەنجیەتیی زێڕین" وەرگرین. هەروەها ئەریســتۆ هەندێک یاسای بۆ کاری هونەری داناوە کە هونەرمەندانی سەردەمی خۆی پێڕەوییان لێ دەکردن، لەنێو ئەو یاســایانەدا بەتایبەتی یاسایەکیان زۆر گرنگ و بەناوبانگە، ئەو یاسایەش بریتییە لە یەکیەتیی زەمان و یەکیەتیی شوێن و یەکیەتیی کردەوە لە هونەری دراما و شانۆدا: واتە هەموو ڕووداوەکان دەبێت لە یەک شوێن و لە کاتێکی کورتدا ڕوو بدەن، لەوەش زیاتر هەموو ئەو قسانەی دەوترێن دەبێت بە پێویست دابنرێن.

## ناوبڕێک

*ئەپیکوریزم*

*ڕەواقیگەری*

*سکێپتیسیزم*

*نیوئیفلاتونیزم*

پاش ئەفلاتوون و ئەریستۆ، بەرە بەرە کولتووری یۆنانی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، تووشی لەنێو چوون و داڕمان هات، هاوکات لەگەڵ ئەو کارەســاتەدا دەوڵەت ـ شارەکانی یۆنانیش سەربەخۆییی خۆیان لەدەســت دا. ئەم دەورە مێژووییە بە داگیرکردنــی یۆنان لەلایەن ئیمپراتۆریی ڕۆم، لە دەوروبەری ســاڵی ٢٠٠ی پ.ز کۆتایی پێ هات، بەو جۆرە قۆناغی زێڕینی گەشــە و هەڵدانی فەرهەنگی یۆنان تەواو بوو و ناوەندی کار و چالاکیی فەلسەفی لە یۆنانەوە گوازرایەوە بۆ ڕۆم.

ئەو دەورەیە بەگشتی بیرمەندی گەورەی تێدا نەبوو، ئەو زانایانەش کە لەو ماوەیەدا خۆیان نیشان دا، لەســەر ئەو بڕوایە بوون کە جیهان جێگەیەکی باش نییە، بۆیە مرۆڤ بۆ ئەوەی بە "ئاسایشــی دەروونی" بگات، پێویســتە تەرکــی دنیا بکات، لێرەدا زۆر بە کورتی باســی گرنگترنیی ئەو ڕێبازە فەلسەفییانە دەکەین کە لەو ماوەیەدا سەریان هەڵ داوە.

## ئەپیکوریزم

ڕێبازی ئەپیکۆریزم بە ناوی ئەپیکۆر (٣٤١-٢٧١ پ.ز) ناودێر کراوە. زۆر جار ئەپیکۆریزم بە هەڵە بە

هێدۆنیزم (چێژخوازی) دادەنرێت، بەڵام ئەو دوو ڕێبازە فەلسەفییە تەواو لە یەکتر جیاوازن. ئەپیکۆر لەو بڕوایەدا بوو کە هەموو خەڵک خوازیاری چێژوەرگرتنن، چێژوەرگرتنیش لە نەبوونی دەرد و ئازاردا دەردەکەوێت، بۆیە دەیوت هەموو بیردۆزە ئاکارییەکان پێویستە لەو ڕاستییەوە سەرچاوە بگرن، واتە لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییە دامەزرێن. ناوبراو پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە پێویستە وەک زاهید بژین، تەرکی دنیا بکەین، لە دوورەپەرێزیدا بەسەر بەرین و گوێ نەدەینە هیچ شتێک، ئاخر تاکوو پتر گرنگی و بایەخ بە شتێک بدەین، شانسی ئەوەی کە هیوامان لەدەست بدەین زۆرتر دەبێت، ئەگەر کەسێکت زۆر خۆش بوێ، هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو کەسە لەدەست بدەیت، لەدەستدانێکی ئاواش زۆر پڕئازارە، لە ئاکامدا ئەپیکۆر لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە باشتر وایە کەسمان خۆش نەوێت.

ئەپیکۆر بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە مرۆڤ خاوەنی ئیرادەیەکی ئازادە، ناوبراو ئەیگوت مرۆڤ دەکەوێتە دەرەوەی یاسای هۆکار و ئاکام، واتە بەدەر لە یاسای "السبب والنتیجة"یە (exception to the law of cause and effect). بەگوێرەی ئەو قسەیەی ئەپیکۆر، ئەگەر یاسای هۆکار و ئاکام بەسەر مرۆڤدا جێبەجێ بکرێت، واتای ئەوەیە کە مرۆڤ لە پێشدا بەرنامەی بۆ دانراوە و بەگوێرەی ئەو بەرنامەیە دەڕواتە پێش کە بۆی دیاری کراوە.

لێرەدا پێویستە باسێکی بۆچوونەکانی ئەپیکۆر سەبارەت بە مەرگیش بکەین: ئەو پێی وا بوو کە هیچ پێویست نییە لە مردن بترسین، هیچ هۆیەک بۆ ترس لە مردن لە ئارادا نییە و دەیوت: "لەو شوێنەی مەرگ هەیە، ئەتۆ نیت، لەو شوێنەش کە ئەتۆ هەیت، مەرگ نییە"، واتە تاکوو هەین، شتێک بە ناوی مردن نییە، ئەگەر مردین، ئەوە ئێمە نین. بۆیە هیچ پێویست نییە لە مەرگ بترسین، ئاخر کەسانی زیندوو ناتوانن مردن تاقی بکەنەوە، بۆیە هیچ پێویست نییە لەو بارەوە ترسێکمان هەبێت، کاتێکیش دەمرین، ئیتر ئێمە هەست بە مردن ناکەین، کەواتە لەو بارەشەوە هیچ پێویست نییە بترسین و نیگەرانی مەرگ بین.

## ستۆیسیزم یان ڕەواقیگەری

ڕەواقییەکان بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد کە خۆشبەختی هیچ پێوەندییەکی بە ڕادەی دەستڕاگەیشتنی ئێمە بە کاڵا و شتومەک و کەلوپەلە ماددییەکانی دەوروبەرمانەوە نییە، بەگوێرەی بۆچوونەکانی ئەوان شادی و خۆشبەختی تەنیا ئەو کاتە بەدەست دێن کە ژیانمان لەسەر بناغەی زانست و دووربینی و بەسیرەت بنیات بنێین.

ژیان لە ڕەوشتی باشدا خێرە. واتە خێر ئەوەیە بە ڕەوشتی باشەوە بژین. لە دەرەوەی ئەوەدا هەموو شتێک خراپ و شەڕە. بە گوتەی ڕەواقییەکان، ئەو کەسەی لە ڕەوشتی باشدا ژیان بەسەر دەبات، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ نەخۆشی، مەینەتبەشی و چەوسانەوە و زوڵم و زۆریش دەستەویەخە

بێت، هێشـــتا هەر دەبێت خۆشـــحاڵ بێت، لە ژیانـــدا گەلێک هەوراز و هەڵدێر و دەردەســـەری و مەینەتبەشـــی دێنە پێشـــمان، بۆیە پێویســـتە بە ڕۆحیەیەکی ڕەواقیگەریيانە و بە ئارامی لەگەڵیان بـــەرەوڕوو بین و هەڵســـوکەوت لەگەڵیاندا بکەین، ئەو ڕوانگە و بۆچوونـــەی ڕەواقییەکان، زۆر کەم بایەخی بە پرس و بابەتە سیاسییەکان دەدات.

ڕەواقییەکان بە توندیی لایەنگرییان لە ڕەوشـــت و ئاکاری ئەرکهەڵگر (a duty ethic) دەکرد، ئەوان دەیانوت هەموو کەسێک لە پێش هەر شتێکدا بەشێکە لە گشت، تاک بە تاکی مرۆڤەکان لە پێشـــدا بەشـــێکن لە کۆمەڵگە، بۆیە لە پێش هەر شتێکدا ئەرکی هەر کەسێک ئەوەیە کە خزمەتی مرۆڤایەتـــی بـــکات. تاکەکەس لە چاو ئـــەو گەردوونە گەورەی کە تێیـــدا دەژی، هێندە بچووک و کەمبایەخە کە بە هیچ جۆر نابێت هێندە پشت بە هەست و تێگەیشتنەکانی خۆی ببەستێت.

هەروەها ڕەواقییەکان پێیان وا بوو چونکە ئەو جیهانە زۆر ڕێکوپێک و یاساییيە، دەبێت خودایەک دروســـتی کردبێت، ئەو خودایە ڕۆحی جیهانە. ڕەواقیەکان بە داهێنەری ئەو بیرۆکەیە دادەنرێن کە دەڵێـــت هەموو مرۆڤەکان لە ڕوانگەیەکی مێتافیزیکییەوە بەرانبەر و هاوبایەخ و وەکوو یەکن. هەموو بیرمەندەکانی دیکەی پێش ئەوان بڕوایان ئەوە بوو کە هەندێک دەستە و تاقم و گرووپ، لە هەندێک دەســـتە و گرووپی دیکە گرنگتر و بایەخیان زۆرترە و لە پێشـــترن، هەر بۆیە کۆیلەتی و زوڵمیان لەســـەر ژنان بە شتێکی ئاسایی دەزانی، هەروەها بڕواشیان بەوە هەبوو کە ئەو خەڵکانەی کە یۆنانی نین (بەربەرەکان) خەڵکانێکی دواکەوتوون و بە بەراورد لەگەڵ یۆنانییەکان کەمبایەخترن، هەروەها ڕەواقییەکان لەو بڕوایەدا بوون کە ئەو یاسا دانراوانەی جیاوازی لەنێو خەڵکدا دادەنێن، بەپێچەوانەی یاســـاکانی سروشتن، هەر بۆیە مرۆڤێکی بەڕەوشـــت نابێت پێڕەوی لەو یاساگەلە بکات. ئاخر ئەوان بە پێچەوانەی یاســـاکانی سروشت لەنێوان خەڵکدا جیاوازی دادەنێن، ئەو بیرۆکەیە دواتر بایەخێکی زۆری لەسەر بیرکردنەوەی سیاسی هەبوو، واتە شوێندانەرییەکی گەورەی لەسەر چۆنیەتیی گەشەی بیری سیاسیی مرۆڤ دانا.

## سکێپتیزم

ڕێبازێکی تر کە لەو دەورەیەدا سەری هەڵ دا، بریتییە لە سکێپتیزم، بەڵام سکێپتیزم وەکوو ئەو دوو قوتابخانە فەلسەفییانەی پێشتر باسمان کردن نیە. واتە مرۆڤ بە چاوی ڕەخنەگرانەوە سەیری هەموو جۆرە زانست و زانيارییەک بکات و دڵنیابوون لە زانست و زانیاری، بە دوگماتیزم لەقەڵەم دەدرێت. پێڕەوانی ئەو ڕێبازە، سەبارەت بەوەی کە مرۆڤ تاکوو چ ڕادەیەک پێویستە ڕەخنە بگرێت ناکۆکییان لەگەڵ یەکتر هەبوو، هەندێکیان پێیان وا بوو کە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت زانست بەدەست بێهنێت، هەندێکیشیان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە تەنانەت ناتوانین ئەو قسەیەش بکەین.

ئـــەوان بۆ بەرگری لە ڕوانگـــەی خۆیان، لە هەموو شـــێوە بەڵگەهێنانەوەیەک کە ئەگەری هەبا

کەڵکیان وەردەگرت، هەندێکیان دەیانوت هەستەکان جێگای بڕوا نین، دەستەیەکیان دەیانوت هەر لە بنەڕەتەوە چەمکەکان نین، بەشێکی دیکەشیان دەیانوت ڕەنگە هەموو جۆرە لۆژیک و بەڵگەهێنانەوەیەک تووشی هەڵەمان بکات.

ئەوان حەزیان لە پارادۆکسەکان بوو، بۆ نموونە: ئەگەر کەسێکی خەڵکی کریتە بێژێت هەموو خەڵکی کریتە درۆزنن، ئایا ڕاست دەکات یان نە؟ سکێپتیزم و گومانگەرایی هەردەم لە چوارچێوە و شێوەی جۆراوجۆردا هەبووە و ئێستەش هەر هەیە، تەنانەت ئێستە بە شێوەیەکی بەربڵاوتریش لە گۆڕێدایە.

## نیوئیفلاتوونیزم

لە کۆتاییی ئەو بابەتەدا پێویستە باسێکیش لە نیوئیفلاتوونیزم بکەین، فلوتین (٢٠٥-٢٧٥) کە لە ڕۆمدا دەژیا و کاری دەکرد، بە نوێنەری سەرەکیی ئەو ڕێبازە دادەنرا، فەلسەفەی ناوبراو ئەوە بوو کە دەیوت؛ پێویستە لە بەدبەختی و چارەڕەشیی ئەو دنیایە دوور بکەوینەوە و بە جێگەی ئەوە هەوڵ بدەین ڕوو لە دنیای فۆرمەکان بکەین، (دنیای چاکە و جوانی و خێر کە هەمیشەیی و نەگۆڕە). فلوتین پێی وا بوو ئەو دنیایەی ئێمە لە نێویدا دەژین، لەڕاستیدا دنیایەکی ڕاستەقینە نییە و تەنیا دنیای فۆرمەکان، واتە دنیای بەراوەزی (واتە مەعنەوی) دونیایەکی ڕاستەقینەیە.

فلوتین، ئەو بیرۆکەیەی ئەفلاتوونی دەسکاری کرد کە ئەیگوت خێر مایە و جەوهەری تاقانە و هۆکاری هەبوونی هەموو شتێکە، ناوبراو دەیوت لەو بارەوە هیچ کەس ناتوانێت هیچ بڵێت، ئاوەز و بیری مرۆڤ ناتوانێت لەو شتە تێ بگات یان پێناسەی بکات، ئەوە شتێکە تەنیا لە ڕێگەی ئەزموونی ڕۆحی و بێخۆبوون و خیلسەوە دەتوانین پێی بگەین. فلوتین دەیوت واتای ژیان ئەوەیە گیان و ڕۆحمان لە ژیانی ماددیی ئەو سەرزەوییە ڕزگار بکەین و پێوەندی لەگەڵ تاقانە خێرێک، کە لە جیهانی بەرزی بەراوزی و فۆرمەکاندا هەیە، دامەزرێنین.

## مەسیحییەت و خاچپەرستی

*ئینجیلەکان*

*پۆلس*

*مێتافیزیک*

*زانیناسی*

*ئیپیستیمۆلۆژی*

*ئاکار*

*سیاسەت*

*جوانیناسی*
*ئاگوستین*
*خەبات و ململانێیی گەردوونی*

خاڵی دەستپێکردنی مەسیحییەت بریتییە لە عیسای ناسری، یەکێک لەو هەزاران ئامۆژیارەی کە فرەتر لە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر و لە شوێنێکدا کە ئەمڕۆ ئیسرائیلی تێدا هەڵکەوتووە، کاری دەکرد. ئەو توانی کۆمەڵێک پێڕەو و لایەنگر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، بەڵام زۆر ڕوون بوو کە پێڕەوانی ناوبراو بە زەحمەت لە نێوەڕۆکی ڕاستەقینەی پەیامەکەی تێ دەگەیشتن، زۆربەی ئەوان لەو بڕوایەدا بوون کە ئەرکی ئەو بریتییە لە هەڵگیرساندنی شەڕێکی ئازادیخوازنە بە دژی دەسەڵاتداریەتیی داگیرکەری ڕۆم. ئەو دەم خەڵک چاوەڕوانی کەسێک بوون بێت و ڕزگاریان بکات، واتە مەسیحێک کە لەلایەن پێغەمبەرەکانی پێشتروە بەڵێنی درابوو، زۆر لە لایەنگرەکانی پێیان وا بوو کە عیسا هەمان مەسیحە، عیساش ئەو ڕۆڵەی بە ئەستۆ گرت و زۆرتر هەر بەو هۆیەشەوە لە دەوروبەری ساڵی ٣٠دا بە تاوانی کفرکردن و سووکایەتی بە پیرۆزییەکان مەحکووم و لە خاچ درا. یەکێک لە توخمە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی مەسیحییەت، بریتییە لە بڕواهێنان بەوەی کە عیسا پاش مردن زیندوو بووەتەوە و چووەتە ئاسمان، شوێنێک کە ئێستە لەوێ لە لای دەستڕاستی خودا دانیشتووە.

لە ئاکامدا پەیامی عیسا لەلایەن بیرمەندانی وەک پۆلس، ئاگوستین، تۆماس ئەکویناس و مارتین لۆتەر، شرۆڤە کرا، شیَ کرایەوە و لێکۆڵینەوەی بۆ کرا. لە دەروبەری ساڵی ٤٠٠ی زایینیدا، مەسیحییەت لە هەموو ڕۆژاوادا بووە فەلسەفەیەکی زاڵ و تەنانەت بێ ڕەقیب، مەسیحییەت ئەو پێگەیەی تاکوو دەستپێکردنی ڕێنیسانس هەر پاراست، دیارە هەنووکەش پێگەی مەسیحییەت زۆر بەهێزە، بەڵام ئیتر وەکوو ڕابردوو زاڵ نییە.

ڕوانگەی سوننەتی سەبارەت بە پێغەمبەری و پەیامی عیسا شتێکی بەو جۆرەیە: عیسا وتەبێژ یان نێردراوی (talsmann for Gud) خودا، ئافرێنەری جیهان بوو، هەموو خەڵک منداڵی خودان و ئەرکی ئەوان ئەوەیە بەگوێرەی وتەکانی خودا بژین. هێشتا مرۆڤەکان هەڵە و کەموکوڕییەکی گەورەیان هەیە؛ ئەوان زۆرتر بە پێچەوانەی ویستی خودا کار دەکەن. مرۆڤە سەرەتاییەکانی سەر زەوی بریتی بوون لە ئادەم و حەوا، کاتێک کە بەری داری زانست و ئاکاری جوانییان خوارد و بەپێچەوانەی یاساکانی خودا جووڵانەوە، سزادران و لە باغی "عەدەن" دەرکران، نەوە و نەتیژە و نەدیدەکانیشیان هیچ لەوان باشتر نەبوون. لەبەر ئەوەی زەوی پڕ ببوو لە گوناح و تاوان وخراپەکاری و داوێنپیسی، خودا لافاوێکی گەورەی بۆ لەنێوبردنی گوناحباران وەڕێ خست و لەبەر ئەوەی کە پێشتر "نوح" (یەکێک لە پێغەمبەران) ئاگادار کرابووە، خۆی و ماڵباتەکەی زیندوو دەرچوون، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دیسان گوناح و خراپەکاری و داوێنپیسی لەنێو نەوەکانی ئەوانیشدا پەرەی گرت. بۆیە خودا بڕیاری دا عیسای کوڕی بنێرێتە سەر زەوی تاکوو خەڵک ناچار بکات دەست لە ژیانی پڕ

لەهەڵە و تاوان هەڵگرن و بە شێوەیەکی ڕاست و دروست بژین.

ژیانێکی بەڕەوشت و باش بریتییە لە ئیمان بە خودا، مرۆڤ پێویستە بەتەواوەتی دەست لە گەڕان بـە دوای بەختەوەریی ماددیی ئەو دنیایـە هەڵگرێت و هەموو کات و تواناکانی خۆی بۆ خزمەت و دەسـتگرتنی هەژاران تەرخان بکات، عیسـا قسەی دەکرد کە مرۆڤ دەبێ وەک گەدا بژی، وا باشە ئەو شـتانەی کۆیان دەکاتەوە بۆ یارمەتی بە کەسانێک بەکاریان بهێنێت کە پێویستیان پێی هەیە، هەروەها مرۆڤ پێویسـتە لە کەسـانی خراپەکاریش خۆش بێ؛ "دوژمنەکانیشت وەک خۆت خۆش بوێ". ڕەنگە بەو شێوەیە ژیانێکی ناخۆشت لەو دنیایەدا هەبێت، بەڵام ئەوە هیچ گرنگ نییە، چونکە وەک پاداشـتێک بۆ ئەوە لە ڕۆژی پەسـڵان و زیندووبوونەوەدا دێیتە ئاسمان و ئەوانەی بەگوێرەی فەرمانی خودا ناژین سزا دەدرێن و بۆ هەتاهەتایە دەخرێنە دۆزەخەوە.

## ئینجیلەکان

بەزوویـی گەلێک گرووپی جۆراوجۆر بۆ پەرەپێدانی ڕاسـپاردەکانی عیسـا پێک هاتن، بەڵام وردە وردە ئەو گرووپانە خوێندنەوەیەکی تەواو جیاوازیان لەسـەر ڕاسپاردەکانی عیسا بە دەستەوە دا. ئەو ڕاسـتییە لەو نووسراوانەشـدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە دواتر سـەبارەت بە ژیان و ڕاسپاردەکانی ناوبراو نووسراون و ژمارەیەکی زۆریشیان لێ پارێزراون، کۆنترینی ئەوان لە دەوروبەری ساڵانی حەفتا تاکوو سەد و هەرە نوێیەکانیشیان لە ساڵی سێسەد نووسراون، لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی ئەو نووسراوانە لەگەڵ یەکتر لە دژایەتییەکی توندا بوون، نوسـخەیەکی "سـتاندارد"کە ناوەڕۆکی ڕاسـتەقینەی مەسـحییەت نیشان بدات، وەک شـتێکی پێویسـت دەهاتە بەرچاو. هەروەها هەندێک نامیلکەی دیکەش هەبوون کە ڕاسـتەوخۆ لە ژیان و ڕاسـپاردەکانی عیسـا نەدەدوان، ئەو نامیلکانە لەلایەن پێڕەوانی ناوبراو یا سـەبارەت بەوان نووسـرابوون، نامەکانی پۆلس کە بە کۆنترین نووسـراوەکانی "پەیمانـی نوێ" و (the New Testament) وەکوو چیرۆکی ژیانی پێغەمبەران لەقەڵەم دەدرێن و بە نموونەی ئەو نووسراوانە دادەنرێن.

لە هەندێک کۆبوونەوەی کلیسـادا کە نوێنەرانی زۆربەی گرووپە مەسـیحییەکانی تێدا بەشدار بوون، لەسـەر ئەوە ڕێککەوتن کرا کە بەو نووسـراوەیەدا بچنەوە و هەڵبژاردەیەک لەوان بە شێوەی کتێبێک سەبارەت بە مەسیحییەت ساغ بکەنەوە، کتێبێک کە هەموو ئەو شتانە لەخۆ بگرێت کە بە بنەما و پرەنسیپی ڕاست و دروسـتی مەسیحییەت لەقەڵەم دەدەرێن. ئەوهەڵبژاردەیە ئەمڕۆ وەکوو ئینجیل یان "کتێبی پیرۆز" (the Bible) دەناسرێت.

بەو جۆرە پەیام و ڕاسـپاردەکانی عیسـا لە دووتوێی "پەیمانی نوێ"دان، بەڵام لێرەدا هەندێک ڕێوشـوێن هەن کە دەبێت لـە بەرچاویان بگرین. پێش هەر شـتێک ئینجیلـەکان تەنیا وەکوو ژیاننامەیەکی بابەتیانە نابینرێن، بەڵکوو لە پێوەندی لەگەڵ مەسیحییەتدا وەکوو کتێبی ڕێنیشاندەر

و ڕووناکیبەخـــش چاویان لێ دەکرێت. دووهەم شـــت ئەوەیە کە لەواندا هەندێک ڕســـتە لە زمانی حەزرەتی عیساوە دەوترێن کە ڕەنگە قسەی ئەو نەبن؛ (فەرمان بە شۆردنی تەعمید یەکێک لەوانەیە کە دواتر باسی لەسەر کراوە. عیسا لێرەدا بە پێرەوانی فەرمان دەدات کە هەندێک پێسپێردراو لەنێو ئـــەو خەڵکانەی کە جوولەکە نین بەڕێوە ببەن، بەڵام لـــە هەندێک جێگای دیکەدا دەوترێت ناوبراو کارێکی لەو چەشـــنەی قەدەغە کردووە). سێهەم شـــت ئەوەیە کە ئینجیلەکان لە بنەڕتدا بە زمانی یۆنانی نووسراون نەک بە زمانی ئارامی کە عیسا قسەی پێ دەکرد. ئەگەر ئینجیلەکان بخوێنینەوە، تووشـــی زۆر ناتەبایی و گوتەی دژبەیـــەک دەبین، بۆیە دەتوانین بۆ بەرگـــری لە گەلێک ڕوانگە و هەڵوێســـتی جۆراوجۆر پەنا بۆ ئەوان بەرین. واتە دەکرێت وەکوو بەڵگە بۆ پشـــتیوانی لە گەلێک کار و هەڵوێســـتی تەنانەت ناتەبـــاش بەکاریان بهێنین، لێرەدا دوو نموونە لـــەو بابەتە پڕ لە ناتەباییانە دەهێنینەوە:

بەر لە دووگیانبوون فرشتەیەک سەردانی دایکی عیسا، مریەمی داوێنپاکی کردبوو و پێی وتبوو کـــە کوڕێکی دەبێت. هەرچەند ئەو تەنیا مارەکرابوو، ئەو کوڕە گەورە دەبێت و پێی دەوترێت کوڕی هەرە بەرز و مەزن (is called the Son of the Most High).

خـــوای مـــەزن، یەهوە (خوای جوولەکە) تاج و تەختـــی داودی باوکی بەو داوە و بۆ هەتاهەتایە پاشایەتیی بەسەر بنەماڵەی یاقوبدا کردووە. (لۆقا ١،٣٢-٣٣).

پاش لەدایکبوون، "سێ پیاوی ژیر" کە بۆ پەرستنی منداڵەکە هاتبوون، سەردانی مریەمیان کرد و بەو حاڵەش مریەم ئەوەی ڕەت کردەوە کە عیســـای گەورەســـاڵ کاری واعێزی (a preacher) بکات. بە گوتەی مەرقەس، خزم و کەســـوکاری عیســـا دەڵێن ئەو دەبێت شـــێت بێت کە خەریکی وەعێـــزدادان و کاری واعێـــزی بێت. (مەرقەس ٣:٢١: یەکێک لە نزیکەکانی چوو بیهێنـــێ، چونکە گوتیان «ئەو بە تەواوەتی چووە»)، مریەم نەیدەتوانی ئەو هەڵوێســـتەی ســـەبارەت بە چالاکی و واعێزیی عیسا هەبێت، ئەگەر ئەو بارودۆخەی لە پێوەندی لەگەڵ لەدایکبوونی عیسادا بەو جۆرە بایە کە باس کرا.

نموونەیەکی دیکە: عیســـا لەلایەن یوحەنناوە تەعمید کرا (سەرانشۆیی: ڕێڕەسمێکی ئایینی کە منداڵان و ئەو کەســـانەی کە پەیوەســـت بە ئایینی مەسیحیەت دەبن، دەشۆرن)، دەستبەجێ دوای تەعمیدکردن "ئاسمان کرایەوە و ڕۆحی قودس لە شێوەی کۆترێکدا هاتەخوار، دەنگێک لە ئاسمانەوە دەبیســـترا کـــە دەیوت: ئەتۆ کوڕی ئازیزی منـــی، من چێژ لە تۆ وەردەگرم" (لوقـا ٣: ٢١-٢٢). پاش ماوەیەک یوحەننا لە بەندیخانەدا بوو، ئەو دەیهەوێت بزانێت کە ئایا عیســـا هەمان ئەو کەســـەیە کە "قەرارە بێت یان چاوەڕوانی کەسێکی دیکە بین" (مەتا: ١١: ٣)، ئاخر ئەگەر ڕێوڕەسمی تەعمید بەو جۆرەی کە باس دەکرێت بەڕێوە چووبێت، ئیتر یوحەننا نەیدەتوانی هیچ گومانێکی لەســـەر هاتنی عیسا هەبووایە.

زۆر لۆژیکییە کـــە پێمان وا بێت کە ئینجیلەکان لە ژمارەیەکی زۆر گێڕانەوەی جۆراوجۆر پێک

هاتـــوون کە هەر کامەیان پەیامی جیا و تایبەت بـــە خۆیان هەیە. ئەگەر هەوڵ بدەین ئینجیلەکان وەکوو ژیاننامە بخوێنینەوە، جێگەی بڕوا نین، چیرۆکە تاکەکەســـییەکان پێویســـتە وەکوو چیرۆکی ناڕاســـت (figuratively) وەرگیرێن. بە واتایەکی تر: جیاوازی لە نێوان عیســـای مێژوو و عیسای ئینجیلەکاندا هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەوە عیسای ئینجیلەکانە کە کاریگەریی داناوە، مەبەستی ئێمەش لێرەدا هەر ئەوەیە، واتە عیسای ئینجیلەکان.

وەکوو گوتمان ئینجیلەکان بە زمانی زکماکی عیســـا واتە بە ئارامی نەنووســـراون، نووســـەرانی ئینجیلەکان فەرهەنگ و فەلســـەفەی یۆنانیان خوێندبوو، ئـــەوەش هەندێک ئاکامی زۆر گرنگی لێ کەوتوونەتـــەوە. واتای "کوڕی خـــودا" لە فەرهەنگی یۆنانیدا زۆر جیاوازە لـــەوەی کە لە کولتووری جوولەکەدا هەیە. لە فەرهەنگی جوولەکەدا ئەو ناوە تەنیا نازناوێکی پڕ لە شـــانازی بوو کە بۆ هەموو خەڵکانی پلەبەرز بەکار دەبرا، لە جێگایەک عیسا پێڕەوانی خۆی وەکوو کوڕەکانی خودا ناو دەبات و ئەوە ڕاگواستنی نازناوی "کوڕی خودا"یە بۆ فەرهەنگی یۆنانی بوو کە دەرفەتی ئەوەی خولقاند تاکوو ئەو نازناوە بەو واتایە بەکار بێت کە ئەمڕۆ لە مەسیحییەتدا واتای هەیە. ئاکامێکی دیکەی کاریگەریی کولتووری یۆنانی لەو پێوەندییەدا ئەوەیە کە تێگەشـــتنی خودا لە مەســـیحییەت کە لەسەر بناغەی تێگەیشتنی یەهوودی عیسا لە خودا دامەزراوە، گۆڕانی بەسەردا دێت.

وا دێتە بەرچاو کە ئەو خودایەی عیسا باسی دەکات، کەسایەتییەکی چەند ڕەهەندییە. ئەو تاکوو ڕادەیەک خودا جەنگاوەرەکەی ناو کتێبی "پەیمانی کۆنـ"ـە، بۆ نموونە: ئەو شارانە وێران دەکات کە گوناحکاری زۆریان تێدان. وا دێتە بەرچاو کە عیسا لەسەر ئەو بابەتە هیچ ناڕەزایەتییەک دەرنابڕێت، لـــەو بارەوە زۆرتر لەگەڵ ئەو خودایە هاوڕا و هاوهەنگاوە، بۆ نموونە: عیســـای خودا لە نموونەیەکدا دەڵـــێ؛ "خـــوا ئەو دوژمنانەی من کە نایانهەوێت من ببمە پاشـــا، دێنێتە ئێـــرە و لە بەرچاوی من دەیانبڕیەوە" (لۆقا ١٩،٢٧).

پەیامێکی دیکەی لەو چەشـــنەش لە مەتای (١٣: ٤١-٤٣)دا دەبینرێت: فریشتەکان هەموو ئەو کەســـانە دەبەنـــەوە و لەنێو دەبەن کە زوڵم دەکەن، دواتر دەیانخەنـــە نێو کوورەی ئاگرین و لەوێدا دەگریەن و ددانیان چەقچۆ دەکات، جا ئیتر کەسانی دادپەروەر و چاکخواز لە میلکانی باوکی خۆیاندا دەدرەوشـــێنەوە". کەچی ئەو خودایەی بەســـەر کولتووری مەســـیحیدا زاڵە، زۆر هەمەلایەنیتر و لە پێشترە. لێرەدا پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە خودا بە تەواوەتی زانا و بەتوانایە، ئەو خودایە تەنیا خێر و چاکە و ڕەحمەتە، لە هەموو گوناحکاران خۆش دەبێت و هتد... دیارە عیسای ئینجیلەکانیش باســـی ئەو خودایە دەکات، بەڵام هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە بەشـــێک لەو شتانەی لێرەدا لەمەڕ عیسا باس کراون، لەلایەن نووسەرانی ئینجیلەکانەوە دراونەتە پاڵ عیسا.

ئەوەی لەکاتی گواســـتنەوە بۆ فەرهەنگی یۆنانیدا گـــۆڕاوە ئەوەیە کە چەمکی خودای جوولەکە، یەهووە، لەگەڵ چەمکی "یەکەمـ"ـی فلۆتین و فۆرمی "چاکە"ی ئەفلاتوون و "جووڵەی یەکەمـ"ـی

ئەریستۆ پێکەوە ئاوێتە بوونە. لەو ڕێگەیەوە تێگەیشتنێک لە خودا بەدەستەوە دەردێت کە لەوێدا خودا هەتاهاتاییە، ناگۆڕدرێت، ناجووڵێت، توانای ڕەهایە، زانای ڕەهایە، سەربەخۆ لەو دنیایەیە، سەربەخۆ لە هەموو شتێکە، لە هەمان کاتدا هۆکار و ئافرێنەری هەموو شتێک و هەموو بوونەوەرەکانە، لێرەدا خودا بووەتە بوونەوەرێکی تەواو و بێ کەموکوڕی.

زانایەکـــی گەورە کە لەو پێوەندییەدا ناوی دێت، بریتییە لە فیلۆن، خەڵکی ئەســـکەندەریەیە و لەژێر کاریگەری و ئیلهامی ئەفلاتووندا بوو، ئەو لەســـەر ئەو بڕوایە بوو کە لە کاتی کارکردن لەسەر ئەدەبیاتی ئایینی، پێویســـتە جیاوازی لەنێوان واتای وشە بە وشەی (literal) نووسراوەکان و واتای بەراوەزی (spiritual) و ناڕاســـتی ئەواندا دانبین. ئەو دەیوت ئەرکی ئیلاهیات و خوداناسی ئەوەیە کە ڕاســـتییە زانســـتییەکان لەنێو نووســـراوە و دەقە ئایینییەکاندا بدۆزێتەوە، ئامرازی ئەو کارەش بریتییە لە فەلسەفە و زانســـتی یۆنانی. فیلۆن لەمێژ بوو دەیهەویســـت سەنتێزیک یان ئاوێتەیەک لەنێوان ئەندێشەی ئایینی و بیرۆکەی جوولەکە لەگەڵ فەلسەفەی یۆنانیدا پێک بهێنێت. ئەو یەکەم کەس بوو کە بانگەشـــەی ئەوەی کرد کە خودا، یەهووە، هەتاهەتایی و هەمیشـــەیی، مەزن و بەتوانا و بەتەواوەتی زانایە.

فیلۆن پێداگری زۆریشـــی لەسەر ئەوە دەکرد کە دەکرێت لە ڕێگەی وەحیەوە زانست و زانیاری بەدەســـت بهێنین، ڕەنگە ئەو هیچ کاتێک ناوی عیسای نەبیستبێت، بەڵام گومانی تێدا نییە کە بیر و بۆچوونەکانی ئەو شـــوێندانەرییەکی زۆریان لەسەر ئەو کەسانە داناوە کە فۆرمیان بە مەسیحییەت داوە، فیلۆن لە سەروبەندی ساڵی ٤٥دا کۆچی دوایی کرد.

دوای ئەو فەیلەسووفێکی دیکە بە ناوی ئۆریگن (١٨٥-٢٥٤) کاری ئاوێتەکردنی ئایینی جوولەکە و فەلســـەفەی یۆنانـــی لەگەڵ یەکتر درێژە پێ دا. لەســـاڵی ٣٢٥ و لە کۆبوونەوەیەکی کلیســـا لە نیکییەدا، بناغەکانی مەسیحییەت وەکوو سیستەمێکی فەلسەفیی تەواو و هەمەلایەنە (s a holistic philosophical system) دارێژران و بنیات نران، شایانی باسە کە هەر لەو سەردەمەشدا ئایینی مەسیحییەت بوو بە ئایینی فەرمی و ئیمپراتۆریی ڕۆم.

ئاوێتەبوونی مەسیحییەت لەگەڵ فەلسەفە و کولتووری یۆنانی، بە هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدان و چوونەپێشـــی ئەو ئایینە لەقەڵەم دەدرێت، مەسیحییەت خۆی لە خۆیدا ئایینێکی سەرەتایی بوو، ئەو ئایینە جوانە لە فەرهەنگی جوولەکەوە گواســـترایەوە و "وەرگێردرا" بۆ ســـەر فەرهەنگی یۆنانی، لەو ڕێگەیەوە توانی لە توخمە ســـەرەکییەکانی پێشکەوتووترین بیر و فەلسەفەی ئەودەم، واتە بیر و فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانی، کەڵک وەرگرێت.

**پاوڵس**

پاوڵـــس کە ناوی یەکەمی ســـائوڵ بـــوو، کوڕی بنەماڵەیەکـــی دەوڵەمەندی جوولەکـــە بوو. ئەوان

باشـــترین هەلومەرجی خوێندن و فێربوونیان بۆ کوڕەکەیان دابین کرد، ناوبراو ناســـراوییەکی زۆری لەگەڵ فەرهەنگ و کولتووری یۆنانیدا هەبوو و شانازیشـــی بـــە جوولەکەبوونی خۆیەوە دەکرد. ئەو دوژمنایەتییەکی زۆری لەگەڵ ئەو ئایینە دەکرد کە لە کاتی سەرهەڵدان و گەشەکردندا بوون، واتە ئایینێک کە پەرەی بە ڕاسپاردە و ڕێنوێنییەکانی عیسا دەدا. لە ئاکامدا بوو بە یەکێک لە بێباکترین ئەو کەســـانەی کە پێڕەوان و لایەنگرانی عیســـایان ئەشکەنجە دەکرد، بەڵام لەپڕ ڕۆژێک لە ڕێگەی دیمەشـــقدا وەحیی بۆ هات و عیســـا خۆی نیشانی ئەو دا و لێ دەپرسێت؛ "بۆ ئەزیەت و ئازاری من دەدەیت؟".

ئـــەو ڕووداوە دەبێتـــە خاڵێکی وەرچەرخان لە ژیانی ســـائۆڵدا، دەگۆڕێـــت و دەبێتە پێڕەوێکی سەرســـەختی عیسا، تەنانەت ناوی خۆشـــی دەگۆڕێت بۆ پاوڵس کە بە واتای بچووکە و دواتر ژیانی خۆی بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی عیسا تەرخان کرد و دەستی کرد بە ئامۆژگاریکردن، دەگەڕا و پەیامی عیســـای دەگەیاندە خەڵک، نامەی بۆ ئەو کۆڕ و کۆمەڵە جۆراوجۆرە مەســـیحییانەی دەنارد کە لێرە و لـــەوێ پێـــک هاتبوون، ئەو نامانە لە کتێبی "پەیمانی نوێ"دان و بە کۆنترین نووســـراوەکانی نێو "پەیمانی نوێ" دادەنرێن.

کار و تێکۆشانی پاوڵس بووەتە هۆی ئەوەی کە هەندێک توخمی تازە و نوێ بێنە ناو بزووتنەوەی عیســـا، لەو ڕێگەیەوە مەسیحییەت دروست بوو. پاوڵس زۆر پێداگری لەسەر زیندووبوونەوەی عیسا دەکرد، ئەو کە لە پێش مەرگی عیســـادا ئەوی نەدیبوو، بانگەشـــەی ئـــەوەی کرد کە پاش مەرگی عیســـا لە ڕێگەی وەحی و موکاشەفەوە عیسای دیوە. پاوڵس زۆر پێداگریی لەسەر ئەو باباتە دەکرد، تەنانەت بە فاکتۆرێکی چارەنووســـازی دادەنا، بەڵێ، دەڵێت؛ "ئەگەر مەســـیح زیندوو نەبووبێتەوە، باوەڕداربوونی پێی، بێ واتایە". (1Corinthians 15:17).

پۆڵس، عیســـا بە ناوی عیســـای مەســـیح ناو دەبات، مەســـیح وەرگێڕدراوی یۆنانی مەسیحایە (Messiah)، مەسیحا تەنیا بە واتای "کەسانی هەڵبژاردە"یە، بەڵام "مەسیح" لە فەرهەنگی یۆنانیدا بە واتای "خوای ڕزگاریدەر" دێت، کەواتە ئەوە پاوڵســـە کە بناغەکانی گورینی عیســـای ناسری بۆ خودا دادەڕێژێت. لە سەرەتادا عیسای خودا لەژێر فەرمان و پێڕەوی خودای باوکدا بوو، لە ئاکامدا لە کۆبوونەوەیەکی کلیسا لە نیکییەدا بڕیار درا کە عیسای خودا، پێویستە وەکوو خودایەکی هاوشان و بەرانبەری خودای باوک ســـەیر بکرێت. بەو جۆرە ئەو ئایینە تازەیە، بەرە بەرە لە ئامۆژگاریکردن بۆ چۆنیەتیی بەسەربردنی ژیان تاکوو کاتی قیامەت (بزووتنەوەی عیسا بڕوای وا بوو کە قیامەت نزیکە) بوو بە ئایینێک کە ڕاسپاردە بنەڕەتییەکان ئەوەیە عیسا وەک خودا بپەرسترێت.

هەروەها پۆلس یەکەمین کەســـێکە کە باســـی ئەو گوناحە سەرەکییە کردووە کە وەکوو میرات بۆ مرۆڤ بەجێ ماوە، ئادەم بە هۆی جووڵانەوەی بەپێچەوانەی فەرمانی ڕاســـتەوخۆی خودا تووشی گونـــاح بوو، دواتر ئەو گوناحە لەوێوە بۆ هەموو مرۆڤەکان بە میرات مایەوە، بەو پێیە ئێمە شـــایانی

لەعنەتی هەتاهەتایین، بەڵام پۆڵس دەڵێت خودا بەخشـــندە و دلۆڤانە، بۆیە عیســـای کوڕی خۆی ناردووە تاکوو ئێمە لە هەلاکەت (perdition) ڕزگار بکات.

□

گوتمان مەســـیحییەت ئایینێکە کە لە ئینجیلدا (واتە لە کتێبی پیرۆزدا) ئاماژەی پێ کراوە، وەکوو بینیمان دەتوانین نێوەڕۆکی کتێبی "پەیمانی نوێ" بەســـەر ســـێ بەشـــدا دابەش بکەین: بەشێکی بریتییـــە لەو باس و بابەتانەی کە پێوەندییان بە عیســـای مێـــژوو و پێڕەوانی ئەو و ئەو ئارمانجانەوە هەیە کە ئەوان کاریان بۆ کردووە، بەشێکی دیکەشی بریتییە لەو قسە و باسانەی دەدرێنە پاڵ عیسا و پێڕەوانی عیســـا، کە تاکوو ڕادەیەکی زۆر بە بەرهەمی خەیاڵی ئازاد دادەنرێن، بەشـــێکی دیکەشی بریتییە لە هەوڵی پۆڵس بۆ ئەوەی عیسا بکاتە خودا، عیسا خۆی هیچی نەنووسیوە. ئەوانەی کتێبی "پەیمانی نوێـ"ـیان نووسیوە لەژێر کاریگەریی فەرهەنگی یۆنانیدا بوون، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕاســـپاردە و ئامۆژگارییەکانی عیســـا بە جۆرێک لەگەڵ کولتوور و فەلسەفەی یۆنانی ئاوێتە بن، ئەوە بنەما و بنچینەی ئەو ئایینەیە کە ئەمڕۆ بە مەسیحییەت دەناسرێت.

## مێتافیزیک

خاڵـــی هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە، مەســـیحییەت بانگەشـــە بۆ ئەوە دەکات کـــە خودایەک هەیە و ناتوانین هەســـت بەو خودایە بکەین، ئەو لە دەرەوەی گەردووندایە. خودا کوڕی خۆی ناردووەتە سەر زەوی تاکـــوو ئێمە ڕزگار بکات، دەوترێت ئەو کوڕە کاتێـــک لەدایک بووە کە دایکی هەر بوخچەی نەکراوە بووە. (virgin birth)، عیســـا لە کاری خۆیدا گەلێک مۆجیزەی دەکرد، ئەو نەخۆشەکانی چاک دەکردنەوە، لافاو و باهۆز و گێژەلوولی دەنیشـــاندنەوە، بەســـەر ئاودا دەڕۆیشت، ئاوی دەکرد بە شـــەراب، مردووەکانی زیندوو دەکرنەوە و زۆر شـــتی تریشی دەکرد. بەڕاستی کەمن ئەوانەی هەموو ئەو شتە سەرسامکەرانە بە واتای ڕاستەقینەی وشەکان تێ بگەن، بەڵام دەبێت بزانین کە یەکێک لە کۆڵەکەکانی باوەڕی مەسیحییەت ئەوەیە کە خودا دەتوانێت دەست لە هەموو کاروباری ئەو دنیایەدا وەر بدات و مۆجیزە بکات، واتە دەتوانێت ئەو کارانە بکات کە بەپێچەوانەی یاسای سروشت دادەنرێن.

یەکێکی دیکە لە بنەماکانی مەســـیحییەت ئەوەیە کە عیســـا لە مردن زیندوو بووەتەوە، پۆڵس دەڵێـــت ئەگەر ئەوە ڕووی نەدابێت، مەســـیحییەت درۆیە. هەموو ئەو شـــتانە بـــەو واتایەن کە لە مەســـیحییەتدا ڕێزپەڕ لە یاســـاکانی سروشتدا ئەگەری هەیە، خودا توانایی ڕەهای هەیە و هەرچی پێی خۆش بێت دەیکات، لە مەسیحییەتدا یاساکانی سروشت ڕەها نین.

مەســـیحییەت بانگەشـــەی ئـــەوە دەکات کە ئـــەو دنیایە پلە دووە، واتە شـــتیکی ســـانەوییە (secondary)، گرنـــگ ئەو دنیایەیە کە پاش مردن بۆی دەچیـــن، ئەگەر لەو دنیایەدا بەگوێرەی

ڕاسـپاردە و ئامۆژگارییەکانی خودا ژیابێتین، پاش مردن خودا خەڵات و پاداشـمان دەداتەوە، ئیتر ئـەودەم دەچینە مەلەکووتی ئاسـمان و لەوێدا بۆ هەتاهەتایە لە شـکۆ و بەختەوەریدا دەژین. جا بۆیـە ئەگەر لەو دنیایەدا کـەم و زۆر ئەزیەت، ئازار، زوڵم، زۆریش بچێژیـن گرنگ نییە. ڕوانگەی مەسـیحییەت سـەبارەت بە مرۆڤ ئەوەیە کە لەلایەک مرۆڤەکان خاوەنی ئیرادەی ئازادن، چونکە دەتوانـن لە ژیاندا ئەوە هەڵبژێرن کە بەتەواوەتی بەگوێـرەی ئامۆژگاری و فەرمانەکانی خودا بژین، بەڵام لەلایەکی تریشەوە ئێمە مرۆڤەکان هەموومان بە گوناحباری دێینە سەر دنیا و هەموومان لەو گوناحەدا کە وەکوو میرات بۆمان بەجێ ماوە شـەریک و هاوبەشـین، بۆیە ئێمە هەمووومان شایانی لەعنەتی هەتاهەتایین، کەواتە دەتوانین بڵێین ڕوانگەی مەسـیحییەت سەبارەت بە مرۆڤ لە خۆیدا دژایەتی و ناتەبایی تێدایە.

## زانیناسی

لە ڕوانگەی مەسـیحییەتەوە باوەڕ ڕێگەیەکە بۆ بەدەسـتهێنانی زانست، وەکوو پێشتر گوتمان باوەڕ بریتییە لە بڕوا بە ئامۆژگارییەکانی مەسیحییەت، بێ ئەوەی کە ڕەخنە و هەڵسەنگاندنێکی لۆژیکییان بۆ بکەیت یان بێ ئەوەی  کە پرسیار بکەیت کە ئایا ئەو قسە و باسانە ڕاستن یان نە؟ پێش هەموو شـتێک مرۆڤ پێویستە باوەڕی هەبێت، باوەڕ خۆی بە بەها پڕبایەخ و تایبەتمەندییە ڕەوشتییەکان دادەنرێت، عیسا بەو جۆرە باسی ئەو بابەتە دەکات: "ئەگەر نەگەڕێنەوە و وەکوو منداڵتان لێ نەیەت، قەت ناچنە نێو مەلەکووتی ئاسمان"، (مەتا. ١٨: ٣) ئاخر منداڵان بە جۆرێکن کە بێ ئەوەی لەو بارەوە پرسیار یان ڕەخنەیان هەبێت، باوەڕ بەو شتانە دێنن کە پێیان دەوترێت.

شـێوازی عیسـاش نموونەیەکە بۆ بنەمای باوەڕمەندبوون؛ ئەو هیچ کاتێک بۆ قسـە و بانگەشە و ڕاسـپاردەکانی، جگە لە ئیشـارە بە ویسـت و ئیرادەی خودا هیچ بەڵگەیەکی دیکە ناهێنێتەوە و دەڵێت: "دوژمنەکانی خۆتان خۆش بوێن"، کەچی هیچ بەڵگەیەک بۆ ڕاستی و دروستیی ئەو جۆرە هەڵوێستە ناهێنێتەوە. هەروەها عیسا دەڵێت: "منداڵانی ژیر، دەتوانن لەو شتانە تێ بگەن کە لێیان شاراوەن"، بە شێوەیەکی ئاسایی، پێگە و باوەڕمەندبوون بە ئایین لەوەدایە کە ئەو کەسەی باوەڕیان هەیە، هیچ ڕوونکردنەوەیەکی پێویسـت نییە و بۆ کەسێکیش کە باوەڕی نەبێت، ئەگەری نییە هیچ ڕوونکردنەوەیەک بیهێنێتە سەر ڕێگەی.

ئەو قسـانەی عیسا ئەو باسـە پتر ڕوون دەکەنەوە؛ "ئەی باوک، دەتپەرەستم... چونکە تۆ ئەوت لە زانایان و ژیرەکان شـاردووەتەوە.... هەروەها لە کەسـانی نەزانیشت شاردووەتەوە" (مەتا. ١١:٢٥.)، هەروەها پۆڵسیش ئەو شتە بە جۆرێکی دیکە دەدرکێنێت و دەڵێت؛ "زانست و حیکمەتی ئەو دنیایە لەلای خودا نەزانییە، خودا ئاگای لە بیر و بۆچوونی زاناکانە، دەشـزانێت کە ئەو زانیارییانەی ئەوان بێ بایەخن" (یەکەم قرنتیان ٣: ١٩-٢٠).

لێرەدا دەردەکەوێت کە مەسیحییەت بە توندی پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە باوەڕ ڕێگەیەکە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کە لە مەسیحییەتدا بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە پێویست نییە، هەر باوەڕداربوون و بڕواهێنان بەسە. تێرتولیان، یەکێک لە باوکەکانی کلیسا کە زۆر خوێندەواریش بوو، بەو جۆرە باس لە باوەڕداربوون بە خۆی دەکات: Credo quiet absurdum واتە "من باوەڕم هەیە، چونکە بە پێچەوانەی ئاوەزە".

ئەو بیرۆکەیە دەڵێ کەسی باوەڕدار دەستی بە زانست و زانیاری ڕادەگات، لەسەر ئەو بنەمایە ڕاوەستاوە کە خودا ڕاستەوخۆ لەگەڵ وشیاری و ئاگاییی ئێمە قسە دەکات، واتە بێ ئەوەی پێویست بێت زانست بە نێو پاڵوینەی هەستەکانماندا تێپەڕ بێت ، دەکرێت بەدەستی بێنین، یەکێک لە باوکەکانی کلیسا بە ناوی نۆمینوس، بەم جۆرە ئەو مەبەستە ڕادەگەیەنێت: "هەموو زانستێک لە نوورێکی گەورەوە دێت کە ئەو چرا بچکۆلانەی دونیا ڕووناک دەکات"، (ویندلبند، ص۲۲۳).

خوا نوورێکی گەورەیە و مرۆڤەکان چرایەکی بچکۆلەن، لەبەر ئەوەی کە خودا ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێمە قسە دەکات، پێویستیمان بە هیچ ڕێکارێک نییە بۆ ئەوەی ڕاستی و دروستیی زانیارییەکانی پێ هەڵسەنگێنین ، ئاخر زانست و زانیارییەک کە ڕاستەوخۆ لە خوداوە دێت، دەبێت ڕاست بێت.

### ئاکار

کەسێکی مەسیحی دەبێت لە هەموو کاروباری ژیانیدا لە داو یان هێڵێکی ڕێنیشاندەری تایبەتی پێڕەوی بکات؛ ئەو کەسە ئەرکی سەرشانیەتی کە لە قسەی خودا دەرنەچێت و فەرمانی خودا بەڕێوە ببات. لە پێوەندی لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا ئەوە بەو واتایەیە کە بنەما یان پرەنسیپێک هەیە کە هەمیشە دەبێت لە بەرچاو بگیردرێت، کە ئەویش خێر و سەدەقەیە (charity). عیسا دەڵێت؛ مرۆڤ دەبێت دراوسێیەکەی وەکوو خۆی خۆش بوێت، لەوەش زیاتر مرۆڤ پێویستە تەنانەت بەبێ هیچ هەڵسەنگاندنێکی ڕەوشی و ئاکاری سەبارەت بە دراوسێ، دراوسێیەکەی خۆی خۆش بوێت؛ «هەڵسەندگاندن و دادەوەری و قسە لەسەر خەڵکی مەکە بۆ ئەوەی خەڵکیش قسەت لەسەر نەکەن».

لەسەر ئەو بنەمایە لێخۆشبوونی ئەو کەسانەی کردەوەی ناپەسند دەکەن، بە یەکێک لە گەورەترین بەها پڕبایەخ و کارە باشەکان لەقەڵەم دەدرێت و تەنانەت عیسا لە جێگەیەکیشدا دەڵێت ئێمە دەبێت دوژمنەکانی خۆشمان خۆش بوێن. دیارە ئەوە بێ بەرانبەر ناکەین، ئەگەر بەگوێرەی ویست و فەرمانی خودا بژیین، پاش مردن خودا پاداشمان دەداتەوە و دەچینە مەلەکووتی ئاسمان. ئاکاری مەسیحی، لەو قسانەی حەزرەتی عیسا کە لە ئینجیلدا هاتوون بە باشترین شێوە ڕەنگی داوەتەوە؛ "بەرانبەری ئەو کەسە مەوەستەوە کە ئازارت دەدات، ئەگەر کەسێک زللەی لە ڕوومەتی ڕاستت دا، لایەکەی دیکەشی بۆ ڕاگرە با زللەی لێ بدات، ئەگەر کەسێک پەلامارت دەدات و یەخەی کراسەکەت دەدڕێنێت، لێی گەڕێ با باڵتۆکەشت بگرێت، ئەگەر کەسێک ناچارتی کردی

مەودای میلێک دوا کەوی، دوو میللی بە دوادا بڕۆ (مەتا ٥: ٣٩-٤١).

عیســا لە ئامۆژگارییەکانی خۆیدا لەسەر شــاخ، تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ڕەوشت و ئاکاری مەسیحی دەستنیشان دەکات، لێرەدا ناوبراو گەلێک ڕێوشوێنی جۆراوجۆر بۆ چۆنیەتیی ژیانی خەڵک دیاری دەکات، مەبەستی عیسا ئەوەیە کە ئێمە نابێت نیگەرانی داهاتوومان بین و پێویست ناکات لە سەر زەوی گەنج و زێڕ و زیو کۆ بکەینەوە و دەڵێت؛ "وشتر ئاسانتر بە کونی سووژندا دەڕوات تاکوو ئەوەی کە دەوڵەمەنێک بچێتە بەهەشــت" و هتد... هەروەها دەڵێت پێویست ناکات زۆر کار بکەین و لەو بارەوە زۆر ماندوو ببین. لەو پێوەندییەدا ئاماژە بە چۆلەکەکان دەکات کە کار ناکەن و لەوەش زیاتر گوڵەکان لە دەشت و دەردا بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت تەنانەت لە پاشایەکی خاوەن شکۆ و شەوکەتیش زۆر جوانتر و بە پڕبایەخترن.

ڕوانگەی عیســا ســەبارەت بە کار و لە چۆنیەتیی کارسپاردن بە هاوکارەکانیشیدا دەردەکەوێت، ئەوان ناچار بوون دەســت لە کار و پیشــەی خۆیان هەڵگرن تاکوو بتوانن وەک هاوکار و پێڕەوی عیسا تێکۆشانیان هەبێت. بە سواڵکردن و سەدەقە دەژیان، ئەگەر شتێکی کەمیشیان هەبایە لەگەڵ خەڵکی هەژاردا بەشــیان دەکرد، بۆیە زۆربەی مەســیحییەکان لەو سەرمەشقە پێڕەویان دەکرد و ئەوان لە کات و کەلوپەل و کەرەســتەی خۆیان بۆ یارمەتی بە هەژاران کەڵکیان وەردەگرت. زۆرن ئەو دەســتە و تاقم و گرووپە جۆراوجۆرە مەســیحییانەی کە لەو بارەوە لە سەردەمی عیساوە تاکوو ئێستە  کار و تێکۆشانێکی بەرچاویان لە خۆیان نیشان داوە.

## سیاسەت

ڕاســتییەکەی ئەوەیە کە عیســا بە کردەوە جگە لە یەک تاقە ڕســتە، هیچ شــتێکی سەبارەت بە سیاسەت باس نەکردووە. ڕەنگە هۆیەکەی ئەوە بێت کە ئەو لەوە دڵنیا بوو کە ڕۆژی قیامەت نزیکە و دەڵێ؛ "تۆبە بکەن، مەلەکووتی ئاســمان نزیکە" (مەتا ٤:١٧) یان دەڵێت: "هەندێک لەو کەسانەی کە لێرە ڕاوەســتاون، تاکوو نەبینن کە کوڕی مرۆڤ بە تەختی پاشــایەتی گەیشــتووە، تامی مردن ناچێژن"(مەتا١٦:٢٨). جا بۆیە ئەگەر ڕۆژی داوەری نزیک بێت، هەوڵدان بۆ دانانی هەندێک ڕێوشوێن و بەرنامە بۆ چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، کەڵکێکی ئەوتۆی نییە. بەڵام تەنیا شــتێک کە عیسا لەو بارەوە وتوویەتی، ئەوەیە کە دەڵێت؛ "ئەوەی مافی قەیسەرە، بیدە بە قەیسەر و ئەوەش کە مافی خودایە بیدە بە خودا". ئەوە بە واتای قەبووڵکردنی ئەو سیســتەمە سیاســییە بوو کە هەبوو و عیسا نەشیدەویست شــەڕی ئازادیخوازانە بە دژی ئیمپراتۆڕیەتی ڕۆم هەڵیگرسێنێت، هەرچەند هەندێک لە پێڕەوەکانی ئەو کارەیان بە ئەرکی ناوبراو دەزانی.

لە بەر ئەوەی کە پاشــایەتیی بەهەشــت لەمێژ بوو کۆتایی پێ هاتبوو، لە ئاکامدا پێڕەوانی عیسا دەبوایە لەســەر هەندێک ڕێوشوێن سەبارەت بە چۆنیەتیی ڕێکخستنی کۆمەڵگە ساغ ببنەوە. پاوڵس

لە نامەیەکدا بۆ ڕۆمییەکان (بەشـــی ١٣) ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە مەسیحییەکی باش پێویستە ئاکار و هەڵسوکەوتی چۆن بێت و لە نامەکەدا هاتووە: "پێویستە پێڕەوی لەو کاربەدەستانە بکات کە حوکمیان بەســـەریدا هەیە، هیچ بەرپرسیارەتی و پلە و پایەیەک نییە کە لەلایەن خوداوە نەبێت و دەسەڵاتدارانیش لەلایەن خوداوە دادەنرێن، بۆیە هەر کەسێک بەرانبەر بەوان ڕاوەستێتەوە، بەرانبەر فەرمان و ئیرادەی خودا وەســـتاوەتەوە و ئەو کەســـانەش کە کارێکی وا دەکەن، بە ســـزای خۆیان دەگەن، دەســـەڵاتداران بەندەی خودان و بۆ خێر و قازانجی ئێوە دەســـەڵاتیان بەدەستەوەیە...». بەو پێیە ڕوانگەی سیاســـیی مەسیحییەت، بریتییە لە پێڕەوی لە کاربەدەستانی دەوڵەت، مەسیحییەکی باش بە گوێڕایەڵی و پێڕەوی لە کاربەدەســـتانی دەوڵەت، لە پاش مردنی پاداش وەردەگرێت، بەڵام ژیانی ئەم دنیایە، خۆی هیچ بایەخێکی نییە.

## جوانیناسی

لە پێوەندی لەگەڵ هونەردا "پەیمانی نوێ" قســـەیەکی بۆ وتن نییە و دەبێت ئەوەش بڵێین کە لە ســـەردەمی کۆندا مەسیحییەکان دژی هونەر بوون. ئەوان لەو بڕوایەدا بوون کە بایەخدان بە هونەر، وەک گرنگیـــدان بە ژیانی ئەم دنیایە دادەنرێت، بۆیـــە بایەخێکی ئەوتۆیان بەم ژیانە نەدەدا و وەک قۆناغـــی خۆئامادەکردن بۆ ژیانی پاش مردن بۆ ژیانی ئـــەم دنیایە دەڕوانن، دواتر هونەرێکی گەورە لەسەر بناغەی مەسیحییەت سەری هەڵدا کە لەو پێوەندییەدا دەکرێت ناوی دانتە و باخ بێنین.

□

پاش ئەوەی مەســـیحییەت بوو بە خاوەنی کۆمەڵێک دەقی پیرۆز، وەکوو سیستەمێکی فەلسەفییش دەرکەوت، بەڵام ڕاســـتییەکەی ئەوەیە کە بیرمەندانی قۆناغەکانـــی دواتر ڕۆڵێکی بەرچاویان لەوەدا گێڕا کە بەڕاســـتی مەسیحییەت چییە و لە چی پێک هاتووە، لێرەدا ئێمە باسی ئاگوستین، تۆماس ئەکویناس و مارتین لۆتەر دەکەین و هەروەها بە کورتییش باســـی خەباتی جیهانی دەکەین کە بە باسێکی زۆر گرنگ دادەنرێت.

## ئاگوستین

ئاگوســـتین (٣٥٤-٤٣٠) لە باکـــووری ئەفریقا لەدایک بوو و لە تەمەنی لاویدا مانیکوریســـت واتە لایەنگری مانیزم (Manichaeism) بوو ئەوانە فیرقەیەکی مەسیحی بوون کە دەیانوت خودا شەڕ و خەراپـــەی لـــەو دنیایەدا نەئافراندووە، بۆیە خودا هێز و توانایی ڕەهای نییە. دواتر ئاگوســـتین بۆ ماوەیەک ڕێبازی گومانگەرایی (sceptic) هەڵبژارد و ماوەیەکیش نیوئەفلاتوونی بوو، ئەو بڕوایەکی قووڵی بەوە هەبوو کە کار و شـــتە مەعنەوییەکان شـــتی ڕاستەقینەن، لە تەمەنی سی ساڵیدا بڕوای

بە مەسیحییەتی سوننەتی هێنا و ئەودەم باوەڕی هێنا کە گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە بەشێک لە چیرۆکەکانی کتێبی پیرۆز نەک بەپێی ڕواڵەتی وشەکان، بەڵکوو دەبێت بە شێوەی خوازە (مەجازی) و خەیاڵی لێکدانەوەیان بۆ بکرێت. پاش تەواوکردنی خوێندن لە میلانۆ، گەڕایەوە باکووری ئەفریقا (ئەلجەزایر) و بۆ ماوەی چل ساڵ لەوێ وەکوو ئوسقۆف (bishop) درێژەی بە خزمەتەکانی دا و لەو ماوەیەدا بەرە بەرە توانی پلە و پایەیەکی گەورە و بەرچاو وەک قەشە، مامۆستا و ڕێبەر بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

ئاگوستین لە کتێبی "دانپێدانان"دا زۆر بە ڕاشکاوی نووسیویەتی کە ژیانی ئەو پڕاوپڕ لە گوناح بووە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ژیانی ئەو لەچاو ئەوەی کە ئەودەم باو بوو، زۆر زۆر باشتر بوو و دیسانەوە ئەو خۆی هەر بە گوناحبارێکی گەورە دەزانی و دەڵێت کە گوناحی گەورەی کردووە؛ بۆ نموونە لە سەردەمی منداڵیدا شانازیی بەوە کردووە کە لە قوتابخانەدا زیرەک بووە، هەروەها ئەو عاشقی یاری بوو، سەیرکردنی سیرک و شانۆی پێ خۆش بووە، مێوەی لە هەنبانەی ماڵەوە بردووە بۆ ئاژەڵەکان و بەهۆی ئەو گوناحانەوە پاشماوەی ژیانی لە ڕەنج و ئازاری ویژداندا بوو.

ئاگوستین دەیگوت کە "ڕۆحی ئەو پڕە لە زیبکە و دوومەڵی چڵکن و پیس"، مەبەستی ئەوەیە کە ئەو کەسێکی بێ نرخ بووە و هەمیشە پێی خۆش بووە لەگەڵ دۆستەکانیدا خەریکی ڕابواردن بێت، ژنیشی زۆر خۆش ویستوون و هەروەها دەڵێت ئەو گوناحێکی گەورەی کردووە کاتێک لەسەر داوای دایکی وازی لە ژنێک هێناوە کە دایکی پێی وا بووە کەسێکی گونجاو نییە تاکوو کوڕەکەی هاوسەرگیریی لەگەڵ بکات. لە تەمەنی گەورەساڵیدا ماوەیەک پێداگریی لەسەر ئاوەز و ئاوەزتەوەریی دەکرد و باوەڕکردن بە ئاوەز وای لێ کردبوو کە بۆ ماوەیەک ببێتە مانیکوریست (manicurist)، ئاخر باوەڕکردن بە ئاوەز لە باتی باوەڕهێنان بە توانایی و دەسەڵاتی ڕەهای خودا، بە گوناحێکی گەورە دادەنرێت.

دەتوانین بەو جۆرەی خوارەوە ڕوانگەکانی ناوبراو سەبارەت بە مرۆڤ بخەینە بەر چاوی ئێوەی خوێنەر: بەبێ ڕەحم و بەزەیی خودا، ژیانی مرۆڤ پووچەڵ و بێ ناوەڕۆکە، توانایی بیرکردنەوەی نییە، لەشی کانگای گوناح و شەهوەتە، ژیانی سەرانسەر ڕەنج و مەینەتە.

مرۆڤ دەبێت دەست لە بەرزەفڕی و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی نرخ و بایەخ تاکەکەسییەکان هەڵگرێت، مرۆڤ دەبێت دان بەوە دا بنێت کە ناتەواوە، لێوەشاوە نییە، بۆیە دەبێت دڵی گەورە بێت و دەست لە غروور هەڵگرێت. تەنیا ئامانجی ژیان بریتییە لە بەندەگیی خودا و بۆ گەیشتن بە بەندەگیی خودا، پێویستە ئاوەز بخەینە لاوە، لە جیاتی ئەوە بیر لە باوەڕهێنان و وەحی بکەینەوە، مرۆڤ دەبێت دەست لە هەموو خۆشی و چێژو نیعمەتەکانی سەر زەوی و خۆشبژیوی هەڵگرێت و تەنیا ڕێگەی بەندەگیی خودا و یارمەتیدانی هەژاران هەڵبژێرێت.

مرۆڤ بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی قەت بە قوتاربوون و ڕزگاری ناگات، بۆیە تەنیا و تەنیا

دەبێت پشـــت بە بەزەیی و دلۆڤانی و گەورەیی خودا ببەســـتێت. ئاگوســـتین لە کتێبێکی تریدا بە ناوی "دەوڵەتی خودا"، سەرتاسەری مێژووی دنیای بە شەڕ و ململانێی نێوان هێزەکانی خێر و شەڕ لەقەڵەم داوە و ئەو لەو کتێبەیدا ئەو هێزانە بە دەوڵەت ناو دەبات و هێزی خێر کە دەوڵەتی خودایە، سیمبۆل و هێمای پرەنسیپ و ڕێکوپێکییە. بریتییە لە هاوئاهەنگی و هاوپێوەندیی نێوان مرۆڤەکان و خودا. هێزی شەڕ یان هێزی شەیتانی بریتییە لە دەوڵەتی جیهانی کە بە تەواوەتی دژی دەوڵەتی خودایە، پڕیەتی لە شـــەڕ و کێشە و نائارامی و نادادپەروەری کە لەوێدا خەڵک گرفتاری گەورەترین گونـــاح بـــوون، واتە لادان لە فەرمانی خودا و ڕاپەڕین بە دژی خـــودا. ئەو تیۆریە ڕێگە و ڕەوایی بە مەسیحییەت دەدات تاکوو زۆرتر بۆ ڕێکخستن و چاکسازیی کاروباری کۆمەڵگە تێ بکۆشێت.

هەر وەک گوتمان؛ فەلسـەفە پاش ئەریسـتۆ لە سیاسـەت دوور کەوتەوە، بەڵام ئیتر ئێسـتە مەسـیحییەت کە بووەتە ڕێبازی هەرە زاڵی فەلسـەفی، دەیهەوێت کۆمەڵگە ڕێک بخات و ڕێگەی چارەسەری نیشان بدات. لە ڕوانگەی ئاگوستینەوە لە کۆمەڵگەدا خەبات و ململانێیەکی توند لەنێوان هێزەکانی شەڕ و خێر لە ئارادایە، مەسیحییەکان لەو شەڕ و خەبات و ململانێیەدا دەبێ کاریگەری و شوێندانەرییان هەبێت و لایەنگری بکەن، بۆیە کۆمەڵگە دەبێت ڕێکخستنی بۆ بکرێت تاکوو گوناح بخرێتە ژێر کۆنترۆڵ. کەواتە مەسیحییەکان دەبێت خەبات بکەن و بەرگری لە کۆمەڵگەیەک بکەن کە پێیان وایە کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانەیە.

## کێشە و ململانێی جیهانی

لە ســـەروبەندی ســـاڵی هەزاردا باســـێکی گەرم ســـەبارەت بە ڕادەی گرنگیی پرســـە فەلسەفییە بنەڕەتییەکان هەڵگیرســـا، کێشەی سەرەکی لەســـەر چۆنیەتیی بوونی چەمکەکان بوو. هەر وەکوو پێشـــتر ئاماژەمان پێ دا، فەلسەفەی ئەفلاتوون دەڵێت چەمکەکان لە ڕەهەندێکی دیکەدا سەربەخۆ لە ڕاستەقینەی هەستپێکراو و بە شێوەی ئیدە و فۆرم هەن، لە لایەکی دیکەوە ئەریستۆ پێی وا بوو کە چەمکەکان بە شێوەی سەربەخۆ بوونیان نییە، بەڵکوو تەنیا لەو شتانەدا هەن کە ئێمە هەستیان پێ دەکەین.

هۆی هەڵگیرســـانی ئەو باسە ئەوە بوو کە هەندێک لە زاناکان سەرلەنوێ ئەو بابەتەیان هێنایەوە ئاراوە کە تەنیا شتە واتایی و ڕەبەنەکان (single things) سەربەخۆ بوونیان هەیە و وەکوو پێشتر نووســـمیان ئەوەش جۆرێکە لە نۆمیناڵیزم. لەو ســـەروبەندەدا بیرۆکەکانی ئەریستۆ لەبیر کرابوون و تەنیا بۆچوونەکانی ئەفلاتوون بوون کە تا ڕادەیەکی زۆر بەســـەر بیری خەڵکدا زاڵ بوون، ئەگەر ئەو قســـەیە بە تەواوەتی قەبووڵ کرابا، کە دەوترێت تەنیا شتە واتایی و ڕەبەنەکان (ئابستراکت) بوونیان هەیە، ئاکامی گەورەی بۆ پرسە سەرەکییەکانی مەسیحییەت بەدواوە دەبوو.

لە ڕوانگەیەکی نۆمیناڵیستییەوە مەسیحییەت ئایینێکی فرەخودایییە، واتە لە مەسیحییەتدا سێ

خودا دەپەرسترێن: باوک، کوڕ و ڕۆحی پیرۆز (The Father, the Son. Holy Spirit)، کــە ئــەوەش بەپێچەوانــەی فەرمانی خودایە کــە فەرموویەتــی: "بێجگە لە مــن هیچ خودایەکی دیکە ناپەرســترێت". جا ئەگــەر چەمکەکان (universals) وەکــوو ئەوەی کە بەپێی ڕیئالیزمی ئەفلاتوونی، بوونی ســەربەخۆیان هەبێت، ئیتر کاتێک دەوترێت کەســێکی مەسیحی خودا دەپەرســتێت، تەنانەت ئەگەر سێ خوداش بپەرستێت هیچ کێشەیەک دروست نابێت، چونکە لە دۆخێکی ئاوا دا خودای ڕاستەقینە دەرەنجامی هەر سێ خوداکەی دیکەیە، واتە باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز. ئەگەر ڕیئالیزمیش وەکوو ڕاستی قەبووڵ بکەین، خەڵک لە ڕاستیدا هەر یەک خودا دەپەرستن، تەنانەت ئەگەر سێ خوداش بپەرستن.

ئەو بابەتە دوو ئاکامی دیکەشــی بەدواوە بوو، واتە گوناحێک کە لە ئادەمەوە بۆ مرۆڤ بە میرات ماوەتەوە یان چۆن گوناحێک کە ئادەم کردوویەتی، دەکرێت هەموو مرۆڤەکان تووشی ببن؟ کاتێک ئادەم تووشی گوناح بوو، "فۆرمـ"ــــی مرۆڤ بەگشتی گوناحبار بوو، چونکە هەموو مرۆڤەکان کۆپی و سێبەری ئەو "فۆرمـ"ـەن و گوناحی ئادەم هەموو مرۆڤەکان دەگرێتەوە. هەر بەو هۆیەشەوە عیسا دەتوانێت لە جیاتی هەموو خەڵک کەفارە بدا و لە ئاکامیشدا ئەو لە جیاتی هەموو مرۆڤەکان سزای وەرگرت، بۆیەش "فۆرمـ"ـی مرۆڤ لە گوناح خاوێن بووەتەوە.

سەرەنجام چارەسەرە پەسندکراوەکان تاکوو دەهات زیاتر و زیاتر وەکوو ئەو چارەسەرانە دەچوون کە ئەریستۆ هەزار ساڵ پێشتر پێیان گەیبوو، ئیتر بیرۆکەکانی ئەریستۆش بەرە بەرە لە سەرتاسەری کولتووری ڕۆژاوادا بڵاو بوونەوە و شانازیی هەرە گەورەش لەو بارەوە دەگەڕێتەوە بۆ تۆماس ئەکویناس.

## تۆماس ئەکویناس

تۆماس (١٢٢٥-١٢٧٥) لە شاری ئاکینۆ کە دەکەوێتە نزیک ناپۆلی، لەدایک بووە، ئەو هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە فەلسەفەی ئەریستۆ لەگەڵ پرنسیپ و بنەما بنەڕەتییەکانی مەسیحییەت بگونجێنێت و ئاشــتی لە نێوانیاندا پێک بێنێت، فەلسەفەی ئەریستۆ تا سەدەی یازدەهەم لە ئوورووپادا نەناسرابوو، لەو ســەردەمەدا پێوەندیی نێوان جیهانی عەرەب، جێگایەک کە بیر و بۆچوونەکانی ئەریستۆ لەوێ زۆر بڵاو ببوونەوە، لەگەڵ ئوروووپا زۆر پەرەی ئەستاند.

کاتێک کلیســا نێوەڕۆکی فەلسەفەی ئەریستۆی بۆ نامۆ نەبوو و بۆی دەرکەوت کە بۆچوونەکانی ناوبراو لەســەر مێتافیزیک و ئاکار و زانیناســی پڕن لە هێرش و پەلاماری توند بۆ سەر ڕوانگەکانی کلیســا و کلێساش بانگەشــەی بۆ ئەوە دەکرد کە دوو ڕاستی لە ئارادان، کەچی ئەریستۆ پێداگری لەســەر ئەوە دەکات کە تەنیا و تەنیا یەک ڕاســتیی ڕاســتەقینە هەیە. کلیســا دەیوت لە ڕێگەی باوەڕهێنانەوە دەکرێت مرۆڤ زانســت و زانیاری بەدەست بهێنێت، کەچی ئەریستۆ ئەیگوت زانست و زانیاری تەنیا لە ڕێگەی ئاوەزەوە بەدەســت دێت. کلیســا دەیوت پێویســتە خەڵک دڵیان ئاواڵا و

ســـنگفراوان بن و مرۆڤدۆست و بەبەزەیی بن، ئەریستۆ ئەیگوت پێویستە تواناکانی خۆمان بناسین، هەوڵ دەین ژیانێکی باشـــمان لەســـەر زەوی هەبێت و شانازی بە دەستکەوتەکانمانەوە بکەین. ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە لە ســـەرەتادا کلیسا هەوڵ بدات نووسراوەکانی ئەریستۆ قەدەغە بکات، بەڵام کارێکـــی وەهـــا زۆر نەلواو و نەگونجاو بوو، بۆیە زانایانی کلیســـا کەوتنەخۆ تاکوو ئاشـــتی لە نێوان بۆچوونەکانی ئەریســـتۆ و پرەنسیپەکانی کلیسادا پێک بهێنن و کەسێک کە لەو بوارەدا کارێکی زۆر و بەرچاوی کرد، تۆماس ئەکویناس بوو.

پێش تۆماس، ئیبن ڕووشد (١١٢٦-١١٨٩)، پسپۆڕی ئەریستۆناسی بوو و ئەو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە دوو ڕاســـتی بوونیان هەیە و ڕاســـتییە فەلسەفییەکان (ڕاستییە زانستییەکانیش بەشێکن لە ڕاســـتیە فەلسەفییەکان) و ڕاســـتییە ئایینییەکان، لەبەر ئەوەی کە ئەگەری هەیە کە ئەو دوو جۆرە ڕاستییانە لەگەڵ یەکتر نەیەنەوە، بە ناچاری هەندێک جار دەبێت لەنێوان ئەواندا، یەکیان هەڵبژێرین. لە هەلومەرجێکی ئاوادا باوەڕمەندێکی باش دەبێت هەمیشە ڕاستییەکانی ئایین هەڵبژێرێت، (دەبێت بگوترێت کە ئیبن ڕووشـــد موسوڵمان بوو). لەو بارەوە تۆماس نەیدەتوانی لەگەڵ ئیبن ڕووشد هاوڕا بێت و دەیگوت هیچ ناکۆکی و ناتەباییەک لە نێوان ئاوەز و باوەڕدا نییە.

گەورەترین پرەنســـیپی مەســـیحییەت (باوەڕ بە بوونی خودا) پێشـــتر قەبووڵ کرابوو، کەسیش لـــەو بارەوە داوای بەڵگەی نەدەکرد، تۆماس بڕوای بە بوونی خـــودا هەبوو، بەڵام لەو بارەوە هەر بە باوەڕ ڕازی نەبوو، ئەو بەڵگەشـــی دەویست و سەبارەت بەو بابەتە کاری زۆری کرد و تەنانەت بڕوای وا بوو کە توانیویەتی بوونی خودا بســـەلمێنێت. ئەو لەســـەر بناغەی هەستپێکردنی ڕاستەقینە و بە کەڵکوەرگرتن لە ڕێکاری لۆژیکی، پێنج بەڵگەی بۆ ســـەلماندنی بوونی خودا هێنایەوە (هێشـــتاش ئەوانە بۆ تۆماس ئەسڵی نین).

هەنووکـــە هەموو هاوڕان کـــە ئەو بەڵگانە هیچیان بۆ بەرگریکردن نابن، بەڵام لێرەدا خاڵی هەرە گرنـــگ ئەوەیـــە کە تۆماس بۆ لێکۆڵینەوە، لە ئاوەز وەکوو ڕێـــکار کەڵک وەردەگرێت، جا ئەگەر لە بەکارهێنانی ئەو ڕێکارەدا هەڵەی کردووە، ئەوە شـــتێکی دیکەیە. تۆماس لەســـەر ئەو باوەڕە بوو کە تەنیا لەو شـــوێنانەی کە ئاوەز بێ دەنگە، باوەڕ هەلی خۆنیشـــاندانی بۆ هەڵ دەکەوێت و پێی وا بوو کـــە لە هەندێک بـــواردا ئاوەز هیچ وەڵامێک ناداتەوە، لێرەدایە و تەنیـــا هەر لێرەدایە کە دەبێت لە باوەڕ کەڵک وەرگرین، (بۆ نموونە تۆماس دەیوت ئاوەز ناتوانێت هیچ شتێک سەبارەت بە ئافراندنی جیهان بزانێت، بۆیە پێویستە لێرەدا بڕوا بەو شتە بکەین کە لەوبارەیەوە لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە).

لێرەدا تۆماس بەو ئاکامە گەیشت کە ئاوەز و باوەڕ هەر دوویان بەکەڵکن، بۆیە دەتوانین لە هەر دووانیـــان لەبواری جـــۆراو جۆردا کەڵک وەرگرین، (بە گوتەی تۆماس لـــە هەندێک بواردا هەر دوو ڕێکارەکە دەگەنە یەک، مەبەســـتی ئەوە بوو کە دەتوانین بوونی خودا بســـەلمێنین)، ئەو ئەیگوت لەنێـــوان باوەڕ و ئاوەزدا هیچ ناکۆکـــی و ناتەباییەک نییە، بەڵام ئاوەز دەبێت ڕەها بێت و باوەڕیش

پێویستە تەواوکەری ئاوەز بێت.

تۆماسیش وەک ئەریستۆ بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە تەنیا یەک ڕاستی هەیە و ئەو ڕاستییەش لە دوو بەش پێک هاتووە؛ بەشێکی ماددی و بەشێکی بەراوەزی یان مەعنەوی. بەشی ماددی شتە مـــردووەکان، گیاکان و ئاژەڵەکان دەگرێتەوە و بەشـــی بەراوەزی یـــان مەعنەوی بریتییە لە خودا و فرشـــتەکان. مرۆڤ هەم لایەنی ماددی هەیە و هەم لایەنی مەعنەوی، کەواتە مرۆڤ بازنەیەکە هەر دوو بەشی ماددی و مەعنەوی پێکەوە گرێ دەدات.

مانـــای ئەو قســـەیە ئەوە بوو کە ئیتر نابێت هیچی تر ئەو دونیایـــەی کە تێدا دەژین بە کەم و بێبایەخ بزانین، وەک ئەوەی کە پێشـــتر کلیســـا بانگەشەی بۆ دەکرد، لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین کە دوو کۆمەڵـــە بەهـــای باش و پڕ بایەخ هەن کە یەکەم بەها سروشـــتییەکانن و بۆ ژیانێکی باش لەو دنیایەدا بەکەڵکمان دێن: کەڵک لە ئاوەزی دروست وەرگرە، بۆ پێشکەوتنی خۆت تێ بکۆشە، هەوڵ بدە ژیانێکی باش بۆ خۆت مســـۆگەر بکە و هەروەها بەهـــا بەراوەزییەکان؛ ئەو بەها بەرواوەزی یان مەعنەوییانە بۆ خۆئامادەکردن بەرەو ژیانی دوای مردن بەکەڵکمان دێن و گرنگترینیشـــیان بریتین لە باوەڕ، هیوا، مرۆڤدۆستی و دلۆڤانی.

بەو جۆرە ئاوەزتەوەری و پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی ئەریستۆ، جارێکی دیکە لە ئورووپادا بە فەرمی ناســـران و شـــانازیی ئەو کارەش دەگەڕێتەوە بۆ تۆماس. تۆماس هێندەی پێداگریی لەسەر بایەخ و گرنگیی ئاوەز کردەوە کە تەنانەت دەیوت، ئەگەر مرۆڤ بەپێی لێکدانەوەی ژیرانە و لەســـەر بنەمای ئاوەز گەیشـــتە ئـــەو ئاکامەی کە خودا بوونی نییە، دەبێت قەبووڵی بـــکات و بەگوێرەی ئاکامەکانی لێکدانەوەیەکـــی لەو چەشـــنەش بژی. خودا ئافرێنەری ئاوەزە، بۆیە کاتێـــک ئێمە پێڕەوی لە ئاوەز دەکەین، ئەوەش هەر ویست و ئیرادەی خودایە.

هەوڵ و تێکۆشانی تۆماس بوو بە هۆی ئەوەی کە بیر و بۆچوونەکانی ئەریستۆ لەنێوخۆ و دەرەوەی کلیســـادا بکەونە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە ئیتر لێرە بەدواوە کلیســـا ئیتر هەموو کاتێک لە ڕێکاری ئاوەز و ئاوەزتەوەری، کەڵکی وەردەگرت. تۆماس جیاوازیی لە نێوان فەلسەفە و خوداناســـی دادەنا و لە سەرەتادا کە بۆ سەدان ساڵ مەسحییەت بەسەر ڕۆژاوادا زاڵ بوو، فەلسەفە وەک بەشێک لە ئیلاهیات و خوداناسی دادەنرا، بەڵام دوای تۆماس فەلسەفە و خوداناسی هەرکامیان بوون بە خاوەنی گۆڕەپانی کار و چالاکیی سەربەخۆ و ئەو کارەش بوو بە هۆی گەشە و پەرەسەندنی کار و لێکۆڵینەوەی فەلسەفی و لە ئاکامدا فەلسەفە بە ڕادەیەکی زۆر گەشەی کرد.

بەو جۆرە هەوڵ و تێکۆشـــان بۆ تەتەڵەکردن، ڕێکخســـتن و بە سیستەمکردنی مەسیحییەت لە ڕێگەی ئاوەز و لۆژیکەوە، بە خێرایی بوو بە زانســـتێکی ســـەربەخۆ کە ناوی سکولاستیسزمی لەسەر دانرا (scholasticism)، دەبێت ئەوەش بگوترێت کە ئەو وشەیە لە بوار و چەمکی دیکەشدا بەکار دێت، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ ڕاسیۆنالیزم یان ئاوەزتەوەری هاوواتایە.

## مارتین لۆتەر

لە ئاکامدا کلیسا بەرە بەرە لە پەیامی بنەڕەتی، سەرەکی و ڕاستەقینەی عیسا و مەسیحییەت دوور کەوتەوە، سامان و داراییەکی زۆری کۆ کردەوە و دەستی کرد بە کاری سیاسی و دەسەڵاتی سیاسیی قۆرغ کرد و لەنێو خۆیدا تووشی گەندەڵیش بوو، پیاوە ئایینییەکان بە پارە لە گوناحەکان خۆش دەبوون و ئامانامەیان بە خەڵک دەفرۆشت، لەو ڕێگەیەوە ژیانێکی شایانەیان بۆ خۆیان دەستەبەر کرد، زۆر بوون ئەوانەی لەنێو خودی کلیسادا دژکردەوەیان بەرانبەر بەو دۆخە نیشان دا کە مارتین لۆتەر (۱۴۸۳-۱۵۴۶)، وەکوو قەشەیەکی ئاڵمانی یەکێک لەو کەسانە بوو.

لە ئاکامی کار و خەبات و ڕاپەڕینی مارتین لۆتەردا کلیسایەکی نوێ بە ناوی کلیسای پرۆتستانت (Protestant Church) پێک هات، لێرەدا گرنگترین خاڵە سەرەکییەکانی تێگەیشتنی مارتین لۆتەر لە مەسیحییەت بەو جۆرەی خوارەوە دەخەینە بەر سەرەنجی ئێوەی خوێنەر.

تیۆلۆژیی مارتین لۆتەر لەگەڵ خوداناسیی ئاگوستین هاوئاهەنگ بوو، ئەویش دەیگوت هەموو خەڵک گوناحبارن و شایانی لەعنەتی هەتاهەتایین (هیچ گرنگ نییە کە لەو دنیایەدا چەندە کاری چاک و باشمان کردووە)، ئەوە هیچ لە باس و بابەتەکە ناگۆڕێت، جگە لە دلۆڤانی و بەزەیی خودا کە دەتوانێت ڕزگارمان کات، هیچ شتێکی دیکە بە فریامان ناگات و ئەوەندەش بەسە کە باوەڕمان هەبێت، خودا بەخشندە و دلۆڤان و بە بەزەییە. هەندێک لە ئێمە ڕزگارمان دەبێت، بەڵام ئێمە بە هیچ جۆرێک ناتوانین کاریگەری لەسەر خودا دابنێین، بۆیە کلیسایەکی فەرمی کە ببێتە پردی پێوەندیی نێوان خودا و مرۆڤ وەک ئەوەی کە کلیسای کاتۆلیک بانگەشەی بۆ دەکرد، هیچ پێویست نییە و هەموو مرۆڤێک دەبێت بڕوای بەوە هەبێت کە خۆی دەتوانێت ڕێگەی ڕاستی خۆی بدۆزێتەوە، (ئەو بۆچوونە بە خێرایی بوو بە هۆی سەرهەڵدانی گەلێک تاقم و گرووپی جۆراوجۆری مەسیحی).

خاڵێکی دیکەی خوداناسیی مارتین لۆتەر ئەوە بوو کە ناوبراو بە توندی دوژمنایەتیی ئاوەز و ئاوەزتەوەری دەکرد: "کەسێک کە دەیهەوێت مەسیحییەکی باش بێت، پێویستە حاشا لە ئاوەزی خۆی بکات" (Peikoff, p.41) و هەروەها "گەورەترین مەترسی لەم دنیایە، ئەو کەسەیە کە بیر و هۆشێکی دەوڵەمەندی هەیە، بۆیە دەبێت ئاوەز فڕێ بدەین و بە لاڕێیدا بەرین. پێویستە ئاوەز کوێر بکەین و لەنێوی بەرین" (Peikoff, s.145).

بیر و بۆچوونە سیاسییەکانیشی بە جۆرێکن کە نابێت بەهەڵە لێیان تێ بگەین، ئەو دەڵێت پێڕەویکردن لە دەوڵەت بە بەها و بە بایەخێکی ئایینیی مەسیحییەت لەقەڵەم دەدرێت... ئێمە پێویستە خۆمان بخەینە ئێختیاری دەسەڵاتدار، ئەگەر دەسەڵاتدار کەڵکی خراپی لە دەسەڵات وەرگرت، نابێت لێی بێزار و ناڕازی بین، نابێت بیر لە تۆڵەکردنەوە لەو دەسەڵاتدارە بکەینەوە، ئێمە دەبێت پێڕەوی فەرمان و بڕیاراتی دەسەڵاتدار بین، چونکە ئەوە ویستی خودایە، گرنگ نییە کە دەسەڵاتدار چۆن حکوومەت دەکات، ئێمە لەسەرمانە لە بەرانبەر ئەودا بەسەبر و لەسەرخۆ بین» (Peikoff, s.42).

## ڕێنێسانس

بەشـێوەیەکی ئاسـایی سـەدەی پازدەهەم لە مێژووی ئورووپادا بە خاڵی وەرچەرخان دادەنرێت و ئەو قۆناغەی کە لە سـەدەی پێنجەمی زایینییەوە دەسـتی پێ کرد، واتە چاخەکانی نێوەڕاسـت، لە سـەروبەندی دەسـتپێکردنی سـەدەی پازدەهەمدا کۆتایی پێ هات، بەتایبەتی نیوەی یەکەمی چاخەکانی نێوەڕاسـت زۆر زۆر تاریکە و لەو دەورەیەدا چالاکییەکی ئەوتۆی هزری و ڕووناکبیری بەرچاو ناکەوێت و کلیسا باڵی بەسەر ژیانی بەراوەزی کۆمەڵگەدا کێشاوە. لە دەرەوەی کلیسادا، ژمارەی ئەو کەسانەی کە بتوانن بنووسن و بخوێننەوە، لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێ ناپەڕێت، لە بواری ئەدەبییـەوە لەو ماوەیەدا بێجگە لە چەند لێکۆڵینـەوەی ئایینی کە ئەوانیش هیچ دەوڵەمەندییەکی هـزری و ڕووناکبیرییان پێوە دیار نییە، شـتێکی دیکەمان بەرچاو ناکەوێت. لە باری سیاسـییەوە حکوومەتی پاپ دەسـەڵاتی تەواوی بەسـەر ژیانی سیاسـیی کۆمەڵگەدا هەبوو و هەروەها لە باری کۆمەڵایەتییشـەوە کۆمەڵگە بە شیوەی سـەربازیی فیئۆداڵی بەڕێوە دەچوو، ئاستی ژیان و بژیویی خەڵک لە بواری ماددی و خۆشبژیوییەوە زۆر لە خوارەوە بوو.

لە سەرەتای سـەدەی پازدەهەمدا بەرە بەرە لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا ئاڵوگۆڕ پێک هات، ڕاپەرینی لۆتەر بوو بە هۆی دابەشـبوونی حکوومەتی پاپ و بەو جۆرە کلیسا بەسەر کلیسای پرۆتستانت و کلیسای کاتۆلیکدا دابەش بوو، لە ئاکامی ئەو جیابوونەوەیەدا دەسەڵاتی پاپ بە توندی کەم بووەوە و کلیسـای پرۆتسـتانت، بە بەراورد لەگەڵ کلیسـای کاتۆلێک، زۆر کەم حەزی لەوە بوو دەسـت لە کاروباری سیاسـی وەر بدات، ئەمەش لە سەرەتادا بوو بە هۆی بەهێزبوونی دەوڵەتە پاشـایەتییە نەتەوەییەکان. لە ئاکامدا خەڵک بەرە بەرە باوەڕیان بەو قسـەیە نەما کە دەوترا، پاشا لەلایـەن خوداوە دانـراوە و هەر بۆیەش بێ لەبەرچاوگرتنی چۆنیەتیی کار و قسـە و فەرمانەکانی، پێویسـتە پێڕەویی لێ بکرێت، و لە جیاتی پێڕەوی لێ بکەن، کەوتنە باس و وتووێژکردن لەسـەر ئەوەی کە ئەو کەسـەی دەسەڵات بەڕێوە دەبات، بۆ ئەوەی کە دەسەڵات و حکوومەتەکەی بە ڕەوا لەقەڵەم بدرێت، پێویستە پێڕەوی لە هەندێک یاسا و ڕێسای دیاریکراو بکات.

ماکیاولی کە لە ماوەی ساڵانی نێوان ۱۴۶۹ تا ۱۵۲۷دا، لە فلۆرانس دەژیا، لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی "شـازادە" بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئامانجی دەسـەڵاتدار بەر لە بەرچاوگرتنی ڕێوشوێنە ئاکاری و ڕەوشـتییەکان لە پێوەندیی لەگەڵ خەڵکی ئاسـاییدا، پێویستە لەبیری دابینکردنی قازانج و بەرژەوەندییەکانـی دەوڵەتدا بێت، بەڵام دواتر هەندێک زانای دیکە، بۆ نموونە جان لاک (۱۶۳۲-۱۷۰۴)، ئەو بیردۆزییەیان هێنایە ئاراوە کە هەر کەس خاوەنی هەندێک مافی تایبەت بە خۆیەتی کە تەنانەت دەوڵەتیش ناتوانێت حاشایان لێ بکات، هەروەها مونتسکیو، بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەنێوان دەسەڵاتی بەڕێوەبەری، دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی یاساداناندا لە کتێبی ڕۆحی یاساکان، لە ساڵی ۱۷۴۸دا، هێنایە بەرباس.

پرەنسیپی دابەشکردنی دەسەڵات کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پەرەسەندنی سیاسی لە ڕۆژاوا هەبووە، لە ماوەیەکی کەمدا بەشێک لەو بیرۆکانە جێگیر کران و لە ئاکامدا زۆربەی وڵاتانی ڕۆژاوا ئازادییەکی سیاسیی زۆریان بەدەست هێنا.

خەڵکێکی زۆر بەرە بەرە ویستیان بزانن کە بەڕاستی ئەو دنیایە چۆنە، لە ئاکامدا کۆمەڵە کەسانێک بۆ ئەو مەبەستە خۆیان دەستیان دایە گەشت و گەڕان. کۆلۆمبۆس لە ساڵی ١٤٩٢ی زایینیدا ئەمریکای دۆزیەوە، هەروەها مەجەلان، لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٥١٩ تا ١٥٢٢دا، یەکەمین گەشتی بە کەشتی بە دەوری دنیادا کرد. زاناکان بۆ یەکەمین جار لێکۆڵینەوەیان لەسەر سروشت دەست پێ کرد و بە گەلێک ئاکامی گرنگ گەیشتن، لیۆناردۆ داڤینچی (١٤٥٢-١٥١٩)، هەرچەند وەکوو وێنەکێش ناسراوە، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ئەناتۆمی مرۆڤدا، توێژینەوەی گرنگی بە ئاکام گەیاندو هەروەها گرنگترین دۆزینەوە لە بواری ئەستێرەناسیدا لەلایەن کۆپەرنیک (١٤٧٣-١٥٤٣) و کەپلەر (١٥٧١-١٦٣٠) ئەنجام دران، ئەوان توانیان ئەوە بسەلمێنن کە خۆر، نەک زەوی، دەکەوێتە ناوەندی کۆمەڵەی خۆر، هەروەها هەسارەکان لەسەر خولگەیەکی هێلکەیی نەک بازنەیی، بە دەوری خۆردا دەسووڕێنەوە و ئەو دۆزینەوانەش شوێندانەرییەکی زۆریان لەسەر پێگەی کلیسا دانا، ئاخر بۆ کلیسا زۆر گرنگ بوو کە زەوی ناوەندی جیهان بێت و هەسارەکان بەسەر خولگەیەکی بازنەییدا بخولێنەوە. جووردانو برۆنۆ (١٥٤٨-١٦٠٠) ڕایگەیاند کە گەردوون بێ کۆتاییە و کۆمەڵەی خۆری ئێمە بەتەنیا نییە و ژمارەیەکی زۆرتری هاوچەشنی ئەو لە گەردووندا بوونیان هەیە، کلیسا لە ساڵی ١٦٠٠دا بە تاوانی ئەو قسانە ئەوی لە ئاگردا سووتاند. گالیلۆ (١٥٦٤-١٦٤٢) گەلێک یاسای فیزیکیی دۆزینەوە، بۆ نموونە: هەموو تەنۆکەکان لە کاتی کەوتنە خوارەوەی ئازاد و بێ لەبەرچاوگرتنی ڕادەی قورساییی ئەوان، بە یەک خێرایی دێنە خوار کە ئەوەش بەپێچەوانەی باوەڕە سوننەتییەکان بوو، هەروەها بەرگریی ئازایانەی ئەو لە جیهانبینیی کۆپەرنیک لە پێوەندی لەگەڵ سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا، بوو بە هۆکاری ئەوەی کە کلیسا ناوبراو لە تەمەنی ٧٠ ساڵی بخاتە نێو بەندیخانە و ناوبراو هەشت ساڵ دواتر لە بەندیخانەدا مرد.

هەر لەو سەروبەندەدا یەکێک لە گرنگترن دۆزینەوەکانی مێژووی مرۆڤایەتی واتە چاپ ڕووی دا، گۆتەنبێرگ یەکەمین کتێبی لە دەوروبەی ساڵی ١٤٥٠دا بە چاپ گەیاند.

لە بواری هونەر و ئەدەبیاتیشدا ئاڵوگۆڕی زۆر ڕوویان دا، ژمارەیەکی زۆر نووسەر، وینەکیش، پەیکەرتاش و تەلارسازی بەرچاو هەڵکەوتن.

دانتە (١٢٦٥-١٣٢١)، بووکاچیۆ (١٣١٣-١٣٧٥)، چاسر (١٣٤٠-١٤٠٠)، تۆماس مۆر (١٤٧٨-١٥٣٥)، ئاراسمۆس (١٤٦٦-١٥٣٦)، مایکل ئەنجیلۆ (١٤٧٥-١٥٦٤)، ڕافائێل (١٤٨٣-١٤٨٣)، تیزان (١٤٨٣-١٥٧٦)، دوناتلوو (١٣٨٦-١٤٦٦)، دورەر (١٤٧١-١٥٢٨)، هۆڵبین (١٤٩٧-١٥٤٣)، برونیسلکی (١٣٧٧-١٤٤٦) و گیتۆ (١٢٦٦-١٣٣٧ ) بە یەکەمین وێنەکێشی سەردەمی تازە

دادەنرێـــن، پێـــش ئەوان هونەرمەندانی نیگارکیش نە دەیانویســـت و نـــە دەیانتوانی وێنەی دنیای ڕاســـتەقینە بکێشنەوە، "ئەوان هەوڵیان دەدا بە شێوەیەکی ڕواڵەتی و واتایی، ئاسمانی بەرز و جوان و پڕشـــکۆ، بەڵام بەبێ ژیان و دوور لە ڕاســـتی نیشان بدەن"، (بۆ نموونە تابلۆکانی گیتۆ). "خاوەنی پێرسپێکتیڤ و قووڵایین، فیگۆرەکانی ئەو لە ڤاڵای ئازادن، لە نوور و سێبەردا لە جووڵەی دراماتیکدا کێشراونەتەوە" (Moen, s.176).

بـــەو جۆرە بەرە بەرە هەلومەرجێـــک دێتە پێش کە هەموو توخمـــە بنەڕەتییەکانی فەرهەنگی کلاســـیکی یۆنانی لە گشـــت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵ و کۆمەڵگەدا بەکار دەبرێن، بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین کە هەموو بیرۆکە بنەڕەتییەکانی فەرهەنگی کلاســـیکی یۆنانی ســـەرلەنوێ لەدایک بوونەوە، هەر بۆیەشـــە بەو قۆناغەی مێژوو دەوترێت "ڕێنێســـانس"،  کە بە واتای لەدایکبوونەوەی دووبارەیە.

گەشـــتە جۆراوجۆرەکان، دنیاگەڕییەکان، دۆزینەوە زانســـتییەکان، کارە ئەدەبی و هونەرییەکان، نیگارکێشـــییەکان، پەیکەرتاشییەکان، تەلارسازی و کارە ئەندازیارییەکان، بیرۆکە سیاسییە تازەکان و هتد... هەموویان نیشـــانەی ئەوەن کە خەڵک حەز و تامەزرۆییەکی زۆریان بەو دنیایە و بە ژیانی ســـەر ئەم دنیایە هەیە. ئەڤین و حەزێکی ئەوتۆ بۆ ژیان و تێگەیشـــتن لەو دنیایە، تەنیا لە یۆنانی کۆندا بینراوە، ئەوەش بە بەراورد لەگەڵ چاخەکانی نێوەڕاســـت ڕوانگە و پێرسپێکتیڤێکی تەواو نوێ بوو، ئاخر لە چاخەکانی نێوەڕاســـتدا مرۆڤ تەنیـــا نیگەرانی ئەوە بوو کە خۆی بۆ ژیانی پاش مردن ئامادە بکات.

ڕێنێســـانس، ئەو قۆناغەیە کە ئیدە و بیر و بۆچوون و ڕوانگە فەرهەنگییەکانی یۆنانی کۆن لەنێو فەرهەنگی ئورووپادا جێگەی خۆیان دەکەنەوە و دەبنە کولتووری زاڵ، ئەو بیرۆکانە: واتە ئەوەی کە مرۆڤ بە کەڵکوەرگرتن لە ئاوەز بتوانێت لە دنیای دەوروبەری خۆی تێ بگات، واتە ئەوەی کە مرۆڤ هـــەوڵ بدات لەو دنیایەدا ژیانێکی باش بۆ خۆی دابین بـــکات، زۆر گرنگترە لەوەی چاوەڕوان بێت داخـــوا ژیان لە ڕەهەندێکی دیکـــەدا پاش مردن چیی پێ دەدات. بڵاوبوونەوەی ئەو بیر و بۆچوونانە بوون بە هۆکاری لاوازبوونی پێگە و شوێنی مەسیحییەت لەنێو خەڵکدا، خەڵک بەرە بەرە سەبارەت بە چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتن لە سروشـــت و لە پێناوی باشـــترکردنی ژیانی خۆیان، لۆژیکی و ژیرانە بیریان کردەوە. بە هۆی ئەو ئازادییە سیاسییەی کە پێک هاتبوو، ئەو بیر و بۆچوونانە لە ماوەیەکی تاکوو ڕادەیەک کورتدا بڵاو بوونەوە و بوون بە هۆی سەرهەڵدانی ڕەوشەنگەری و شۆڕشی پیشەسازی، ئەوەش لە بواری ئابووریدا کەم و زۆر بوو بە هۆی ســـەرهەڵدانی پێوەندییە ســـەرمایەدارییەکان لە کۆمەڵ و کۆمەڵگەدا، ئەمەش دابەشبوونی کار و بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی بەدوادا هات کە خۆی بە فاکتۆرێکی گرنگ لەقەڵەم دەدرێت.

لە بواری فەلســـەفیدا بۆ یەکەمجار هەندێک فەیلەسووفی نوێ لەو قۆناغەدا پێیان نایە گۆڕەپان

کە هەر کامیان بە جۆرێک خاوەن فەلسەفەی خۆیانن، لەو بوارەدا دیکارد، ئەسپینۆزا، لاک و زۆر کەسی دیکەش دەکرێت ئاماژەیان پێ بکەین، هەموو ئەو کەسانە هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی دەزگا فەلسەفییەکانی خۆیانەوە دنیای دەوروبەر تەتەڵە بکەن. دەبێت ئەوەش بگوترێت کە هەموو ئەو دەزگا فەلسەفییانەی لەو دەورەیەدا سەریان هەڵ داوە، ناتەبایی و هەڵەیان تێدایە، بەلاّم هەر دروستبوونی ئەو سیستەمە فەلسەفییانە بەو ڕێکارە تازانەوە نیشانەی سەرهەڵدانی دەورەیەکی نوێ بوون. نیشانەی ئەوە بوون کە ئێمە خەریکە لە دەستی بیر و بۆچوون و تێگەیشتنە کۆنەکان ڕزگارمان دەبێت و قۆناغێکی تازە دەست پێ دەکەین، دەگەینە ئەو ئاکامەی کە: "دەتوانین لە دنیا تێ بگەین، ئەگەر مرۆڤ ئاوەزی بەکار بهێنێت، هیچ شتیک نییە کە نەتوانێت لێی تێ بگات. واتە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئاوەزەوە دەتوانین لە هەموو شتیک تێ بگەین".

## ڕێنە دیکارت

*زانیناسی*
*مێتافیزیک*
*ئاکار*
*سیاسەت*

ڕێنە دیکارت لە ساڵی ١٥٩٦دا، لە نزیکی شاری تورس لە وڵاتی فەڕانسە لەدایک بووە و دواتر لە پلەی هەرە بەرزدا فەلسەفە و زانستەکانی دیکەی خوێندووە، هەروەها لە زۆر بواردا کار و لێکۆڵینەوەی گرنگی کردووە، بۆ نموونە لە بواری ماتماتیک دا. لە پاییزی ساڵی ١٦٤٩دا و بە مەبەستی وانە وتنەوە بە مەلیکە کریستینا، بانگهێشتنی سوید کراوە، ئاو و هەوای سوید هێندە خراپ بووە کە دیکارت نەخۆش کەوتووە، لە ساڵی ١٦٥٠ی زایینیدا بە هۆی نەخۆشیی سییەکانییەوە کۆچی دوایی کردوە. دیکارت دەیهەویست لە ڕاستی و دروستیی هەموو چەشنە زانست و زانیارییەک دڵنیا بێت، زوو بۆی دەرکەوت کە بێجگە لە ماتماتیک، زۆربەی ئەو شتانەی فێریان بووە، لە ڕاستی و دروستیی ئەوان دڵنیا نییە و زۆریش بێ کەڵکن، ئەو دەیوت بیرکاری زۆر شتی تێدایە کە دەتوانین لێیان دڵنیا بین. بەو جۆرە دیکارت کەوتە خۆ تاکوو لەسەر هەندێک بیردۆز کار بکات کە بتوانن یارمەتیی مرۆڤ بدەن کە لە ڕاستی و دروستیی زانیارییەکان دڵنیا بێت، هەر بۆیە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر پرس و بابەتە پێوەندیدارەکان بە زانیناسییەوە کاری دەکرد.

## زانیناسی

دیکارت لە کتێبی "Discours de la Methode"دا نووسیویەتی؛ خەڵک لە پێوەندی لەگەڵ پرس و بابەتە جۆراوجۆرەکاندا، ڕوانگە و بیر و بۆچوونی جیاوازیان هەن، ئەوە بەو هۆیەوە نییە کە

هەندێک کەس لەوانی دیکە ژیرترن (ئەو پێی وا بوو هەموو خەڵک وەکوو یەک ژیرن)، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە خەڵک بە شێوەی جیاواز لە ئاوەز و هۆشیان کەڵک وەردەگرن. هەر بۆیە دۆزینەوەی ڕێگە و ڕێکارێکی ڕاست بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاریی دروست و بڕواپێکراو، کارێکی زۆر گرنگ و پێویستە. دیکارت پێی وا بوو کە توانیویەتی ڕێکارێکی دروست بۆ گەیشتن بە زانیاریی ڕاستەقینە بدۆزێتەوە.

دیکارت دەیوت: لەبەر ئەوەی لە بیرکاریدا دەتوانین بە زانست و زانیاریی ڕاست و بڕواپێکراو بگەین، ئەگەر لە بوارەکانی دیکەشدا لەو ڕێکارە کەڵک وەرگرین کە لە بیرکاریدا بەکاری دەهێنین، واتە بەراوردکردن (deduction)، دەتوانین زانیاریی ڕاست و ورد بەدەست بهێنین.

دیکارت بڕوای بەوە هێنابوو کە هەر شتێک ڕاست بێت، لە گشتێکی یەکپارچە و هاوئاهەنگدا (coherent whole) پێک دێت. جا ئەگەر لە خاڵێکدا دەست پێ بکەین کە لە ڕاستی و دروستییەکەی دڵنیاین و لەوێوە بەرەو ناسینی بەشەکانی دیکە بڕۆین، دەتوانین لەسەر هەر شتێک کە بمانهەوێت ، زانیارییەکی دروست بەدەست بێنین.

دەستنیشانکردنی ڕاستی و دروستیی لێدوانێک (statement) کارێکی دژوارە، دیکارت بڕوای وا بوو کە ئەو ڕێکارێکی دۆزیوەتەوە کە دەتوانێت یارمەتی بە دەستنیشانکردنی ڕاستی و دروستیی شتێک بکات، ئەو ڕێکارە لە ٢١ یاسا و ڕێسا پێک هاتووە کە لێرەدا گرنگترینی خاڵەکانی ئەو یاسایە دەخەینە بەر سەرەنجی ئێوەی خوێنەری هێژا:

■ ئێمە نابێت بە قسە و لێدوانی خەڵکانی تر یان ئەو شتەی کە خۆمان بڕوامان پێیەتی پشت ببەستین، بەڵکوو پێویستە خۆمان توێژینەوە لەسەر بابەتەکە بکەین و لەو جێگەوە کە تەواو دڵنیاین بەرەوە ناسینی زۆرتر بڕۆین و بە ئاکام بگەین.

■ پرس و شتە ئاڵۆزەکان دابەش و ورد بکەینەوە.

■ پێویستە لە بەشە سادەکانەوە دەست پێ بکەین و پاش چارەسەری ئەوان بەرە بەرە بەرەو ناسینی بەشە ئاڵۆزەکان بڕۆین.

■ پێویستە بەردەوام لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەکەماندا زوو زوو ئاکامی کارەکەمان پوختە بکەینەوە، (make summaries).

■ هیچکات نابێت قبووڵ بکەین کە شتێک ڕاستە ئەگەر خۆی ناکۆکیی لەگەڵ ئەوەدا هەبێت کە جێگای گومانە، (without it being self-contradictory to doubt it).

چ شتێک دەتوانین وەکوو خاڵی دەستپێکردنی زانیاریی بڕواپێکراو دیاری بکەین؟ بە گوتەی دیکارت؛ مرۆڤ بەڵگەی پێویستی بۆ ئەوە هەیە کە بە چاوی گومانەوە سەیری هەموو شتێک بکات، دەتوانین گومان لە هەموو ئەو زانیارییانە بکەین کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە سەبارەت بە دنیای دەوروبەر بە دەستیان دێنین، دەتوانین گومان لەو شتانەش بکەین کە لە ئینجیلدا هاتوون، لەوەش

زیاتر تەنانەت هەندێک جار دەتوانین گومان لە ڕاستی و دروستیی ڕاستییە بیرکارییەکانیش بکەین. دیکارت بە مەبەستی پاکانەکردن بۆ ئەو قسانەی خۆی، ئەیگوت بە شێوەیەکی ئاسایی مرۆڤ تووشی هەڵــە دەبێت (man is fallible)، بۆیە هیچ گەرانتییـــەک نییە کاتێک ٢ و ٢ لەگەڵ یەکتر کۆ دەکاتەوە و ئەنجامەکەی دەبێتە ۴، تووشی هەڵە نەبووبێت. دیکارت پێی وا بوو کە دەتوانرێت گومان لە هەموو شتێک بکرێت، (ئەو ڕوانگە فەلسەفییەی کە ئێستە بە ناوی "گومانی دیکارتی" ناسراوە)، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەر ئەو خاڵەشە کە دیکارت بە خاڵی دەستپێکی بڕواپێکراو دەزانێت.

مرۆڤ ناتوانێت لەوەدا بەشک بێت کە گومانی هەیە! ئەوە ئەو خاڵەیە کە دیکارت دەڵێت دەبێت لەوێوە دەست پێ بکەین، مرۆڤ ناتوانێت گومانی لەوەدا هەبێت کە گومان دەکات، لە ئاکامدا ئەمە بــوو بە خاڵی بڕواپێکراو و دڵنیابوون بۆ دەســتپێکردن لەلای دیــکارت، «Cogito, ergo sum؛ "من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم" (ئەوە بە شــێوەیەکی ئاســایی بە خاڵی سەرەکی بۆ دەستپێکردن دادەنرێت).

هەنگاوی دووهەم ئەوەیە کە بپرســین بۆچی ناتوانین گومان لە ڕســتەی "من بیر دەکەمەوە، کەواتــە هەم" بکەین؟ دیکارت دەڵێ؛ بۆیە ناتوانیــن لەو بارەوە گومانێکمان هەبێت، چونکە مرۆڤ ئەوە بەتەواوەتی بە شــێوەیەکی "ڕوون و دیار و جیاواز" و وەکوو شتێکی "زۆر سروشتی" ئەزموون دەکات. دیکارت بەو جۆرە لە خاڵی دەستپێکی بڕواپێکراو چووەتە پێش و پێی وایە؛ هەر شتێک کە ڕوون و بێ گرێ و گۆڵ بێت و بە شێوەیەکی جیاواز و بەرچاو و کۆنکرێت (clear and distinct) دەرکەوێت، ڕاســتە. (دەبێت ئەوەش بگوترێت کە پێش دیکارتیــش، ڕەواقییەکان ڕوانگەیەکی لەو چەشنەیان هەبوو).

دیکارت دەیوت هەســتەکان ناتوانن زانیاریــی ڕوون و کۆنکرێتمان پێ بدەن، ئەو پێی وا نەبوو کە لەبەر ئەوەی ئێمە گیای سەوز و ئاسمانی شین دەبینین کەواتە لە ڕاستیشدا هەر وایە. دیکارت بەو جۆرە پاســاوی بۆ ئەو قســەیەی خۆی دەهێنایەوە کە هەستەکان بە فریومان دەدەن، بۆ نموونە کاتێک لە دوورەوە سەیری بینایەک دەکەین، ڕەنگە خڕ بێتە بەرچاو، کەچی کە لێی نزیک دەبینەوە دەبینین چوارگۆشەیە. دیکارت نموونەی دەهێنایەوە کە مرۆڤ کاتێک لەبەر ئازار قاچی دەبڕدرێتەوە، هەرچەند ئیتر ئەو قاچە لەمێژە بڕدراوەتەوە، بەڵام هێشــتاش هەســت بە ئازاری ئەو قاچەی هەر دەکات. لــە ڕوانگەی دیکارتەوە ئەزموونە هەســتییەکان بڕواپێکراو نیــن و ناتوانین ئەو ئەزموونانە وەکوو شــتێکی ڕوون و ئاشــکرا و کۆنکرێت لەقەڵەم بدەین، لە لایەکی دیکەشــەوە هەندێک شت ڕوون و ئاشکرا هەن، بۆ نموونە تێگەشتینی ئێمە لەوە کە سێگۆشە سێ لای هەیە، یان ئەوەی کە هەندێک شت لە دەرووبەری ئێمەدا هەن، یان ئەوە کە یاسای "هۆکار و ئاکام" کار دەکات. دیکارت ئەیگوت خودا ئەو ئیدە و بیرۆکە ڕوون و کۆنکرێتانەی لە دەروونی ئێمەدا جێ کردوونەتەوە. کەواتە دیکارتیــش وەکوو ئەفلاتوون لەســەر ئەو بڕوایە بوو کە مرۆڤ بە شــێوەیەکی خۆماکی و زگماکی

هەندێک ئیدە و بیرۆکەی هەن کە لەگەڵی لەدایک دەبن و هەمیشەش لەگەڵی دەمێننەوە.

هەر شتێک ڕوون و ئاشکرا و کۆنکرێت بێت، لە خواوە دێت، کەواتە ڕاستیشە، ئەگەر ئەوە ڕاست نەبێت، وا دیارە خودا فریوکارێکە کە دەیهەوێت فریومان بدات. بەڵام دیکارت قەت بڕوای بەوە نەبوو و دەیوت لە ڕێگەی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە، سەلماندوویەتی کە دونیای دەوروبەرمان بوونی هەیە.

## مێتافیزیک

لەو باسانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە دیکارت بڕوای بە هەبوونی خودا هەیە، ئەمە لایەنێکی زۆر گرنگی مێتافیزیکیی ناوبراوە، ئەو بەو جۆرەی خوارەوە بوونی خودای دەسەلماند: دیکارت توانیبووی بوونی شـــتێکی بەرز و ئیدەیەکی تەواو و بێ کەموکوڕی لەبیری خۆیدا وێنا بکات. ئەو دەیوت ئەو بیرۆکە بەزرە دەبێت سەرچاوەی لە شتێکەوە گرتبێت کە لە بنەڕەتدا خۆی بەرز و تەواو بێت، لەبەر ئەوەی دیکارت خۆی ناتەواوە، هەروەها دنیای دەوروبەریشـــمان تەواو نییە، دەبێت شـــتێکی تەواو هەبێـــت کە نە مرۆڤ بێـــت و نە ئەو دنیایەی دەوروبەمان (ئەوە دەبێـــت خودا بێت)، کەواتە خودا بوونی هەیە.

ئەو بەڵگەیە بۆ ســـەلماندنی بوونی خودا، پێشـــمەرجێکی هەیە، ئەویش بریتییە لە یەکسانی و بەرانبەریی نێوان هۆکار و ئاکام، شـــتێک کە تەواو بێت، هۆکارەکەشـــی تەواو و بێ کەموکوڕییە و بیرۆکەیەکی تەواو لە زەیندا، لە شـــتێکی تەواوەوە ســـەرچاوە دەگرێت. دیکارت لەســـەر ئەو بڕوایە بوو کە دەکرێت ڕاســـتی و دروســـتیی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بســـەلمێندرێت، ئەو بیرۆکەیەش بۆ هەنگاوەکانی دواتری ناوبراو زۆر گرنگ بوون.

خاڵێکـــی دیکەی گرنگ لە فەلســـەفەی دیکارتدا بریتییە لە دوالیزمـــی مێتافیزیکی. بە گوتەی دیـــکارت لەنێوان دوو بنەمای ســـەرەکی و لێک جیاوازی ژیانـــدا، جیاوازییەکی گەورە لە ئارادایە و ئـــەو دوو بنەما ســـەرەکییەش کە دیکارت بە "توخمەکان" ئاماژەیان پـــێ دەکات، بریتین لە (res extensa) واتە ئەو شتەی کە بەرینە، هەروەها (res cogitans) واتە ئەو شتەی کە بیر دەکاتەوە. هەر شـــتێک کە بوونی هەیە، یەکێک لەو دووانەیە. بـــەڵام دیکارت بڕوای وا بوو کە گەوهەرێکیش هەیە کە کۆتایی نییە و ئەو گەوهەرەش خودایە، ئەو گەوهەرەش ئافرێنەری ئەو دووانەی دیکەیە.

هەموو ئەو شـــتانەی لە دەورووبەی خۆماندا هەســـتیان پێ دەکەین، خاوەنی بەرینایین، بۆیە بە بەشـــێک لە res extensa دادەنرێن، بەڵام لە دەوروبەری ئێمەدا مرۆڤیش هەیە، لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ توانای بیر کردنەوەی هەیە، کەواتە (res cogitans) لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە. دیکارت لەو ڕێگەیەوە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە مرۆڤەکان لە لەش و ڕۆح پێکهاتوون و ڕۆح ئازادە و لەلایەن ئاوەزەوە سەرپەرستی دەکرێت، کەچی یاسا فیزیکییەکان جەستە بەڕێوە دەبەن.

پەیوەندیـــی نێـــوان لەش و گیان چۆنە؟ ڕۆح کە شـــتێکی ماددی نییە، چۆن دەتوانێت لەســـەر

لەش کە شـــتێکی ماددییە، شـــوێندانەریی هەبێت؟ دیکارت هیچ گومانی لەوەدا نەبوو کە ئەوە ڕوو دەدات، هەســـتەکانی ئێمە زۆر هەســـتیارن، ئەوان کاریگەرییان لەســـەر ڕۆح و گیانی ئێمە هەیە و لەو ڕێگەیەوە شوێندانەریشیان لەسەر لەشمان دەبێت و کارێک دەکەن کە جەستەمان کاردانەوەی هەبێت، بۆ نموونە: چ لە ترســـان بلەرزیت یان لەبەر خۆشـــی و دڵخۆشـــی سەما بکەیت، بە گوتەی دیـــکارت هۆیەکەی بۆ ڕژانی غودەیەک بە ناوی "غودەی ســـنۆبەر" واتە (glandula pinealis) دەگەڕێتەوە کە دەکەوێتە لای ژێرەوەی مێشک. هەموو ئەو شتانەی کە دەکەونە دنیای بەرینایییەوە (res extensa)، بەتەواوەتـــی لەلایەن یاســـا فیزیکییەکانەوە بەڕێـــوە دەچن، جا ئەگەر مرۆڤیش ســـەر بە دنیای بیرکردنەوە نەبوایە (res cogitans)، هەر بەگوێرەی یاســـا سروشـــتییەکان کاری دەکرد و هۆی ئەوەش کە مرۆڤ خاوەنی هەســـتە ئەوەیە کە ڕۆحی هەیە، چونکە مرۆڤ ســـەر بە دنیای بیرکردنەوەیە (res cogitans). بەپێی قسەی دیکارت، ئەوە بەو واتایەیە کە ئاژەڵەکان هیچ هەســـتێکیان نییە و ئەوان دەزگایەکی پێشکەوتوون و هیچی تر، بۆ نموونە کاتێک بەرخێک گورگ دەبینێت و ڕا دەکات، واتای ئەوە نییە کە بەرخەکە دەترسێت بۆیە ڕادەکات، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە سروشت بە شێوەیەک پرۆگرامی پێ داوە کە بەو جۆرە دژکردەوە نیشان بدات. بە گوتەی دیکارت، هەموو جووڵە و هەڵســـوکەوتی ئاژەڵەکان بریتییە لە پرۆسیســـێکی دەزگایی و کلیشەیی، هەر بۆیە دیکارت دەڵێت ئەگەر کەسێک بڵێت ئاژەڵەکان خاوەنی هەستن و دەتوانن هەست بە ترس و شادی و هتد... بکەن لە هەڵەدایە، چونکە ئەو شتانە تەنیا تایبەتمەندیی مرۆڤەکانن.

دیـــکارت دەڵـــێ مرۆڤ خاوەنی ئیرادە و خـــاوەن بڕیارە، ناوبراو بەو جۆرەی خوارەوە ئەو شـــتە ڕادەگەیەنێت: "زۆر ڕوونە کە ئێمە خاوەنی ئیرادەی ئازادین... ئەوە دەبێت بە یەکەمین و ئاساییترین شت دابنێین کە بە سەیرکردنی خۆمان ئەزموونی دەکەین"، (Jones III, s.180).

## ئاکار

وەک گوتمان دیکارت بە شێوەیەکی سەرەکی کاری لەسەر زانینناسی دەکرد، هەر بۆیە بە زەحمەت دەتوانین لە کارەکانی ئەودا شـــتێک سەبارەت بە ئاکار بدۆزینەوە، بەڵام لەسەریەک دەتوانین بڵێین کە ئەو ڕوانگەیەکی ڕەواقیگەریی هەبووە.

## سیاسەت

لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی بەڕێوەبردن و ڕێکخســـتنی کۆمەڵگەشـــدا، دیکارت قسەیەکی بۆ وتن نییـــە و ئەو زۆرتر ســـەرقاڵی ئەوە بوو کـــە مرۆڤ دەبێت خۆی، خۆی باش بـــکات و لەو ڕێگەیەوە بەرەوەپێـــش بچێت، ناوبراو لـــە کتێبـــی (Discours de la Methode)دا دڵنیایی ئەوە دەدات کە ئەو پێداگری لەســـەر ئەوە دەکرد کە یاســـا و ڕێســـاکان، تەنانەت ئەگەر هەندێک لەوان جێی

گومانیش بن، پێویستە بەرێوە بچن، (ڕەنگە ئەو قسانەی لە ترسی ئەزیەت و ئازار وتبێتن، بەڵام دیسانیش سەرەڕای ئەوەی کە لە زۆر بواردا هاوڕای گالیلۆ بوو، تووشی هیچ چەشنە ئازار و ئەزیەتێک نەبوو، کەچی کلیسا بۆ ماوەیەکی زۆر کتێبەکانی دیکارتی قەدەغە کرد)، دیکارت پێی وا بوو کە سەرەڕۆیی ڕۆشەنگەرانە (enlightened autocracy) باشترین فۆرمی حکوومەتە. [vc_column_text] [vc_column_text /].

لەو باسانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دیکارت کەسێکی ئاوەزتەوەر بووە و لە هەندێک خاڵی بڕواپێکراودا دەست پێ دەکا. (cogito) واتە بڕوا بە بوونی خودا، جا لەو خاڵی دەسپێکەوە بەرە بەرە لە ڕێگەی کەمکردنەوە «deduces» بەرەو ناسینی زۆرتر دەڕوات تا بەو ڕێکارە بگاتە هەر ئاکامێک کە بڕوای پێ دێنێ و لە ڕێگەی چاوەدێریی ڕاستەقینەی بوونەوە، دەگاتە ئاکام، ئەوەی کە ناوبراو بڕوای بەوەیە کە ئاژەڵەکان هیچ هەستێکیان نییە، لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت.

دیکارت ئەودەم تەنیا کەسێک نەبوو کە پێڕەوی لە ئاوەزتەوەری بکات، بەڵکوو دوو جێگرەوەی دیکەشی بە ناوەکانی "باروخ دو ئیسپینۆزا" و "گۆتفرێد لایبنز" هەبوون.

## سپینۆزا

سپینۆزا (١٦٣٢-١٦٧٧) لە سەرتاسەری ژیانی گەورەساڵیی خۆیدا، بۆ دابینکردنی بژیویی ژیانی لە شاری لاهە خەریکی تراشینی لێنزی چاویلکە بوو، هەر بۆیە کاتێکی زۆر کەمی بۆ کاری هزری و فەلسەفی هەبوو، زۆر کاری پڕداهاتیان پێ پێشنار کرد، بەڵام چونکە دەترسا کە ڕەنگە قەبووڵکردنی کارێکی ئاوا بە واتای لە مەترسیکەوتنی دروستکارییەکەی بێت، ئەوەی هەڵبژارد کە ژیانێکی هەژارانەی هەبێت، بەڵام ئابڕوو و کەرامەتی پارێزراو بێت.

ڕێکاری دیکارت لە پرسە فەلسەفییەکاندا کە بریتی بوو لە ڕێکارێکی ماتماتیکی، کەوتە بەر سەرنجی ناوبراویش، هەر بۆیە دەزگای فەلسەفیی خۆی لەسەر بناغەی بیرکاری دامەزراند و کتێبەکەی بە ناوی (Ethica ordine geometrico demonstrata) واتە "ڕەوشتی سەلمێنراو لەسەر بناغەی ئەندازیاری"، بە ژمارەیەکی زۆر پێناسە و بنەمای سەرەتایی دەست پێ کرد و دواتر لەسەر بناغەی ئەو پێناسە و بنەما بنەڕەتییانە، ئاکامی بەدەست هێنا، (ئاکامەمەکی شتێکی ڕوون و سەرەتاییە) (A corollary is a self-evident implication).

سپینۆزاش وەکوو دیکارت بڕوای بە خودا هەبوو، بەڵام تێگەیشتنی سپینۆزا لە چەمکی خودا زۆر جیاوازە و پێی وا بوو: لەبەر ئەوەی کە خودا بێ کۆتاییە، هیچ شتێک بێجگە لە خودا ناتوانێت بوونی هەبێت، کەواتە خودا دەبێت لەگەڵ سروشت و یاساکانی سروشتدا هەر یەکێک بن، خودای سپینۆزا تاکەکەسی نییە، بەڵکوو یەکیەتیی بوونە (Spinoza's God is pantheistic) یان "وحدة الوجوود"ە.

سپینۆزا سەبارەت بەوە کە دوو گەوهەر هەن، هاوڕای دیکارت نەبوو و بڕوای وا بوو کە تەنیا یەک گەوهەر هەیە و ئەویش خودایە و دەیوت؛ ماددە بە دوو شـــیوە خۆی نیشان دەدات، ڕۆح و جەستە یـــان بەراوزییانە (مەعنەوییەت) و ماددە، هەروەها بڕوای بەوە بوو کە هیچ پێوەندییەک لەنێوان ئەو دوو فۆرمەدا نییە.

دیکارت و ســـپینۆزا، لەســـەر بابەتێکی دیکەش ناکۆکییان هەبوو، سپینۆزا بڕوای بەوە نەبوو کە مرۆڤ خاوەنی ئیرادەی ئازادە و ئەیگوت سروشت لەلایەن یاساکانی سروشتەوە بەڕێوە دەچێت، واتە یاســـاکانی هۆکار و ئاکام، کەواتە وشیاریی مرۆڤیش هەر بەو جۆرە لەلایەن ئەو یاسا سروشتییانەوە بەڕێوە دەچێت. لە مێژووی فەلســـەفەدا زۆر کەمن ئەوانەی وەک ســـپینۆزا حاشـــایان لە هەبوونی ئیرادەی ئازاد کردبێت.

کەچی سەرەڕای ئەوەش سپینۆزا سەبارەت بە ئیرادەی ئازاد ڕوانگەیەکی تایبەتی هەیە و دەڵێت؛ ئازادی واتای ئەوەیە کە یاســـاکانی سروشت قەبووڵ بکەین و پاشـــان ئیرادەی خۆمان بخەینە ژێر کارکردی ئەو یاسایانە، واتە ئیرادەی خۆمان لەگەڵ یاسا سروشتییەکان هاوئاهەنگ بکەین.

## لایبنیز

لایبنیـــز (١٦٤٦-١٧١٦) بەپێچەوانـــە ســـپینۆزا حەزێکـــی زۆری لە پلە و پایـــەی گرنگ بوو، ئەو پێشنیاری کورسیی مامۆستایەتی لە زانکۆی زێدەکەی خۆی (لایپیزک) ڕەت کردەوە، بەڵام کاتێک kurfyrst Johan Filip، یەکێـــک لە سیاســـەتمەدارە گەورەکانی ئەودەمی ئاڵمان، پێشـــنیاری پۆســـتێکی بەڕێوەبەریی پێ کرد، دەســـتبەجێ قەبووڵی کرد و گەلێک کار و پێسپێردراوی گرنگی دیپلۆماسیی بەڕێوە دەبرد، بەڵام شتێک کە وەک میرات لەدوای بەجێماوە، بریتییە لە کار لە بواری بیرکاری و فەلســـەفەدا. ئەو وەک زانایەکی بیرکاری، هاوکات دەگەڵ نیوتۆن، حیسابی دیفرانسێلی (differential calculus) داهێنا.

لە بواری فەلســـەفییەوە بـــەوە بەناوبانگە کە خاوەنی بیردۆزێ تا ڕادەیەک ســـەیری (monad theory) مۆنادە، ئەو لەگەڵ ســـپینۆزا هاوڕای ئەوە نەبوو کە تەنیا یەک ماددە بوونی هەیە، بەڵکوو لـــەو بڕوایەدا بوو کە ژمارەیەکی یەکجار زۆرو بـــێ کۆتایی ماددەی جۆراوجۆر هەن و بەو ماددانەی دەوت مۆنـــادەکان. بـــە گوتەی ئەو لەبەر ئەوەی ژمارەی ئەو مۆنادانە بێ کۆتایین، ناتوانن شـــتێکی ماددی بن، چونکە ناکرێت بێ کۆتایی شـــتی ماددی بوونی هەبێت. کەواتە ناوبراو ئیدەئالیســـتێکی ماتریاڵیســـت بوو. ئەو دەیوت هەر شـــتێک هەیە لە مۆنادەکان پێک هاتووە و هەموو مۆنادەکانیش جیـــاوازن، بەڵام ئەو جیاوازییـــە تەنیا بۆ پلەی جیاوازیـــی (only degree differences) نێوان ئەوان دەگەڕێتەوە، دەتوانین بڵێین مۆنادەکان زیندوون، بەڵام لە دنیا دابڕوان، ئەوان ناتوانن زانیاری لـــە دنیای دەوروبەری خۆیان وەرگرن، ئاخر وەکوو دەڵێن "ئـــەوان بێ پەنجەرەن". خودا بەرزترین

مۆنادە، لە لای خوارەوەی ئەو پەیژەیە مۆنادی دیکە هەن کە کەم و زۆر لە بواری کەماڵەوە لە پلەی جۆراوجۆردان. لەلای هەرە خوارەوە، ئەو مۆنادانە هەن کە بەشـــی بێگیانیی سروشت پێک دەهێنن، هەموو ئەو مۆنادانە لەلایەن خوداوە دروســـت کراون، بۆیە نیشاندانی هەموویان وەکوو یەک دەچن. ئەو تێگەشـــتنانە تەنیا لە بوارەی پێوەری ڕوونی و ئاشکراییەوە لە یەکتر جیاوازن (لێرەدا دەبینین کە کاریگەریی دیکارتی لەســـەری هەبووە)، مۆنادەکانی لای خوارەوە تەنیا ئەو تێگەشتنانە ئەزموون دەکەن کە ناڕوون و ئاشـــکران نین و ئەگەر مۆنادێکیش خۆی هەڵکێشێتە سەرەوە، تاکوو بیرۆکەی ژیرانە و وشـــیارانە نەدۆزێتەوە، هەر پێی دەوترێت گیـــان، ئەگەر بە ئاوەز بگات، پێی دەوترێ ڕۆح. مرۆڤ لە مۆنادێکی حاکم پێک هاتووە، بەڵام ئەو مۆنادە حاکمە لەلایەن مۆنادەکانی لای خوارەوە کە ئەرکەکانیـــان بریتییە لە خزمەت بە مۆنادی حاکم، دەورە دراوە و کاتێک مرۆڤ دەمرێت، پێوەندیی نێوان مۆنادی جەستەیی و ڕۆحی لەبەین دەچێت، بۆیە مۆنادەکان و لە ئاکامدا مرۆڤەکانیش، ناتوانن زانیاری لەســـەر دنیای دەوروبەر بەدەســـت بێنن، کەوایە چۆنە ئەو دنیایە ئاوا بە باشی و چاکی کار دەکات؟ لایبنیز لە وەڵامی ئەو پرســـیارەدا گوتـــی؛ وا دێتە بەرچاو کە خودا مۆنادەکانی بە جۆرێک دروســـت کردووە کە مرۆڤەکان بتوانن کاریگەرییان لەســـەر یەکتر هەبێت، خودا "باشترین جیهانی شیاوی بوون"ی دروست کردووە و لەوێدا "هاوئاهەنگییەکی پێشوەختە" هەیە. گۆتە بەو جۆرە باسی تیۆریی مۆنادەکان دەکات؛ "چ شانۆیەک! بەڵام تەنیا هەر شانۆیەک و بەس!".

## تۆماس هابز

تۆماس هابز (١٥٨٨-١٦٧٩) لە تەمەنی چڵ ســـاڵیدا خولیای فەلسەفەی دەبێت و پێشتر سەرقاڵی بیرکاری بوو، بەڵام لەژێر کاریگەریی گالیلۆدا حەزی چوو لە فەلسەفە و توانی لە پاش خۆی گەڵێک لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی فەلســـەفە، ئەدەبیات ، مێژوو و بیرکاریدا بەجێ بهێڵێت، تاکوو تەمەنی ٩١ ســـاڵی کاری کرد و پاشـــان مرد. تۆماس لە ســـەردەمی ژیانی خۆی و لەنێو فەیلەسووفەکاندا، هیچ کەســـی وەکوو پێڕەو بۆ شـــوێنکەوتەی نەبوو، بەڵام بیر و بۆچوونەکانی دواتر پێگەیەکی بەرچاویان بەدەست هێنا.

هابز لەو خاڵەوە دەســـتی پێ کرد کە ڕاســـتی لە شـــتی ماددی پێک دێت و گوتی ئەو شـــتە ماددییانە هەموو ئەو شـــتانەن کـــە بوونیان هەیە و لە جووڵەی بەردەوامـــدان، بۆیە ئێمە دەتوانین بیانبینین، ( ئەو بیرۆکەیە لەلایەن ئەتۆمیســـتە سەرەتاییەکانیشـــەوە بانگەشەی بۆ دەکرا). ئاگایی ئێمەش هەر لەسەر بناغەی ئەو بنەما میکانیکییانە شی دەکرێتەوە، کە ڕاستیی فیزیکییان پێ لێک دەدرێتەوە، ئەگەر ئێمە ئاگاییمان لەسەر شتێکدا هەبێت، واتای ئەوەیە کە ئەو شتە لە ڕاستی و بە شـــێوەی ڕاستەقینە لە جووڵەدایە و ئەو جووڵەیە لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە بۆ ئێمە دەردەکەوێت، لە ئاکامدا دەکەوێتە بەر هەســـت و ئەزموونی ئێمەش، کەواتە بە ئاســـانی دەتوانین بڵێین کە هابز

کەسێکی جەبرگەرا واتە دیتێرمینیست بوو. (determinist).

لەبەر ئەوەی هابز بە یەکەمین نۆمینالیست دادەنرێت، لێرەدا کەمێک لەسەر بیردۆزەکەی ناوبراو بە ناوی (concept theory) واتە تیۆریی چەمکەکان قسە دەکەین. ئەو ئەیگوت چەمکەکان شتێکی هۆشـەکین، واتە؛ ئێمە لەسـەر بناغەی ئەو لێکچوونانەی کەم و زۆر لەنێوان شتە جۆراوجۆرەکاندا هـەن، ناویان لەسـەر دادەنین و بۆیەش ئـەوە دەکەین چونکە بە کارێکی گونجـاوی دەزانین. بە گوتەی هابز کەڵکوەرگرتن لە چەمکی ئەسـپ لە کاتی قسەکردن لەمەڕ خەڵکدا هەڵە نییە، بەڵام گونجاویش نییە، لەبەر ئەوەی کە هیچ پێوەندییەک لەنێوان ڕاسـتەقینە و ئەو چەمکانەدا نییە کە کەڵکیان لێ وەردەگرین، قسەکردنی ژیرانە و لۆژیکی، تەنیا یاریکردنە بە وشەکان، هەر بۆیە هابز دەیوت بەڕاستی ئەگەری ئەوەمان نییە ڕاستی بناسین.

هابز دەڵێت یەک بنەما هەیە بۆ ئەوەی کە بزانین شـتێک چاکە یان خراپ و ئەوەیش ئەوەیە؛ شـتێک باشـە کە تۆ حەزت لێیەتی، شـتێک خراپە کە تۆ حەزت لێی نییە. لەبەر ئەوەی مرۆڤ خاوەنی بڕیار و ئیرادەی ئازاد نییە و بەو جۆرە هەڵسوکەوت دەکات کە دەبێت هەر ئاوا بکات، هیچ بەڵگەیەکمان نیە کە بڵێین ئاکار و هەڵسـوکەوتێک لە بواری ڕەوشـتەوە لە ئاکار و هەڵسوکەوتێکی دیکە باشـترە، هەر بۆیە دیاریکردنی هەندێک نۆرم و ڕێوشـوێن بۆ جیبەجێکردنی کار و کردەوەی دروست، نە ئەگەری هەیە و نە شتێکی پێویستیشە.

لە بواری سیاسییەوە فەلسەفەی هابز بەوە دەناسرێتەوە کە دەڵێت هەموو خەڵک تەنیا بە دوای یەک ئامانجەوەن، ئەویش بریتییە لە دابینکردنی قازانج و بەرژەوەندییە تاکەکسییە کورتماوەکانیان، بۆ نموونە ناوبراو پێی وا بوو هەر ئەوە زەمینەی ئەو شـەڕانەی پێک هێنا بوو کە وڵاتی بریتانیایان وێران کرد. (شـەڕ لەگەڵ ئیسـپانیا، شەڕی نێوخۆ لەنێوان سـەڵتەنەتخواز و کرۆمۆڵەکاندا) ڕاستە هەموو لایەنەکان بە مەبەسـتی پاکانەکردن بۆ هەڵوێستەکانیان باسی ئارمانج و بایەخە بەرزەکانیان دەکرد، بەڵام ڕاسـتییەکەی ئەوە بوو کە ئەوەیان تەنیا وەکوو پەردەیەک بۆ شـاردنەوەی مەبەستە بنەڕەتییەکان بەکار دەهێنان، ئەو مەبەسـتە بنەڕەتییانەش بریتی بوون لە بەرەوپێشبردنی قازانج و بەرژەوەندییە تاکەکەسی و کورتخایەنەکانیان.

بـەو جۆرە هەوڵدان بـۆ دابین و دەسـتەبەرکردنی قازانـج و بەرژەوەندییـە کورتخایەنەکان، لەوێوە سـەرچاوە دەگرێـت کە مرۆڤ پێش لە هەر شـتێک هەوڵی مانەوە و بردنەپێشـی خۆی (self-sustaining drive) دەدات، هابـز پێـی وا بـوو کە دەکرێت ئەو ڕاسـتییە بە ڕێکارێکی میکانیکی ڕوون بکرێتەوە.

هابز زۆر موشـتاقی ئارامی و ئاسایشـی کۆمەڵگە بوو، بڕوای وا بوو کە ئەوەش تەنیا لە ڕێگەی هاتنەسـەرکاری دەوڵەتێکی بەهێز و بەدەسەڵاتەوە دێتە دی و دەیوت؛ ئازادی دەبێتە هۆی ئەوەی کـە بارودۆخێک بێتە ئاراوە کـە هەموو لەگەڵ هەمووان بکەونە شـەڕ و ململانێ، ئەمەش وێرانی

بەدوادا دێت.

هابز زۆر بەرگریی لە حکوومەتێکی ئۆتۆکراسیی ڕووناکبیرانە دەکرد، واتە حکوومەتێکی ڕووناکبیرانەی خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێز (enlightened autocracy).

## فرانسیس باکۆن

دیکارت بە باوکی فەلسەفەی مۆدێرن لەقەڵەم دەدرێت، کەچی زۆریشن ئەوانەی پێیان وایە ناوبراو دەبێت ئەو نازناوە لەگەڵ فرانسیس باکۆن (١٥٦٠-١٦٢٦)، کە خەڵکی بریتانیا بوو دابەش بکات، هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە دیکارت لە باکۆن گرنگتر بوو، بەڵام باکۆن نوێنەرایەتیی ڕێبازێکی جیاوازی فەلسەفیی دەکرد، ئەگەر دیکارت وەک کەسێکی ئاوەزتەوەر (rationalist) دەناسرا، باکۆن ئەزموونتەوەر (empiricist) بوو و لە فەلسەفەدا بە سەرقافڵەی ڕێبازی ئەزموونتەوەری دەناسرێت، دواتر لاک، بێرکلی و هیووم ئەو ڕێچکە فەلسەفییەیان بردە پێش.

پێشتر گوتمان مەبەست لە ڕێکاری ئاوەزتەوەری "ڕاسیۆنالیسم" ئەوەیە کە کەسێک لە لێکۆڵینەوەی خۆی و لە خاڵێکی کەم و زۆر دڵنیاوە دەست پێ دەکات، پاشان بە کەڵکوەرگرتن لە سەرەنجدان، ئاوەز و هەڵسەنگاندنی لۆژیکی ئاکام وەردەگرێت، دواتریش ئەو ئاکامەش قەبووڵ دەکات، جا ئەگەر لەنێوان ئەو شتەدا کە بەگوێرەی بەڵگەهێنانەوەی ژیرانە بۆی دەرکەتووە و لەو شتەدا کە لە ڕێگەی بینینەوە پێی گەیشتووە، جیاوازی هەبوو، بڕیار دەدات بەو شتە پابەند بێت کە لە ڕێگەی لێکدانەوەی ژیرانەوە پێی گەیشتووە، واتە خۆی قانع دەکات کە هەستەکان باوەڕپێکراو نین.

یەکەمین بۆچوونی لەو چەشنە لە لای پارمێندیس دێتە ئاراوە، ئەو ئەیگوت هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە دەوروبەری خۆماندا دەیانبینین، جیا لە خەیاڵ شتێکی دیکە نین، هەروەها ئەفلاتوونیش کەسێکی ئاوەزتەوەر بوو و هەروەها دەیوت جیهانی فۆرمەکان، زۆر لەو جیهانە ڕاستەقینەترە کە دەتوانین هەستی پێ بکەین. لووتکەی هەرە بەرزی ئەو ڕێکارە بریتییە لە تیۆریی "مۆنادەکان"ی لایبنیز و بڕوای دیکارت کە دەیوت ئاژەڵەکان (بێ هەستن) دەزگایەکی پێشکەوتوون، نموونەیەکی دی کە بە ڕوونی ڕێکاری ئاوەزتەوەرەکان بۆ تێگەیشتن لە جیهان نیشان دەدات، بریتییە لە دژکردەوەی ئەستێرەناسەکان بەرانبەر بە پێشناری گالیلۆ بۆ بەکارهێنانی تەلسکۆپ بە مەبەستی تەماشاکرنی هەسارەکان.

ئەوان زۆر بە ئاسانی خۆیان لە بەکارهێنانی تەلەسکۆپ دەبوارد، ئاخر "دەیانزانی" کە حەوت هەسارەی ئاسمانی هەن و ناکرێت زۆرتریش بن، قسەی ئەوان ئەوە بوو کە حەوت ژمارەیەکی پیرۆزە، هەر بۆیە سەیری ئاسمان هەم پێویست نییە و هەم کارێکی نەگونجاویشە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخە تێگەیشتن لەوەی کە بۆچی هەندێک فەیلەسووفی تر ڕێبازێکی دیکەیان بۆ نزیکبوونەوە لە ڕاستی گرتەبەر، کارێکی دژوار نییە.

ئاکامەکانی ئاوەزتەوەری، ڕاستەوخۆ بە پێچەوانەی ئەو ڕاستییانە بوون کە دەبینران و هەستیان

پـــێ دەکرا، بۆیە دژکردەوەی گەورەیـــان بەدوای خۆیاندا هێنا، زۆر بوون ئەوانەش کە بڕوایان وا بوو کە ئەو ڕاستییانەی دەتوانرێت ببینرێن و هەستیان پێ بکرێت، تەنیا ڕاستییەکن کە بڕواپێکراون.

دەســـتەواژەیەکی تـــر کە لە جیاتی ئەزموونتـــەوەری بەکار دێت، بریتییە لە ئیمپریســـیزم یان ئەزموونتـــەوەری (empiricism)، بەو جۆرە ئەو ڕێکارە نوێیە بە ئەزموونتەوەری ناوبانگی دەرکرد، لەبەر ئەوەی ئاوەزتەوەری هەندێک ئاکامی زۆر سەیری بەدوای خۆیدا هێنابوون، ئەزموونتەوەرەکان لەسەر ئاوەز هیوایان لەدەست دابوو.

فرانســـیس باکۆن بە یەکەمین بیرمەندی ئەزموونتەوەر ئەژمار دەکریت و ئەویش وەکوو لایبنیز سیاسەتمەدار بوو، بە گەندەڵی تاوانبار کرا و بە هۆکاری هەڵوێستەکانییەوە سزا درا. ناوبراو لە کار و لیکۆڵینەوەکانی خۆیدا، لە جیاتی بەراوەردکردن «deduction»، زۆر جەختی لەسەر هەڵسەنگاندن دەکردەوە (بە ئاکامگەیشتن لەسەر بناغەی چاوەدێریکردنی ڕاستییەکان) واتە «inductio» دەکرد، ئـــەو تاکوو ئەو جێگەیە چـــووە پێش کە دەیوت ناتوانین لە ڕێگـــەی بەراوردکردنەوە زانیاریی نوێ بەدەست بهێنین.

بۆ ڕوونکردنەوەی ســـەرلەنوێی ئەو باسە، لێرەدا باس لەو ڕێکارە دەکەین کە بە پێوەری سوقراط (Socrates syllogism) ناسراوە (هەموو مرۆڤەکان دەمرن، سوقراتیش مرۆڤە؛ کەواتە سوقراتیش دەمرێت). ناوبراو ئەیگوت لێرەدا بە بەراورد لەگەڵ زانیارییە سەرەتاییەکان ئاکام هیچ شتێکی نوێمان پێ نادات، کاتێک زانیارییە ســـەرەتاییەکانمان لەبەردەســـتدا بوون، دەمانزانی کە سوقرات دەمرێت و ئەوەش بە واتای ئەوەیە کە ئاکامەکەی هەر لە ســـەرەتاوە ڕوون و ئاشکرایە. ئەو لەسەر ئەو بڕوایە بوو بە ئاکامگەیشـــتن بەپێی پێوەر هەمیشە هەر وایە، بۆیە دەیوت هەر چەشنە بەڵگەهێنانەوەیەکی پێوەری لەسەر بنەمای لۆژیکێکی لەو چەشنە، بێ بایەخە و زانست تەنیا بە بینین و چاودێریکردنی ڕاســـتەقینە و پاشـــان پوختەکردنەوەی زانیارییەکان، ســـەربەخۆ لە بیرۆکە و داخوازییەکانی ئێمە بەدەست دێت و پێی وا بوو تەنیا لەو ڕێگەیەوە دەتوانین بە زانست و زانیارییەکی بڕواپێکراو بگەین و لەڕاستی و دروستیی زانیارییەکان دڵنیا بین.

ئەو نموونانەی باکۆن بۆ پشتیوانی لەو ڕێکارە ئاماژەی پێ کردوون، زۆر بەهێز نین و هیچکام لەو نموونانە ناتوانن زانیارییەکی ڕاستمان پێ بدەن و دوای باکۆنیش، زۆربەی هەرە زۆری بیرمەندەکان لەسەر ئەوە هاوڕان کە ناکرێت لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنەوە بە زانیاریی بڕواپێکراو بگەین، لە پێوەندی لەگەڵ هیوومدا زۆرتر لەو بارەوە قسە دەکەین.

هەروەها ئەو یەکەمین کەس بوو کە گوتی زانست لەبەر زانست، وەکوو پێوانەیەک بۆ بیرکردنەوە دانانرێـــت (contemplation). ئەو بڕوای ئەوە بوو کە ئامانجی زانســـت بریتییە لە باشـــترکردنی هەلومەرجـــی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵـــگای مرۆڤایەتی، لەو پێوەندییەدا باکۆن چەند ڕســـتەیەکی بەناوبانگی هەن؛ "زانست هێزە". لە جێگایەکی دیکە دەڵێت: "پێویستە بڕیار و فەرمانەکانی سروشت

بەڕێوە بچن"، مەبەستی ئەوەیە کە ئەگەر دەمانهەوێت لە سروشت کەڵک وەرگرین، پێویستە پێڕەویی لێ بکەین. واتە لەسەرمانە کە لە یاساکانی سروشت پێڕەوی بکەین، بۆ نموونە ئێمە دەبێت یاسا سروشتییەکان بە قازانجی مرۆڤایەتی بەکار بەرین، (کەڵک لە ئەلەکتریسیتە وەرگرین)، یان یاسا فیزیاییەکانی دیکە بناسین و بەکاریان ببەین.

## جان لاک

لاک (١٦٣٢ - ١٧٠٤) لەسەرەتادا زۆرتر خولیای ئەدەبیات و زانستی هەبوو تاکوو فەلسەفە، دوای خوێندنەوەی نووسراوەکانی دیکارت خولیا و حەزی چووە سەر فەلسەفە. بە ڕواڵەت وا دێتە بەرچاو کە فەلسەفەی لاک و دیکارت زۆر لە یەکتر جیاوازن، بەڵام کاتێک لەگەڵ یەک بەراوردیان دەکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە لە یەکچوونێکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە. دەتوانین لاک بە سیما و نیشانەی تێپەڕین لە ئاوەزتەوەرییەوە بۆ ئەزموونتەوەری دابنێین، لاکیش وەکوو ئەریستۆ بەپێچەوانەی دیکارت پێی وا بوو کە مرۆڤ بە شێوەیەکی زگماکی خاوەنی بیر و بیرۆکەی هۆشەکی نییە و هەروەها پێی وا بوو هەموو بیر و بیرۆکەکان لە ئاکامی ئەزموون و کارلێککردنی ئێمە لەگەڵ دنیای دەوروبەرماندا دروست دەبن. مرۆڤ سەیری دنیای دەوروبەری دەکات، ئەو سەیرکردنە ماددەی پێویست بۆ کارلەسەرکردن دەداتە هۆش و مێشکی ئێمە و لە ئاکامدا هۆش و مێشکی ئێمە ئەو زانیارییانە تەتەڵە دەکات و بیر و بیرۆکەیان لێ دروست دەکات.

لاک جیاوازی لەنێوان زانیارییە سادە و زانیارییە ئاڵۆز و لێکدراوەکاندا دادەنێت، بۆ نموونە زانیاری و تایبەتمەندییە سادەکانی شتێک بریتین لە پانایی، درێژایی، شێوە و جووڵە و هتد... زانیارییە لێکدراوەکان یان تایبەتمەنییدە دووهەمییەکانی شتەکانن کە ئاڵۆزترن، بۆنموونە بۆن، ڕەنگ و تام.

تایبەتمەندییە سەرەتاییەکان زانیاریی هەستەکی لەسەر چۆنیەتی ڕاستییەکان بە ئێمە دەدەن، بەڵام تایبەتمەندی و تێگەیشتنە ئاڵۆزەکان، واتە زانیارییە دووهەمییەکان، هیچ شتێک سەبارەت بە چۆنیەتیی ڕاستییەکانی شتەکان بە ئێمە نادەن. ئەوانە هەندێک تایبەتمەندین کە ئێمە خۆمان پاش هەستکردن بە شتەکان بەوانیان دەدەین، ئەوان لە دەرەوەی وشیاریدا بوونیان نییە و بەو پێیە لاک دەڵێت شتەکان لە خۆیاندا تام و بۆنیان نییە، ئەوە ئێمەین ئەو تایبەتمەندییانە دەدەینە پاڵ ئەو شتانەی کە بۆن یا تامیان دەکەین. ئەو قسە بە واتای ئەوەیە کە بەبێ بوونی کەسێک کە دەبینێت و سەیر دەکات، هیچ ڕەنگێک نییە، بەبێ کەسێک کە گوێ بگرێت و گوێی لێ بێت، هیچ دەنگێک بوونی نییە؛ واتە ئەگەر چاودێرێک نەبێت کە شتەکان ببینێت، تام کات، یان گوێیان لێ بگرێت، شتەکان تەنیا تایبەتمەندییە سەرەتاییەکانیان هەن و بەس. دەبێت ئەوەش بگوترێت کە ئەو جۆرە دابەشکردنەی زانیارییەکان بەسەر زانیارییە سەرەتایی و دووهەمییەکان، پێش لاکیش هەبووە و گالیلۆ و دیکارتیش بڕوایان بەو جۆرە دابەشکردنە هەبوو، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەوە لاک بوو

ئەوجۆرە دابەشــکردنەی بەفەرمیی ناسی، کەواتە ئەو تیۆرییەی لاک لەسەر بناغەی ئەوە ڕاوەستاوە کە دەڵێت تێگەیشتنی ئێمە لە دەوروبەرمان ناتەواوە، چونکە ئێمە تەنیا لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە دەتوانین پێوەندی لەگەڵ ڕاستییەکان دامەزرێنین، تێگەیشتن و زانیاریی ئێمە سەبارەت بە ڕاستی و ڕاســتەقینە ناتــەواوە، بۆیە بە گوتەی لاک؛ لە هەندێک بواردا هیچــکات ناتوانین زانیاریی ورد و باوەڕپێکراو بەدەست بهێنین.

ڕوانگە و بیر و بۆچوونی لاک لەسەر سیاسەت بایەخێکی زۆری بۆ پەرەسەندنی بواری سیاسەت و سیاســیبوون هەبوو، لاک خۆی مەســیحییەکی باوەڕمەند بوو، بەڵام هاوکات لە پێوەندی لەگەڵ سیاســەت و ئایین دا لایەنگرێکی تۆخی پێکەوەهەڵکردن، ســینگفرەوانی و تۆلێرانس بوو و دەیوت دەوڵەت نابێت هەوڵ بدات ئەم یان ئەو بیروباوەڕی سیاسی، ئایینی و ئیدەئۆلۆژیک لە هیچ بوارێکدا پەرە پێ بدات، هەروەها لاک ئەیگوت دەوڵەت ئەرکی ئەوە نییە خانوو، خواردن، جلوبەرگ، نان و ئاو بــۆ خەڵک دابین بکات، بەڵکوو ئەرکی دەوڵەت تەنیا و تەنیا بریتییە لە پارێزگاریکردن لە مافەکانی خەڵک. لێرەدا بە شــێوەیەکی سەرەکی مەبەســتی ئەوەیە کە دەوڵەت پێش لە هەر شتێک دەبێت مافــی خاوەنداریەتیی خەڵک بپارێزێت و لە پێوەندی لەگەڵ مافەکاندا، بیردۆزەیەکی هەمەلایەنەی داهێنا کە ئێمە لە بەشی یەکەمی ئەو کتێبەدا سەبارەت بەو بابەتە باسمان کرد، بەڵام دەبێت بڵێین ناوبراو بە بنەما سەرەتاییەکانی فەلسەفەی سیاسیی خۆی وەفادار نەبوو.

بیروباوەڕی سیاســیی لاک شــوێندانەری و کاریگەرییەکی زۆری لەســەر پەرەسەندنی سیاسی هەبووە، ئەو کاریگەرییە بەســەر هەموو ئەو کەســانەوە دیارە کە ئەودەم و دواتریش پێڕەو یا یاسای بنەڕەتیی وڵاتەکانی خۆیانیان نووســییەوە و کاریگەریی ناوبراو بەتایبەتی بەسەر تۆماس جیفرسۆن، کە بەیاننامەی ســەربەخۆیی ئەمریکای نووســیوە، بە ئاشــکرا هەســتی پێ دەکرێت. کورتەی ئەو بەیاننامەیە و ئەو کارگەرییە بەم شــێوەیە: "ئێمە ئەو ڕاســتییانە بە شتێکی ئاسایی دەزانین، هەموو مرۆڤەکان بەرانبەر و یەکســان دروست کراون، لەلایەن ئافرێنەری خۆیانەوە خاوەنی هەندێک مافن کە نابێت دەســتدرێژی بکرێتە ســەریان کە گرینگترینیان بریتین لە: مافی ژیان، مافی ئازادی و مافی گەڕان بەدوای خۆشــبەختی و بەختەوەریدا. بۆ دابینکردن و دەستەبەرکردنی ئەو مافانەیە کە دەسەڵاتی دەوڵەتی دروست بووە..."

## جۆرج بێرکلێ

بە بەراورد لەگەڵ لاک، بێرکلێ (١٦٨٥-١٧٥٣) بە ئەزموونتەوەرێکی ئاســایی تر دادەنرێت و لێرەدا باسی گرنگترین بەشداریی ناوبراو لە فەلسەفەدا (کە بریتییە لە بەرپەرچدانەوەی لاک) دەکەین، ئەو بەرپەرچدانەوەیە دواتر لە لای هیووم بایەخێکی زۆرتر پێ دراوە.

بە پێچەوانەی لاک، بێرکلێ بەڵگەی بۆ ئەوە هێنایەوە کە لە بواری فیزیکی و زانینناســیدا هیچ

جیاوازییەک لەنێوان زانیاری و تایبەتمەندییە هەستەکییە سەرەتایی و دووهەمییەکاندا نییە و ناوبراو بەو جۆرەی خوارەوە پاکانەی بۆ ئەو بۆچوونەی خۆی دەکرد.

ئەگەر سەیری سێوێک بکەین، لەڕاستیدا تەنیا تایبەتمەندییە هەستەکییەکانی سێوەکە دەبینین، هەست بە بۆنێکی تایبەتی، تامێکی تایبەتی، ڕەنگێکی تایبەتی، ڕادە و قەبارەیەکی تایبەتی و هتد... دەکەین، سێوەکە وەکوو خۆی هەست پێ ناکەین، بەڵکوو ئەوە تایبەتمەندییەکانی سێوەکەن کە کاریگەریی لەسەر هەستەکانی ئێمە دادەنێن و لە ئاکامدا ئێمە ئاوای دەبینین. کەواتە سێوەکە تەنیا ئەو تایبەتمەندییانەی هەن کە هەستیان پێ دەکرێت و ئەو تایبەتمەندییانەش کە هەست پێ دەکرێن، پێویستە لەلایەن کەسێکەوە «subject» هەستیان پێ بکرێت، لەبەر ئەوەی کە هەر دوو تایبەتمەندییە هەستەکییە سەرەتایی و دووهەمییەکان لەلایەن سوژە یا کەسێکەوە هەستیان پێ دەکرێت کە شایەتی بۆ هەستپێکردنی ئەوان دەدات، ناکرێت لە کاتی هەستپێکردندا تەنیا بەشێک لە تایبەتمەندییە هەستەکییەکان، هەستیان پێ بکرێت، واتە هەموو تایبەتمەندییە هەستەکییەکان دەبێت لەلایەن ئەو کەسەوە (لە کاتی سەیرکردندا) هەستیان پێ بکرێت کە سەیریان دەکات. بۆ نموونە قەبارەی سێو ناتوانێت سەربەخۆ بێت لەو کەسەی کە سەیری دەکات، قەبارەی سێوەکە بەگوێرەی ماوەی نێوان سێوەکە و ئەو کەسەی سەیری دەکات ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، کەواتە لە ڕوانگەی بێرکڵییەوە تایبەتمەندییە سەرەتایی و دووهەمییەکانی شتەکان، بە یەک ڕادە هۆشەکین.

بێرکڵی هێندە پێداگری لەسەر ئەو بۆچوونەی خۆی دەکات کە لە ئاکامدا وتوویەتی: "بوون دەبێت ببینرێت" (esse est percipi)، هەر شتێک هەستی پێ نەکرێت، بوونی نییە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئەگەر سێوەکە بخەینە نێو کیسەیەک و کیسەکە ببەستین بۆ ئەوەی کە هیچ کەس نەیبینێت، ئایا سێوەکە بوونی هەیە یان نە؟ لە بەشی یەکەمی ئەو کتێبەدا وەڵامی ئەو پرسیارەی بێرکڵێمان داوەتەوە. خودا سێوەکە دەبینێت، لەبەر ئەوەی کە سێوەکە لە ئاگایی و وشیاریی خودادا هەیە، کەواتە بوونیشی هەیە. بێرکڵی کە قەت لە دەربڕینی بۆچوونەکانی خۆیدا دوودڵییەکی نەبوو، تاکوو ئەو ڕادەیەی چووە پێش کە گوتی هەر کاتێک هەست بە بوونی شتێک دەکەین لەگەڵ خودا (وشیاریی خودا) پێوەندیی دەگرین و لەڕاستیدا هەر ئەزموونێکی هەستەکی، پەیامێکە کە خودا ڕاستەوخۆ بۆ ئاگایی و وشیاریی ئێمەی دەنێرێت.

## داڤید هیوم

*مێتافیزیک و زانیناسی*

*سیاسەت*

*ئاکار*

هیوم (کە لە ساڵی ١٧١١ و لە شاری ئەدینبۆرگ لەدایک بووە) بە یەکێک لە بەرچاوترین

فەیلەسووفەکانی ڕێبازی ئەزموونتەوەری دادەنرێت و ئێستەشی لەگەڵ بێت؛ هەندێک لە ڕوانگە و بۆچوونەکانی ئەو کاریگەری و شوێندارییەکی بەرچاویان لەسەر ژیانی هزری و ڕووناکبیری هەیە.

بە گوتەی هیوم؛ لەسەردەمی ئەودا فەلسەفەی جێکەوتوو نەک هەر لەژێر دەسەڵاتی هەندێک گومانی بێ واتادا بوو، بەڵکوو پێوەندییەکی ئەوتۆشی لەگەڵ ژیان و بژیویی خەڵکی ئاسایی نەبوو، سەردەمی ئەوە هاتبوو کە فەلسەفە لە بیرۆکە و بیر و بۆچوونە پرشوبڵاو و لەرزۆکەکان خاوێن بکرێتەوە، هیوم بڕیاری دا ئەو پاکسازییە بکات.

یەکەمین کتێبی هیوم واتە "وتارێک سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ" کە هەر چەند پڕ بوو لە بیر و بیرۆکەی ڕادیکاڵ و جێگەی باس، بەڵام لە کاتی بڵاوبوونەوەیدا نەکەوتە بەر سەرنجی خەڵک، کەچی دواتر، لە پێشدا لە فەرانسە و پاشانیش لە وڵاتەکەی خۆی، وەکوو بیرمەندێکی گەورە ناوی دەرکرد و  لەساڵی ١٧٧٦دا مرد.

## مێتافیزیک و زانیناسی

هیوم لەو بڕوایەدا بوو کە ئەو پرسیارە مێتافیزیکییانەی کە بە شێوەیەکی ئاسایی لە پێوەندی لەگەڵ ڕاستییەکاندا دێنە ئاراوە، وەکوو ئەوەی کە ئایا ڕاستی بوونی هەیە؟ ئایا شتەکان ڕاستی و هەرمانن  یان نە؟ و هتد... هەموویان پرسیاری بێ واتان. دیارە بە هیچ جۆرێک گومانی لە هەبوونی دنیای دەوروبەر نەبوو، بەڵام دەیوت ئەوە باس و بابەتێکە کە ناسەلمێنرێت و ناتوانین پاساوی بۆ بێنینەوە، هەروەها ئەیگوت هەموو ئەو بەڵگە و پاساوانەی کە پێشتر بۆ سەلماندنی ئەو پرسە باس کراون، بۆ بەرگریکردن نابن و بە گوتەی هیوم؛ ناکرێت لەنێوان ئەو شتانەی کە لە دەوروبەرماندا هەن و ئەو زانیارییانەی کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە پێمان دەگەن، پێوەندییەک بدۆزینەوە. هیوم بە شێوەی سەرەکی لە بواری زانیناسیدا کاری دەکرد، سەرەڕای ئەو قسانەی سەرەوەش، ئەو بەو ئاکامە گەیشتبوو کە ناکرێت لە هەڵوێستگرتن سەبارەت بە هەندێک پرس و بابەتی مێتافیزیکی خۆ ببوێرێت، کە لێرەدا ئێمە ڕوانگە و بۆچوونەکانی ئەو سەبارەت بە مێتافیزیک و زانیناسی وەکوو یەک سیستەم دەخەینە بەر باس و لێدوان.

خاڵی دەستپێکی هیوم لە پێوەندی لەگەڵ زانیناسیدا، بریتییە لە شیکردنەوەی نێوەڕۆکی ئاگایی و وشیاری  و دەیوت ئاگایی، لە بیرۆکە و کاریگەریی ئەزموونی هەستەکی، "impressions" و "ideas" پێک دێت، مەبەست لە کاریگەریی ئەزموونی هەستەکی، بۆ نموونە بریتییە لەوە کە ڕاستەوخۆ هەست بە گەرما دەکەین، دارێک دەبینین، یان بۆنی گوڵێک دەکەین، دەتوانین ئەو کاریگەرییە هەستەکییانە لە مێکشدا هەڵگرین و پاشان بیانهێنینە دەرەوە، ئەوەی کە دواتر دەیهێنینە دەرەوە، بریتییە لە وێناکردن. دیارە جاری وایە وێناکردن، بۆخۆی بریتییە لە ئاوێتەیەکی کاریگەریی چەند ئەزموونی هەستەکی کە دروست دەبێت. هیوم دەیوت ئەزموونە هەستەکییە

ڕاســـتەوخۆکان ڕوون و ڕاستەقینەن، بەڵام شێوەپەروەری و وێناکان کە ڕەنگدانەوەی ئەزموونەکانن، ناڕوون و تەماوین و پڕن لە تەمومژ، ئەوەش بە شـــتێکی نالۆژیکی دانانرێت، ئاخر کاتێک ڕاستەوخۆ هەســـت بە ئازارێک دەکەین، ئەو ئازارە زۆر زیاترە لەو ئازارەی کە پاشان لە کاتی بیرلێکردنەوە لە هەمـــان ئازاردا (لە کاتـــی وێناکردن)، پێمان دەگات، هەروەها کاتێک بیر لە "ســـوور" دەکەینەوە، تێگەیشتمان لە "سوور" بە ڕادەی ئەوەی کە شتێکی سوور (بۆنموونە ترۆمۆبیلێکی ئاگرکوژاندنەوە) دەبینین، ڕوون نییە.

قســـەی ســـەرەکیی هیوم ئەوە بوو کە هەموو ئەو وێناکردنانە لە مێشکدا کۆیان دەکەینەوە، لە ئەزموونە هەســـتەکییەکانمانەوە سەرچاوە دەگرن، واتە سەرچاوەی ئەوان یەک یان چەند ئەزموونی هەســـتەکی، ئەوە بە ڕوونی ئەزموونتەوەری (empiricism) هیوم نیشـــان دەدات، دیارە کەسێکی ئاوەزتەوەری (rationalist) ئاسایی قەت ئەوە قەبووڵ ناکات.

دواتر هیوم لەســـەر بنەمای ئەو پرنســـیپە، ڕێکاری خۆی بۆ بیرکردنەوەی دروست فۆرمۆڵە کرد کە بەم جۆرەیە: ئەگەر وێنایەکت لە شـــتێک هەیە، هەمیشـــە دەبێت بپرســـی کە سەرچاوەی ئەو وێناکردنـــە لە کوێیەوە دێت؟ ئەوە واتای ئەوەیە کە دەبێت هەموو وێناســـازییەکانمان بگێڕینەوە بۆ کاریگەریی ئەزموونە هەســـتەکییەکانمان، (یان ئاوێتەیەک لە ئەزموونە هەســـتەکییەکانمان)، ئاخر وێناکردنەکانمان ئاکامی کارکردی ئەزموونە هەستەکییەکانمان لەسەر مێشک و هۆشی ئێمەن، بۆیە ئەگەر نەتوانین ســـەرچاوەی وێانکردنێک بگێڕینەوە بۆ پەرچکداری ئەزموونێکی هەستەکی، دەبێت ڕەتی بکەینەوە، (بۆ نموونە لەبەر ئەوەی کە هیچ ئەزموونێکی هەستەکی نییە کە بیکەینە سەرچاوە و بنەمای وێناکردنەکانی خۆمان لە "جندۆکە"، نابێت جندۆکە بوونی هەبێت.)

ئەو خاڵە، وەکوو دەســـتپێک بە شـــتێکی بڕواپێکراو دادەنرێت، بەڵام بـــەرەو هەندێک ئاکاممان دەبات کە تەنانەت بۆ هیومیش بە دژواری قەبووڵ دەکران. وەرە با پێکەوە بیر لە سێوێک بکەینەوە، ئێمـــە فۆرمێکی تایبەتـــی، قەوارەیەکی تایبەتی و ڕەنگێکی دیاریکراو دەبینین، هەســـت بە بۆنێکی تایبەتی دەکەین، ئەگەر ســـێوەکە لە دەســـت بگرین، هەست بە قورســـاییەکی دیاریکراو دەکەین و هەروەها هەســـت دەکەین کە سێوەکە گەرمایی و پێســـتێکی تایبەتی هەیە، ئەگەر قاشێکی لێ بخۆین، دەزانین کە تامێکی تایبەتیشـــی هەیە هتد... هیوم دەڵێ؛ لەڕاســـتیدا سێوەکە شتێکی جیا لەو زانیارییانە نییە کە ئێمە لە ڕێگەی ئەزموونە هەســـتەکییەکانمان بەدەستمان هێناون و هەروەها تاکوو ئەو جێگەیە دەڕواتە پێش کە دەڵێت سێوەکە شتێکی سەربەخۆ نییە تاکوو بوونێکی سەربەخۆ بە ئێمە بدات. ئاخر ســـێوەکە شـــتێکی جیا لە سەرجەم ئەو زانیارییانە نییە کە لە ڕێگەی ئەزموونە هەســـتەکییەکانمانەوە پێمان گەیشتوون و لە بیر و مێشکماندا هەڵمانگرتوون، ئەو شتە یان خودی ســـێوەکە، شتێکە کە ئێمە لە ڕێگەی ئەو زانیارییانەوە هەستی پێ دەکەین کە لە ڕێگەی ئەزموونە هەستەکییەکان، بینین و چاودێریی سیستەماتیکدا وەرمان گرتوون.

پێشـــتریش جان لاک بۆچوونێکی لەو چەشـــنەی هێنابووە بەرباس، بەڵام ئەو دەیوت زانیارییە هەســـتەکییەکان لەلایەن ماددەیەکی تایبەتەوە (واتە "substrate" بەســـتەرێکەوە) دەخرێنە پاڵ یەکتر و ئەو بەســـتەرە یان ئەو ماددەیە بوونی شـــتە فیزیکییەکان لە دەوروبەری ئێمەدا دەستەبەر دەکات، هەنووکە هیوم دەپرســـێت چ خوێندنەوەیەکی هەســـتەکی دەکرێت بە بنەمای وێناکردن یان تێگەیشـــتن لەو ماددەیە یان ئەو بەســـتەرە بزانرێت؟ هیوم ناتوانێت تێگەشتنێکی لەو چەشنە، واتە وێناکردنێکی لەو بەســـتەرە هەبێت، بۆیە دەڵێت؛ هیچ بەســـتەرێکی ئاوا بوونی نییە. بەو جۆرە هیوم دەگاتە ئەو ئاکامەی کە شـــتەکان نین، تەنیا زانیارییە هەستەکییەکان بوونیان هەیە، ئەوە بە واتای ئەوەیە کە سێوەکە نییە و ئەوەی هەیە بریتییە لە کۆمەڵێک زانیاریی هەستەکی کە لە کاتی هەستپێکردندا، پێکەوە و بەکۆمەڵ کار دەکەن.

هەروەها هیوم دەڵێت؛ هیچ بەڵگەیەکمان لە بەردەســـتدا نییە بۆ ئەوەی کە بڕوا بەوە بکەین کە هەندێت جۆری دیاریکراوی زانیارییە هەســـتەکییەکان هەمیشـــە پێکەوە کار دەکەن، (واتە دەتوانن پێکـــەوە کار بکەن، بەڵام ئەگەری ئـــەوەش هەیە ئەو کارە نەکەن، ئەو زانیارییە هەســـتەکییانەی دەکەونـــە لای یەکتر) بە جۆرێک کە ئێمە هەســـت دەکەین کە ســـێوە هیچ بـــەو واتایە نییە کە کەمێک دواتریش هەر بە هەمان جۆر دەکەونە لای یەکتر و دەڵێت ئەو شتەی کە سێوە، دەتوانێت ســـاتێک دواتر لە پێش چاوی ئێمە لێک هەڵەوەشـــێت و لەنێو بچێت. بە گوتەی هیوم دنیا لە شتە جۆراوجۆرەکان پێک نەهاتووە، بەڵکوو لە زانیارییە هەستەکییەکان دروست بووە، لێرەدا دوو نموونە بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری ئەو باســـە دێنینەوە و لە پێشـــدا باسی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی هیوم سەبارەت بە ناسنامەی تاکەکەسی، واتە "من" و "خۆم" دەکەین.

وا دێتـــە بەرچـــاو کە زۆربەی خەڵک لەو بڕوایەدان کە مرۆڤێک هـــەر لە لانکەوە تاکوو ناو گۆڕ هەر هەمان یەک کەسە، هیوم لەگەڵ ئەو بۆچوونە هاوڕا نییە و دەڵێت؛ کەسێک کە ناوی سوقراتە شـــتێک نییـــە بێجگە لە کۆمەڵێـــک داتا و زانیاری کە کەســـانی دەوروبەری ســـوقرات لە ڕێگەی هەســـتەکانی خۆیانەوە ســـەبارەت بەو وەری دەگرن. هەموو کەسێک دەبینێت، دەبیستێت و هتد... پاشـــان لە خەیاڵی خۆی کەڵک وەردەگرێت تاکوو ئەو زانیارییە هەســـتەکییانەی وەریان دەگرێت لـــە وێناکردنێکی یەکپارچەدا (لێرەدا ســـوقرات) بیانخاتە پاڵ یەکتـــر، کەواتە ئەوەی پێی دەوترێت سوقرات، تەنیا بریتییە لە گونجاندنی هەندێک زانیاریی هەستەکی و کۆکردنەوەیان لە پەنای یەکتر. خودی ســـوقرات ڕەنگە پێی وا بێت کە هەر لە لانکەوە تاکوو ناو گۆڕ یەک کەســـە، بەڵام هیوم لەو بڕوایەدایە کە ئەوە تەنیا یەک وەهمە. (تەنانەت ئەگەر دەروونی خۆشمان بپشکنین، بچینە ناو دنیای بیرو یاد و بیرەوەری و هەستەکانمان)، دەکرێت بەو ئاکامە بگەین کە ئەو کەسە هەر هەمان کەس نییە. هیوم بە ڕاشـــکاوی دەڵێت؛ ئەوانە هەموویان نمایشن، هیچ وێناکردنێک بوونی نییە تاکوو ئەو نمایشانە لەسەر بناغەی ئەوان دروست بووبن، بۆیە ناسنامەی تاکەکەسی، واتە "من" بوونی نییە. لە

قسە و باسی ڕۆژانەدا، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکان، دەتوانین بڵێین کە سوقرات لە لانکەوە تاکوو گۆڕ هەر هەمان کەسە، بەڵام لە بواری فەلسەفی و زانستییەوە، بە گوتەی هیوم؛ ئەوە قسەیەکی بێ بنەما و بێ واتایە.

بەو جۆرە هیوم چەمکی هۆکار و ئاکام شی دەکاتەوە، ئەو شیکردنەوەیە ئێستەش کاریگەریی زۆری هەیە، لە یەک وشەدا یاساکانی هۆکار و ئاکام ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت لە ڕاستیدا یاسایەکی لەو چەشنە بوونی نییە و بەو چەشنەی خوارەوە ئەو بۆچوونەی خۆی فۆرمۆڵە دەکات:

کاتێک دەبینین بەردێک بەر شووشە دەکەوێت، شووشەکە دەشکێت، (بەو تێبینییەی کە بەردەکە دەبێت تاکوو ڕادەیەک گەورە بێت و هتد...) زۆربەی خەڵک دەڵێن کە بەردەکە هۆکاری شکانی شووشەکەیە و ئەوان پێیان وایە کە هۆکار بەردەکەیە، پرسیاری هیوم ئەوەیە کە: کام تێگەشتینی هەستەکی دەکرێت بە بناغەی ئەو وێناکردنە دابنرێت؟

زۆر جار دیتوومانە کە ئەگەر بەردێک لە پەنجەرەیەک بدرێت، پەنجەرەکە دەشکێت، هیوم دەڵێت لەوەدا ناتوانین بەو ئاکامە بگەین کە بەردەکە هۆکاری شکانی پەنجەرەکەیە، لەبەر ئەوەی کە زۆر جار ڕووداوی لەو چەشنەمان بینیوە، چاوەڕانیمان ئەوەیە کە دواتریش هەر کاتێک بەردێک بەرەو پەنجەرەیەک هاوێژرا، هەمان ڕووداو دووپات ببێتەوە، بەڵام هیچ وێنایەکمان «impression» نییە کە وەکوو بناغەی سەرهەڵدانی وێناکردنێکی لەو جۆرە دابنرێت کە بەردەکە هۆکاری شکانی پەنجەرەکەیە، کەواتە لەڕاستیدا هیچ هۆکارێک بوونی نییە، (therefore there is no cause either). بەو جۆرە هیوم دەڵێت ئەوە تەنیا بارودۆخی ڕۆحی و سایکۆلۆژیی ئێمەن وامان لێ دەکەن کە بڕوا بکەین یاسای هۆکار و ئاکام لە ڕاستیی ڕاستەقینەی دەوروبەرماندا هەیە، ئێمە چاوەڕوانین هەموو جارێک ئەوە ڕوو بدات، بەڵام ناتوانین بزانین کە جارێکی دیکەش هەمان شت ڕوو دەدات و ئێمە لەو بڕوایەداین کە هەندێک یاسا هەن، یاساکانی هۆکار و ئاکام کە بە ئێمە دەڵێن چۆن شتەکان و ڕووداوەکان لە ڕاستیی ڕاستەقینەدا ڕوو دەدەن، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو یاسایانە بوونیان نییە. ئەوە تەنیا چاوەڕوانیی ئێمەن کە بەو جۆرە خۆیان نیشان دەدەن، ئەوەی کە ئێمە بە یاساکانی سروشت دەیانناسین، تەنیا جۆرێک لە خوێندنەوە و تێگەیشتنەی (perceptions) ئێمەن کە تەنیا لە وشیاری و ئاگاییی ئێمەدا هەن، بەو پێیە هیوم دەڵێت هیچ بنەمایەک نییە کە بتوانین بە پشتبەستن بەو بڵێین سروشت یاسامەندە.

لە ڕوانگەی هیومەوە ئەوە بە واتای ئەوەیە کە ئێمە هیچکات بە دڵنیاییەوە ناتوانین زانست و زانیاریمان لەسەر یاساکانی سروشت هەبێت. بۆ نموونە دەتوانین دڵنیا نەبین لە ئەوەی کە سبەی خۆر هەڵدێت؛ W.T. Jones مێژوونوسی فەلسەفە، بەو جۆرە ئەو بۆچوونەی هیوم دەردەبڕێت. زۆربەی خەڵک دەڵێن ئەگەر ئێمە قەرەپوڵێک هەڵدەینە هەوا، شانسی ئەوەی کە بە شێوەی شێر یان خەت بکەوێتە سەر زەوی، لەسەدا پەنجایە و هیوم دەڵێت ئەوە هەڵەیە کە پێمان وا بێت بۆ

هەر دوو لای شـێر و خەتەکە شانسی وەکوو یەک هەیە، هەروەها دەیوت؛ "شانسی وەکوو یەک بۆ هەموو شتێک و بۆ هیچ شتێک لە ئارادایە، قەرەپوولەکە دەتوانێت بە ئاسانی لەسەر تەنیشت بکەوێتە خوار و ڕاوەستێت، یان دەتوانێت بێتە خوار و بەلای شێر یان خەتدا بکەوێتە سەر زەوی، کەواتە لە کردەوەدا شانسی ئەوەی کە شێر بێت یان خەت، سفرە»، (Jones III, s.321).

کەواتە هیوم دەڵێ؛ تەنیا شـتێک کە ئێمە دەتوانین وەکوو بناغەیەک بۆ زانسـت و زانیارییەکانی خۆمان لێی دڵنیا بین، ئەو زانیاری و داتا هەسـتەکییانەن کە لە ڕێگای هەسـتەکانمانەوە بەدەستیان دەهێنین. هەر چەند ئەو زانیارییە هەستەکییانە بە جۆرێک بە دوای یەکتردا ڕیز دەبن کە پێمان وایە یاسای هۆکار و ئاکام ڕێکیان دەخات، بەڵام قەت ناتوانین بزانین کە دنیای دەوروبەرمان، لە شتەکان، یاساکانی هۆکار و ئاکام و یاسا سروشتیەکانی دیکە دروست بووە، کەواتە بە قسەی هیوم هەڵسەنگاندن ئەگەری نییە، (Induction is therefore, according to Hume, not possibl).

سـەرەڕای هەمـوو ئەوانەی کـە هیوم پێی وایە هەندێک قسـە و دەربڕین هەن کە ڕاسـتن، ناوبراو ئەو قسـە و دەربڕینە ڕاسـتییە ڕاسـتەقینانە دەکاتە دوو بەش کە دەسـتەیەکیان پێویست (necessary) و دەستەیەکیشـیان مەرجدارن (conditional)، تێپەڕە پێویستەکان ئەوانەن کە پێویستە ڕاست بن، بۆ نموونە؛ "هەموو کوڕە گەنجەکان، پیاون"، ئەو قسەیە ڕاستە چونکە بەگوێرەی پێناسـە، هەر کوڕێکی لاو پیاوە و بەو جۆرە بە لێکدانەوەی ئەو زانیارییانەی کە لە پێناسـەی ئەو دەسـتەواژەیەدا هاتوون، دەتوانین ڕاستی و دروسـتیی ئەو تێپەڕەمان بۆ دەرکەوێت. هیوم دەڵێت ئەو جۆرە تێپەڕانە هیچ شتێک لەمەڕ ڕاستییەکان بە ئێمە ناڵێن و ئەوان تەنیا شتێک سەبارەت بە چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتن لە وشـەکان نیشـان دەدەن. ئەوان زانیاری سەبارەت بە پێوەندییەکانی نێوان بیر و بیرۆکەکان بە ئێمە دەدەن، بەڵام تێپەڕە مەرجدارەکان ئەوانەن کە شتێک سەبارەت بە ڕاستیی ڕاستەقینە نیشان دەدەن، بۆ نموونە؛ "زەوی لەسەر خولگەیەکی هێلکەیی بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە". ئەو جۆرە قسانە باسی فاکتەکان دەکەن، بۆیە مەرجدارن، واتە مەرج نییە ڕاست بن و ڕاستی دەتوانێت جۆرێکی دیکە بێت. هیچ بەڵگەیەکمان لە بەردەستدا نییە کە بتوانین بڵێین پاش چرکەیەکی دیکەش ئەو شـتە هەر بەو جۆرە دەبێت، کەواتە هیوم دەڵێت تەنانەت ئەو تێپەڕانەش کە بەپێی پێویسـت ڕاستن، ناتوانن شتێک سەبارەت بە ڕاستییەکان بڵێن، هەروەها ئەو تێپەڕانەش کە فاکتن و باس لە ڕاستی دەکەن، مەرج نییە ساتێک دواتر ڕاست بن.

### ئاکار

وەکوو پێشـتر گوتمان ئاکار بریتییە لە دانانی هەندێک ڕێوشوێن بۆ جێبەجێکردنی کار و کردەوەی دروسـت، واتە دەستنیشانکردنی هەندێک نۆرم و ڕێسا و یاسـا بۆ هەڵسوکەوتی ڕاست و دروست، ڕێـکاری هیوم بۆ بیرکردنەوەی دروسـت ئەوەیە کە مرۆڤ پێویسـتە هەمیشـە خوێندنەوەیەکی

هەستەکی (impresión) لە دەوروبەر هەبێت تاکوو بیکاتە بنەمایەک بۆ وێناکردن، بەڵام ئایا بنەمای خوێندنەوەیەک کە ببێتە بناغە بۆ "وا باشــە کە" دەبێت چی بێت؟ هیوم نەیتوانی خوێندنەوەیەکی لــەو جۆرە بەدەســت بهێنێت، بۆیە دەیوت لەبەر ئەوەی کە تێپــەڕە پێوانەییەکان (normative statements) شتێکی بێ بنەما و بێ واتان و ناتوانن نۆرمە ئاکارییەکان دیاری بکەن، ئەو قسەیەی هیوم ســەبارت بە پرســی "دەبێت" و "وا باشــە" بابەتەکە ڕوونتر دەکاتەوە و پێی وایە: "ئەوە هیچ بەپێچەوانــەی ئــاوەز نییە کە پێم خۆش بێت تەواوی دنیا خــراپ بێت، تاکوو ئەوەی کە قامکێکی خۆم بریندار بێت. ئەوەش بەپێچەوانەی ئاوەز نییە کە لەنێوچوونی خۆم بەسەر ئەوەدا هەڵبژێرم کە کەسێکی دیکە (کە ناشیناسم) کەمترین ئازار و ناڕەحەتی بۆ بێتە پێش".

لە بەرانبەر ئەوەدا نابراو دەیوت ئاکاری پەسنی (تەوسیفی) (a descriptive ethic) نەلواوە و هیوم دەیوت لەسەر بنەمای ئەوەی کە خەڵک چیان پێ باشە و چۆن هەڵسوکەوتە دەکەن، دەتوانین ئاکار دروست بکەین، )ئاکاری پێناسەیی ئەو ئاکارەیە کە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە خەڵک چۆن هەڵسوکەوتی باش دەکەن).

هەروەها هیوم بڕوای وا بوو کە لە هەموو کەســێکدا هاوســۆزییەکی سروشتی، واتە هەستێکی مرۆڤانــە و پڕ لە هاوپێوەندی، بەرانبەر خەڵکی دیکە هەیە و ئەو تایبەتمەندییە شــتێکی دەروونی، وارِســک، زگماکییە و بە بنەمای هەموو ئاکارێک دادەنرێت و هەستی هاودەردی، هەستێکی بەتینە کە بۆ هاودەردی و هاوسۆزینیشــاندان لەگەڵ کەســانی دیکە، لە هەمووماندا هەیە. ئەو هەســتە مرۆڤانە و پڕ لە هاوپێوەندییە وامان لێ دەکات کە کاتێک کەسانی دیکە لە بوارێکدا باش کار دەکەن، تەنانەت ئەگەر زۆریش پێوەندیی بە ئیمەوە نەبێت، خۆشحاڵ بین و ئەوە ئەو شتەیە کە هیوم وەکوو پێوانە و پێوەر بۆ هەر کارێکی باش لە بەرچاوی دەگرێت؛ کارێک باشە کە لە ئاکامی ئەودا خۆشحاڵ بین، جا با ئەو کارە پێوەندیشی بە ئێمەوە نەبێت.

ئەوە کە هیوم لە چەمکی هەست کەڵک وەردەگرێت، جێگای سەرنجە، فەیلەسووفەکانی پێشتر، فەیلەسووفەکانی یۆنانی کۆن، بۆ دەستنیشانکردنی کار و کردەوەی باش، زۆرتر بە بیر و بیرکردنەوەی بە ئاکار و ژیرانە پشتیان دەبەست، کەچی هیوم لەو بارەیەوە زۆرتر جەخت لەسەر هەست و سۆز و بیروڕاکان دەکاتەوە، (emotions and beliefs)، (هیوم بە یەکەمین زانا و بلیمەت دادەنرێت کە مەسیحی نییە و لە هەست و باوەڕ وەکوو بنەمای ئاکار کەڵک وەردەگرێت).

بەوتەی هیوم، لە ڕێگەی بیرکردنەوەی ژیرانە و لۆژیکییەوە، تەنیا دەتوانین بەوە بگەین کە چۆن بە باشــترین شــێوە ئامانجێک بپێکین، بەڵام ناتوانین لەو ڕێگەیەوە ئەوە دەستەبەر بکەین کە ئەو ئامانجە شتێکی باش و لە ڕاستای ئاکاردایە یان تەنیا لە ڕێگەی بەکارهێنانی باوەڕ و هەستەوە ڕاست و دروســتبوونی ئامانجەکان لە بواری ئاکارییەوە دەســتەبەر دەکرێت. کەواتە لە ڕوانگەی هیومەوە هەموو بڕیارە پشێوەختە ئاکارییەکان، بنەمایەکی هەستەکییان (emotionally justified) هەیە

و لە ڕووی هەستەوە پاکانەیان بۆ دەکرێت، واتە هۆشەکی و دەروونین. (subjective).

کەواتـــە لێکۆڵینەوە لە ئاکار قازانجێکی ئەوتۆی نییە، ئەوەی کـــە گرنگە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەوەی کە خەڵک تاکوو ئێســـتە چۆن هەڵســـوکەوتیان کردووە، بۆیە بە گوتەی هیوم ئەگەر مێژوو بخوێنینەوە، وەڵامی پرســـیارە پێوەندیدارەکانی ئاکاریـــش وەردەگرینەوە و لە ڕێگەی خوێندنەوەی ژیاننامەی کەســـایەتییە مێژووییەکان، بۆمان دەردەکەوێت کە ئایا لە بواری ئاکارەوە دروست ژیاون یان نە؟ ئەوەش تەنیا نۆرمێکە کە دەتوانین هەمانبێت و هیوم خۆی مێژوونوسێکی بەناوبانگ بوو و کتێبێکی گرنگی سەبارەت بە مێژووی بریتانیا نووسیوە.

## سیاسەت

هەر کۆمەڵگەیەک پێویســـتە لەســـەر بنەمای هەندێک پرەنســـیپی ئاکار و ڕەوشتی ڕێک بخرێت، لەبەر ئەوەی هیوم دەڵێت؛ هیچ پێوانە و نۆرمێکی بابەتیانە بۆ ڕاســـت و دروســـت بوون نییە، کەواتە هیچ پرەنســـیپێکی ئاکاریش (بێجگە لە هەستی هاودەردی و هاوپێوەندیی مرۆڤایەتی) لە ئارادا نییە و ئەوەش بە نۆرەی خۆی بەو واتایەیە کە هیچ پێوانەیەکی ئەخلاقیمان بۆ چۆنیەتیی ڕێکخســـتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نییە.

ئەی کۆمەڵ لەسەر بنەمای کام پرەینسیپ دەبێت ڕێک بخرێت؟ هیوم دەڵێت تەنیا ڕێگەیەکی ژیرانە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵ ئەوەیە کە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی ئەوتۆ پێک بێت کە لەوێدا هەموو بتوانن بیروڕاکانی خۆیان دەربڕن، لە حکوومەتدا بەشـــداریی بکەن و لەوێدا زۆربەی خەڵک بتوانن بڕیار بدەن، کەواتە هیوم لایەنگری دێموکراسی بوو.

□

هیوم بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئێمە ناتوانین هیچ شتێک لەسەر ڕاستیی ڕاستەقینەی دەوروبەری خۆمان بزانین، ئاخر نە هەستەکان و نە ئاوەز ناتوانن لەو بارەیەوە زانیاری و زانستێکی باوەڕپێکرامان پێ بدەن، هەروەها هیوم دەڵێت ئەگەری ئەوە نییە پێوانە و نۆرمی بابەتیانە و بەڕەوشت و ئاکاری بۆ کار و کردەوەی دروست دابنین، بۆیە باشتر وایە کۆمەڵگە لەسەر بنەمایەکی دێموکراتیک دامەزرێت و بەڕێـــوە بچێـــت. ئەوە بە تەواوەتی وەکوو گومان دادەنرێت، وا باشـــترە بزانین هیوم چی لەســـەر فەلســـەفەی خۆی وتووە، ئەوەی خوارەوە قسەی هیومە کە لە کتێبی لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ، کە لەساڵی ١٧٣٨ی زایینیدا بڵاو بووەتەوە، وەرگیراوە:

"من لەگەڵ دۆســـتەکانم خواردن دەخۆم، تەختە دەکەم، قســـە و باس دەکەم و لە تێکەڵاوی و ژیان لەگەڵ ئەوان چێژ وەردەگرم، کاتێک پاش سێ چوار کاتژمێر کات بەسەربردن و چێژوەرگرتن لە باس و قســـەکانمان لەگەڵ ئـــەوان بۆ درێژەدانی کارە فەلســـەفییەکانم دەگەڕێمەوە ماڵی خۆم، گریمانە و گومانەکانم هێندە ســـارد و هێندە جێگەی پێکەنینـــن کە بۆ درێژەدانی کار گیروگرفتم

دێتە پێش..... حازرم هەموو کتێب و نووسراوەکانم بسووتێنم و سوێندیش بخۆم کە ئیتر بۆ هەمیشە لە جیاتی کاری فکری و فەلسەفی بەدوای خۆشی و چێژەکانی ژیان بکەوم". (Jones III, s.348) بەڵام خولیا و حەزی هیوم بۆ دۆزینەوەی وەڵام بۆ پرسیارە بنەڕەتییەکان هێندە زۆر و بەهێز بوو کە نەیدەتوانی لە بەرانبەر وەسوەسەی درێژەدان بە کارە فەلسەفییەکانی خۆڕاگر بێت.

هەروەها هیوم لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی پێویستە حەزمان لە فەلسەفە بێت، دەڵێت؛ هیچ بەڵگەیەکی باشمان لە بەردەستدا نییە کە پێمان بڵێ توێژینەوەی فەلسەفە باشە، بێجگە لە ئەوەی کە بۆ هەندێک کەسی دیاریکراو فەلسەفە سەرگەرمییەکی خۆشە.

## ژان ژاک ڕۆسۆ

لە ئاکامی بڵاوبوونەوەی بیر و بۆچوونە فەلسەفییە ژیرانە و سیکۆلارەکان، چ پێشتر و چ لە سەردەمی ڕێنسانسدا، گەلێک ڕوانگە و پێرسپێکتیڤی نوێ لە ئورووپادا سەریان هەڵ دا و لە سەردەمی ڕۆشنگەری و دەستپێکردنی قۆناغی سەرمایەداریدا، خەڵک لە جیاتی پێڕەویکردن لە ڕێوشوێنە ئاکارییە باوەکانی پێشوو(لێبوردەیی، سنگفرەوانی، لەخۆبردوویی و خۆئامادەکردن بۆ ژیانی پاش مەرگ) لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە لە سەر ڕووی ئەم زەوییە ژیانێکی خۆش بۆ خۆیان دابین بکەن و ئەوەش بوو بە هۆی چوونەسەری ئاستی ژیانی خەڵک و پەرەسەندنی شارنشینی و پێداگریکردنی زۆرتر لەسەر گرینگیی زانست و زانیاری.

لە ئاکامدا ئەو کەسانەی ئامادە نەبوون واز لە ڕوانگە فەلسەفییە بنەڕەتی و نۆرمە ئاکارییەکانی پێشوو بهێنن، بەرانبەر بە بارودۆخی نوێ دژکردەوەیان لە خۆیان نیشان دا، ژان ژاک ڕۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨) بە وتەبێژ و ئاڵاهەڵگری ئەو ڕەوتە دادەنرێت و لەو بوارەدا دەتوانین ڕۆسۆ بە بەرەی بەرانبەری جان لاک لەقەڵەم بدەین.

ڕۆسۆ بیرمەندێکی گەورە نەبوو، بەڵام بیر و بۆچوونەکانی شوێندانەری و کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر کانت، هێگڵ و مارکس دانا. ڕۆسۆ شارستانیەت و فەرهەنگی شارنشینیی بە شتێکی گەندەڵ و نامرۆڤانە دەزانی و ئەیگوت کاری دروست ئەوەیە کە بەگوێرەی سروشت بژین، دروشمی "گەڕانەوە بۆ سروشت" هی ڕۆسۆیە و ڕێز و حورمەتێکی زۆری بۆ "مرۆڤێکی سروشتی و نەجیب" دادەنا. واتە مرۆڤگەلێک کە شارستانیەت و فەرهەنگ و زانست ناتوانن لەنێوی ببەن.

ڕۆسۆ پێی وا بوو لە کۆمەڵگەی مۆدێڕندا، خەڵک خەریکی خواردن و ڕابواردن و سەرقاڵی هونەر و کاروباری بازرگانین، لە هەوڵدان بە یارمەتیی زانست نهێنییەکانی سروشت بدۆزنەوە و هتد... و دەیوت ژیانی باش و جوان ئەوەیە کە وەکوو کەسێکی سروشتی بژین و بەپێی هەستەکانمان هەڵسوکەوت بکەین، ئەو بە ئاشکرا لە ئاوەز دوور کەوتەوە، ناوبراو پێی وا بوو لە ژیانێکدا کە ڕووناکی، هاوسۆزی، هەستی هاودەردی و هاوپێوەندی لەنێوان مرۆڤەکاندا زاڵ بێت، قازانج و بەرژەوەندیی

تاکەکەسی نییە.

ڕۆسۆ ئەیگوت سەرمایەداری چونکە هیچ پاداش و نرخێک بۆ نیەتی خێر دانانێت، سیستەمێکی بێڕەوشتی و دوور لە ئاکارە، ئاخر سەرمایەداری تەنیا بایەخ بە بەها تایبەتە ڕواڵەتییەکانی وەکوو کاری دژوار، داهێنان و ئافراندن دەدات و جیاوازیدانان لەنێو خەڵکدا بێڕەوشتییە. سەرمایەداری ئیرادەی ئازاد لە مرۆڤ وەردەگرێتەوە وکەسێکیش ئیرادەی ئازادی خۆی لەدەست بدات، ناتوانێت بەرپرسایەتیی کار و کردەوەکانی خۆی بە ئەستۆ بگرێت. هەروەها پێی وا بوو ئیرادەی ئازاد بەپێچەوانەی یاساکانی میکانیکە.

سەرمایەداری دەبێتە هۆی جیاوازی و ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان، هەر بۆیەش ناکرێت وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی پەسند بکرێت و گرنگترین بنەما و پرەنسیپی ڕۆسۆ لە بواری سیاسییەوە بەرانبەری و بەرابەریخوازییە، (equality - egalitarianism). ڕۆسۆ دەیوت کۆمەڵ دەبێت بەگوێرەی ویست و ئیرادەی هاوبەش بەڕێوە بچێت، بەڵام ئەو ئیرادە گشتییە هەمان ئیرادەی زۆرایەتیی نییە.

لە ڕواڵەتدا، وا دێتە بەرچاو کە ڕۆسۆ لایەنگری دێموکراسی بووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ناوبراو لایەنگری حکوومەتێکی سەرەڕۆی ئەوتۆ بوو کە هەموو دەسەڵات لە دەستی کەسێکدا کۆ بێتەوە و دەیوت ئەو کەسە واتە "یاسادانەر" دەبێت لە دەرەوەی دەزگای فەرمیی حکوومەت بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت هەموو دەسەڵات لە دەستی ئەودا کۆ بێتەوە، دەسەڵاتی سیاسی لە ژنێڤ، زێدی ڕۆسۆدا بەو جۆرە بەڕێوە دەچوو و سەرچاوەی ئیلهامی ئەو جۆرە حکوومەتە، بیردۆزەکەی کالڤین (١٥٦٤-١٥٠٩) بوو. بەگوێرەی ئەو تیۆرییە، ئەرکی تاکەکەس پێڕەویکردن لە یاساکانە، چونکە ئەو یاسایانە نوێنەرایەتیی ئیرادەی گشتی دەکەن و ئیرادەی گشتیش لەگەڵ ئیرادەی ڕاستەقینەی تاکەکەسدا هاوئاهەنگە، بەو پێیە پێڕەوی لە یاسا، پێڕەوییە لە خۆت.

بۆ ئەوەی تاکەکەس بتوانێت ڕێژیمێکی لەو چەشنە قەبووڵ بکات، پێوستە هەر لە منداڵییەوە بۆ کارێکی ئەوتۆ پەروەردە و ئامادە بکرێت، بۆیە زۆر گرنگە قوتابخانەکان دەوڵەتی بن و لەوەش زیاتر وا باشە گشت بوارەکانی دیکەی پەروەردە و فێرکردن لەلایەن دەوڵەتەوە سەرپەرستی بکرێن، لە پێوەندی لەگەڵ پرسی پەروەردە و فێرکردنیشدا، ڕۆسۆ هاوڕای ئەفلاتوون بوو.

## ئیمانوێل کانت

*مێتافیزیک*

*زانیناسی*

*ئاکار*

*سیاسەت*

*جوانیناسی*
بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو کۆنتێکستە شارەزا بین کە کانت تێیدا دەژیا، وا باشە بگەڕێنەوە بۆ ئەو وتارەی کە لەو کتێبەدا لەسەر ڕۆسۆ نووسراوە.

ئیمانوێل کانت، لە ساڵی ۱۷۲۴ی زایینی و لە شاری کۆنیگزبێرگ، لە بنەماڵەیەکی کالڤینیستدا لەدایک بووە و لە ساڵی ۱۸۰۴ کۆچی دوایی کردووە.

ناوبراو ژیانێکی ڕێکوپێکی هەبوو و هیچکات لە زێدەکەی خۆی نەچووەتە دەرەوە، فەلسەفەی هیومی ناسیوە و ئەمەش کاریگەریی زۆری لەسەر کانت دانا و ساڵی ۱۷۸۱ی زایینی، کتێبی (Kritik der Reinen Vernenschaft) بڵاو کردەوە. کانت لەو کتێبەدا هەوڵی داوە پردێک لەنێوان ئاوەزتەوەری و ئەزموونتەوەری دا دروست بکات و ئەو دوو ڕێکارە فەلسەفییە پێکەوە ئاشت بکاتەوە و هەر دووی ئەوانی بە ناڕاست لەقەڵەم دەدان، ڕێگەچارەی کانت پشتوانییەکی بەرینی لێ دەکرێت و هەروەها ڕوانگە فەلسەفییەکانی کانت لەنێو هەموو کۆڕ و کۆمەڵە ڕووناکبیرییەکاندا، پشتیوانیی زۆریان لێ دەکرێت.

## مێتافیزیک

کانت وەکوو هیوم لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئێمە ناتوانین هیچ شتێک سەبارەت بە ڕاستیی بزانین، بێجگە لەوەی کە دەزانین ڕاستییەک بوونی هەیە، بۆیە دەیوت هەر لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی دەبێت بەوە دەست پێ بکات کە چۆن دەتوانین زانست و زانیاری بەدەست بێنین؟ هەر بۆیەش لێکۆڵینەوەکانی کانت بە توێژینەوەی چۆنیەتیی کارکردی سیستەمی هەستەکی و ئاگاییی ئێمە دەست پێ دەکەن.

## زانینناسی

هیوم وتبووی بەدەستهێنانی زانستێکی دیاریکراو لە هیچ بوارێکدا ئەگەری نییە، ئەو قسەیە بۆ زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی نووسراوەکانی هیومیان خوێندووتەوە باوەڕپێکراون و هیوم ئەو قسانەی لە کاتێکدا کردووە کە نیوتۆن گرنگترین یاساکانی زانستی میکانیکیی تازە دۆزیبوونەوە، لە ئاکامدا هەموو خەڵکی بڕوایان بەوە هێنابوو کە ئێمە دەتوانین لە سروشت تێ بگەین و زانیاری لەسەر سروشت بەدەست بهێنین. لێرەدا ناکۆکییەک هاتبووە ئاراوە، کانت نەیدەویست ئەو ناتەباییە قەبووڵ بکات و پێی وا بوو کە توانیویەتی ئەو دژوازییە لە ڕێگەی تیۆرییە زانینناسییەکانی خۆیدا چارەسەر بکات و بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە هەموو زانست و زانیارییەک لە ڕێگەی تێگەیشتن و ئەزموونکردنەوە ( perception, with experience) بەدەست دێت و جیا لەوەش ڕێگەیەکی دیکە نییە، بەڵام کانت لە هەمان کاتدا لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئەو واتای ئەوەیە کە هەموو زانست

و زانیارییەک پێویستە لە ڕێگەی ئەزموونکردنەوە بەدەست بێت.

ئەگەر سەیری دەوروبەری خۆمان بکەین؛ خانوو، دار،بەرد، جادە و ترۆمۆبیل و شتی دیکەی لەو جۆرە دەبینین، بەڵام چۆن دەتوانین دڵنیا بین کە ئەو شـتانەی دەیانبینین، لەڕاستیشـدا هەر بەو جـۆرەن کە بۆ ئێمە دەردەکەون؟ کانت پێی وایە کـە ئێمە هەرگیز ناتوانین ئەوە بزانین و دەڵێت؛ سیستەمی هەستەکیی ئێمە بە جۆرێکە کە کێشە بۆ ئەو سیگناڵانە دروست دەکات یان بەلاڕێیاندا دەبات کە پێمان دەگەن، هەر بۆیە ئێمە هەرگیز ناتوانین شـتێک لەسـەر ڕاستییە ڕاستەقینەکان بەو جۆرەی کە هەیە بزانین. لە بەشـی یەکەمی ئەو کتێبەدا باسـی هـەر دوو ئەو دوو لێکدانەوە جیاوازانەمان کرد و بە زمانی ئاڵمانی باشتر جیاوازییەکەیان ڕوون دەبێتەوە، (Ding an sich) واتە شـتەکان بەو جۆرە کە لە ڕاستیدا هەن و هەروەها (Ding für mich) واتە شتەکان بەو جۆرەی کـە بۆ ئێمە دێنە بەرچاو. ئـەو دنیایەی ئێمە ئەزمووونی دەکەین، پێـی دەوترێت دنیای دیاردەیی (phenomenal world)، بەڵام دنیای ڕاسـتەقینە کە سـەرچاوەی کاریگەرییە هەستەکییەکانی سـەر ئێمەیە هیچکات ناتوانین شـتێکی لەسـەری بزانین، بە گوتەی کانت پێی دەوترێت دنیای نۆمینەکان (the nominal world)، (کانت سـەبارەت بـەوەی کە ئایا دنیای نۆمینەکان، دەبێتە هۆی کاریگەریدانان لەسەر هەستەکانی ئێمە یان نە؟ زۆر دڵنیا نەبوو، هەندێک جار دەڵێت بەڵێ و هەندێک جاریش دەڵێت نەخێر).

لە ڕوانگەی کانتەوە زانسـتێک هەیە کە لە ڕێگەی ئەزموونەوە بەدەسـت نایەت، واتە جۆرێک لە زانسـتی سـەربەخۆ لە تێگەیشـتن و ئەزمووونی ئێمە هەیە و ئەو بیری لە هەندێک ڕستەی لەو جۆرە دەکردەوە، "بۆ هەر ڕووداوێک کە ڕوو دەدات، هۆکارێک هەیە" یان "تۆپ ناتوانێت لە هەموو جێگەیەک ڕەش و سپی بێت". کانت ئەیگوت ئەو قسانە تەواو ڕاستن، بە جۆرێک کە هیچ پێویست نییە لەسـەر ڕاستی و دروسـتیی ئەوان ئەزموون و لێکۆڵینەوەی مەیدانی بکەین، کانت بەو جۆرە تێپەڕە ڕاسـتانەی دەیگوت؛ "a priori" واتە "پێشـینی" لە پێـش ئەزموونکردندا، تێپەڕبوونێک کە پێشـبینیی دروسـتی بۆ بکرێت، دەبێت ڕاست و بە شـێوەیەکی گشتیش ڕاست دێتە دەر. ئەو تێپەڕبووانە لە هەموو شـوێنێک و لە هەموو کات و سـەردەمێکدا هەر ڕاسـتن. "هەر ڕووداوێک هۆکارێکی هەیە" یان "تۆپێک ناتوانێت لە هەموو جێگەیەکدا ڕەش و سپی بێت".

کانـت دەڵێ؛ جۆرێکی دیکەش لە تێپەڕ ڕاسـت هەیە، بەڵام نێوەڕۆکی ئەوان یەکلاکەرەوە یان گشـتی نییە (not necessary or universal)، کانتیش وەکـوو هیوم بەو تێپەڕبوونانە دەڵێت؛ تێپەڕبوونی مەرجدار (conditional)، نموونەیەک بۆ ئەو جۆرە تێپوڕبوونانە بریتییە لە تێپەڕبوونی "پشـیلەکان، بێچوە پشـیلەی زیندوویان دەبێـت"، دەتوانین لە ڕێگەی بینیـن، چاودێریکردن و سەرنجدانەوە ڕاستی و دروستیی ئەو تێپەڕبوونەمان بۆ دەرکەوێت. کانت پێی وایە کە لێرەدا ئەگەر پشـیلەکان لە جیاتی بێچووی زینـدوو، لە ڕێگەی هێلکەکردنەوە بێچووەکانیـان بێننە دنیا، هیچ

ناتەباییـــەک لـــەو تێپەڕبوونەدا نابینرێت، کەواتە دەتوانین ببینین کە ئەو تێپەڕبوونە ڕاســـت نییە، دیسانیش هیچ ناتەباییەک لە ئاکامەکەیدا بەرچاو ناکەوێت. کانت دەڵێ؛ لێرەدا ڕاستی و دروستیی نێوەڕۆکـــی تێپەڕییەکی ئاوا دەبێت لە ڕێگەی ئەزموونکردنی مەیدانییەوە ڕوون بکرێتەوە، جا ئەگەر تێپەڕییەکـــی دیکە نەبێتە هۆی ناتەبایی، کانت بەو ڕاســـتییەی لێـــرەدا دەردەکەوێت دەڵێت؛ "a posteriori"، واتە ڕاستییەکی "بەگوێرەی ئەزموون" یان ڕاستییەک کە پاش ئەزموونکردن بۆمان دەرکەوتووە.

هەندێک تێپەڕی دیکەی لەو چەشنە بریتین لە: "زەوی بە دەوری خولگەی خۆیدا دەسوڕێتەوە" یان "شـــەکر تامێکی شـــیرینی هەیە"، ئەگەر بمانهەوێت بزانین ئەو وتانە ڕاســـتن یان نە، دەبێت تاقیکردنەوە و ئەزموونی پراکتیکی بۆ بکەین، تەنیا ئەوە بەس نییە کە سەیریان بکەین یان چاویان لێ بکەین، دەبێت ئەزموونیان بکەین، کەواتە کانت هەموو تێپەڕە ڕاســـتەکان بەســـەر دوو دەستەدا دابەش دەکات؛ ئەوانەی بە شێوەی پێشینی کراو ڕاست و دروستن (true a priori) و ئەوانەش کە ڕاستی و دروستییەکەیان دوای پاشینی و ئەزموون (true a posteriori) دەردەکەوێت.

هەروەها کانت تێپەڕە ڕاستەکانی بە جۆرێکی دیکەش دابەش کردووە، دیارە ئەو جۆرە دابەشکردنە پێشتریش لە مێژووی فەلسەفەدا کرابوو، بەڵام کانت هات و بەفەرمیتر دابەشی کردەوە.مەبەستمان لە تێپەڕە شرۆڤەیی (analytical) وتێپەڕە پێکهاتەییەکانە (synthetic).

بە چاوخشـــاندنێک بە ڕســـتەی "مرۆڤ ئاژەڵێکی ژیرە"دا ڕاستی و دروســـتیی ئەو تێپەڕەمان بۆ دەردەکەوێت و بە مەبەســـتی ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاســـتییە هیچ پێویســـت نییە دەست بدەینە تاقیکردنـــەوە و ئەزموونـــی پراکتیکی، هەر بۆیـــە مرۆڤ بە ئاژەڵێکی ژیر پێناســـە دەکرێت، کەواتە ڕســـتەکە هەر هەمان ڕستەیە کە دەڵێت؛ "ئاژەڵێکی ژیر، ئاژەڵێکی ژیرە"، ئەو ڕستە خۆی لە خۆیدا ڕاســـتە. ئەگەر گەرەکمان بێت حاشا لە ڕاســـتیی ئەو تێپەڕە بکەین، " ئاژەڵێکی ژیر، ئاژەڵێکی ژیر نییە»، ئەودەم تێپەڕییەکە تووشی ناتەبایی دەبێت و ئەو تێپەڕییە کە کانت باسی دەکات تێپەڕییەکی شرۆڤەکارانەیە و زۆر ڕوونە کە ئەو ڕستانە ڕاستن، بەڵام شتێکی جیا لەوەی کە پێشتر لە وشەکاندا ئاماژەی پێ کراوە، بە ئێمە ناڵێن. لەلایەکی دیکەشـــەوە هەندێک ڕســـتەمان هەن وەکوو ئەوەی کە "مرۆڤ دوو چاوی هەیە"، جا ئەگەر لەو ڕســـتەیەدا وشەی مرۆڤ لا ببەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو ڕســـتەیە دروســـت نییە و لە ڕێگەی چاوەدێرییەوە ناتوانین بزانین کە "ئاژەڵی ژیر، دوو چاوی هەیە"، کانت بەو جۆرە تێپەڕییانە دەڵێت؛ تێپەڕی دەستکرد یان پێکهاتە (Synthetic).

لە ئاکامی ئاوێتەکردنی ئەو دوو جۆرە دابەشکردنە بنەڕەتییانەوە، واتە تێپەڕی ڕاستە پێشینییەکان و پاشـــینییەکان لەلایەک و تێپەڕە ڕاستە شـــرۆڤەکارانە و پێکهاتەییەکان لە لایەکی تر، دەتوانین تیۆرییەکی گشـــتلایەنەتر لەسەر چۆنیەتیی دابەشکردنی تێپەڕە ڕاســـت و دروستەکان بەدەستەوە بدەین.

| | a posteriori | a priori |
| --- | --- | --- |
| analytical | 1 analytical a posteriori | 2 analytical a priori |
| | | |
| synthetic | 3 synthetic a posteriori | 4 synthetic a priori |

هەموو تێپەڕە ڕاســـت و دروســـتەکان دەکرێت لە یەکێک لەو خانانەی ئەو خشتەیەدا جێگایان بۆ بکرێتەوە، گروپی یەکەم خاڵییە، چونکە هیچ تێپەڕییەکی شـــرۆڤەکارانە، واتە تێپەڕە گشـــتییەکان کە پێویســـتیان بە ئەزموونکردنە، ناتوانێت بوونی هەبێـــت. گروپی دووهەم باس لەو تێپەڕە دەکات کە لە ڕێگەی یاسا لۆژیکییەکانەوە دەتوانین ڕاستی و دروستیی ئەوانمان بۆ دەرکەوێت. لە سەرەوە گوتمان "ئاژەڵی ژیر، ئاژەڵێکی ژیرە"، ئەو ڕســـتەیە ڕاســـتە چونکە لە گرووپی دووهەمدایە و ئەگەر حاشای لێ بکەین، ناتەبایی دێتە ئاراوە، (بەپێچەوانەی یاسا لۆژیکییەکانە)، یاسا لۆژیکییەکان هەر لە گرووپی دووهەمدان، گرووپی سێهەم هەموو ئەو تێپەڕییانە لە خۆی دەگرێت کە لە ڕێگەی بینینەوە دەتوانین ڕاستی و دروستیی ئەوان نیشان بدەین، بۆ نموونە "مرۆڤ دوو چاوی هەیە"، کانت دەڵێت حاشاکردن لەو تێپەڕییە نابێتە پێچەوانەی لۆژیک، ئەی لەسەر گرووپی چوارەم چی؟

گروپی چوارەم ناتوانێت ئەو تێپەڕییانە لە خۆی بگرێت کە پشت بە ئەزموون دەبەستن، چونکە ئەو جۆرە تێپەڕییانە گشـــتی و جێگیر نین، هەروەها حاشـــاکردن لە تێپـــەڕە لە گرووپی چوارەمدا نابێتە هۆی سەرهەڵدانی ناتەبایی، چونکە جۆری تێپەڕەکە شرۆڤەکارانەیە و ئەو تێپەڕییانە دەکەونە گرووپی چوارەم و دەبێت زانســـتێکی جیهانی و جێگیر لەسەر ڕاستییەکان نیشان بدەن (زانستێک کە لە ڕێگەی ئەزموونەوە بۆمان دەردەکەوێت)، بەڵام راســـتەوخۆ ناتوانین ئەو زانســـتە لە ڕاســـتیی ڕاستەقینەدا هەڵێنجین، چونکە لە دۆخێکی ئاوادا ڕەنگە پاشینی بێت. (a posteriori).

ئایـــا گوزارەی لەو چەشـــنە هەن؟ کانت وەڵامی ئەرێنی بەو پرســـیارە دایەوە و گوتی؛ گرووپی چـــوارەم هەندێـــک تێپەڕی بیرکاری و فیزیک و فەلســـەفی دەگرێتە خۆ و یاســـاکانی نیۆتۆن لەو گرووپەدان، کەواتە ئەو یاســـایانە جیهانی و جێگرتوون. هەروەها بۆ نموونە هەندێک ڕستەی وەکوو "ســـەرجەمی کۆی گۆشەکانی سێگۆشەیەک ١٨٠ دەرەجەیە"، تێپەڕییەکی جیهانی و جێگیرە. ئەو دابەشـــکردنە بەو واتایە دێت کە یاســـاکانی نیۆتۆن بێ پێچوپەنا ڕاســـت و دروستن، واتە جیهانی و پێویســـتن و ئەمەش بەپێچەوانەی هیومەیە کە دەیوت ناتوانین زانیاری و زانستێکی باوەڕپێکراومان لە ڕاستیی ڕاستەقینەدا هەبێت.

هەنووکە با لە ڕوانگەی کانتەوە جارێکی دیکەش ســـەرنج بدەینە دابەشـــکردنی دنیا بەسەر دوو

بەشدا، ئەوەی ئێمە ئەزموونی دەکەین و دنیایەکی دیاردەییە، بەڵام ئەوەی ڕاستەقینەیە، دنیایەکی نۆمیناڵە کە ئێمە هیچی لە سـەر نازانین. هۆکاری ئەوەی کە ئێمە دەتوانین زانسـتێکی جیهانی و پێویسـت سەبارەت بەو ڕاستییە ڕاستەقینەیە بەدەسـت بهێنین کە ئەزموونی دەکەین، ئەوەیە کە سیستەمی ئاگاییی ئێمە خاوەنی چوارچێوە و ڕێکارێکی تایبەتی ئەوتۆیە کە دنیای دەوروبەر بۆ ئێمە یاسـامەند و ڕێکوپێک نیشـان دەدات و کانت بەو ڕێکارانەی دەگوت کاتەگۆری. ئێمە لە خوارەوە زۆرتر لەسـەر ئەو بابەتە باس دەکەین. ئەوەی کە ئەگەری هەیە زانیاری و زانسـتێکی باوەڕپێکراو لەسـەر ڕاستییەکان بەدەسـت بهێنین، لەبەر ئەوە نییە کە دنیا و ڕاستییە ڕاستەقینەکان یاسایین، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە وشـیاریی ئێمە بە جۆرێکە کە ڕاسـتییە ڕاسـتەقینەکان بۆ ئێمە یاسایی و ڕێکوپێک بێنە بەرچاو.

کەواتە بابەتەکە ئەوە نییە کە ئێمە لەگەڵ ڕاستییەکان خۆمان سازگار نەکەین، ئەوە ڕاستییەکانن کە خۆیان لەگەڵ ئێمە دەگونجێنن و ئەوەی ئێمە وەکوو راسـتیی ڕاسـتەقینە ئەزموونی دەکەین، شتێکە کە بەگوێرەی وشیاری و ئاگاییی ئێمە خۆی ئاراستە و ڕێک دەکات، ئەگەر ڕاستیی ڕاستەقینە لە ئێمە سەربەخۆ بێت، زانست و ناسینی ئێمە دەبێت خۆی لەگەڵ ئەو ڕاستییە بسازێنێت و ئەوەش بە واتای ئەوەیە کە هەموو زانسـت و زانیارییەک دەبێت لەسـەر بنەمای ئەزموونی ئێمە لە ڕاستیی ڕاستەقینە بەدەست بێت. لە هەلومەرجێکی ئاوادا ئەگەری نییە ئەوە کە زانیاری و زانست پێشبینی بکرێت، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەو شـتەی کە کانت باسـی دەکات، (ئەوەی کە ئێمە لە ڕاستیی ڕاسـتەقینە تێ دەگەین، ئاکامی خۆگونجاندنی ڕاسـتییە لەگەڵ ئاگاییی ئێمەدا)، بە واتای ئەوەیە کە لەخۆڕا نییە و دەکرێت ئێمە زانیاریی پێشـبینیکراومان هەبێت. کانت کاتێک دەگاتە یەکێک لە گرنگترین پرسـە فەلسەفییەکان، بەتەواوەتی هەڵدەگەڕێتەوە، خودی کانت ئەو هەڵگەڕانەوەیە وەک شۆڕشی کۆپەرنیک لە ئەستێرەناسیدا لەقەڵەم دەدات.

لە نووسراوەکانی کانتدا دەکرێت ئاوا تێ بگەین کە وشیاری و ئاگاییی هەموو مرۆڤەکان پێکهاتە و چوارچێوەیەکی وەکوو یەکی هەیە. ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە هەموومان وەک یەک واقعیەت ئەزموون دەکەین و لە بەر ئەوەی هیچ بابەتێکی سەربەخۆ لە ئێمە، بوونی نییە، تیۆرییەکانی کانت لەنێو شتەکانی دیکەدا دەبنە هۆی هاتنە کایەی ئەو شتەی کە پێشتر بە بابەتیانە دادەنرا و ئێستاش وەکوو شتێکی نێوان هۆشەکی (itner-subjective) دەناسرێت.

هەروەها دابەشکردنی تێپەڕەکان بەسەر تێپەڕە شرۆڤەکارانە و پێکهاتەییەکاندا، خۆی لە خۆیدا بە کۆڵەکەیەکی گرنگی تیۆریی چەمکەکانی کانت (Kant's concept theory) دادەنرێت و پێی وایە کە نێوەڕۆکی هیچ چەمکێک ناتوانێت شـتێکی جیا لە نێوەڕۆکی ئەو چەمکە بێت و شـتیکی کەمتر لەوەش نییە، کەواتە چەمکی "مرۆڤ" لەگەڵ پێناسەی "ئاژەڵی ژیر" یەک دەگرێتەوە و ئەو چەمکە کورتەیەکە لە پێناسەکە. لە جیاتی :ئاژەڵی ژیر" دەتوانین بڵێین "مرۆڤ" و لە جیاتی بڵێین

"کۆمەڵێک خاڵ بە ماوەیەکی یەکسان لە خاڵێکی دیاریکراودا" دەڵێین "بازنە" و هەر بەو جۆرە، کەواتە لە لای کانت هەر چەمکێک پێش لە هەر شتێکی دیکە، پوختەیەکە لە پێناسەیەک، نەک ئەوەی کە بەیانی شتێک بکات کە لە ڕاستیی ڕاستەقینەدا هەیە.

هەروەها هەندێک لایەنی تێگەیشتینی کانت لە ئاگایی هەن کە پێویستە لێرەدا باسیان بکەین. ئەگەر "شتێک" ئەزموون بکەین، یان بیر لە "شتێک" بکەینەوە، ئەو "شت"ـە هەمیشە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا ڕوو دەدات. کانت پێی وایە کە ناتوانین هەست بە کات و شوێن بکەین، یان ئەزموونیان بکەین و دەڵێت؛ کات و شوێن شتێکن کە وشیاری و ئاگاییی ئێمە بە تێگەیشتنی هەستەکانی (the sensory impression) ئێمەوەیان گرێ دەدەن، واتە کات و شوێن لە پێشدا لەنێو هەموو تێگەیشتن و تێگەیشتنەکانی ئێمەدا بوونیان هەیە. ناکرێت کات و شوێن لە سەرەنج و هەڵسەنگاندنەکانی ئێمەدا هەڵبێنجرێن، بەڵکوو هەرچی دەبینین و هەڵسەنگاندن دەکەین لە کات و شوێندایە، واتە کات و شوێن کاتەگۆری نین و فۆرم و چوارچێوەی تێگەیشتنی ئێمەن، هەروەها بە بەراورد لەگەڵ کاتەگۆرییەکان لە ئاستێکی بنەڕەتیتردا کار دەکەن.

کات و شوێن تەنیا شتێک نین کە تێگەیشتنمان لە چۆنیەتیی ئەزموونی ئێمە بە ڕاستییەکانەوە گرێ بدات، بە گوتەی کانت؛ ئێمە تەنیا تێگەیشتنە هەستەکییەکانمان دەبینین، بەڵام ئەگەر سەیری دنیای دەوروبەر بکەین، شتی فیزیکیش دەبینین و پێی وایە لە ئاگاییی ئێمەدا ڕێکارێک هەیە کە تێگەیشتن و خوێندنەوە هەستەکییەکانی ئێمە بە جۆرێک ڕێک دەخات کە بتوانین ئەو شتانە ئەزموون بکەین کە لە دەوروبەرماندا هەن. هەروەها ڕێکارێکی ئەوتۆی دیکەش لە تێگەیشتن و ئاگاییی ئێمەدا هەن کە وا دەکەن خوێندنەوە و تێگەیشتنە هەستەکییەکانمان، لە پێوەندییەکی (هۆکار و ئاکامدا) بخەینە پاڵ یەکترەوە. پێشتر گوتمان کە کات و شوێن تەنیا شتێک نین کە ئاگاییی ئێمە بە ئەزموونەکانی ئێمەوە گرێ بدەن، بەڵکوو ڕێکاری دیکەش هەن کە ئێمە وا لێ دەکەن شتەکان بە شێوەی ڕاستەقینە یان ناڕاستەقینە، لواو یان نەلواو، پێویست و جێگیر یان مەرجدار ئەزموون بکەین. بەگشتی لە ڕوانگەی کانتەوە دوازدە ڕێکاری لەو جۆرەمان هەیە کە بەسەر چوار دەستەدا دابەش دەبن و یەکێک لەو ڕێکارانە ئەوەیە کە وا دەکات ئێمە شتەکان بە شێوەی ڕاستەقینە یان ناڕاستەقینە، لواو یان نەلواو، پێویست یان مەرجدار، ئەزموون بکەین.

کانت دەڵێت بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری دەبێت لە ئاوەز کەڵک وەرگرین، بەڵام فەلسەفەی کانت بە جۆرێکە کە دەڵێت ناکرێت هەموو زانست و زانیارییەک تەنیا لەو ڕێگایەوە بەدەست بهێنین، چونکە ئاوەز سنووردارە. بیرکردنەوەیەکی ژیرانە تەنیا دەتوانێت لەسەر ئەو دنیایە زانیاریمان پێ بدات کە ئەزموونی دەکەین، واتە دنیای دیاردەکان. بۆ بەدەستهێنانی زانست سەبارەت بە دنیای نۆمیناڵەکان، واتە "دونیای ڕاستەقینە" دەبێت لە شێوەکانی دیکەی تێگەیشتن کەڵک وەرگرین و دەبێت بڕوا و باوەڕ ببێت (ئیمان بێنین)، کەواتە تەنیا لە ڕێگەی ئیمانەوە دەتوانین بە هەندێک نۆرم

و ڕێوشوێن و پرەنسیپی گرنگ بگەین، کە بەمەست لە نۆرم و پرەنسیپە ئاکارییەکانە.

## ئاکار

ئاکار لقێکی فەلسەفەیە کە نۆرم و ڕێوشوێن بۆ ڕاستی و دروستیی کار و کردەوە و هەڵسوکەوتەکانمان دادەنێت، پرسیار ئەوەیە کە دەتوانین چ شتێک بە باش بزانین؟ کردار و کردەوەی باش چییە؟ کانت دەڵێ؛ ئێمە قەت ناتوانین لە پێشدا هەموو ئاکامەکانی کارێک یا کردەوەیەک بزانین، ڕەنگە کارگەلێک کە بە بەمەستێکی باش و خێریش دەیانکەین، ئاکامی زۆر خراپ و نەخوازراویان بەدوادا بێت، هەر بۆیە کانتیش وەکوو ڕۆسۆ، لە پێوەندی لەگەڵ ئاکاردا لە جیاتی پێداگریکردن لەسەر گرنگیی ئاکامەکانی کارێک یان کردەوەیەک، پێداگری لەسەر بایەخی مەبەستی باش دەکات، واتە هەلومەرجی هۆشەکیی ئەو کەسەی بۆی گرنگە کە کارەکە دەکات، (بەو شێوە ئاکارە دەگوترێت ئاکاری هۆشەکی). ئەگەر ئامانج لە هەر کارێک یان مەبەست و واتا لەو کارە شتێکی خێر بێت، بەبێ سەرنجدان بە ئاکامەکانی ئەو کارە، پێویستە کارەکەش بە باش دابنێین. کانت دەیگوت: مەبەست و ئیرادەی خێر دەکەوێتە سەرووی هەموو شتێکی باش و پێش هەر کار و کردەوەیەکی باش"... (Jones IV, s.71).

مەبەستی کانت لە مەبەستی خێر چییە؟ لە دەورانی پێش کانتدا، پێوانە بۆ کاری باش یان ڕەوشتیبوونی کارێک یان کردەوە و هەڵسوکەوتی باش ئەوە بوو کە ئایا ئەو کارە چەندە بە قازانجی ئەو کەسەیە "خۆویستی" (a self-egoism) کە کارەکە دەکات، یان چەندە بە قازانجی کەسانی دیکە تەواو دەبێت "مرۆڤدۆستی" (altruism). کانت لەگەڵ ئەو بۆچوونە هاوڕا نەبوو و پێی وا بوو هەر کار و کردەوەیەک کە بە ئامانجی دەستەبەرکردنی شادی و خۆشی یان قازانج بۆ خۆت یان بۆ کەسانی دیکە بکرێت، هیچ بایەخێکی ئاکاریی نییە، هەوڵدان بۆ پێشخستنی خۆت یان کەسانی دیکە ناچێتە چوارچێوەی ئاکارەوە.

پرسیار ئەوەیە ئەگەر هەوڵدان بۆ دابینکردنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆت یان کەسانی تر لە بواری ئاکاری و ڕەوشتییەوە پەسندکراو نییە، چ شتێک دەبێت بە نۆرم و پێوانەی کار و کردەوەی ئاکاری و ڕەوشتی دابنرێت؟ کانت پێی وایە کە وەڵامی ئەو پرسیارەی لە لایە و دەڵێت؛ کارێک کە لەسەر بنەمای دۆخێکی ڕۆحی و هۆشەکیی ئەوتۆ بکرێت کە مرۆڤ قەبووڵی کردبێت و وەک ئەرکی سەرشانی خۆی بەڕێوە ببات، بە کردارێکی ئاکاری دادەنرێت، ئەو کار و کردەوانەش وەکوو ئەرکی سەرشان دەکرێن، بە کار و کردەوەی ئاکاری و ڕەوشتی ئەژمار دەکرێن و جێبەجێکردنی کارێک کە قازانجی بۆ خۆت یان بۆ کەسانی دیکە هەیە، هیچ پێوەندییەکی بە ئاکار و ڕەوشتەوە نییە، هەروەها کار و کردەوەیەک کە زیانبارو تەنانەت تاقەت پڕوکێنیش بێت، ئەگەر وەکوو ئەرکی سەرشان بەڕێوەی بەرین، هێشتا لە بواری ئاکاری و ڕەوشتییەوە بەرز دەنرخێنرێت.

"Arne Næss" لە کتێبەکەی خۆیدا، مێژووی فەلسەفە، بەو جۆرە لە ڕوانگەی کانتەوە باس لە ئاکار دەکات: "گەورەترین شتێک کە مرۆڤ دەتوانێت هەیبێت، بریتییە لە حەز، خولیا و گەرموگوڕی بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی سەرشانی، تەنانەت ئەگەر بڕیارێکی ئەوتۆ ببێتە هۆی نارەحەتی و تەنانەت ئەگەر هەموو ویست و پێخۆشبوونە سروشتییەکانیشمان بەربەرەکانێ لەگەڵ بڕیارێکی لەو جۆرە بکەن"، (Næss II, p.202).

هەروەها کانت وەڵامی ئەو پرسیارەش دەداتەوە کە مرۆڤ دەبێت چ کارێک وەکوو ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکات؟ دیارە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، کانت نایەت لیستەیەک لەو کار و کردەوانە ڕیز بکات کە لێرە و لەوێ بە کار و کردەوەی باش و جێگەی ڕەزامەندی دادەنرێن! ئەو لەو پێوەندییەدا پرنسیپێکی بنەڕەتی وەکوو یاسایەکی جیهانی دێنێتە ئاراوە و ئەو یاسا جیهانییە کە کانت پێی دەڵێت ئەرکی شێلگیر (categorical imperative)، بەو جۆرەیە: مرۆڤ دەبێت بە جۆرێک کار بکات کە پاساوی ئەو کارە وەکوو یاسایەکی جیهانی سەیر بکرێت. واتە ئەگەر کارێک دەکەین، دەبێت ئەوەش قەبووڵ بکەین کە هەموو خەڵکانی دیکەش دەتوانن هەمان کار بکەن، کە واتە ئەرکی شێلگیر، دزی، کوشتن و درۆی و هتد... قەدەغە کردووە، چونکە ئەگەر هەموو دزی بکەن، یان درۆ بکەن یا بکوژ بن کۆمەڵگە بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت. کانت دەڵێت؛ بۆ نموونەی ئەرکی شێلگیر، پارە قەرزکردنی قەدەغە کردووە، چونکە ئەگەر هەموو پارە قەرز بکەن، لە ئاکامدا پارەیەک بۆ قەرزکردن نامێنێت و لە ئاکامدا چەرخەکانی کۆمەڵگا هەڵناسوورێن.

کەسێک کە گەرەکیەتی بە شێوەیەکی بەئاکار و ڕەوشتپاک ژیان بکات، نەک هەر پێویستە کە دەبێت لەو یاسا ئاکارییانە پێڕەوی بکات، بەڵکوو دەبێت ئەو کارە وەکوو ئەرکی سەرشانی بەڕێوە ببات، نەک لەبەر ئەوەی کە بەو یان بەم ڕێگەیە قازانج و بەرهەمی لەو کارەی پێ دەگات.

ئەوە بە واتای ئەوەیە کە ئەو کەسەی پێڕەوی لەو یاسایەی کانت دەکات، قەت ناتوانێت درۆ بکات، ئەو ئەرکی سەر شانیەتی هەمیشە ڕاستی بڵێت، بۆ نموونە تەنانەت کاتێک لەگەڵ دزێک بەرەوڕوو دەبێتەوە کە داوات لێ دەکات پێی بڵێی شتە بەنرخەکانی خۆت لە کوێ شاردوونەتەوە، ئەرکی سەرشانتە کە تەنانەت لە بارودۆخێکی ئاواشدا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی زیان و زەرەرەکان، ڕاستی بێژیت. بە گوتەی کانت هیچ بەهایەکی ئاکاری و ڕەوشتی لەوەدا نییە کە تۆ هەوڵ بدەیت قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆت دابین بکەیت یان بیانبەیتە پێشەوە، هەروەها ئەوەش دەڵێت کە هیچکات نابێت مرۆڤ وەکوو ئامراز بەکار بهێنرێت، مرۆڤ هەردەم دەبێت وەکوو ئامانج و مەبەست سەیری بکرێت، هەر چەشنە بەکارهێنانێکی مرۆڤ وەکوو ئامراز، کردەوەیەکی بێڕەوشتی و دوور لە پرەنسیپەکانی ئاکارە.

بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو کەسانەی لەسەر بنەمای ئەو جۆرە ئاکارە دەژین، ژیانێکی خۆشیان نابێت. لە ڕوانگەی کانتەوە لە هیچ کامێک لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵ و کۆمەڵگەدا

ناتوانیـــن پێوەندییەک لەنێوان بەهـــا و بەختەوەریـــدا (virtue and happiness) بدۆزینەوە، لە کۆمەڵدا کەسانێک دەبینین کە هەرچەند بە ئاشکرا ئەو پرەنسیپە ئاکارییەی کە کانت باسی دەکات بەڕێوە نابەن، کەچی زۆریش شـــاد و دڵخۆش دەژین و هەر بەو جۆرە زۆر کەســـیش دەبینین کە بە شـــێوەیەکی بەئاکار و ڕەوشتپاک دەژین، بەڵام شاد و دڵخۆش نین. کانت خۆی لە قەبووڵکردنی ئەوەی کە دەکرێت ئەو دنیایە بەو جۆرە ئاراستە بکرێت، دەبوارد و بڕوای بەوە بوو کە دەبێت ژیانێکی دیکەی دوای مردن هەبێت کە مرۆڤ بەپێی کار و کردەوکانی لەســـەر ئەو دنیایە، لەوێدا پاداش و ســـزای خۆی وەرگرێت، لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی ئاوەزەوە ناتوانین بە هەبوونی دنیای دیکە و پاش مـــردن پەی ببەین، دەبێت لە ڕێگەی باوەڕەوە (ئیمانەوە) ئەوە قەبووڵ بکەین. هەر بەو جۆرە کانت پاکانەشـــی بۆ ئەوە دەکرد کە دەبێت بوونی خودا قەبووڵ بکەین، چونکە ئەو لەو دنیادا ئەو کەسانە هەڵدەبژێرێت کە پاداش وەردەگرن و ئەو کەســـانەش دەستنیشـــان دەکات کە دەبێت سزا بدرێن. (ئەو جۆرە پاســـاوهێنانەوەیە بۆ هەبوونی خودا، پێی دەوترێت پاســـاوهێنانەوەی بەرەوشت و ئاکاری. کانت بێجگە لەوە، هەموو جۆرە پاساوهێنانەوەیەکی دیکەی بۆ هەبوونی خودا ڕەت دەکردەوە). کانت دەیوت ناتوانین لە ڕێگەی ئاوەزەوە پاساو بۆ هەبوونی خودا بێنینەوە و پێی وا بوو کە دەبێت باوەڕما هەبێت، ئاوەز تەنیا سەبارەت بە دنیای دیاردەکان (phenomenal world) زانیاریمان پێ دەدات، نەک لەسەر دنیای نۆمیناڵەکان (nominal world).

لە ڕێگای ئیمانەوە نەک هەر هەبوونی خودا و نەمری، بەڵکوو ئازادیی ئیرادەش پاســـاو دەکرێت و لەو دنیایەدا کە ئێمە ئەزموونی دەکەین، یاســـای هۆکار و ئاکامی دیاردەکان کۆنترۆڵ دەکات، لە ڕوانگەی کانتەوە ئەوە واتای ئەوەیە کە مرۆڤ خاوەن بڕیار و ئیرادەی ئازاد نییە، بەڵکوو لە پێشـــدا هەموو شتێکی بۆ دیاری کراوە و لە دنیای نۆمیناڵدا یاسا سروشتییەکان، بەو جۆرەی کە لەو دنیایەدا کار دەکەن بوونیان نییە، لەوێدا ئیرادەی ئازاد هەیە.

## سیاسەت

کانت بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر ئاکار و زانینناسی کاری دەکرد و لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتدا، لەڕاســـتیدا قسەیەکی ئەوتۆی بۆ وتن نییە. ڕوانگە سیاسییەکانی کانت، هەر ئەو ڕوانگە سیاسییانەن کە لە ســـەردەمی ڕۆشـــەنگەریدا باو بوون و ئەرکی دەوڵەت تەنیا بریتییە لە دابینکردنی ئاشـــتی و دادپەروەری، دەستەبەرکردنی خۆشبژیویی گشتی ئەرکی دەوڵەت نییە.

کانت لایەنگری حکوومەتێکی دێموکراتیک و ســـنووردا کردنی دەســـەڵاتی دەوڵەتی بوو، بەڵام پشـــتیوانیی لە ئازادیی سیاســـیی ڕەها نەدەکرد و دەی گوت؛ ئازادیی سیاسیی ڕەها، واتای ئەوەیە کـــە هەر کەس بتوانێت بەگوێـــرەی لێکدانەوەکانی خۆی کار بکات و ئەوەش نابێتە هۆی پێکهاتنی ســـەقامگیریی سیاســـی لە کۆمەڵگەدا، لە پێناوی ڕێکخستنی کۆمەڵگەیەکی ســـەقامگیر و ئارام و

هاوئاهەنگدا، تاکەکەس پێویستە دەست لە بەشێک لە ئازادییەکانی خۆی هەڵگرێت، هەر بۆیە کانت لەو بڕوایەدا بوو کە لە هەر هەلومەجێکدا تاکەکەس لەسەریەتی پێڕەوی لە یاسا و ڕێساکان بکات.

## جوانیناسی

کانت ڕوانگە و تیۆرییەکانی خۆی لەسەر جوانیناسی لە کتێبی "ڕەخنەی هێزی داوەری" و لە ساڵی ١٧٩٠ی زایینیدا بڵاو کردووەتەوە، ناوبراو لەو کتێبەدا نەک هەر لە ڕوانگە و بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە جوانیناسی دەدوێت، بەڵکوو شەنوکەوی ڕوانگە و بۆچوونی کەسانی دیکەش لەو بوارەدا دەکات و هەموو ئەو بیرۆکە و ڕوانگانەی لە چوارچێوەی تیۆرییەکی گشتگیردا کۆ کردنەوە کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر هونەر و جوانیناسی پاش خۆی داناوە. ئەو کتێبە، دوای کتێبەکەی ئەریستۆ واتە شێعر، بە یەکەمین لێکۆڵینەوەی بەرچاو لەسەر جوانیناسی دادەنرێت.

پێشتر کە باسی ماریفەتناسیمان کرد گوتمان کۆنت بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئاگایی ئێمە لە هەندێک کاتەگۆریی جۆراوجۆر پێک هاتووە. ئەوان دەبنە هۆی ئەوەی کە دونیا بە شێوەیەکی قانوونمەند و پێکهاتوو لە کەلوپەل‌و شتی جۆراوجۆرو یاسا سروشتییەکان‌و هتد ببینین. کانت دەڵێ ئەگەر تەماشای بەرهەمێکی هونەری بکەین، ئەو کاتەگۆرییە جۆراوجۆرانەمان بەرچاو ناکەون. بۆیە هەڵسەنگاندنی ئیستاتیکی کاری ئاگاهی نیە. کارێکی لەوجۆرە تەنیا یارییە.

کانت پێی وا بوو کە جیاوازی لەنێوان شتە بەکەڵکەکان و بەرهەم و ئاسەوارە هونەرییەکاندا هەیە، ئەو تاکوو ئەو جێگە چووە پێش کە دەیوت بەرهەمێکی هونەری، بۆ ئەوەی وەکوو بەرهەمێکی هونەری ئەژمار بکرێت، نابێت هیچ ئامانجێکی هەبێت، هەر بەو جۆرە کە لەسەر ئاکاریش پێی وا بوو کە ئامانج لە کردەوەیەکی ئاکاری و ڕەوشتیدا نابێت قازانج و بەرژەوەندی هەبێت، ئەگەر لە پێوەندی لەگەڵ بەرهەمێکی هونەریشدا مەبەستێکی لەو جۆرە لە ئارادا بێت، بە شێوەیەکی خۆڕسک لە بایەخی هونەریی ئەو کارە هونەرییە کەم دەکاتەوە. ئەگەر هونەرمەند خولیایەکی زۆر بە مۆتیف نیشان بدات، ئەوە ئەو بەرهەمە هونەرییە تێکەڵی قازانج و بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان بووە. بەو جۆرە دابەشکردنە، کانت بەرهەمە هونەرییە تایبەتەکان و بەرهەمە هونەرییە ڕاستەقینەکان لە یەکتر جیا دەکاتەوە.

## فیتشە

فیتشە (١٨١٤-١٧٦٢) بە توندی لەژێر کاریگەریی بیر و بۆچوونە بنەڕەتییە فەلسەفییەکانی کانتدا بوو، بەڵام لە خاڵیکی بنەڕەتیدا لەگەڵ ناوبراو جیاوازیی بۆچوونی هەبوو، وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد؛ کانت لایەنگری بیرۆکە و بیر و بۆچوونەکانی سەردەمی ڕەوشەنگەری، واتە لیبراڵ دێموکراسی و سنووردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی بوو. لێرەدا ڕوانگەی سیاسیی فیتشە جیاواز بوو و بانگەشەی

ئەوەی دەکرد کە تاکەکەس بێ بایەخە، بۆیە هەموو دەسەڵاتێک دەبێت لە دەستی دەوڵەتەکاندا کۆ بێتەوە و ئەو چەند ڕستانە کە لە کتێبەکەی ناوبراو بە ناوی (Die Grundzüge des Gegenwärtigen Zeitalters)، ساڵی ١٨٠٦ی زایینی، وەرگیراون ئەو مەبەستە ڕوون دەکەنەوە.

"تاکەکەس بوونەوەرێکی ڕاستەقینە نییە، چونکە بایەخێکی زۆری نییە، بەڵام دەبێت کەم بکرێتەوە بۆ هیچ، ئەوە لە کاتێکدایە کە مرۆڤایەتی «Gattung» بە تەنیا شتە و پێویستە وەکوو بوونەوەرێکی ڕاستەقینە سەیر بکرێت"Verlag Felix Meiner, Hamburg 1956, p.41. .

"کەسێک کە لە دەرەوەی مرۆڤایەتی حەزی لە شادی و خۆشییە، بەڕاستی کەسێکی خراپ، دواکەوتوو و بەدبەختە"، (هەمان سەرچاوە ل ٣٨).

"تەنیا یەک بەها هەیە و ئەویش بریتییە لە لەبیرکردنی کەسایەتیی خۆت، تەنیا یەک گوناحیش هەیە و ئەویش بریتییە لەوەی کە خۆمان بکەینە ئامانجی بیرکردنەوەی خۆمان"، (هەمان سەرچاوە ل.٣٨). هەروەها فیشتە پێی وا بوو کە دەوڵەت دەبێت لەلایەن بلیمەتەکانەوە بەڕێوە بچێت و دەیوت دەوڵەت دەبێت هەموو دەسەڵاتی ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی لەدەستی خۆیدا ڕابگرێت، لەخۆڕا نییە هەندێک کەس فیتشە بە یەکەمین سۆسیالیست دەناسن.

## هێگڵ

*مێتافیزیک و زانینناسی*

*سیاسەت و ئاکار*

هێگڵ لە ساڵی ١٧٧٠ی زاییندا، لە ئیشتۆتگارت لەدایک بوو و تاکوو کاتی مردنی (واتە لە ساڵی ١٨٣١)، لە سەرەتادا لە هایدلبێرگ و پاشان لە بێرلین مامۆستای فەلسەفە بوو، هەر چەند تێگەیشتن لە فەلسەفەی هێگڵ ئەستەمە، بەڵام وەکوو مامۆستایەکی فەلسەفە، ناو و ناوبانگێکی زۆری هەیە و لە ڕێگەی بۆچوونە فەلسەفییەکانیەوە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو و تەنانەت وەکوو فەیلەسووفی دەوڵەتی "پرۆس" ناوی دەرکرد.

## مێتافیزیک و زانینناسی

هێگڵ هاوڕای کانت نەبوو کە دەیوت دنیا بە دووبەش دابەش دەبێت، دنیای دیاردەیی، واتە ئەو دنیایەی بۆ ئێمە دەردەکەوێت (Ding für mich) و هەروەها دنیای نۆمیناڵ (Ding an sich) یان واتە دنیای ڕاستەقینە، دنیا بەو جۆرەی کە لە ڕاستیدا هەیە، کانت پێی وا بوو کە ئێمە ناتوانین هیچ شتێک لەسەر دنیای نۆمیناڵ بزانین. لێرەدا هێگڵ دەپرسێت: جا ئەگەر ئێمە ناتوانین هیچ شتێک سەبارەت بە دنیای نۆمیناڵ بزانین، چۆن دەتوانین بزانین کە هەر لە بنەڕەتدا کە دنیا بوونی هەیە؟ بە واتایەکی دیکە هێگڵ "دنیای هەر بەو جۆرە کە هەیە دەبینی" و ئەو ئەیگوت تەنیا شتێک

کە بوونی هەیە، بریتییە لە دنیایەک، کە هەر بەو جۆرەی کە هەیە و بۆ ئێمەش دەردەکەوێت.

لەوەش زیاتر هێگڵ پێی وا بوو کە ئێمە ڕاســتییەکی ڕاســتەقینەی سەربەخۆ نابینین و ئەوەی ڕوو دەدات بریتییە لە کارلێکردنی ئاگایی و ڕاســتییەکان لەگەڵ یەکتر و ئێمە کارلێکردنی ئاگایی و ڕاســتییەکان دەبینین، بە واتەیەکی دیکە هێگڵ جیاوازیی لەنێوان ڕاستیی ڕاستەقینە و ئاگاییدا دانەدەنا.

ئاکامی ئەو قســەیەی هێگڵ ئەوەیە کە ناوبراو دەڵێت ڕاســتیی ڕاســتەقینە دەبێت بە جۆرێکی دیکە پێناســە بکرێت، کە پێشــتر وەک لە بەشــی یەکەمی ئەو کتێبەدا باسمان کردوە، ڕاستی بە جۆرێک پێناسە دەکرا کە تێپەڕێک لە دۆخێکدا ڕاستە، کە نێوەڕۆکەکەی لەگەڵ ڕاستیی ڕاستەقینە بێتەوە) واتە لەگەڵ ڕاســتیی ڕاستەقینە ناتەبا نەبێت، کە نموونەیەک بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو تیۆرییە ئەوەیە بڵێین؛ "جان ولکنس بۆس، تەقەی لە ســەرۆکی کەنەدا کردووە، ڕاستە؟" چونکە زۆر کەس هەن شــایەتی دەدەن کە ناوبراو ئەو کارەی کردووە، واتە بە چاوەدێریکردن و بینینی ڕاستییەکان، دەتوانین بزانین چی ڕووی داوە.

تیۆریــی بەراوردکاری (Correspondence theory) ئەوە نیشــان دەدات کە ڕاســتییەکی ڕاســتەقینەی ســەربەخۆ هەیە و ئێمەش ســەیری دەکەین و چاوەدێریی ئەو ڕاســتییە دەکەین، بەڵام ئەگەر ڕاســتیی راســتەقینە بوونی نەبێت، دەبێت ڕاســتی بە جۆرێکی دیکە پێناسە بکەین، هێگڵ بەو جۆرە پێناســەی ڕاستی دەکات: تێپەڕێک ڕاستە کە نێوەڕۆکەکەی لەگەڵ هەموو بیرۆکە ڕاستەقینەکانی دیکەی ئێمە سازگار بێت، بەو تیۆرییە دەوترێت تیۆریی (coherence theory) و بەگوێرەی ئەو تیۆرییە ئەو تێپەرەی لەسەر جان ولنکس بۆس کە تەقەی لە سەرۆکی کانادا کردووە، ڕاســتە، چونکە لەگەڵ بەڵگەکانی دیکە ســازگارە، لەگەڵ مۆتیف و مەبەستەکانی بکوژەکە دێتەوە و لەگــەڵ ڕووداوەکەش ســازگارە، لەگەڵ دانپێدانانی جــان و زۆر بەڵگەی دیکەش دێتەوە، کەواتە هەمووی ڕاستی و دروستە.

هێگڵ دەیوت ڕاســتی لــە دەرەوەی ماددیبوون و بیرۆکەیەکی تــەواو گەردوونییە (cosmic absolute idea) و ناوبــراو ئــەو بیرۆکە گەردوونییە بە ڕەها، ڕۆح، هەســتەکیی ودنیا و خوداش پێناسە دەکات، بۆیە هێگڵ ئیدەئالیستێکی مێتافیزیکی بوو.

ئەو بیرۆکە ڕەهایە نەگۆڕ نییە و بەردەوام لە ئاڵوگۆڕدایە، بەگوێرەی یاسا و ڕێسا قۆناغی جۆراوجۆر تێپەڕ دەکات، هێگڵ بەرگریی لەو ڕوانگەیە دەکرد کە دەڵێ؛ ئەو پرۆســانە سەرەتایین، یەکێک لەو قۆناغانە ئەو دنیا ماددییەیە کە ئێمە ئەزموونی دەکەین. هەر شتێک لە دەوروبەری خۆماندا هەستی پێ دەکەین، بە مرۆڤەکانیشەوە، شتێکی جیا لە خۆنیشاندانی ئەو ڕۆحە، هیچی تر نییە، کەواتە هەر تاکەکەســێک لە پێشدا خۆی کەسێکی سەربەخۆ نییە و جیلوەیەکی ئەو کارە ڕەهایە کە باسمان کرد، (manifestation of the Absolute).

لە ڕوانگەی هێگڵەوە، مێژوو برتییە لە چیرۆکی پەرەسەندنی ئەمری ڕەها، پەرەسەندنێک کە بریتییە لە گەشەی ناتەباییەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بەگوێرەی یاسا. هێگڵ ئەو ناتەباییانە بە تێز و دژەتێز لەقەڵەم دەدات و ئەو ناتەباییانە لە تێزێکی دیکەدا کە پێی دەوترێت سەنتێز یەکتر دەگرنەوە، ئیدی لێرەدا تێزێکی دیکە دێتە کایەوە و ئەو تێزە نوێیەش لەگەڵ تێزێکی دیکە دەکەوێتە ناتەبایی و لە ئاکامدا سەنتێزیکی دیکەی لێ دەکەوێتەوە. بەو جۆرە ئەو پرۆسەیە دەڕواتە پێش و ئەو شێوەیە پێی دەوترێت پەرەسەندنی دیالێکتیکی. هێگڵ ئەیگوت بۆ بیرکردنەوەی دروست دەبێت لەو شێوەیە کەڵک وەرگرین، بەو پێیە ئەو لۆژیکی ئەریستۆی ڕەت کردەوە.

ئەو دنیایەکی پڕ لە شت بە پێشگریمانەی ئەو لێکدانەوەیە (presupposes) دادەنێت، لە ڕوانگەی هێگڵەوە ڕاستی پڕیەتی لە ناکۆکی و ناتەبایی و تەنیا بە ڕێکاری دیالێکتیک دەتوانین لێی تێ بگەین.

## سیاسەت و ئاکار

هێگڵ بەردەوام و بە توندی بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە تاکەکەس دەبێت پێڕەوی لە دەوڵەت بکات و تەنانەت گەیشتە جێگەیەک کە دەیوت؛ "ئەگەر دەوڵەت داوای گیانی کەسێک بکات، دەبێت ئەو کەسە ئامادە بێت گیانی خۆی بکاتە قوربانی"، (Peikoff, s.35). زەمینەی ئەو جۆرە بۆچوونەی هێگڵ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو پێی وایە کۆمەڵگە و گرووپ، لە هەر شتێکی دیکە گرنگتر و پڕبایەخترن و تاک دەبێت دەست لە تاکەکەسیی خۆی هەڵگرێت و لەگەڵ هەموو کەسەکانی تر یەک بگرن و ڕێککەوتن بکەن . کۆمەڵگەیەک کە بەو جۆرە پێک دێت، یەکەیەکی بەکۆمەڵە و پێی دەوترێت دەوڵەت. هێگڵ کۆمەڵگە وەکوو کۆمەڵە تاکێکی جیا و سەربەخۆ نابینێت، بەڵکوو وەکوو کەسێک، وەکوو ڕێکخراوەیەکی جیاواز سەیری دەکات و ئەو کەسە نوێیە و ئەو تاکە، واتە دەوڵەت، خاوەنی ئیرادە و ئامانجی دیارکراو و هەبوونی خۆیەتی، دەوڵەت جیلوەی ئەمری ڕەهایە و خودا دروستی کردووە، بۆیە مافی ئەوەی هەیە کە داوای هەموو ئەو کەسانە بکات کە ئەویان لێ پێک هاتووە. دەوڵەت ئامرازێک نییە تاکوو خەڵک بەکاری بێنن بۆ گەیشتین بە ئامانجەکانیان، بەڵکوو دەوڵەت خۆی لە خۆیدا ئامانجێکە. دەوڵەت نابێت پێڕەوی لە یاسا و ڕێسای ئاسایی و ڕەوشتی و ئاکاری بکات، بۆیە هێگڵ لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە هاوڕا نەبوو کە دەبێژێت ڕێبەرانی دەوڵەت دەبێت بە شێوەی دێموکراتیک هەڵبژێردرێن و لایەنگری حکوومەتێکی بەهێز و پڕدەسەڵات و دیکتاتۆر و سەرەڕۆ بوو، هەروەها دەیوت بڕیار و فەرمانەکانی دەسەڵاتداران هەمیشە نوێنگەی ئیرادەی خەڵکن، ( ئەو بۆچوونە لە ڕۆسۆ سەرچاوە دەگرێت).

هێگڵ لەو بڕوایەدا بوو کە لەبەر ئەوەی چەندین گەل و نەتەوە هەن، هەندێک جار بە دڵنیاییەوە شەڕ ڕوو دەدات و شەڕیش بریتییە لە پەرەسەندن و گەشەی ڕۆح. ئەو نەتەوانەی کە لە شەڕدا سەر

دەکەون، ڕۆحیش و خوداش لەپەنا خۆیاندا دەبینن. لە ڕوانگەی هێگڵەوە دادپەروەری و دەسەڵات لەگەڵ یەکتر دێنەوە و دەگەڵ یەکتر دەگونجێن، (coincide). برتراند ڕاسڵ بەو جۆرەی خوارەوە تیۆریی هێگڵ لەسەر دەوڵەت کورت دەکاتەوە؛ "پاکانە بۆ هەر جۆرە دیکتاتۆری و سەرەڕۆییەکی نێوخۆیی و هەر چەشنە دەستدرێژی و پەلامارێکی دەرەکی دەکات"، (Russell, s.711).

کەچی سەرەڕای هەموو ئەوانە هێگڵ پێی وایە کە ئەو لایەنگری ئازادییە و لە ڕوانگەی هێگڵەوە هیچ ناتەباییەک لەنێوان ئەوەدا نەبوو کە ناوبراو لەلایەک دەیهەویست دەوڵەتێکی بەهێز و بەدەسەڵات بەسەر خەڵکدا حوکم بکات و لە لایەکی تریشەوە دەیهەویست هەموو خەڵک ئازادیی تەواویان هەبێت و ئەیوت؛ ئازادی بریتییە لە مافی پێڕەویکردن لەو یاسایانەی کە بەرێوە دەچن، چونکە یاسا نوێنگەی ئیرادەی ڕاستەقینەی تاکەکەسە. ئەگەر ناتەبایی لەنێوان ئەو شتەدا کە دەوڵەت دەیهەوێت و ئەو شتەدا کە تاکەکەس دەیهەوێت ببێت، ئەوە بە واتای ئەوەیە کە تاکەکەس ناتوانێت قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەستنیشان بکات.

## ڕۆمانتیزم

کانت بە پێشڕەوی قوتابخانەی ڕۆمانیتزم لە فەلسەفەدا دادەنرێت. نە کانت و نە هێگڵ سەر بەو ڕێبازە نین، ئاخر هیچ کامێک لەوان بە ڕاشکاوی دژایەتیی ئاوەز و ژیری ناکەن، بەڵام پێڕەوانی دیکەی ئەو قوتابخانەیە واتە فیتشە، نیچە و شۆپنهاوەر، لەگەڵ ئەو قسەیە هاوڕا بوون کە دەڵێت ئاوەز تەنیا زانیاریمان لەسەر دنیای ڕووکەش و پڕ لە وەهم پێ دەدات و ناتوانێت زانیاریمان سەبارەت بە ڕاستییە ڕاستەقینە قوڵترەکان پێ بدات و بۆ بەدەستهینانی زانست و زانیاریی ڕاستەقینە، دەبێت لە چوارچێوەی و فۆرمی دیکەی بەدەستهێنانی زانیاری، واتە هەستەکان، تامەزرۆیی، تەکانە کاتییەکان، وەحی، باوەڕ و ئیمان، ئیلهام و ڕووناکبینی کەڵک وەرگرین. مرۆڤ لە پلەی یەکەمدا بە بوونەوەرێکی ژیر و تێگەیشتوو دانانرێت، بەڵکوو بە بوونەوەرێکی هەستەکی دەژمێردرێت کە ژیانیشی هەر لەسەر ئەو بنەمایە دەگوزەرێت، ئەوە بە بەرینبوونەوە و گەشەی ڕوانگەکانی کانت دادەنرێت، ئاخر ئەو بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە تەنیا ڕێکارە نالۆژیکی و ناژیرانەکانی وەکوو بیر و باوەڕ و هەستەکان، دەتوانن زانست و زانیاری لەسەر دنیای ڕاستەقینەی نۆمینەکان بە ئێمە بدەن.

## شۆپنهاوەر

بە گوتەی شۆپنهاوەر (١٧٨٨-١٨٦٠) لە ناخی هەر مرۆڤێکدا ململانێ و ناکۆکییەکی بەردەوام لەنێوان ئاوەز (ژیری) و ئیرادە (هەستەکان)دا بوونی هەیە، ئاوەز تەنیا سەبارەت بە دنیای ڕووکەش زانیاریمان پێ دەدات، بەڵام ئیرداە لەسەر ڕاستیی ڕاستەقینە ڕاستەوخۆ و بەو جۆرەی کە لە ڕاستیدا هەیە، زانیاریمان پێ دەدات. ئەو تەنانەت دەیوت کە جەوهەر و نێوەڕۆکی ڕاستەقینەی

مێتافیزیکیش، هەر بریتییە لە ئیرادە. بە گوتەی شـۆپنهاوەر، لەڕاسـتیدا هەموو شتیک یەکێکە و ئیرادەی تاک و تاکەکەسی نییە، بەڵکوو تەنیا یەک ئیرادەی گشتی و هەمەلایەنەی هەیە و دەیوت ئەو ئیرادە یەکپارچەیە، کە لە هەر مرۆڤێکدا بە شـێوەی تاک خۆی نیشـان دەدات. شـۆپنهاوەر لەژێر کاریگەریی شـێوەی بیرکردنەوەی ڕۆژهەڵاتدا بوو و ئـەو کاریگەرییەی بیری ڕۆژهەڵاتی لەو ڕەشـبینییەدا کە بە بەشـێکی هەرە بنەڕەتیی بیری ناوبراو دادەنرێت، دەردەکەوێت و پێی وا بوو چارەنووسی یەکلاکەرەوەی مرۆڤ بریتییە لە ڕەنج و ئێش و ئازار و تێکشکان.

شـۆپنهاوەر دەیوت؛ ئـەوەی پێی دەوترێت کامرانی، شـتێک نییە بێجگە لـە نەبوونی ئازار و ڕەنج بۆ چەند سـاتێکی کەم و پێی وا بوو دڵخۆشـی و بەختەوەری، لـە ڕێگەی ژیانێکی زاهیدانە و لەبەرچاونەگرتنی ئیرداە و ویسـت و داخوازییە تاکەکەسـییەکانمادا بـەدی دەکرێت، تاکوو ئەو جێگەیەی چووەتە پێش کە گوتی وەلانانی قازانج و بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان "بە پێوانەی کار و کردەوەی ئاکار و ڕەوشتی لەقەڵەم دەدرێت"، (Peikoff, s.86).

## نیچە

فرێدریش نیچە (١٨٤٤-١٩٠٠) لەژێر کاریگەریی شـۆپنهاوەردا بوو و لە کارە فەلسەفییەکانیدا زۆر سیستەماتیک و ڕێکوپێک نەبوو، بۆیە دەتوانین لە پێوەندی لەگەڵ زۆر ڕێباز و بیرۆکەی فەلسەفیدا ناوی بێنین، دیسـانیش دەتوانین گرنگترین خاڵە سـەرەکییەکانی فەلسـەفەی نیچە بەو جۆرەی خوارەوە پوختە بکەینەوە.

ئەویـش وەکوو شـۆپنهاوەر بڕوای بەوە بوو کە ململانێیەکی بـەردەوام لەنێوان ئاوەز و ئیرادەدا هەیە، بەڵام بەپێچەوانەی شـۆپنهاوەر، نیچە دەیوت ڕاستیی ڕاستەقینە زۆرتر جیلوەی ئیرادەیەکی جیاوازە و ئەو ئیرادە جیاوازانە دەیانهەوێت لە ڕێگەی سەرکوتی یەکترەوە خۆیان بەرنە پێش و هەر کام لەو ئیرادانەش هێز و دەسـەڵاتیان دەوێت، بۆیە هەموویان لەگەڵ یەکتر لە ململانێ و کێشە و کێبڕکێدان، (لێرەدا نیچە لەژێر کاریگەریی تیۆریی پەرەسەندنی دارویندایە کە دەڵێت؛ پەرەسەندنی بیولۆژیکـی لە زیندەوەر و گیانلەبەراندا، لە ئاکامی ململانێ و شـەڕی نێـوان ئەواندا ڕوو دەدات. ئەوانەی دەتوانن خۆیان لەگەڵ ڕاسـتییەکان ڕێک بخەن، لە خەبات و ململانێ لە پێناوی مانەوەدا سەر دەکەون و دەمێننەوە).

هەروەهـا نیچە لایەنگریی ئەو تیۆرییە مێتافیزیکییە بوو کە دەڵێت؛ ڕاسـتی لە گەڵێک ڕەوت و پرۆسـێس پێـک دت و لێـرەدا لەگەڵ هیراکلیتوس و هێـگڵ هاوڕا بوو، نیچە بە شـێوەیەکی نائاسایی، دەستخۆشی لە یۆنانی کۆن دەکرد و ئەیگوت بیرکردنەوەی سوقرات، ئەفلاتوون و ئەریستۆ، وەکوو نیشـانەی لەنێوچوونی فەرهەنگی کۆنی یۆنان ئەژمـار دەکرێت. هەروەها نیچە دوژمنایەتیی مەسـیحییەتی دەکرد و پێی وا بوو مەسحییەت "ئەفلاتونیزمێکی هەژارانە"یە و بانگەشەی ئەوەی

دەکرد کە "خوا مردووە"، لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە فەلسەفەی مەسیحییەت دەبێت ڕەت بکرێتەوە، چونکە ئەو پێی وا بوو فەلسـەفەی مەسـیحییەت هۆکاری ئەو قەیرانە بوو لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو و لە کولتووری ڕۆژاوادا هاتە ئاراوە. مەسیحییەت کە نیچە وەکوو تاوان بە دژی ژیان پێناسەی دەکرد، بریتییە لە پەلامارێکی بەردەوام بۆ ماوەی نزیکەی ٢٠٠٠ ساڵ لەلایەن "بەهێز"ەوە بۆ سەر "بێ هێز". نیچە دەیوت دەبێت نرخ و بایەخی دیکە بێنینە کایەوە وهەندێک نرخ و بایەخی دیکە کە بتوانن مرۆڤایەتی لەو قەیرانە ڕزگار بکەن، ئەو بایەخانەی کە نیچە پێداگری لەسەر دەکردن بریتی بوون لە: ئازایەتی، بەهێزی، دەسەڵات، بێڕەحمی، سەرسەختی و غروور و خۆبەزلزانی.

نیچە مرۆڤایەتیی بەسـەر دوو بەشـدا دابەش کردبوو، بەشـێک لەوان وەکوو سووپەرمرۆڤ بۆ دەسـەڵاتداریەتی بەسەر کەسانی دیکەدا ئافرێنراون و بەشەکەی دیکەش بریتین لە نزمەمرۆڤ کە پێویستە سەرپەرەستی بکرێن. لەڕاستیدا نیچە لایەنگری کۆیلەتی بوو.

سـوپەرمرۆڤەکان بریتین لە کەسـانی خۆبەزلزان، ئازا، بێ تێبینیی ئاکار و ڕەوشتی، شەڕڤان و بەرێز، کە لاوازەکان بە کەم دەگرن و دوو دانە لە کتێبەکانی نیچەش ناونیشانەکەیان بە جۆرێکە کە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤە بەهێزەکان نیشان دەدەن، (ئەو تایبەتمەندییانەی لە نیچە بەدوور بوون).

ئەو مرۆڤە بەهێزانەی نیچە باسـیان دەکات، خاوەنی ئیرادەی دەسەڵاتدارییەتین و لە سەرەوەی خێر و شەڕن، لەلایەکی دیکەوە مرۆڤە لاوازەکان بریتین لە کەسانی ترسەنۆک، لاواز، سینگفرەوان، ژیر، سـازگار، مرۆڤدۆست و بێزار لە کەسـانی بەهێز. نیچە پێی وا نەبوو کە مرۆڤ خۆی دەتوانێت هەڵبژێرێت لە کام لەو بەشـانە بێت. ناوبراو کەسێکی جەبرگەرا بوو و پێی وا بوو کە یەک بە یەکی مرۆڤەکان بە شێوەی سروشتی بەسەر ئەو یان ئەم دەستەیەدا دابەش دەبن.

## کارڵ مارکس

*پڕۆسە سەرەتاییەکان*

*ماتریالیزمی مێژوویی*

*سەرمایەداری*

*مرۆڤ*

کارڵ مارکس بە کاریگەرترینی ئەو کەسـانە دادەنرێت کـە بە جێگرەوەی هێگڵ لەقەڵەم دەدرێن، مارکس لە ساڵی ١٨١٨ی زایینی و لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و لە تەریر، لە وڵاتی ئاڵمان لەدایک بوو و لە ساڵی ١٨٨٣ی زایینیدا لە لەندەن مردووە. مارکس بە شێوەیەکی سەرەکی تیۆریسیەنێکی سیاسـی و ئابووری بوو و کتێبە بەناوبانگەکەی مارکس بە ناوی "سەرمایە"، کە لە ساڵەکانی نێوان ١٨٦٧ تا ١٨٩٤ بڵاو کرایەوە، کاریگەرییەکی زۆری لەسـەر پەرەسـەندنی بارودۆخی سیاسـی لە سەدەی بیستەمدا دانا.

مارکس لەسەر ئەو بڕوایە بوو، کە فەلسەفە بە مەبەستی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی دەبێت کەڵکـــی لێ وەربگیرێت، بۆیە ڕەخنەی لە فەیلەســوفەکانی پێش خۆی دەگرت کە ســـەرنجێکی تایبەتییان بەو بابەتە نەداوە، لە ســـاڵی ١٨٤٥ی زایینیدا گوتی: "تاکوو ئێستە فەیلەسووفەکان تەنیا هەر گرنگییان بە شیکردنەوەی دنیا داوە، ئەوەی گرنگە گۆڕینی دنیایە".

مارکس بیرمەندێکی سیاســـیی زۆر بەتوانا بوو کە لەســـەر بناغەی بیر و بۆچوونی بیرمەندەکانی دیکەی وەکوو ڕۆسۆ، کانت و هێگڵ، فەلسەفەیەکی سیاسیی ئەوتۆی داهێنا کە دواتر بە چەشنێکی ســـەرنجڕاکێش بڵاو کرایەوە و سەد ساڵ پاش مەرگیشـــی، دووسێهەمی خەڵکی دنیا، لەو وڵاتانەدا دەژیان کە سیاســـەتەکانیان لەســـەر بنەمای بیر و بۆچوونەکانی مارکس دامەزرابوون. بە بۆچوونی مارکس ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کە ئەو لە دەوروبەری خۆیدا ئەزموونی دەکرد، سەرمایەداریی ســـەرەتایی و بەتەواوەتی سیســـتەمێکی دژی مرۆڤی بوو، ئەو سیســـتەمە لەسەر بناغەی هەندێک پرەنسیپی ڕەوشتی و ئاکاریی ئەوتۆ دامەزرابوو کە مارکس پێی وا بوو  ناتوانن تاکوو سەر بمێننەوە.

مارکس کۆمەڵگەیەکی دەویســـت کـــە ڕێک خرابێت تاکوو "کەس نەتوانێـــت بوارێکی ئابووری لـــە پاوانی خۆی بگرێت، بەڵام بتوانێت بە هـــەر جۆرێک کە دەیهەوێت بخوێنێت و خۆی پەروەردە بکات، (کۆمەڵگە دەبێت ئەوە ڕێک بخات)، بەرهەمهێنانی گشـــتی ئەو دەرفەتەم بۆ پێک دێنێت کە ئەمڕۆ کارێک بکەم و بەیانیش کارێکی دیکە، بەیانان ڕاو بکەم و پاشـــنیوەڕش ماسی بگرم، ئێواران ببمە گاوانی مانگا، پاش نانخواردنیش بتوانم تاکوو پیم خۆشـــە ڕەخنە بگرم، بەبێ ئەوەی کە هیچ کات ببمە ڕاوچی، ماســـیگیر، گاوان یان ڕەخنەگـــر" (Marx: Verker i utvalg, Bind 2, Pax, Oslo 1970, s.73-74). کەواتە مارکس قەت لایەنگری بنەمای دابەشـــکردنی کار نەبوو و بنەمایەکی تری ئەو کۆمەڵگەیەی کە مارکس دەیهەویســـت بریتی بوو لەوەی کە هەر کەسێک بەگوێرەی تواناکانی خۆی کار بکات و بەپێی پێداویستییەکانیشی کەڵک لە کەرەستە و کەلوپەلەکانیش وەرگرێت. دواتر مارکس چووە پاڵ ئەو بزووتنەوە سۆسیالیستییەی کە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی لەو جۆرە خەباتی دەکرد و پایە و بنەما تیۆرییەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی دارشتن.

## ڕەوت و پرۆسە سەرەتاییەکان

مارکس لەسەر بنەمای هێگڵ و لەو شوێنەوە دەستی پێ کرد کە دنیا لە پرۆسە و ڕەوتی جۆراوجۆر دروســـت بووە نەک لە شتەکان. پێشتر باســـی بەڕوومان کرد، بەڕوو لە جیاتی ئەوەی وەکوو دەنکە بەڕوو ببینرێت، پێویستە وەکوو پرۆسەیەک لە ڕەوتی چوونەپێش بۆ بوون بە داربەڕوو سەیر بکرێت و بـــۆ ئـــەوەی کە بەڕوو وەکـــوو ڕەوت ببینیت، دەبێت بـــە قووڵی لە شـــتەکان بڕوانیت و تەنیا بە ســـەیرکردنی ڕواڵەتی شتەکان نەوەســـتیت. بە گوتەی هێگڵ؛ ئەو جەوهەرە (پرۆسەی گۆڕان بەرەو داربەڕوو) ناتەبایی لەگەڵ ســـەیرکردنی ڕواڵەتی و ڕووکەشـــی هەیە. ئەو جۆرە ناتەباییانە لە هەموو

شـــوێنێک لە سروشتدا بەرچاو دەکەون و ئەو ناکۆکی و ناتەبایی و ململانێیانەن کە دەبنە هۆکاری پێشکەوتن و ئاڵوگۆڕ و پەرەسەندنی هەموو شتێک. مارکس لەگەڵ ئیدەیالیزمی مێتافیزیکیی هێگڵ هـــاورا نەبوو و لەو بـــارەوە بەرەی بەرانبەر بە بۆچوونی هێگڵی قەبووڵ بوو، واتە لایەنگری ماتریاڵیزم بوو، بەڵام ئەو ڕێکارە دیالێکتیکیەی هێگڵی بە شـــتێکی دروســـت دەزانی، بۆیە ڕێکاری فەلسەفیی مارکس جۆرێک لە ماتریاڵیزمی دیالێکتیکە، مارکس تێکۆشـــا تاکوو لەســـەر بناغەی ئەو بنەمایانە، گۆڕانکارییە مێژووییەکان لێک بداتەوە.

## ماتریاڵیزمی مێژوویی

بـــە بۆچوونی مارکس مێژوو یاســـامەندە، واتە گۆڕانکارییە مێژووییەکان، بەپێی هەندێک یاســـای تایبەتی و بەگوێرەی پرەنســـیپێکی تایبەتی و هەروەها بە هەندێـــک قۆناغی تایبەتیدا تێپەڕ دەبن. لە هەر کام لەو قۆناغانەدا کۆمەڵگە بە شـــێوەیەکی تایبەت ڕێک خراوە، بەڵام هەر کام لەو قۆناغانە وەکوو هەر شتێکی دیکە، ناتەبایی و ناکۆکیی تایبەت بە خۆیان  لە هەناوی خۆیاندا هەیە. ئەوە بەو واتایەیە کە ئەو سیســـتەمە کۆمەڵایەتییە تاکوو دەورەیەکی دیاریکراوی کاتی، دەتوانێت کار بکات و تاکـــوو ئەو کاتەی کـــە ڕۆڵی مێژوویی خۆی بەڕیوە دەبات، دوای ئەو دەورەیە گۆڕانکاری پێک دێت و شـــێوەیەکی نوێی سیســـتەمی کۆمەڵایەتی دێتە کایە و ئیتر بەو جۆرە، مارکس لەسەر ئەو بڕوایە بـــوو کە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا، لەنێوان قازانج و بەرژەوەندییەکانی چین و توێژە دەوڵەمەندەکان و هەروەها چین و توێژە هەژار و زەحمەتکێشـــەکاندا ململانێ و ناتەبایی هەیە، هەر ئەوەش دەبێت بە هۆکاری ســـەرهەڵدانی ناکۆکییە کۆمەڵایتییەکان. ئەو گرووپە جۆراوجۆرانە کە لە کۆمەڵدا لەگەڵ یەکتـــر لە ململانێدان، پێیـــان دەوترێت چینەکان. مارکس پێی وایە سەرتاســـەری مێژووی مرۆڤ بریتییـــە لە مێـــژووی ململانێ و خەباتی چینایەتـــی و ئەو چینانە وەکوو تیـــز و دژەتێز لە ڕەوتی گۆڕانکارییە دیالێکتیکییەکانی مێژوودا کار دەکەن.

یەکەمین قۆناغی مێژوو، بریتی بوو لە کۆمۆنی ســـەرەتایی و گرنگترین تایبەتمەندیی ئەو قۆناغە بریتی بوو لەوەی کە لە کۆمەڵدا هیچ دابەشکردنێکی کار لە ئارادا نەبوو، هەمووان بە هەموو ئامرازێک کـــە بوویان کاریـــان دەکرد و پێداویســـتییەکانی خۆیان و بنەماڵەکانی خۆیانیـــان بەرهەم دەهێنا، خواردنی خۆیان بەدەســـت دەهێنا، جلوبەرگی خۆیان ساز دەکرد، هیچ ئاڵوێرێک لە ڕێگەی پارەوە لە ئارادا نەبوو. کۆیلەداری جێگەی کۆمۆنی ســـەرەتایی گرتەوە و لەو قۆناغەدا ئەوە کۆیلەکان بوون کـــە کاریان دەکـــرد و بەرهەمیان دەهێنا، دوای ئەوەش قۆناغی فیئۆداڵی هات و لەو قۆناغەدا زەوی (مڵکی باغداری یان زەوینی کشتوکاڵ) لە ژێردەستی فیئۆداڵ و خاوەن زەوییەکاندایە و جووتیارانی کرێگرتە و ڕەعیەتەکانیش لەسەر زەوییەکان کاریان دەکرد و بەرهەمیان دەهێنا.

لە ســـەردەمی فیئۆداڵیدا زۆر شـــوێنی نوی دۆزرانەوە، ئەو شـــوێنە نوێیانەش، ئەگەر لە لایەک

سەرچاوەی کەرەستەی خاو بوون، لە لایەکی دیکەشەوە وەکوو بازاڕی نوێ چاویان لێ دەکرا و بە گوتەی مارکس، لەو قۆناغەدا خەڵکێکی زۆر لە جووتیارەکان ناچار بوون دەست لە کاری کشتوکاڵیی خۆیان هەڵگرن، چونکە ئەو زەوییانەی پێشتر بە خۆڕایی بۆ کارکردن لەسەریان لە بەردەستی خەڵکیدا بوون، دواتر بۆ ئاژەڵداری پاوان کرابوون. دەزگا و کەرەستەی بەرهەمهێنانی نوێ هاتنە کایە و ڕێژەی حەشیمەت زیادی کرد. لە ئاکامدا سیستەمی فیئۆداڵی هەڵوەشایەوە و و سیستەمێکی دیکەی کۆمەڵایەتی هات و جێگەی فیئۆداڵی گرتەوە، ئەو سیستەمە نوێیە بریتی بوو لە سەرمایەداری. بە گوتەی مارکس سەرمایەدارییش، بە هۆکاری ناتەباییەکانی ناو خۆی، دەگۆڕدرێت بۆ قۆناغێکی نوێتر، واتە سیستەمێکی سۆسیالیستی و لە ئاکامدا ئەو ڕەوتە بەو شێوەیە دەبێت کە تاکەکەس لە کۆمەڵگەیەکی بێ چیندا بژیت و لەو کۆمەڵگەیەشدا دەوڵەت پێویست نییە. ئەو کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستییە و لەوێدا ناتەباییە کۆمەڵایەتییەکان نامێنن و لەو کۆمەڵگەیەدا هەموو پێویستی و پێداویستییە پێشبینیکراوەکانی مرۆڤ دابین و دەستەبەر دەکرێن.

مارکس ئەو ڕەوتی گەشەسەندنەی وەکوو ڕەوتی گەشەی منداڵ بەرەو گەورەساڵی دەبینی، پێی وا بوو تەنیا ئەو دەمە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گەیشووەتە قۆناغی "گەورەساڵی" کە بگاتە قۆناغی کۆمۆنیزم. دوای تێپەڕین لە کۆمۆنی سەرەتایی، مرۆڤ لە جەوهەری خۆی دوور کەوتووەتەوە و ئیتر بە گوتەی مارکس، ئامانج ئەوەیە کە مرۆڤ بگەڕێتەوە سەر بنەما و سروشتی بنەرەتیی خۆی.

## سەرمایەداری

بە بڕوای مارکس، گەورەترین تایبەتمەندیی سەرمایەداری ئەوەیە کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە دەستی تاقمێکی کەمدا پاوان دەکرێن و لە ئاکامدا زۆربەی هەرە زۆری خەڵک، واتە کرێکاران و زەحمەتکێشان ناچار دەبن هێزی کاری خۆیان بفرۆشن، سەرمایەداری شێوەیەکی کاریگەری بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە هێنایە کایەوە و لە قۆناغە مێژووییەکانی پێش سەرمایەداریدا، بە هۆکاری لە خوارەوەبوونی ئاستی بەرهەمهێنان، ئاستی ژیان بە ڕادەیەکی زۆر بەرچاو لە خوارەوە بوو، بەڵام لە سیستەمی سەرمایەداریدا ئەو گیروگرفت و کێشانە ئیتر چارەسەر کراون.

سەرمایەداری قۆناغێکە کە مرۆڤایەتی دەبێت لێی تێپەڕ ببێت، بەڵام بە هۆی ناتەباییەکانی نێو خۆی، سیستەمێکی ناسەقامگیرە، بۆیە دوای بەجێهێنانی ڕۆڵی مێژوویی خۆی، دەبێت جێگەی خۆی بدات بە سیستەمێکی نوێی کۆمەڵایەتی و سەرەڕای ئەوەش، سەرمایەداری بە گوتەی مارکس، هەر لە بنەرەتەوە سیستەمێکی بێڕەوشتانە و دوورە لە پرەنسیپەکانی ئاکار، دواتر باس لە و ڕەخنە ئاکاریانە دەکەین کە مارکس ئاراستەی سەرمایەداریی دەکردن.

لە سیستەمی سەرمایەداریدا کرێی کاری کرێکاران هێندە لە خوارەوەیە کە بە زەحمەت بەشی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان دەکات، هەروەها بە هۆکاری

چوونە ســەرەوەی بەردەوامی ستانداردی ژیان، مارکس "پێشبینیی" ئەوەی کردبوو کە لە داهاتوودا کرێی کاری کرێکاران و لە ئاکامدا ئاســتی ستانداردی ژیانیش پتر دێتە خوارەوە و ئەوە یەکێک لە ناتەباییەکانی سیســتەمی ســەرمایەدارییە. (پێشتر هەر لە سەردەمی ژیانی مارکسدا دەرکەوت کە ئەوە ڕاست نییە، بۆیە ئەو تیۆرییە گۆڕانی بەسەردا هات و بە جۆرێک کە پێی وایە ستانداری ژیانی کرێکاران بە بەراورد لەگەڵ ژیانی سەرمایەداران، دێتە خوارەوە).

ناتەباییەکی دیکەی سیستەمی ســەرمایەداری بە گوتەی مارکس، بریتییە لە "مەیلی ڕێژەیی هاتنەخوارەوەی نرخــی قازانج" (the declining tendency of the rate of profit). بەهۆی ئۆتۆماتیزاســیۆنی بەرهەمهێنان و پەرەسەندنی ئاســتی ململانێی نێوان بەرهەمهێنەران لە بازاڕدا، داهاتی ســەرمایەدار بەرە بەرە کەمتر دەبێتەوە و لە ئاکامدا سەرمەیەداری تووشی قەیرانی ئابووری دەبێت و بەرە بەرە توانایی بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کەرەستە و کەلوپەل و پێداویستییانەی کە خەڵک پێویســتیان پێیەتی، کەم دەبێتەوە. کار و کاسبییە بچکۆلەکان لەو ململانێ و کێبڕکێیانەدا خۆیان دەدەن بــە دەســتەوە و ئەوانەش کە گیان بەدەردەبەن دەمێنننــەوە و تاکوو دێت گەورە و گەورەتر دەبن. لەو قۆناغە لە سەرمایەداریدا بازاڕ تاکوو دێت زۆرتر و زۆرتر دەکەوێتە پاوان و مۆنۆپۆلی دەستە و تاقمێکــی کەمتر، بەڵام لــە هەمان کاتدا گەورە و گەورەتر. ئەو قۆناغە پێی دەوترێت "دوا قۆناغی پەرەســەندنی ســەرمایەداری" و ئەو قۆناغەی ســەرمایەداری بەوە کۆتایی پێ دێت کە پرۆلیتاریا دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی چینی سەرمایەدار دەردێنێت، بەو جۆرە مرۆڤایەتی پێ دەنێتە قۆناغی سۆسیالیسی.

لــە دەورانــی تێپەڕبوون بۆ قۆناغی سۆسیالیســتی، بەرە بەرە بەشــداریی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریــدا زۆرتر و زۆرتر دەبێت و تاکوو دێــت بوارە جۆراوجۆرەکانی کەرتی تایبەتیش پتر دەدرێنە کەرتی گشتی. کەلوپەل و کەرەستە و دابینکردنی پێداویستییەکان کە لە سیستەمی سەرمایەداریدا بە نرخێکی دیاریکراو دەخرانە ناو بازار، "بێ بەرانبەر" لەلایەن کەرتی گشتییەوە دەخرێنە بەردەستی خەڵک، ئەوە کاتێک ڕوو دەدات کە هاتنەخوارەوەی نرخ بۆ سەر سفر، نەبێتە هۆی چوونەسەرەوەی ئاســتی بەکارهێنانیش، کەواتە مارکس ئەو یاسا ئابوورییەی قەبووڵ نەبوو کە دەڵێ ئەگەر نرخی کەلوپەل و پێداویســتییەکان خەڵک بێتەخوار، ئاستی بەکارهێنانیش دەچێتە سەرەوە. دابینکردنی سەرچاوە ماڵییەکان بۆ هەڵسووڕانی ئەو دامودەزگا فەرمییانەی دابینکردنی پێداویستییە گشتییەکان، لە ڕێگەی بردنەســەرەوەی وردە وردەی باج دابین و دســتەبەر دەکرێت، تاکوو دێت زۆرتر و زۆرتر کاروباری ئابووری دەخرێتە بندەســتی دەوڵەت. لە ئاکامدا دەوڵەت بەڕێوەبردنی کاروباری ئابووریی کۆمــەڵ و کۆمەڵگــە، لە ڕێگــەی بەڕێوەبەرایەتییەکــی دەوڵەتییەوە بەدەســتەوە دەگرێت و هیچ کاروبارێکــی بازرگانی و ئابووری لە دەرەوەی دەســەڵاتی دەوڵەتدا نابێــت، هەروەها دەوڵەت دژی هەموو ئەو کەسانەش دەوەستێتەوە کە دژایەتیی ئەو ئاڵوگۆڕانە دەکەن.

لەو سیســـتەمەدا تاکەکەسەکان ناتوانن لەسەر بنەمای ئاوەزی خۆیان کار بکەن، مارکس پێی وا بوو کارێکی لەو جۆرە دەبێتە هۆی ئاژاوە و بێسەرەوبەرەیی سەرهەڵ دەدات، چونکە یەک بە یەکی مرۆڤەکان توانای بیرکردنەوەی ژیرانەیان نییە، ئاخر ئاوەز بەســـتراوەتەوە بە زمان و زمانیش دیاردە و بەرهەمێکـــی کۆمەڵایەتییە و لەبەر ئەوەش ئاوەز بەرهەمێکـــی کۆمەڵایەتییە، تەنیا کۆمەڵگە واتە دەوڵەت، دەتوانێت کۆمەڵ بە شێوەیەکی ژیرانە و ئاوەزمەندانە ڕێک بخات. مارکس بڕوای وا بوو کە مێشک و هۆش و جەوهەری مرۆڤ بە جۆرێکە کە ئاوەزی ئەو بەکۆمەڵە. (Marx believed that it is the essence of man that his reason is collective).

**مرۆڤ**

ئـــەوەی کـــە مرۆڤ لە ئاژەڵەکانی تر جیا دەکاتەوە بریتییە لـــەوەی کە مرۆڤ دەتوانێت هەڵبژێرێت (he has choices) و بـــۆ ئەوەی کە بتوانین هەڵبژێرین، پێویســـتیمان بە زمانە و زمانیش وەکوو پێشـــتر ئاماژەمان پێی دا، بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە. کەواتە بە بـــڕوای مارکس، ئاوەز بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە و لە پڕۆسەیەکی دوورودرێژی کۆمەڵایەتیدا دروست بووە و هەروەها شتێکی بەکۆمەڵە. کەواتـــە بیر و ڕوانگەکانی مرۆڤ لەلایەن چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە دیاری دەکرێن و بەو جۆرە هەر کەســـێک بۆ بردنەپێش و دابینکردنی قازانج و بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی خۆی خەبات دەکات، دیسانیش مارکس لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە لەو پێوەندییەدا ناکرێت ئێمە تاکەکەس لە بواری ئاکار و ڕەوشتییەوە بە بەرپرس بزانین. مارکس وەکوو ماتریاڵیستێک بەڵگەی بۆ ئەوە دەهێنایەوە کە مرۆڤ خاوەنـــی ئیرادەی ئازاد نییە و ئەو بیر و ڕوانگە فەلســـەفییانەی کە ئەندامانی چینێکی کۆمەڵایەتی بۆ ڕەواییدان بە بۆچوونە سیاســـییەکانیان کەڵکیان لێ وەردەگرن، هیچکات "ڕاستی" نین. مارکس بەو کۆمەڵە بیرۆکە و بیر و بۆچوونانەی دەوت ئایدئۆلۆژی و دیســـانیش ڕوانگە و بیر و بۆچوونەکانی مارکس، لەو یاسا گشتییە بەدەرن.

هەر کام لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵ پێویستییەکی مێژوویین و مارکس بە ئاشکرا دەڵێت کۆیلەتی بۆ دەورەیەک پێویســـت بوو، هەر بەو جۆرەی کە "چەوساندنەوە"ی چینی کرێکار لەلایەن چینی سەرمایەدار، لە سیستەمی ســـەرمایەداریدا پێویستە، کەواتە ئەمە لە ڕوانگەیەکی ڕەوشتی و ئاکارییەوە بە شتێکی ناپەسند ئەژمار ناکرێت، دیسان زۆرتر لەبەر پرسە ئاکارییەکان بوو کە مارکس بە دژی سەرمایەداری خەباتی دەکرد.

بەگوێرەی بۆچوونەکانی کانت و هێگڵ، کەسێکی ڕاستەقینە، منێکی ڕاستەقینە، بریتییە لە منێکی جیهانی و منی ڕاســـتەقینە، خۆی لە خۆیدا هەموویە، گشتە، منێکی ڕاستەقینە، بەکۆمەڵە،هەروەها مارکس بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە مرۆڤایەتی یەک ڕێکخراوەیە و پێی وا بوو مرۆڤ پێش لە هەر شـــتێک دەبێت وەکوو بەشێک لە گشت ببینرێت، مرۆڤ جۆرە بوونەوەرێکە (Gattungswesen).

مارکس پێی وا بوو کە ئەو خودە بەکۆمەڵە، کاتێک تاکەکەس بۆ بەدەستهێنانی داهاتی ڕۆژانەی خۆی کار دەکات، تووشی بێهیوایی دەبێت. هەروەها بە گوتەی مارکس ئەوە هۆکاری ئەو ویژدانجووڵانە یە کە تاکەکەس لە کاتی کارکردن بۆ بەدەستهێنانی داهات لە خۆیدا هەستی پێ دەکات. ڕوانگەی کانت و مارکس لە باری ئاکار و ڕەوشتەوە بە جۆرێکە کە تاکوو تاکەکەس لە دنیای فیمینۆلۆژی واتە سەرمایەداریدا سەرکەوتووتر بێت، بایەخی ئاکاریی کەمترە. بە بڕوای مارکس سەرمایەداری بێڕەوشتانە و دوور لە پرەنسیپەکانی ئاکارە، چونکە لەو سیستەمەدا تاکەکەس لە پێناوی قازانجە تاکەکەسییەکانی خۆی، خەریکی بەرهەمهێنان، بازرگانی، کڕین و فرۆشتنە. مارکسیش وەکوو کانت پێی وا بوو لە کاتی بڕیاردانی پێشوەختەی ئاکاری و لە کاتی جێبەجێکردنی هەر کارێکدا، ئەوەی بە گرنگ دادەنرێت بریتییە لە مەبەست و ئامانج و مۆتیڤاشۆن لەو کارە، نەک ئاکام و لێکەوتەی کارەکە. لە سەرمایەداریدا مەبەست و ئامانجی خەڵک لە بەرهەمهێنان، بریتییە لە بەدەستهێنانی قازانجی تاکەکەسی، ئەگەر لێرەدا مرۆڤ جاروبار یارمەتیی خەڵکی دیکە دەکات، ئەوە بە ئاکام ئەژمار دەکرێت، نەک مەبەست و ئامانج.

لە سەرمایەداریدا بەرهەمهینان کاریگەر و پڕبارە، بەڵام لە خۆمانمان بێگانە دەکات، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە مارکس لە بواری ڕەوشتی و ئاکارەوە ڕەخنەیەکی جیددیی لە سەرمایەداری هەبوو. لە سەرمایەداریدا دابەشکردنی کار بە پرەنسیپێکی بنەڕەتی لە ڕێکخسینی ئابووریدا ئەژمار دەکرێت، مەبەست لە دابەشکردنی کار ئەوەیە کە هەر کەس لە جۆرە کارێکدا شارەزایی هەبێت، واتە یەکێک ماسیگرە، یەکێک دارتاشە، یەکێکی تر نووسەرە و ئەوی تریش پزیشکە و هتد.. "خۆبەستنەوە" بە یەک جۆر کار، ڕێگەی ئەوەمان لێ دەگرێت کە هەموو توانا و لێوەشاوەییەکانی خۆمان بەکار بهێنین، هەوڵ بدەین و لە ئاکامدا گوڵ بکەین. ئاخر ئێمە تەنیا کاتێک دەتوانین گوڵ بکەین کە دەرفەتی ئەوەمان هەبێت لە هەموو توانا و لێوەشاوەییەکانی خۆمان کەڵک وەرگرین، کەواتە دابەشکردنی کار لە خۆمانمان بێگانە دەکات. هەروەها لە ئاکامی ناچاربوون بە فرۆشتنی هێزی کاری خۆمان لە بازاڕی ئازاددا، لە خۆمان بێگانە دەبین و لەوەش زیاتر بەرهەمهێنان بە مەبەستی بەدەستهێنانی قازانج و بەرژەوەندی، لە خۆمانمان بێگانە دەکات، یان بە واتایەکی دیکە؛ ڕەوتی بەرهەمهێنان لە سەرمایەداریدا مرۆڤ لە خۆی دادەبڕێت و بەرەو بیگانەبوون لە خۆی دەبات.

کەسێک کە لە خۆی بیگانە دەبێت، خاوەنی باوەڕبەخۆبوونێکی کەمە و هەست بە بێنرخبوونی خۆی دەکات، مرۆڤ تەنیا لە ڕێگەی بەکاربردنی هەموو توانا و لێوەشاوەییەکانیەوە دەتوانێت خۆی گەشە پێ بدات و بە شێوەیەکی ڕاستەقینە گوڵ بکات. (هێگڵ یەکەم کەس بوو کە پرسی لەخۆبێگانەبوونی هێنایە بەرباس).

مارکس دەیگوت کار نرخ و بایەخەکان بەرهەم دێنێت، لێرەدا مەبەست کاری فیزیکییە. کاری هزری، بۆنموونە، ئەو زەحمەتانەی کە لە بەڕێوەبردنی کۆمپانیایەکدا دەکێشرێن، هیچ بایەخێکیان

نییە و ئەو کەسەی کە خاوەنی کۆمپانیاکەیە، داهاتی لە ئاکامی کاری جەستەیی و فیزیکیی کرێکار و فەرمانبەرانی دیکەدا دەست دەکەوێت، بێ ئەوەی کە خۆی هیچ کارێکی کردبێ، داهاتی دەست دەکەوێت. ئاخر ئەوە کرێکارەکانن کە لە ڕێگەی کاری خۆیانەوە بایەخ و نرخ و بەها بە کەرەستەی خاو دەبەخشن، بەڵام دیسانیش ئەو کرێیەی کە بە کرێکار دەدرێت، زۆر کەمترە لەو بەهایەی کە کرێکار بە هۆی کارەکەیەوە بە کەرەستەی خاوی دەبەخشێت. ئەو نرخەی لەو جیاوازییە دروست دەبێت کە بەر دەستی خاوەنکار دەکەوێت، بەبێ ئەوەی کە خۆی هیچ کارێکی کردبێت. بەو جیاوازییە دەوترێت زێدەبایی، ئەو زێدەباییە بەناوی "قازانج" دەچێتە گیرفانی خاوەن کۆمپانیاکە.

لە ڕوانگەی مارکسەوە، ئەو ئازادییەی کە لە سەرمایەداریدا بۆ هەڵبژاردنی پیشە، شوێنی ژیان و هتد... هەیە، تەنیا وەهم و خەیاڵێکە و هیچی تر، کرێکار ناچارە و دەبێت کار بکات و هێزی کاری خۆی بفرۆشێت. سەرمایەداری وەکوو سیستەمێکی ڕزگاریدەر دێتە بەرچاو، بەڵام ئەوە تەنیا ڕواڵەتی بابەتەکەیە و لە ڕاستیدا سەرمایەداری سیستەمێکی زاڵمانەیە کە لەسەر چەوسانەوە ڕاوەستاوە و مرۆڤ تووشی نامۆبوون و لەخۆبێگانەبوون دەکات، هیچ گومانی تێدا نییە کە سەرمایەداری لە بواری بەرهەمهێناندا سیستەمێکی پڕبار و کاریگەرە، بەڵام وەکوو هەر شتێکی دیکە لە هەناوی خۆیدا زۆر ناکۆکی و ناتەبایی تێدایە کە وای لێ دەکەن پاش تەواوبوونی ڕۆڵی مێژوویی خۆی، لەبەر یەک هەڵوەشێتەوە و جێگەی خۆی بدات بە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی دیکە.

کاریگەربوون پێویستی بە ژیربوون هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە تەنیا کۆمەڵ (وەکوو گشت، نەک تاکەکەس) دەتوانێت ژیر بێت، دەوڵەت دەبێت بەڕێوەبەرایەتی و ڕێکخستنی کاروباری بەرهەمهێنان بەدەستەوە بگرێت. مارکس وەکوو ئامانج سەیری ئەو پرەنسیپەی دەکرد کە لە کارگەیەکدا دەبینرێت و ئەو ڕێکوپێکییەی لەگەڵ ئەو بێ سەرەوبەرەییە کە لە سیستەمی سەرمایەداریدا هەیە، بەراورد دەکرد و ئەیگوت ئەگەر سیستەمی ئابووری وەکوو یەک سیستەم ڕێک بخرێت و بەڕێوە ببردرێت، کاریگەرییەکەی وەکوو ئەوەیە کە لە یەک کارگەدا دەبینرێت، زۆر دەبێت، کاراییەکەی دەچێتە سەرەوە و ڕێکوپێکی و دیسپلین جێگەی بێسەرەوبەرەیی دەگرێتەوە و ڕادەی بەرهەمهێنان دەچێتە سەرەوە. بەو پێیە، ڕادەی بەرهەمهێنان، بە گوتەی مارکس، لە سۆسیالیزم و کۆمۆنیسمدا زۆر زیاترە لەوەی کە لەژێر سێبەری بێسەرەوبەرەیی سەرمایەداریدا هەیە.

مارکس لەو بڕوایەدا بوو کە کرێکاران خۆیان ناتوانن ڕێبەرایەتیی خەبات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی بەدەستەوە بگرن، ئەوان زۆرتر بیر لە کرێی زۆرتری کارەکەیان، کاتی کاریی کەمتر و هەلومەرجێکی باشتر بۆ کار دەکەنەوە و ئەوەی کە لەڕاستیدا بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی پێویستە، ئاگایی و وشیاریی کرێکارانە، بۆیە ئەرکی ڕووناکبیرانە کە دەبێت وشیاری و ئاگایی لەنێو کرێکاراندا بڵاو بکەنەوە.

بزووتنەوەی سۆسیالیستی پاش مردنی مارکس گەشەی کرد و لە ئاکامدا ئەو بزووتنەوەیە بەسەر

دوو باڵی گەورە و چەند تاقمی تری بچووکدا دابەش بوو. باڵێکی ڕادیکاڵ کە بە ناوی کۆمۆنیســـت ناســـران و باڵێکی دیکەی مامناوەندی و میانەڕۆ کە وەک سۆســـیال دیموکرات ناویان دەرکرد، بە درێژایی ساڵانی سەدەی بیستەم لە زۆر وڵاتدا کۆمۆنیستەکان و سۆسیال دیموکراتەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت.

## سەدەی بیستەم

قۆناغی پاش ڕێنێسانس تاکوو دەگاتە شەڕی جیهانیی یەکەم، پڕیەتی لە پێشکەوتن و پەرەسەندنی هەمەلایەنە. لەو دەورەیەدا زانست بە چەشنێکی بەرچاو گەشەی کرد و تەکنۆلۆژی لە زۆربەی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان و پیشەسازیدا جێپەنجەی دیارە، ستانداردەکانی ژیان و بژیویی ماددیی خەڵک بە توندی لە ڕەوتی چوونەسەردایە، چوارچێوە و قەوارەی سیاسی بە قازانجی دابەشکردنی دەسەڵات لە ڕەوتی گۆڕاندایە. کەچی سەرەڕای هەموو ئەوانە، ئەو گەشبینییەی کە لە ئاکامی ئەم بارودۆخەدا هاتبووە پێش، لە ســـەرەتای دەســـتپێکردنی سەدەی بیســـتەمدا کۆتایی پێ هات. لە کۆتاییەکانی ســـەدەی نۆزدەهەمدا نیشانەکانی سەرهەڵدانی قەیرانێکی هەمەلایەنەی ئابووری خۆیان نیشان دا و هەر لە دەستپێکردنی شەڕی جیهانیی یەکەمەوە تاکوو ئەمڕۆ، ورەیەکی نەرێنی و نێگەتیڤیانە باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە.

ئەو ڕەشـــبینییە تەنانەت لە ئەدەبیاتیشدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە . Eliot T.S. لەو بارەیەوە بەناوبانگترین شێعری ئەو سەدەیەی لەژێر ناوی (the Waste Land) (١٩٢٢) هەیە، یان ئەرنست هەمێنگوای لە "خۆریش هەڵدێ" کە لە ســـاڵی ١٩٢٧ی زایینیدا بڵاو کراوەتەوە، باسی "نەوەیەکی ونبوو" دەکات. کنوت هامســـۆن، لە "مارکن گرۆد"دا (١٩١٧) ژیانی سانا و ساکاری سەرزەوی بەرز دەنرخێنێت و شارستانیەتیش نەفرین دەکات. (Oswald Spengler)ی ئاڵمانی، لە بەرهەمەکەی خۆیدا بە ناوی Untergang des Abendlandes، (١٩١٨-١٩٢٢) ڕۆحی سەردەم بە شێوەیەکی جوان نیشـــان دەدات، ئەو ڕەشبینییە کەم و زۆر لە بەرهەم و ئاسەوارە ئەدەبییەکانی دیکەشدا هەر دەبینرێت.

لە بواری زانســـتە سروشتییەکاندا، "تیۆریی نســـبیەت" هاتە کایەوە، ئەو تیۆرییە بە شێوەیەکی زانســـتی ئەو دروشـــمە هۆشـــەکییە دەســـەلمێنێت کە دەڵێت؛ "هەموو شـــتێک ڕێژەییە". هەر لەو ســـەروبەندەدا بنەمای "دڵنیانەبوونی هایزنبێرگ"ـــمان دۆزیەوە، ئەو بیردۆزە لەســـەر بنەمای جیاوازییەکانی نێوان مێتافیزیک و زانینناسیدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باس لەوە دەکات کە ئێمە ناتوانین لە ئاســـتی میکرۆدا لە هیچ زانیارییەک دڵنیا بین. ئەمە بووەتە هۆی ســـەرهەڵدانی کێشە لە نیوان "بۆهرو" هەروەها فیزیکزانی بەناوبانگ "ئەنیشتاین"ـــدا لەســـەر ئەوەی کە ئایا لە ئاستی میکرۆدا ئێمە دەتوانین لە هەبوونی یاســـاکانی هۆکار و ئاکام دڵنیا بین یا نە. بۆهر پێی وایە کە ئەو

یاسایانە لە ئاستی میکرۆدا بوونیان نییە، ئەنیشتاین پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو یاسایانە هەن، بەڵام تاکوو ئێستە نەمانتوانیوە بیاندۆزینەوە، ڕوانگەی بۆهر (لە ڕاستای ڕوانگەکانی هیومدا) بەرە بەرە قەبووڵ کرا.

هەوڵ و بۆچوونەکانی "زیگمۆند فرۆید"ی دەروونزان بوون بە زانستیکی سەربەخۆ، فرۆید گوتی وشیاری و ئاگایی مرۆڤەکان لە سێ بەش پێک هاتووە؛ بەشی بنەڕەتی بریتییە لە «id» واتە ناسنامە، ئەو بەشە لە خۆڕسک و پاڵنەرە سەرەتایی و بیۆلۆژیکییەکان پێک هاتووە. بەشێکی دیکە بریتییە لە "منی باڵا" یان «superego»، ئەو بەشە لەو بیر و ڕوانگە جۆراجۆرانە پێک هاتووە کە لە کولتوور و فەرهەنگەکاندا هەن و ئەوانە ویژدان و نۆرمەکانمان پێک دەهێنن. ئەو دوو بەشە بێ ویستی خۆتن (are unconscious)، بەڵام بەشی سێهەم کە پێی دەوترێت «ego»، وشیارانەیە. ئەو بەشە دوو ئەرکی هەیە: یەکەم بریتییە لە وێناکردن و تۆمارکردنی ڕاستییەکان و دووهەم تاکوو ئەو جێگەی کە دەکرێت ئەو نارەزایەتی و بێهیواییە کەم بکاتەوە کە مرۆڤ لە کاتی تێرنەبوونی ویستە خۆڕسەکانیدا لەگەڵیان بەرەوڕوو دەبێت. ئەفلاتۆنیش لە کاتی خۆیدا ئاگایی مرۆڤی بەسەر سێ بەشدا دابەش کردبوو.

گۆڕانکارییە سیاسییەکانی سەدەی بیستەم ئەوەیان دەرخست کە ئەو ڕەشبینییەی لە سەرەتای ئەو سەدەیەدا دنیای داگرتبوو، هێندەش بێ بناغە نەبوو. سەدەی بیستەم لە زۆر بوارەوە سەدەیەکی پڕ لە ناخۆشی و کارەسات بوو، شەڕەکانی جیهانیی یەکەم و دووهەم، کۆمەڵکوژی وماڵوێرانییەکی هێندە بەرینیان بەدوای خۆیاندا هێنا کە تاکوو ئەودەم لە مێژوودا بێوێنە بوو. (ژینۆساید و کۆمەڵکوژی لە جەرگەی شارستانیەتی ئورووپادا).

کۆمەڵکوژی سیستەماتیک پێشتریش ڕووی دابوو، بەڵام ئەوەی کە بە درێژایی شەڕی جیهانیی دووهەم لە پێشکەوتوترین و شارستانیترین بەشی جیهاندا ڕووی دا، قەت لە مێژوودا نەدیترابوو. لە ئاڵمانی مۆدێڕندا بە شێوەیەکی سیستەماتیک بە میلیۆنان کەس لە جوولەکە، کاولی، هۆمۆفیلەکان و کەسانێک کە لە بواری دەروونییەوە نەخۆش بوون، کۆمەڵکوژ کران (باس لە یازدە میلیۆن کەس دەکرێت کە بەو جۆرە ژینۆساید کراون)، یەکێک لە دڵتەزێنترین ڕووداوەکان لە پێوەندی لەگەڵ هۆلۆکاستدا هاتە ئاراوە، ئەوە بوو کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئاسایی ئاڵمان پشتیوانییان لەو کۆمەڵکوژییە کرد، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک وەکوو کاربەدەستی دەوڵەتی، نیگابان و جەلاد لە بەڕێوەبردنی ئەو تاوانەدا هاودەست بوون، (لەبەر ئەوەی کە ئەوان فەرمانیان پێ کرابوو).

## بۆچی پێڕەوییان لەو فەرمانە کرد؟

ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت کە ئەوان فێر کرابوون پێڕەوی لە بڕیار و فەرمانەکانی کاربەدەستان بکەن، ئەوان فێر کرابوون کە دەوڵەت گرنگترە و تاکەکەس هیچ بایەخێکی نییە، ئەوان فێر کرابوون کە

ژیانیکی باش لەگەڵ ڕەوشتی بەرز نایەتەوە، چونکە تیۆرییە ئاکارییەکان پێیان دەوتن کە خۆشترین شــت لە ژیاندا ئەوەیــە کە ئەرکەکانت بەڕێوە ببەیــت، تەنانەت ئەگەر لە کاتــی بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانەدا تووشــی کێشــەش بیت یان ناچار بیت لەگەڵ هەموو هەست و ویستە سروشتییەکانتدا بەربەرەکانێ بکەیت، دیسانیش "دەبێت زۆر کەس لەوان وەسوەسە بووبن کە خەڵک نەکوژن، دزی نەکەن، نەهێڵن دراوسێکانیان بمرن... بەڵام هەر خودا دەزانێت، ڕەنگە ئەوان فێرکرابێتن لە بەرانبەر وەسوەسەدا بەربەرەکانێ بکەن" (Arendt, s.152.).

لە ئۆکتۆبری ساڵی ١٩١٧ی زایینیدا، کۆمۆنیستە ڕادیکاڵەکان، لە ڕێگەی سەرهەڵدانی کودیتاوە، دەســەڵاتی سیاسییان لە ڕوسیەدا بەدەستەوە گرت، ئەوان دەستیان کرد بە ڕێکخستن و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیســتی و ئەمەش بوو بە هۆکاری ســەرکوتی سیاسی، کۆمەڵکوژی جیابیرانی سیاســی، ســتانداردێکی زۆر نزمی ژیان بۆ زۆربــەی خەڵک (جگە لە کاربەدەســتان) و هەروەها سیاسەتێکی زاڵمانە لە دەرەوەدا.

لە ســەروبەندی ســاڵەکانی ١٩٩٠ی زایینیــدا، بارودۆخێک هاتە پێش کە بــۆ هەموو کەس دەرکەوتبوو کە ئەزموونی سۆسیالیســتی، بێجگە لە دۆڕان و تێکشــکانێکی تەواو، شــتێکی دیکە نەبوو، هەر لەو ســەروبەندە و لە زۆربەی وڵاتانی سۆسیالیستیی ئەودەمدا باس لەوە دەکرا کە بەرەو دامەزراندنی بازاڕی ئازاد و ئابوورییەکی ســەرمایەداری هەنگاو هەڵگرن، (زۆری نەکێشا ئەوە بوو بە ڕاست).

دەوڵەتی خۆشــبژیوی دووهەمین سیســتەمی سیاسییە کە لە سەدەی بیســتەمدا دەسەڵاتی بەدەســتەوە بووە، یەکەمین دەوڵەتی خۆشــبژیوی لەلایەن بیســمارک لە ئیمپراتۆریی پرۆس و لە دەیــەی ١٨٨٠ی زایینیــدا پێک هات، تاکوو دەهات دەســتە و تاقمە جۆراوجۆرەکان دەســەڵاتی زۆرتریان بەدەست دەهێنا و لە هەر هەڵبژدنێکدا سیاسەتمەدارەکانیش بەڵێنی زۆرتر و زۆرتریان بە خەڵک دەدا، تاکوو لە ئاکامدا ئەو سیســتەمە بەرەو بێسەرەوبەرەییی تەواو ڕۆیشت و قەیرانی قووڵ و هەمەلایەنەی ساڵەکانی ١٩٢٠-١٩٣٠ بەدوادا هات، هەر ئەمەش بوو بە هۆکاری ئاوسانێکی زۆر، بێکارییەکــی بەرین، هاتنەخوارەوەی لەڕادەبەری ئاســتی ژیانی خەڵک و چوونەســەرووەی ئاماری تاوانــەکان. خەڵکی ئاڵمان پێویســتیان بە "پیاوێکی بەهێز" بوو کە لــەو بارودۆخە ڕزگاریان بکات، لە ئاکامدا گەورەترین کارەســاتی مێژووی دنیا تاکوو ئەودەم ڕووی دا و شــەڕی جیهانیی دووهەم هەڵگیرسا.

پاش تەواوبوونی شەڕی جیهانیی دووهەم لە زۆربەی وڵاتەکاندا (بێجگە لە وڵاتە سۆسیالیستەکان و چەند وڵاتی فاشیســتی) سیستەمی دەوڵەتی خۆشــبژیوی دامەزرا و بۆ چەندین ساڵی بەردەوام ئــەو بارودۆخە زۆر باش دەچووە پێش، بەڵام لــە ئاکامدا لە دەیەی ١٩٧٠ی زایینی، لە هەموو ئەو وڵاتانەدا نیشــانەکانی قەیرانێکی قووڵ سەریان هەڵ دا، گرنگترین نیشانەکانی ئەو قەیرانەش بریتی

بوون لە چوونەسەرەوەی ڕادەی بێکاری، ئاوسانێکی زۆر و بێڕەونەقیی ئابووری، لاوازیی سیاسی، زۆربوونی ئاماری تاوان و هاتنەخوارەوەی چۆنیەتیی دابینکردنی پێداویستییە گشتییەکان، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە بەشی دەوڵەتی تاکوو دەهات زۆرتر کاروباری ئابووریی وڵاتی بەدەستەوە دەگرت و لە بەرهەمهێناندا ڕۆڵی بنەڕەتیی دەگێڕا.

سەرەڕای هەموو ئەو ئاکامە لاوازانەش، شێوازێکی دەوڵەتی خۆشبژێژی، وەکوو سیستەمێکی ئابووریی کۆمەڵایەتی، ئێستاشی لەگەڵ بێت لە دنیادا هەر لایەنگری و پشتیوانی لێ دەکرێت، ڕەنگە ئەوەش لەبەر ئەوە بێت کە زۆربەی خەڵک ئامانج لە دامەزراندنی سیستەمی دەوڵەتی خۆشبژیوی، بە ئامانج و مەبەستێکی باش بزانن، بەڵام هەنووکە جەنگەی ئەو پرسیارەیە کە بپرسین ئایا فەلسەفەی سەدەی بیستەم بیر و بیرۆکەیەکی ئەوتۆی هەیە کە بتوانێت ئەو گیروگرفتانە چارەسەر بکات؟

## پراگماتیزم

لە سەدەی بیستەمدا لە هەموو وڵاتانی ڕۆژئاواییدا ئاستی ژیان و بژیویی ماددیی خەڵک بە چەشنێکی زۆر بەرچاو بەرز بوویەوە، لە ئاکامدا گەلێک سەرچاوەی ئابووری بۆ لێکۆڵینەوەی قووڵ و هەموولایەنە تەرخان کران و بەو جۆرە چالاکی و هەوڵ و تێکۆشانی فەلسەفیش گەشەی کرد، بێجگە لە ناوەندە ئەکادیمی و زانستییەکان، کە بە پارەی گشتی کاری لێکۆڵینەوەیان دەکرد، لە دەرەوەی ناوەندە فەرمییە ئەکادێمییەکانیشدا، ئەو جۆرە توێژینەوانە پەرەیان پێ درا، بۆیە لە هەموو بوارەکاندا گەلێک بیرمەندی گەورە کە خاوەنی پێگە و پرستیژی زانستی بوون، دەرکەوتن و ئاکامی ئەمەش بوو بەوەی کە لە سەدەی بیستەمدا گەلێک ڕێبازی فەلسەفیی نوێ سەریان هەڵ دا. لەو بەشەی ئەو کتێبەدا ئاماژە بە سێ دانە لە کاریگەرترین ڕێبازەکان دەکەین کە شوێندانەری و گاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بیر و هزری مرۆڤی ئەو سەردەمە داناوە.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا هەندێک فەیلەسووف کە زۆرترینینا لە ئەمریکا بوون، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە فەلسەفە زۆرتر بووەتە شتێکی واتایی و ناڕاست و دەیانوت فەلسەفە سەرقاڵی دنیا نۆمیناڵ و ڕۆحیی ڕەها، فۆرمەکانی ئەفلاتوون لە ڕەهەندێکی دیکە و بابەتی دیکەی لەو جۆرەیە. بەڵام فەیلەسووفە ئەمریکاییەکان سەرقاڵی پرس و بابەتی دیکە بوون و ئەیانوت: فەلسەفە دەبێت بەکەڵک بێت، ڕێنیشاندەری کار و کردەوەکانمان بێت و لە چارەسەری کێشە و گیروگرفتەکانی ژیانی ڕۆژانەدا یارمەتیدەر بێت. گرنگترین فەیلەسووفەکان لەو کۆمەڵە کەسە بریتی بوون لە چارلس پیرس (١٨٣٩-١٩١٤)، جان دیویی (١٨٥٩-١٩٥٢) و ویلیام جیمز (١٨٤٢-١٩١٠)، کە قوتابخانەیەکی نویی فەلسەفییان بە ناوی پراگماتیزم دامەزراند، (بنەچەکەی وشەکە یۆنانییە، «pragma» بە واتای کردەوە یان پراکسیس دێت).

ئەو بیرمەندانە لەو بڕوایەدا بوون کە پێویستە بۆ ڕێنوێنی و ڕێنیشاندانی کردەوەی کۆنکرێت و دیاریکراو، لە فەلسەفە کەڵک وەربگیردرێت و پێیان وا بوو کە خەڵک بە مەبەستی بەدیهێنانی هەندێک ئاکامی دیاریکراو بیر دەکەنەوە، کەواتە لە ئیدەکان و بیرۆکەکان دەبێت وەکوو ئامراز بۆ جێبەجێبوونی کار و کردەوەکانمان یان ڕێنوێنیی ئەو کار و کردەوانە کەڵک وەرگرین و ئیدەکان دەبێت پێمان بڵێن کە چۆن هەڵسوکەوت بکەین. بەو جۆرە ئەو فەیلەسووفانە نەریتی پێشووی فەلسەفە کە بریتی بوو لە وەڵامدانەوە بە پرسیارە بنەڕەتییەکانیان شکاند.

لە ڕوانگەی پراگماتیزمەوە مەبەست لە بیرکردنەوە دەبێت جێبەجێکردنی کارێک بێت، واتە بیرکردنەوە لە پلەی یەکەمدا دەبێت ڕێنیشاندەری کار و کردەوە و هەڵسوکەوتەکانمان بێت. دەوترێت ئێمە بۆیە کردەوە لە خۆمان نیشان دەدەین، چونکە لە بارودۆخی ئێستەی خۆمان ڕازی نین و گەرەکمانە بەرەو باشی بچین، لەم پێوەندییەشدا "دیویی" دەیوت؛ بیرکردنەوە نەخۆشییە. بە شێوەیەکی ئاسایی ئێمە ڕازین، ئاسوودەین، بەڵام کاتێک ڕازی نین، ئەوە لە بارودۆخێکداین کە دەتوانین بە نەخۆشیی دابنێین و لەو بارودۆخانەیە کە پێویستە بیر بکەینەوە. پرگماتیستەکان پێیان وایە کە لە هەلومەرجە ئاسایی و ڕۆتینییەکاندا بیرکردنەوە پێویست نییە، لەو بارودۆخانەدا ئەوەندە بەسە کە هەر بەو جۆرە هەڵسوکەوت بکەین کە بە شێوەیەکی ئاسایی هەڵسوکەوت دەکەین. تەنیا کاتێک کە هەلومەرجێکی پێشبینینەکراومان بۆ دێتە پێش، پێویستە بیر بکەینەوە و بیرکردنەوە تەنیا کاتێک پێویستە کە دەکەوینە هەلومەرجێکی زۆر دژوار و دەمانهەوێت کۆتایی بەو بارودۆخە نەخوازراوە بێنین.

پراگماتیستەکان وەکوو بەرنامەی کار و ڕێنیشاندەری کردەوە، بۆ بیرۆکەیەک دەڕوانن، ئەگەر دەمانهەوێت کارێک بکەین، دەبێت لە پێشدا بەرنامە و پلانمان بۆ ئەو کارە هەبێت و ئەو بەرنامە و پلانەش بریتییە لە تیۆری یان بیرۆکەیەک. ئەوان لەو پێوەندییەدا هێندە چوونەتە پیش کە پێیان وایە کە بیرۆکەیەک تەنیا کاتێک واتای هەیە کە ڕێنیشاندەری کار و کردەوەیەک بێت. کەواتە لە ڕوانگەی ئەوانەوە واتای بیرۆکەکان، بەستراوەتەوە بە ئاکامی کردەوە و پراکتیکی ئەوانەوە، واتە ئاکامی کردەوەیی بیرۆکەکان، واتا بە بیرۆکەکان دەدەن و بیرۆکەیەک کە ناتوانێت ببێتە پلانی کار یان لە پراکتیکدا، لە کردەوەدا، هیچ ئاکامێکی ڕوون و ئاشکرای لێ نەکەوێتەوە، لە ڕوانگەی پراگماتیستەکانەوە هیچ واتایەکی نییە و دەبێت ڕەت بکرێتەوە.

با بۆ ڕوونبوونەوەی ئەو ڕوانگەیە چەند نموونە بهێنینەوە؛ وای وێنا بکە کە تۆ وا بیر دەکەیتەوە کە کەسێکی دیاریکراو، بەرزی باڵاکەی ١٨٠ سانتیمیترە، ئەو بیرۆکەیە پلان و بەرنامەیەکی پراکیکی و کردەیییە، چونکە پێمان دەڵێت ئەگەر جلوبەرگی ئەو کەسە لەگەڵ بارست و باڵای ناوبراو نەیەنەوە، بەکەڵکی نایەن یان ئەگەر بە دەرگایەکی نزمتر لە باڵای خۆیدا بچێتە ژوورەوە، دەبێت خۆی بچەمێنێتەوە. هەروەها لە ئاکامی ئەو بۆچوونەدا ئەو قسەیەی کە دەوترێت تاکوو

چ ڕادەیەک ماتریاڵیزم و ئیدەئالیزم تیۆرییەکی دروستن بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی بنەڕەتیی ڕاستییەکان، ڕەت دەکرێتەوە. ئاخر ئەو تیۆرییانە، ماتریاڵیزم و ئایدەیالیزم، ناتوانن بەرنامە و پلانێکی کردەوەیی و پراکتیکی بۆ کار بخەنە بەردەست، هیچ کام لەوانیش حاشا لەوە ناکەن کە دنیا لە شتی جۆراوجۆر پێک هاتووە و لەبەر ئەوە دەبێت هەموو پرسەکە ڕەت بکرێتەوە.

بەو پێیە لە ڕوانگەی پراگماتیستەکانەوە بیرۆکەیەک، شتێکی زیاتر یان کەمتر لە بەرنامەی کار نییە، کەچی سەرەڕای ئەوەش هەندێک جار بیرۆکەیەک ئاکامی نەخوازراوی لێ دەکەوێتەوە. بە گوتەی پراگماتیستەکان ئەوەش دەرفەتمان پێ دەدات تاکوو ڕاستییەکان دەستنیشان بکەین: بیرۆکەیەک کە کار دەکات، واتە ئاکامی دڵخوازی بەدوادا دێت، دروستە. هەروەها بیرۆکەیەک کە ئاکامی دڵخوازی بەدوادا نایەت، نادروستە. ئەگەر سەرنج بدەین ئەوان ناڵێن کە بیرۆکەیەک کار دەکات بۆیە ڕاستە، بەڵکوو دەڵێین بیرۆکەیەک ڕاستە، چونکە کار دەکات. بەوتەی "دیویی" ئێمە هیچکات ناتوانین لە پێشدا بزانین کە بیرۆکەیەک ڕاستە یان نە... "ئێمە تەنیا پاش جێبەجێکردنی کار و پاش هەڵسەنگاندنی ئاکامەکانی کارەکە، زانیاری بەدەست دێنین". (.Dewey: The Quest for Certainty, Minton, Balch & Co., New York 1929, s.276).

بەو پێناسەیە لە ڕاستی و دروستی، دەکرێت بناغەی مێتافیزیکی پراگماتیزم بەو جۆرە ڕوون بکەینەوە: ڕاستیی ڕاستەقینەی سەربەخۆ لە ئێمە بوونی نییە، ئێمە ناتوانین بە کەڵکوەرگرتن لە ئاگاییی خۆمان ڕاستیەکان لە مێشک و هۆشدا وێنا بکەین. لە ڕوانگەی پراگماتیزمەوە، ڕاستییەکان لە ڕێگەی سازکردنی بیرۆکە و بیردۆزەکان و پاشان پراکتیزەکردنی ئەو بیرۆکە و بیردۆزانەوە دروست دەبن. "دیویی" لە یەکێک لە نووسینەکانیدا نووسیویەتی: ئەو قسەیە هەڵەیە کە دەڵێت "زانست بریتییە لە دۆزینەوەی ڕاستی و ڕاستەقینە، ڕاستییەک کە پێش زانین و سەربەخۆ لەو هەیە..." (ibid., s.44)، هەروەها لە جێگایەکی دیکەدا دەڵێ: "ئەرکی بیرکردنەوە خۆگونجاندن لەگەڵ بەرهەمهێنانەوەی تایبەتمەندییەکانی شتەکان بەو جۆرەی کە لە پێشدا هەن، نییە" (ibid., s.137.). بە گوتەی پراگماتیستەکان، تاکوو ڕاستییەکان نەخەینە بەر لێکۆڵینەوە، هەر بە نارِوونی دەمێننەوە، ئێمە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی ڕاستییەکان، ناسنامەیان پێ دەدەین، بەڵام ناتوانین بیاندۆزینەوە، ئەوە بەو واتایەیە کە پراگماتیستەکان مێتافیزیک بە شتێکی بێ واتا دەزانن.

بەو پێیە پراگماتیستەکان ئەگەری لە ئارادابوونی هەر جۆرە ڕاستیەکی جیهانی و هەتاهەتایی ڕەت دەکەنەوە، هەموو جۆرە پرەنسیپێکی بنەڕەتی و ڕەها ڕەت دەکەنەوە و پێیان وایە کە مرۆڤ دەبێت بە شێوەیەکی ئاسایی ژیان بەرێتە سەر و خۆی شان بداتە بەر چارەسەریی کێشە و گیروگرفتەکان و هەر کاتێک کێشەیەک هاتە پێش، لەگەڵی دەستەویەخە بێت. هەروەها پێیان وایە کە هیچ بنەما و پرەنسیپێکی ئەوتۆمان نییە کە بتوانین بیکەینە بنەمای چارەسەریی گیروگرفتەکان و دەڵێن: ئەوەی کە دوێنێ کارا و کارساز بوو، ڕەنگە ئەمڕۆ کار نەکات. دیویی تا توانی لەسەر

ئـــەو ڕێبـــازە چووە پێش و پێی وایە کە لەبەر ئەوەی یاســـاکانی لۆژیک بـــۆ ماوەیەکی زۆر، باش و سەرکەوتووانە کاریان کردووە، کاتی ئەوە هاتووە کە بگۆڕدرێن. (Dewey: Logic, Holt & Co., New York 1938, s.82,90,94). لە ڕوانگەی پراگماتیســـتەکانەوە، یاســـاکانی لۆژیک شتێکن کە ئێمە بە دڵخوازی خۆمان لەســـەریان ڕێک کەوتووین، بۆیە دەبێت بتوانین هەر کات و ســـاتێک بگونجێت، بیانگۆڕین یان ڕەتیان بکەینەوە.

بـــەو جـــۆرە دەردەکەوێت کـــە پراگماتیزم خـــۆی فۆرمێکی هۆشـــەکییە، واتـــە زەینگەراییە (Subjectivism) و پراگماتیســـتەکان هیچ ترسێکیان لەوە نەبوو کە دان بەوەدا بنێن. لەو بوارەوە بەســـەر دوو دەستەی سەرەکیدا دابەش بوون؛ دەســـتەیەکیان سەبجێکتیڤیستی ـ شەخسی بوون کە جیمز نوێنەرایەتیی دەکردن. دەســـتەکەی دیکەش سەبجێکتڤیستی ـ ئۆتۆریتار بوون، پیرس و دیویی، نوێنەرایەتییان دەکردن.

بەپێی ڕێچکەی هۆشـــەکیبوونی تاکەکەسی، ئەو شتەی ڕاســـتە، بۆ تاکەکەسێکی دیاریکراو بە شـــێوەیەکی جیاواز ڕاستە، بەڵام مەرج نییە بۆ کەسانی دیکەش ڕاست بێت. ڕێچکەی دووهەم بەو شـــیوەیە کە ئەو شـــتەی لە بوارێکدا ڕاستە، دەبێت لەلایەن پســـپۆڕانی ئەو بوارەوە بڕیاری لەسەر بدرێت. بەگوێرەی ئەو بۆچونە، تیۆری نســـبیەت هەنووکە ڕاســـتە، چونکە زۆربەی زاناکانی زانستی فیزیک لەســـەر ئەو باوەڕەن کە ئەو تیۆرییە بە باشـــترین شێوە دەتوانێت کردەوەی گەردیلەکان لە خێراییەکی بەرزدا پێناسە بکات، بەو جۆرە تێپەڕی "زەوی پانۆلکەییە" لە کاتی خۆیدا ڕاست بووە.

بـــۆ ڕوونبوونـــەوەی جیاوازیی نێوان ئەو دوو بۆچوونە، با ســـەیری چۆنیەتیی ڕوانگەیان بەرانبەر باوەڕهێنان بە خودا بکەین؛ پیرس و دیویی پێیان وا بوو واتای خودا لە کردەوەدا هیچ ئاکامێکی لێ ناکەوێتەوە. ڕاستییەکان هەر ئەوە دەبن کە هەن، تەنانەت ئەگەر خودا بوونیشی نەبێت، بۆیە ئەوان وێنـــای بوونـــی خودایان ڕەت دەکردەوە. کەچی جیمز ڕوانگەیەکی جیاوازی هەبوو و پێی وا بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک پێوەندیی ســـۆزدارییان لەگەڵ خودا هەیە، بۆیە بۆ ئەوان خودا واتایەکی زۆری هەیـــە. کەواتە بۆ ئـــەوان بیرۆکەی خودا ئاکامی کردەوەیی لێ دەکەوێتەوە و بیرۆکەی خودا بۆ ئەوان واتای هەیە، کەواتە لە ڕوانگەی جیمزەوە، ئەوە ڕاســـتە کە بڵێین؛ بۆ کەســـێک کە باوەڕی بە خودا هەیە، خودا بوونی هەیە.

دەتوانین بڵێین کە پراگماتیســـتەکان بڕوایان بە تیۆری (a nominalist concepttheory) هەیە، ئەوان پێیان وایە کە هیچ پێوانەیەکی بابەتیانەی ئەوتۆ نییە کە وەکوو بنەما بۆ فۆرمگرتن و دروستکردنی چەمکەکان بەکار ببرێت. لەو پێوەندییەدا تەنیا هەندێک ڕێگەی گونجاو و کەمتر گونجاو بۆ زاراوەســـازی، چەمکسازی و ڕێکوپێککردنی زانیارییەکان لە ئارادان. بە بڕوای پراگماتیستەکان نە ڕاستیی ڕەها لە ئارادایە و نە پێوانەیەکیش بۆ زانین هەیە. لە بواری ئاکار و ڕەوشتییەوە ئەوان دەڵێن هیچ نرخ و پێوانە و ڕاستییەکی جیهانی و ڕەها بوونی نییە و ئەو شتەی باشە، ئەوە ئەو شتەیە کە

کار دەکات و بەکەڵکە، ئەو شتەی کە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا گیروگرفتەکان چارەسەر دەکات، ئەوە کار دەکات، بۆیە باشە. کەواتە پراگماتیستەکان بەرگری لە هیچ بنەما و پرەنسیپێکی بنەڕەتی ناکەن، ئەوان نە قازانجتەوەرن، نە خۆویست و نە مرۆڤدۆستن. (They are not utilitarian, not egoistic, not altruistic). ئەوان پێیان وایە لەبەر ئەوەی کە ئێمە لە هەلومەرجی تایبەتیدا ناچار دەبین هەڵبژێرین، هەروەها لەبەر ئەوەی هەلومەرجەکانیش ئاڵۆز و جۆراوجۆرن، ناتوانین هەندێک بنەما و پێوانە دانێین کە بکرێت لە زۆربەی هەلومەرجەکاندا ڕاست و دروست بن و بتوانین جێگیریان بکەین، بۆیە لە هەر هەلومەرجێکدا دەبێت بەگوێرەی ئەو هەلومەرجە کار بکەین و بڕۆینە پێش. دەبێت ئەوەش بزانین کە هیچ بنەمایەک بۆ قەبووڵکردنی ئەوە لە ئارادا نییە کە پێمان وا بێت ئەو بنەما و پرەنسیپانەی دوێنێ کاریان دەکرد، ئەمڕۆش کار دەکەن. واتە ڕاستییەکان ڕوون و ئاشکرا نین. ئەو کارەی دەتوانیت بیکەیت، ئەوەیە کە لەو هەلومەرجەدا بە باشترین شێوەی کە دەکرێت کار بکەیت و باشترین هەڵبژاردن بکەیت، (باشترین ئەڵترناتیڤ یان جێگرەوە هەڵبژێریت).

پراگماتیستەکان تەنانەت لە سیاسەتیشدا بڕوایان بە بنەما و پرەنسیپی ڕەها و نەگۆڕ و هەمیشەیی نییە، ئەوان هەم دژی تیۆریی مافەکانن کە سەرمایەداری لەسەری ڕاوەستاوە و هەم دژی دەوڵەتی بەهێز و تەیارن کە بە بەردی بناغەی سۆسیالیسم دادەنرێت، (دیویی دژی کۆمۆنیست بوو). دیسانەوەش دەتوانین بڵێین کە پراگماتیستەکان کۆلێکتیڤیست و کۆمەڵتەوەرن. دیویی ئەیوت؛ "هۆش" داراییەکی تاکەکەسی نییە و هی هەموو کۆمەڵگەیە، دارایی و موڵکی گشتییە، موڵکی کۆمەڵگەیە، کەواتە لە بواری سیاسییەوە ئەوان لایەنگری دەوڵەتی خۆشبژیوی بوون و ئەو سیستەمە بە سیستەمێکی سیاسیی دڵخواز دەزانن.

دیویی وەکوو زۆربەی فەیلەسووفەکانی پێش خۆی بایەخێکی زۆری بە پەروەردە و فێرکردن دەدا و توانی سیستەمێکی تایبەتی بۆ پەروەردە و فێرکردن دابڕێژێت، ئەو سیستەمە کە پێی دەوترێت سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی پێشکەوتوو (progressive education)، ئێستا لە ئەمریکادا جێ کەوتووە. ئەو سیستەمەی خوێندنە لەسەر بنەمای فەلسەفەی پراگماتیستییەوە دامەزراوە، لە پرۆسەی فێرکردندا زۆرتر جەخت لەسەر کار، ئەزموون، تاقیکردنەوە، ڕاهێنان و کردەوە دەکات تاکوو کاری هزری و شتی دیکەی لەو چەشنە. هەروەها ئەوان، لە جیاتی دۆزینەوەی ڕاستییەکان، زۆرتر جەخت لەسەر ڕێکار و شێوەکانی کارکردن و فێربوون دەکەن. ئێمە مێژوو ناڵێینەوە، جۆنی فێر دەکەین، (we don’t teach history, we teach Johnny). هەروەها گونجانی قوتابی لەگەڵ پۆل و هاوپۆلەکانی و ژینگەی قوتابخانە، بەشێکی دیکەی ئەو ڕێکارەیە. توخمێکی دیکەی ئەو ڕێکارە ئەوەیە کە منداڵ یان قوتابی، بەو جۆرە کە پراگماتیستەکان دەڵێن، خۆڕسک، توانا، ویست، ڕوانگە و بۆچوونەکانی لە پرۆسەی خوێندندا بە جیددی بگیردرێن. لێرەدا یەک مەرج هەیە کە هەمیشە دەبێت لە بەرچاو بگیردرێت، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت قوتابی هەمیشە پێڕەوی گرووپ

یان پۆلەکەی بێت.

## فەلسەفەی زمان

لەژێر ئەو ناونیشـــانەدا، تێ دەکۆشین بە شێوەیەکی گشتی تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ژمارەیەکی بەرچاو لە قوتابخانەکانی فەلســـەفەی مۆدێرن بخەینە بەرباس. گرنگترینی ئەو قوتابخانانە بریتین لە پۆزەتیڤیزم، (positivism)، زمانەوانی شـــیکاری (linguistic analysis)، پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی (logical positivism)، ئەتۆمیزمی لۆژیکـــی (logical atomism) و ئەزموونتەوەری لۆژیکی (logical empiricism).

ئاگۆست کۆنت "Auguste Comte" (١٧٩٨-١٨٥٧) کە خەڵکی فەڕانسەیە، بە دامەزرێنەری ئەو ڕێبازە دادەنرێت. دیارە هەندێک کەسی دیکەش هەن کە ئەوانیش بە نوێنەری ئەو قوتابخانەیە لەقەڵەم دەدرێن.

گرنگترین ئەوکەســـانەش بریتین لە: ڕایشن باخ (Reichenbach)، هێمپڵ (Hempel)، ئایر (Ayer)، کارنەپ (Carnap) و شڵیک (Schlick).

لێرەدا باس لە گرنگترین فەیلەسووفەکانی بواری زمان واتە لۆدویگ ڤیتگنیشتاین (١٨٨٩-١٩٥١) و بێرتراند ڕاســـڵ (١٨٧٢-١٩٧٠) دەکەین. لەو پێوەندییەدا بابەتی بنەڕەتی ئەوەیە کە مێتافیزیک تەنیا قۆناغێکی سەرەتاییە لە زانستە سروشتییەکان واتە، فیزیک، کیمیا، بیرکاری و ئەستێرەناسی و هتد، فەلسەفە نابێت سەرقاڵی ئەو شتانە بێت کە ئەوان بە "تیۆریی مێتافیزیکی"«metaphysical speculation»ی دەزانـــن. لێرەدا فەیلەســـووفەکانی زمان لەگەڵ پراگماتیســـتەکان هاوڕا بوون، هەندێک لە فەیلەسووفەکانی زمان ئەوەیان ڕەت کردەوە کە ئاکار وەکوو بەشێک لە فەلسەفە لەقەڵەم بدرێت و پێیان وایە کە پرسە ئاکارییەکان پێوەندییان بە دەروونناسییەوە هەیە و دەیانوت زانستەکان دەبێت لە "پۆزەتیڤیزمـ"ـی ئەزموونیدا سنووردار بکرێن. کەواتە ئەرکی بنەڕەتیی فەلسەفە ئەوە نییە کە وەڵامی پرسیارە بنەڕەتییەکان بداتەوە و بە گوتەی ئەوان ئەرکی فەلسەفە بریتییە لە شیکردنەوە و تەتەڵەکردنی زمان، زۆربەی ئەو بیرمەندانە پێیا وا بوو: ئەوەی کە بەشـــێکی زۆری کێشە و بابەتە فەلســـەفییەکان بە چارەســـەرنەکراوی ماونەتەوە، هۆکارەکەی بۆ ناڕوونیی زمان دەگەڕێتەوە. ئەوان بانگەشـــەیان بۆ ئەوە دەکرد کە بە ڕوونکردنەوەی کارکردی زمان، کێشە و پرسە فەلسەفییەکانیش خۆیان چارەسەر دەبن.

هەموو ئەو فەیلەســـووفانە بۆچوونەکانی خۆیان لەســـەر بنەمای دوو پرەنســـیپی بنەڕەتی بنیات دەنێن؛ یەکەم ئەوەیە کە ئەوان جیاوازیی نێوان هیوم و کانت لە پێوەندی لەگەڵ تێپەڕە پێویستەکان (شـــیکاری analytical) و تێپەڕە مەرجدارەکان ( ئاوێتەیی) یان (synthetic)دا قەبووڵ دەکەن. دەبێت ئەوەش بگوترێت کە ئێمە لە کاتی باسکردن لە هیوم و کانتدا باسی ئەو جۆرە دابەشکردنەمان

کردووە. دووهەم شت ئەوەیە کە ئەوان هەڵوێستێکی تایبەتیان سەبارەت بە واتای ئەو قسەیە هەیە کە دەڵێت تێپەڕەکە جێگەی پەسند و بڕوایە، (statement is verifiable). لێرەدا باس لەو دوو بنەماو پرەنسیپە دەکەین.

## ڤیتگنیشتاین

لەبیرمانە کە هیوم جیاوازیی لەنێوان تێپەڕە مەرجدار و تێپەڕە پێویستەکاندا دادەنا، تێپەڕە مەرجدارەکان چۆنیەتیی ڕوودانی ڕاستییە ڕاستەقینە بینراوەکان ڕوون دەکەنەوە. تێپەڕێکی مەرجدار ڕەنگە چەند ساتێکی دواتر ناڕاست بێت، واتە دروست نەبێت، بۆ نموونە؛ ڕستەی "خۆر هەموو ڕۆژێک هەڵدێ" تاکوو ئێستە ڕاست بووە، بەڵام بە قسەی هیوم ڕەنگە سبەینێ ئەوە ڕاست نەبێت. ڤیتگنیشتاین لە بەرهەمەکەی خۆیدا بە ناوی (Tractatus Logico-Philosophicus) ئەو بابەتەی هێناوەتە بەرباس و ئاوای نووسیوە؛ "ئەوە تەنیا گریمانەیە کە خۆر سبەینێ هەڵدێ، بەو واتایەی کە نازانین ئاخۆ هەڵدێ یان نە" (Sats 6.36311).

تێپەڕەکانی جۆری دووهەم ئەو تێپەڕانەن کە بەپێی پێویست ڕاست و دروستن و تێپەڕی شیکارین. بە گوتەی هیوم ئەو تێپەڕانە هیچ شتێک لەسەر ڕاستییەکان ناڵێن و تەنیا شتێکمان لەسەر چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتن لە وشە و دەستەواژەکان پێ دەڵێن، کە نموونەی ئەو جۆرە تێپەڕانە بریتییە لە ڕستەی "هەموو کوڕە لاوەکان پیاون". بەگوێرەی پێناسە کوڕە لاوێک، کەسێکە کە ژنی نەهێناوە. کەواتە ئەو تێپەڕە هیچ شتێک سەبارەت بە ڕاستییەکان نایەژێت و تەنیا شتێک لەسەر چۆنیەتیی پێناسەی چەمکەکان باس دەکات.

بە گوتەی فەیلەسووفەکانی زمان، تێپەڕە شیکارییەکان، شتێکن کە ئێمە لەنێو خۆماندا لەسەریان ڕێک کەوتووین و ئەوانە ئاکامی چۆنیەتیی ڕێککەوتنی ئێمەن سەبارەت بە بەکارهێنانی وشەکان،کەواتە ئەوان لە ڕاستیدا دروست یان نادروست نین، بەڵکوو بە دڵی خۆمانە چۆن وەریانگرین. زۆر نموووونەی لەو چەشنە تێپەڕانەمان هەن، بۆ نموونە ئەو دەستەواژە و چەمکانەی کە لە بواری بیرکاری و لۆژیکدا بەکاریان دەهێنین. ڤیتگنیشتاین لە پێوەندی لەگەڵ ئەو جۆرە تێپەڕانەدا پێی وایە کە ئەوان هەموویان یەک شت دەڵێن: واتە هیچ (Tractatus, 6.11)، کەواتە هەموو تێپەڕە پێویستییەکان دڵبەخوازن، چونکە ڕێککەوتنێکن کە ئێمە لەسەریان ڕێک کەوتوین و بە ئاسانی دەکرا شتێکی دیکە بوایەن. ئەوە واتای ئەوەیە کە هەر کەسێک دەتوانێت سیستەمێکی لۆژیکیی دڵخوازی خۆی دروست بکات.

لە ئاکامی ئەم بۆچوونەدا جیاوازییەکی زەق لەنێوان ڕاستیی ڕاستەقینە و لۆژیکدا هاتە کایەوە کەم بەم شێوەیە: ئەگەر شتێک لە بواری لۆژیکییەوە ڕاست بێت، هیچ پێویستییەکی بە ڕاستیی ڕاستەقینە نییە، هەروەها ئەگەر تێپەڕێک ئاماژە بە ڕاستییە ڕاستەقینەکان بکات، ناتوانرێت لە

ڕێگەی لۆژیکەوە پاکانەی بۆ بکرێت یان بسەلمێنرێت.

لێرەدا ئاوڕێک لە تێپەڕە تێکەڵکێشەکان دەدەینەوە. ئەو جۆرە تێپەڕانە، سەبارەت بە ڕاستییەکان زانیاریمان پێ دەدەن. بەو جۆرە فەیلەسووفەکانی زمان هەوڵیان دا تیۆریەک دابڕێژن کە ببێتە پێوانەیەک تاکوو بزانین گوزارەیەکی تێکەڵکێش واتای هەیە یان دەکرێت نیوەرۆکەکەی پەسند بکرێت یان نە؟ فەیلەسووفەکانی زمان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەوان ئەزموونتەوەرن و بیر لە پێناسەکردن و وێناکردنی سروشت دەکەنەوە، هەر بۆیە بایەخێکی زۆریان بە زانیارییە هەستەکییەکانی وەکوو خاڵی دەستپێکی بەدەستهێنانی زانست دەدا و لە خاڵێکی ئەو جۆرە دەستیان پێ کرد. تێپەڕێکی تێکەڵکێش کاتێک ڕاست و باوەڕپێکراوە کە بکرێت ڕاستی و دروستییەکەی لە ڕێگەی زانیارییە هەستەکییەکانەوە پەسەند بکرێت، ئەگەر تێپەڕێکی تێکەڵکێش بەو شێوەیە پەسەند بەکرێت، دەوترێت کە تێپەڕێکی تێکەڵکێشە. بۆ فەیلەسووفەکانی زمان ئەوەش شتێکی بێ واتایە، بۆیە شایانی بایەخ و سەرنجدان نییە.

ژمارەیەکی زۆر لە تێپەڕەکان کە خەڵک ئەوان بە ڕاست دەزانن، پەسند دەکرێن، بۆ نموونە تێپەڕی "باران دەبارێت" بە ئاشکرا دیارە کە دەکرێت پەسەند بکرێت. هەروەها ئەو تێپەڕەی کە دەڵێ "پێر ددانی دێشێ" جگە لە پێر، کەسانی دیکە ناتوانن پەسەندی بکەن. تێپەڕی "ناپلیۆن لە شەڕی واترلۆدا تێک شکا"، بۆ ئێمە کە لەو سەردەمەدا نەژیاوین، پەسەند ناکرێت، بەڵام ئەو کەسانەی کە ئەو کات ژیاون دەتوانن پەسەندی بکەن، کەواتە ئەو تێپەڕە باوەڕپێکراوە. ئەو بنەمایە وەکوو پرەنسیپێکی باوەڕپێکراو دێتە بەرچاو، بەڵام ئاکامی کارەساتباری بەدوادا هاتن کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەوانە دەکەین.

بە گوێرەی ئەو پرەنسیپە، هیچ بەڵگەیەک بۆ ڕاستی و دروستیی ئەو قسەیە لە ئارادا نییە کە دەگوترێت "یاسای هۆکار و ئاکام هەیە"، ئەوە لە پێوەندی لەگەڵ تێپەڕی "خۆر هەموو بەیانیان هەڵدێ"شدا هەر ڕاستە، لەسەرەوە ڕوانگەی فەیلەسووفەکانی زمانمان سەبارەت بەو پرسە (کە لەلایەن ڤیتگنیشتاینەوە ئاماژەی پێ کرابوو) هێنایە بەرباس.

ئەگەر نەتوانین بڵێین کە یاساکانی سروشت بوونیان هەیە، ناشتوانین هیچ شتێک لەسەر یاسامەندبوونی سروشت شتێک بڵێین. کەواتە هیچ بنەمایەکیش بۆ بە ئاکام گەیشتنی هەڵسەنگاندنەکان (inductive conclusions) لە ئارادا نییە. کەواتە لە ڕوانگەی فەیلەسووفەکانی زمانەوە لە ڕاستیی ڕاستەقینەدا هیچ پێوەندییەکی پێویست بوونی نییە و ڕاستیی ڕاستەقینە پێک هاتووە لە گەلێک ڕاستیی سەربەخۆ کە هیچ پێوەندییەکیان لە نێواندا نییە، ئەو ڕوانگەیە پێی دەوترێت ئەتۆمیزمی لۆژیکی، کە ڤیتگنیشتاین بەو جۆرە باس لەو ڕوانگەیە دەکات: "ڕاستییەکی ڕاستەقینەی سادە دەیتوانی جیاواز بێت لەوەی کە هەیە و لە هەمان کاتدا هەموو ڕاستییەکانی دیکەش هەر وەکوو خۆیان مابانەوە" (Tractatus، 1.21).

هەروەها بەو شێوە بۆچوونەوە ئەو بابەتە بێ واتا دێتە بەرچاو کە دەڵێت ڕاستییەکان وەک شێکی سەربەخۆ لە ئێمە بوونیان هەیە، (ڕوونە کە بە کەڵک‌وەرگرتن لە زانیارییە هەستەکییەکان ناتوانین ئەوە قەبووڵ بکەین)، هەر بەو جۆرە تێپەڕگەلی وەکوو "خوا هەیە" و "خوا نییە" هەر وەکوو ئەوەی پێشتر بێ واتان، ئاخر ناتوانین هیچ کام لەوان لە ڕێگەی زانیارییە هەستەکییەکانەوە پەسەند و قەبووڵ بکەین.

وەکوو پێشتر باسمان کرد، ئەو جۆرە پرسیارانەی وەکوو "ئایا خودا بوونی هەیە؟" یان "ئایا یاسای سروشتی هەیە؟" دەچنە بواری مێتافیزیکەوە. فەیلەسووفەکانی زمان، وەکوو ئاماژەمان پێ کرد، دەڵێن؛ تێپەڕە مێتافیزیکییەکان بێ واتان. ئەوەش بۆ خودی بیردۆزی پەسەندکراو (verification theory) واتای تایبەتی هەبوو. واتە ئەو تێپەڕانەی کە شیکاری یان تێکەڵکێش نین، لە ڕوانگەی فەیلەسووفەکانی زمانەوە مێتافیزیکین، واتە بێ واتان. تێپەڕە شیکارانەکان ڕاستن، چونکە ئەوان ئاکامی ڕێککەوتنێکی دڵخوازانەی زمانین (linguistic conventions) کە خۆمان لەسەریان ڕێک کەوتووین، تێپەڕ و دەستەواژە دەستکردەکان ڕاستن، چونکە دەتوانین لە ڕێگەی زانیارییە هەستەکییەکانەوە پەسەند و قەبووڵیان بکەین. ئەی لەسەر خودی تیۆریی پەسەندکردن پرسەکە بە کوێ دەگات؟ نە شیکارانەیە و نە دەستکردە، کەواتە دەبێت مێتافیزیکی بێت. بۆیە بێ‌مانایە. کەواتە بەگوێرەی تیۆریی تەئید، تیۆریی پەسەند بێ واتایە. ڤیتگنیشتاین هیچ گیروگرفتێکی نەبوو لەوەدا کە دان بەو بابەتەدا بنێت و بەو جۆرە ئاماژەی بە بابەتەکەی دەکرد. "بیردۆزی پەسەندکردن" پووچ و بێهودەیە، (the verification theory is «nonsense»)، بەڵام ئەوە بە "بێهودەییەکی گرنگ" دادەنرێت و بەو جۆرە کۆتایی بە (Tractatus) واتە نووسراوەکەی خۆی دێنێت. "ئەگەر نەتوانیت سەبارەت بە شتێک قسە بکەیت، دەبێت بە بێدەنگ بە پەنایدا تێپەڕی"، ڤیتگنیشتاین لەو بڕوایەدا بوو کە گیروگرفتەکانی فەلسەفەی چارەسەر کردووە، بۆیە دەستی لە کارە فەلسەفییەکانی هەڵگرت و دواتر بیر و بیرۆکەی نوێی بۆ هات و سەرلەنوێ دەستی بە هەوڵ و تێکۆشانی فەلسەفی کردەوە، بەڵام ئەو جار تەواو لە ڕوانگەیەکی دیکەوە. دواتر دەپرژێینە سەر ئەو بابەتە.

### ئێستا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئەگەر وایە ئەرکی فەلسەفە چییە؟

فەیلەسووفەکانی زمان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە بینین، سەرەنجدان و ڕێکوپێککردنی زانیارییە هەستەکییەکان، وێڕای لێکۆڵینەوە لە تێپەڕە تێکەڵکێشییەکان کاری زانستە، دیسانیش زانست ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە بیردۆزە زانستییەکان ڕەها و تەواو ڕاستن، ئەوان تەنیا ئەگەرەکانی (express probabilities) دەردەبڕن. تێپەڕە شیکارانەکان دەکەونە ڕەوتی بیرکاری و لۆژیک و تێپەڕە مێتافیزیکییەکانیش بەتەواوەتی ڕەت دەکرێنەوە. کەواتە بەپێی ئەو ڕوانگەیە، ئەرکی فەیلەسووفەکان، بێجگە لە ڕوونکردنەوەی چۆنیەتیی بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە و تێپەڕ، شتێکی

دیکە نییە.

## بێرتراند ڕاسڵ

یەکێکی دیکە لە فەیەلسووفەکانی زمان بێرتراند ڕاسڵ بوو، کە لێرەدا تەنیا باسی چەند خاڵی بنەڕەتی لە فەلسەفەی ڕاسڵ دەکەین. ڕاسڵ خاوەنی گەلێک بەرهەمی ئەدەبییە و دەبێت ئەوەش بگوترێت کە زوو زوو ئاڵوگۆڕ بەسەر ڕوانگە و بۆچوونەکانیدا دەهات، کەچی سەرەڕای ئەوەش هەندێک لە بیرۆکە و بیردۆزییەکانی کاریگەرییەکی زۆریان داناوە.

ڕاسڵ لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە زمانی ڕۆژانە ناڕوون و ئاڵۆزە (confused)، پڕیەتی لە درۆ و شتی پێچەوانەی ڕاستی، بۆیە پێویستە چاکسازیی تێدا بکرێت و ئەو کەموکۆڕییانەی تێدا نەمێنن؛ ئەیگوت پێویستە زمانێکی نموونەیی و جوان و ڕوون و بێ کەموکۆڕی دروست بکەین. یەکێک لەو کێشانەی کە کەوتبووە بەر سەرنجی ڕاسڵ، بریتی بوو لە هەندێک ڕستەی وەکوو "پێر نەخۆش" بوو. بە گوتەی ڕاسڵ ئەو جۆرە دەربڕینانە دوو پێشمەرجیان هەیە: یەکەم ئەوە کە دەبێت کەسێک بە ناوی پێر بوونی هەبێت و دووهەمیش ئەوەیە کە ئەو کەسە ئێستە نەخۆشە. ئەی سەبارەت بەو دەربڕینە دەڵێی چی کە هەر لە هەمان جۆری ئەو دەربڕینەی سەرەوەیە. "پاشای ئێستەی فەڕانسە کەچەڵە"، (ئەوە نموونەی خودی ڕاسڵە). ڕاسڵ پێی وایە ئەو جۆرە دەربڕینانە پڕن لە گیروگرفت و کێشە، چونکە پاشای فەڕانسە بوونی نییە. ڕاسڵ هەوڵێکی زۆری بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکۆڕییانە و بۆ ڕێکوپێککردن و یاسامەندکردنی ئەو بوارانەی فەلسەفە، لە خۆی نیشان دا.

هەروەها ڕاسڵ لە بوارێکی دیکەشدا کە گەلێک گرنگە، کاری زۆری کرد. ئەو پێناسەیەکی بۆ (implication) کرد کە ئەگەرچی بە پێچەوانەی ئەوە بوو کە زۆربەی خەڵک بە شتێکی سروشتیی دادەنێن، بەڵام لە ئاستێکی بەریندا بڵاو بووەتەوە. زۆربەی خەڵک وای دەبینین کە "باران دەبارێ" واتای ئەوەیە کە "زەوی تەڕە"، ئاکامێکی لەو جۆرە پێویستی بەو پێشگریمانەیە کە دەڵێ لە دنیای ڕاستەقینەدا یاساکانی هۆکار و ئاکام هەن و کار دەکەن، ئەوەش ئەو شتەیە کە ئەتۆمیستە لۆژیکییەکان ڕەتیان کردەوە. پێناسەی ڕاسڵ لەگەڵ ڕوانگەی ئەتۆمیستە لۆژیکییەکان دێتەوە. "ئەلف بێ دەگرێتە خۆ" واتە ئەلف ئەوە دەردەخات کە بێ هەیە. ئەو قسەیە بەو واتایەیە کە "کە ئەلف ڕاست نییە، ئەگەر ب ناڕاست و نادروست بێت". ئەوە واتای وایە کە مەبەستێکی ڕاست و دروست واتای مەبەستێکی دیکەی ڕاست و دروست دەگەیەنێت، کەواتە "باران دەبارێ" نەک هەر مەبەست ئەوەیە کە "زەوی تەڕە"، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە ٢ کۆی ٢ دەبێتە ٤. هەروەها بەو واتایەش دێت کە "هاراڵد هۆرفارگەر، نۆرویژی کردە پادشاییەکی یەکگرتوو، ئەو بیردۆزە ئەو واتایەش دەگەیەنێت کە هەر چەمک و مەبەستێکی ناڕاست واتای چەمک و مەبەستێکی نادروستیش دەگەیەنێت. ٢ کۆی ٢ دەکاتە ٥ واتای ئەوەیە بەفر شینە".

هەروەها ئەو تیۆرییە ئەوەش دەگرێتە خۆ کە هەر مەبەستێکی نادروست واتای مەبەستێکی دروست دەگەیەنێت و مەبەستێکی دروست ناتوانێت واتای مەبەستێکی نادروست بگەیەنێت، بەو جۆرە واتایە دەوترێت واتای ماددی (material implication).

ڕاسڵ پێی وا بوو نابێت ئاکار بە لقێکی فەلسەفە لەقەڵەم بدەین و بەڵگەی بۆ ئەو بۆچوونەش ئەوە بوو کە هەموو ئەو زانست و زانیارییەی هەمانە لە چوارچێوەی ئەو بوارانەدایە کە زانست کاریان لەسەر دەکات، زانست لە پێوەندی لەگەڵ نرخ و بایەخەکاندا قسەیەکی بۆ وتن نییە. کەواتە هەموو ڕوانگە و بۆچوونە ئاکاری و ڕەوشتییەکان لە هەستی ئێمەوە سەرچاوە دەگرن، بۆیە شتێکی هۆشەکی و دەروونین (subjective). ئەگەر دەڵێی "مرۆڤکوشتن کارێکی هەڵەیە"، لەبەر ئەوەیە کە تۆ حەزت لە مرۆڤکوشتن نییە، ئەگەر بڵێی "دزی هەڵەیە"، بە واتای ئەوەیە کە حەز لە دزی ناکەیت. لەو پێوەندییەدا ڕوانگەی ڕاسڵ جیاوازییەکی لەگەڵ فەیلەسووفەکانی دیکەی زمان نەبوو، ڕاسڵ سەرەڕای هۆشەکی و دەروونتەوەربوونی خۆی، سەبارەت بە گەلێک پرسی ئاکاری هەڵوێستی دەگرت و لەوەش باکی نەبوو دان بەوەدا بنێت کە ئەو هەڵوێستانەی لەگەڵ بۆچوونە فەلسەفییەکانی خۆشی لە ناتەباییدان.

## ڤیتگنیشتاینی دوایی

ئەو بەشە لە کتێبەکە بە باسێکی کورت لەسەر فەلسەفەی دواتری ڤیتگنیشتاین کۆتایی پێ دەهێنین. ڤیتگنیشتاین پاش چەند ساڵ دوورکەوتنەوە لە فەلسەفە، بەو ئاکامە گەیشت کە لە قۆناغی یەکەمی کارە فەلسەفییەکانیدا تووشی هەڵەیەکی گەورە بووە و وتبووی؛ ئەرکی زمان پێش هەر شتێک بریتییە لە پەسن و تاریف و وێناکردنی ڕاستییەکان و ئێستە پێی وایە کە زمان گەلێک ئەرکی جیاوازی هەن کە پەسن و تاریف و وێناکردنی ڕاستییەکان تەنیا یەکێک لەو ئەرکانەیە. تۆ دەتوانیت بۆ پرسیارکردن لە زمان کەڵکوەرگری، دەتوانیت لە ڕێگەی زمانەوە فەرمان و بڕیار بدەیت، دەتوانیت بە هۆی زمانەوە ئاوات و ئارەزووەکانت دەرببڕیت، دەتوانیت لە ڕێگەی زمانەوە نەفرین لە کەسانی دیکە بکەی، دەتوانیت بە هۆی زمانەوە سڵاو و ماڵاوایی و هەروەها نزا بۆ خەڵک یان نزای خراپە لە خەڵک هتد... بکەی.

کەڵکوەرگرتن لە زمان وەکوو ئەوە وایە کە لەنێو چەندین یاریی جۆراوجۆردا بەشداری لە یەکێکیان دا بکەیت، (هەر یارییەک یاسا و ڕێسای خۆی هەیە)، لە پێوەندی لەگەڵ زمانیشدا هەر وایە، ناکرێ بڵێین یاساکانی یارییەکان، دروست یان نادروستن. ئەو یاسایانە هەندێک ڕێوشوێنن کە ئێمە خۆمان لەسەریان ڕێک کەوتووین. ئەوە لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتن لە یاساکانی زمانیشدا هەر ڕاستە و دەیوت: ئەگەر دەتهەوێت لە یارییەکەدا بەشداری بکەیت، دەبێت پێڕەوی لە یاسا و ڕێساکانی یارییەکەش بکەیت و ڕەچاویان بکەیت. بۆ نموونە ڤیتگنیشتاین باسی

یاســـاکانی یاریی زمانی (ئاکار و یاریی زمان) زانستی دەکرد، ئەگەر بڵێی ٢ کۆ ٢ دەکاتە ٥ هەڵەت نەکردووە، بە گوتەی ڤیتگنیشـــتاین تەنیا یاساکانی یاریەکەت لە بەرچاو نەگرتوون کە لە بیرکاریدا دەبێت لە بەرچاو بگیردرێن.

بە گوێرەی ئەو ڕوانگەیە ئەرکی فەیلەســـووفەکان ئەوەیە کـــە ڕێگە بۆ خەڵک خۆش بکەن تاکوو بتوانن بە شێوەیەکی باشتر کەڵک لە زمان وەرگرن، نەک ئەوەی کە خەریکی لێکۆڵینەوە لە بنەماکانی پێکهاتنی سروشتی ڕاستەقینە بن. ئەو جۆرە مێتۆدە هەندێک پرسیاریش لەگەڵ خۆی دێنێتە پێش؛ بۆ نموونە ئایا مرۆڤ خاوەنی ئیرادەی ئازادە یا نە، خاوەن بڕیارە  یان نە؟ کاتێک زۆربەی خەڵک دەڵێن "ئەو بە ویســـت و حەزی خۆی ئەو کارەی کردووە"، مەبەســـتیان ئەوەیە کە نابراو خۆی ئەو شـــتەی هەڵبژاردوە. خەڵک بە جۆرێک لەو دەستەواژەیە کەڵک وەردەگرن کە وا نیشان دەدەن باوەڕیان بەوەیە کە مرۆڤ خاوەنی ئیرادەی ئازاد و خاوەن بڕیارە. فەیلەسووفەکانی زمان لەوەدا گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە مرۆڤ خاوەنی بڕیار و ئیرادەی ئازادە. بەو پێیە ئەوەی پێشـــتر وەکوو پرســـی فەلســـەفی باسیان دەکرا، هەلدەوەشێنەوە. فەیلەسووفەکانی پێشوو بۆیە بەو "چارەسەر"ە نەگەیشتبوون، چونکە ئەوان بەو وابێژییە (ئیدعا) فریو دراون کە دەڵێت زمان ناڕوون، پڕ لە تەمومژ و ئاڵۆزییە.

## ئێگزیستانسیالیزم

ئەو ڕێبازە فەلســـەفیە پاش تەواوبوونی شەڕی جیهانیی دووهەم و بەتایبەتی لە ئاڵمان و فەڕانسەدا بە چەشـــنێکی بەرچاو پەرەی پی درا و بەناوباگترین بیرمەندەکانی ئەو قوتابخانە فەلسەفەی بریتین لە مارتین هایدگەر، (١٨٨٩-١٩٧٦)و جان پۆڵ سارتەر، (١٩٠٥-١٩٨٠). ئێگزیستانسیالیزم گەلێک پێشڕەو ئاڵاهەڵگری هەبوون و لەنێو ئەواندا دەتوانین ناوی فەیلەسووفە ڕۆمانتیکەکانی وەکوو سۆرن کیرکە گۆردی (١٨١٣-١٨٥٥) خەڵکی دانمارک بەرین.

ئێگزیستانسیالیســـتەکان دژی ئەوەن کە سیســـتەمێکی فەلســـەفیی ئەوتۆ دروست بکەین کە هەمـــوو بوارەکانی زانینناســـی، مێتافیزیک، ئـــاکار و هتد... لە خۆیدا کۆ بکاتـــەوە. دەبێ بڵێین کە لەنێوان ئەو بیرمەندانەی کە وەکوو ئێگزیستانسیالیست دەناسرێن جیاوازی هەیە، بۆ نموونە لەنێوان ئەواندا کەســـانی تەواو ئایینی دەبینرێن، کەچی لەلایەکی دیکەشـــەوە کەسانی خوداناباوەڕ بەرچاو دەکەون. دیسانیش هەموویان چەند خاڵی هاوبەشیان هەیە کە بریتین لە: هەموویان دەڵێن ڕاستیی ڕاستەقینە پووچە و ناتوانین لە ڕێگەی ئاوەزەوە تێ بگەین، بۆیە وا باشە کە هەوڵ بدەین لە ڕێگەی ڕێکارە کانی وەکوو باوەڕمەندبوون، هەســـتەکیبوون، چاەدێریکـــردن، ئیرادە تێ بگەین. کیرکەگۆرد پێی وا بوو کە ڕاستییەکان لەنێو دەروونەوە دێن و "زانست شتێکی هۆشەکیـ"ـــیە، هەروەها دژی جەبرگەراییـــە و دەڵێت بە کەڵکوەرگرتن لە ئاوەز دەبێت بگەینە ئەو ئاکامە کە مرۆڤ خاوەن بڕیار نییە، لەبەر ئەوەی شتێکی ڕوونە کە مرۆڤ خاوەن ئیرادەی ئازادە، ئەو ڕوانگەیە ئەوە بەهێز دەکات

کە مرۆڤ بە هۆی ئاوەز ناتوانێت زانیاریی ڕاستەقینە و دروستمان پێ بدات.

هەمـــوو مرۆڤــەکان هەر کات و ســاتێک ناچارن دەســت بــە هەڵبژاردن بکــەن. بە گوتەی ئێگزیستانسیالیســـتەکان ئەمەش کارێکی پڕمەترسییە، چونکە مرۆڤ هیچ پێوانەیەکی بۆ هەڵبژاردن نییە و ناتوانێت هیچ پێوانەیەکیشـــی هەبێت، ناتوانین لە ڕاســـتییەکان تێ بگەین، لەبەر ئەوەی کە خەڵک بەردەوام ناچارن هەڵبژاردن بکەن، هەمیشـــە لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێدا بەســـەر دەبەن و ئەو نیگەرانی و دلەڕاوکێیەش شـــتێکە کە هەیە. (نابێت نیگەرانـــی بە ترس تێ بگەین، لە هەلومەرجە ترســـناکەکاندا، هەســـت بە ترسکردن شـــتێکی ئاســـاییە، بەڵام نیگەرانی جۆرێک ترسە کە هیچ هۆیەکی تایبەتی لە پشتەوە نییە).

یەکێک لە قارەمانەکانی ڕۆمانێکی بەناوبانگی دایستۆفسکی بە ناوی 'پیاوەکەی ژێرزەوین"ـــەکە دەڵێ؛ تاکوو ئەو کاتەی کە ناچار بم بڕوا بکەم کە ٢ کۆی ٢ دەکاتە ٤، ناتوانم ئازاد بم.

بەگوێرەی ئەو ڕوانگەیە ئازادی بریتییە لە تەختبوونی هەموو کۆسپەکان و بریتییە لە کۆتاییهاتنی هەمـــوو تەنگەژە و چەڵەمەکان، تەنیا هەر ڕزگاربوون لـــە ڕێککەوتنەکانی وەکوو ٢ کۆی ٢ دەکاتە ٤ بەس نییە، بەڵکوو دەبێت لەو کۆت و بەندو کەند و کۆســـپانەش ڕزگارمان بێت کە ڕاســـتییەکان سازیان دەکەن.

## کیرکە گۆرد

کیرکەگۆرد پرۆتســـتانتێک بوو کە سوور بوو لەســـەر باوەڕەکەی، دژی هەر چەشنە هەوڵدانێک بۆ ســـەلماندنی بوونی خودا بوو و دەیوت هەوڵدان بۆ کارێکی ئەوتۆ خودا دەکاتە شتێک وەکوو هەموو شـــتەکانی دیکە، لە ڕوانگەی کیرکەگۆردەوە ئایین و خودا دەبێت ناڕوون و نائاشـــکرا بن و بڕوای وا بوو کە ئەگەر ئایین ئامانجێکی هەبێت، ئەگەری تێگەیشتنی نەلواوە.

کیرکەگۆرد وەکوو تێرتولیان، پێی وابوو باوەڕهێنان بریتییە لە قەبوولکردنی شتێک کە تێگەیشتنی نەلواوە، دیسانیش بە گوتەی کیرکەگۆرد کۆسپێک لەسەر ڕێگەی باوەڕهێنان هەیە و ئەو کۆسپەش بریتییە لە هۆش، بۆیە دەیوت؛ دەبێت ململانێ و بەربەرکانێ لەگەڵ هۆش بکەین، هەروەها پێی وا بوو ئەوەی کە زۆر پێویستە ڕامان نییە، بەڵکوو "خولیا"یە (Passion).

هەروەها پێی وا بوو ئەوە ترســـناکە کە مرۆڤ ناچارە هەمیشـــە هەڵبژاردن بکات و ئەیوت؛ هەر هەڵبژاردنێـــک بێژمـــارە و هەڵبژاردنی دیکە بە دوای خۆیدا دینێت و لەنێو پووچی و بێ واتاییدا ون دەبێت، ئەگەر لقێکی زانست بۆ خوێندن هەڵدەبژێری، لە هەمان کاتدا واتای ئەوەیە نا بە خوێندنی گەلێک لقی دیکەی خوێندن دەڵێی. ئەگەر پیشـــەیەک هەڵدەبژێری، ژمارەیەکی زۆر پیشەی دیکە ڕەت دەکەیتـــەوە، بەڵام دەبێت بزانیـــن کە هەموو هەڵبژاردنێک ترســـناکە، ئاخر هیچ بەڵگەیەکی بابەتیمان نییە بۆ هەڵبژاردنی شتێک و هەڵنەبژاردنی شتێکی دیکە.

## مارتین هایدگەر

هایدگەر یەکەمین ئێگزیستانسیالیستێکی ئەکادێمیک بوو، کە نە ئایینی بوو و نە خوداناباوەڕ. ئەوەی زۆر ناوبراوی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، ئەوە بوو کە بۆچی هەندێک شت بوونی هەیە و هەر چوار دەوری ئێمە پڕیەتی لە شت. هایدگەر پێی وابوو هەموو ئەو شتانەن کە بوونیان لێ پێک دێت و هەر شـــتێک خۆی بوونێکە، ئەیگوت ئەو شتەی دەبێتە هۆی ئەوەی کە شتەکان بوونیان هەبێت ئەوەیە کە ئەوان بورجیان هەیە.  ئەوە بورجی هەڵگرتنەیە کە دەبێتە هۆکاری هەبوونی شتەکان. بە گوتەی هایدگەر بورجی هەڵگرتن، ڕاســـتییەکی بنەڕەتییە کە لــە ڕێگەی ئاوەزەوە ناتوانین لێی تێ بگەین و ئاوەز تەنیا ســەبارەت بەو شـــتانە زانیاریمان پێ دەدات کە بوونیان هەیە، لەوەش زیاتر هایدگەر پێی وابوو کە ئێمەی مرۆڤەکان بیر لەو شتانە دەکەینەوە کە هەن و دەمێننەوە، بەڵام ئێمە دەبوایە سەرنج بدەینە قۆچ یان بوورجەکە. ئێمە دەبێت ئامێزی خۆمان بە ڕووی بورجی هەڵگرتندا بکەینەوە و ئەو شـــتانەی هەن و دەمێننەوە لەبیر بکەین. بە گوتەی هایدگەر؛ ڕاســـتی و ئاوەز پێکەوە سازگار نین، ئاوەز تەنیا سەبارەت بەو شتانە زانیاریمان پێ دەدات کە هەن نەک سەبارەت بەو بورجانە کە شـــتەکانیان هەڵگرتووە و هەروەها ئەیگوت ماندووبوون لە ڕێگەی زانســـت و زانیاریدا بایەخی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی کاتێک ماندوو دەبین گرنگی و بایەخ بە هیچ شـــتێکی تایبەتی نادەین. کەواتە مرۆڤ زۆرتر خوازیاری بورجەکەیە.

هایدگەر بە وشــەی مرۆڤ ڕازی نەبوو و لــە لێکدانەوەیەکی دیکە بۆ مرۆڤ کەڵکی وەردەگرت (مرۆڤ بوونەوەرە بە ئاڵمانی "sein") و هەروەها (هەمیشە لە شوێنێکدایە بە ئاڵمانی "da"). کەواتە مرۆڤ دازاینە («Dasein»). بە گوتەی هایدگەر دازاین ناتوانێت شـــاد بێت و هۆیەکەشـــی ئەوەیە کە شـــتێک هەمیشە وەکوو شمشـــێری دێموکلیس لەسەر سەری ڕاوەســـتاوە، ئەو شتەش مردنە. لـــە ڕوانگـــەی هایدگەرەوە هێزی تاریکی لەو دنیایەدا هەیە و ئەو هێـــزی تاریکییە هۆکاری هەموو گیروگرفت و کەموکوڕیەکانە، ئەو هێزە بریتییە لە Das Nichts- هیچ.

لەوەش زیاتر ئەو شـــتانەی بوونیان هەیە بەرتەســـک و ســـنووردارن، کەواتە نەبوون بەشـــێک لە تایبەتمەندیی هەر شـــتێکە، هەر مرۆڤێک تایبەتمەندیی دیاریکراو و ســـنوورداری خۆی هەن، ئەمە بە گوتەی هایدگەر ئەوە دەگەیەنێت کە نەبوون تایبەتمەندیی هەرە سەرکی و زاڵی مرۆڤە، کاتێک دەمرین تەواو نوقمی نەبوون دەبین. ئەوە یەکێک لە وتە بەناوبانگەکانی هایدگەرە: Das Nicht nichtet.

## جان پۆڵ سارتەر

یەکێک لە بەناوبانگترین ئێگزیستانسیالیستەکان، جان پۆڵ سارتەر، نووسەر و فەیلەسووفی فەڕانسەوییە. لە ڕوانگەی ســـارتەرەوە مرۆڤ تەواو ئازادە، هەر بۆیە لە بەرانبەر گشـــت کار و کردەوەکانی خۆشیدا

بەرپرسیارە و دەبێت ئەوەش بگوترێت کە سارتەر تێگەیشتنێکی تایبەتی لەوە هەیە. ئازادی بریتییە لە نەبوونی هیچ جۆرە سنووردداربوون و بەرتەسکییەک، مرۆڤ لە کاتی لەدایکبووندا بێ ناسنامەیە، بەو هەڵبژاردانەی دەیانکات بە درێژایی ژیانی، ناسنامەی خۆی دروست دەکات. بوون، هەبوون واتە خۆسازی و خۆبنیاتنان. بێجگە لەوە، یەکێک لە ڕوانگە بەناوبانگەکانی ئێگزیستانسیالیستەکان ئەوەیە کە دەڵێ؛ بوون دەکەوێتە پێش جەوهەر «existence comes before essence»، واتای ئەو قسەیەش ئەوەیە کە مرۆڤ لە پێشدا بوونی هەیە، جا پاشان لە ڕێگەی ئەو هەڵبژاردنانەی دەیانکات، ناسنامە و جەوهەری خۆی بنیات دەنێت.

بە گوتەی سارتەر ئەوە خۆی جۆرێک نفرینە و ئێمە ناچارین بە ئازادی و ئازادبوون و ئیرادەی ئازادییش خۆی نەگبەتییە، چونکە هیچ ڕێپێشاندەرێکمان نییە و ئەگەری ئەوەش نییە هەمانبێت، ئاخر هیچ پێوەرێکی ئاکاری لە ئارادا نییە تا بەگوێرەی ئەوە بڕۆینە پێش. ئێمە لە دنیایەکی پووچدا بەند کراوین و هیچ ڕێگایەکیشمان بۆ هەڵاتن نییە. جێگەی داخە کە خودا نییە، هەر بۆیە هیچ ئاکارێکی جیهانییش بوونی نییە. مرۆڤ دوورەپەرێزە، ونبووە، تەنیا و بێ پشتیوانە. سارتەر خۆی دەپرسێت ئایا لەنێوان مەستی و ڕێبەریکردنی نەتەوەیەکدا جیاوازی هەیە؟ ئەو دەیوت نەخێر هیچ جیاوازییەک نییە، دنیا و ژیان زۆر پووچە، مرۆڤ بە چاوگێڕان بە دنیادا دڵی تێک هەڵدێت و تووشی ڕشانەوە دەبێت، (یەکێک لە ڕۆمانەکانی سارتەر ناوی ڕشانەوەیە).

بە گوتەی سارتەر زۆربەی خەڵک هەوڵ دەدەن لە دەست ئەو ڕاستییە ڕاکەن، "Escapism" بەرانبەرە بە هەڵاتن لە راستییەکان. هەموو ئەو ئایین و ئایینزا و فەلسەفانەی کە بانگەشەی ڕێنیشاندان و هیدایەتی ئێمە دەکەن، بێجگە لە فێڵ و فریو شتێکی دیکە نین. مرۆڤ دەبێت ئەوە قەبووڵ بکات کە دنیا زۆر پووچە و دەبێت بە درێژایی ژیانی تاکوو دەمرێت ڕەنج و مەینەت بچێژێت. کامۆ، یەکێک لە بەناوبانگترین نووسەرە ئێگزیستانسیالیستەکان دەڵێت؛ تەنیا یەک پرسیاری فەلسەفی لە ئارادایە و ئەویش ئەوەیە کە ئایا دەبێت خۆکوژی بکەین یان نە؟

ئێگزیستانسیالیستەکان لە بواری سیاسییەوە کۆلێکتیڤیست بوون، واتە کۆمەڵتەوەر بوون و هەموویان لایەنگری دەوڵەتێکی بەهێزی خاوەن دەسەڵاتی زۆر بوون. کیرکەگۆرد لایەنگری دەوڵەتێکی سەرەڕۆی دیکتاتۆر بوو، هایدگەر نازی بوو، سارتەر پێوەندییەکی باشی لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی فەڕانسە هەبوو و لە یەکێک لە کتێبەکانی خۆیدا کاسترۆی دیکتاتۆری وڵاتی کووبا وەکوو قارەمان ناو دەبات. دەتوانین لەبەر ڕووناکیی تیۆریەکەی کانتدا ئەوە شی بکەینەوە کە بۆچی بەو ڕوانگە فەلسەفییانە دەوترێ هەبوونی. واتە لەسەر بنەمای دوو لایەنی بوونی راستەقینە، هەر وەکوو پێشتر ئاماژەمان پێ کرد؛ ئاوەز تەنیا سەبارەت بە ڕاستیی ڕاستەقینە دیاردەییەکان زانیاریمان پێ دەدات، لە کاتێک کە ڕێکارەکانی دیکەش بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر راستیی ڕاستەقینە، واتە دونیای واتایی (the nominal world) پێویستن.

فەیلەسووفەکانی زمان و فەیلەسووفە پراگماتیستەکان، سەرقاڵی دنیای دیاردەیی بوون و ئەوان لە ڕێکاری ئاوەز و ژیرانە و بیرکردنەوەی ڕاسیۆنالیستی بۆ لێکۆڵینەوەکانیان کەڵکیان وەردەگرت، بەڵام ئێگزیستانسیالیستەکان بۆ تێگەیشتن لە دنیای ڕاستەقینە دەستبەرداری ئاوەز بوون.

## ئاین ڕاند

*مێتافیزیک، زانیناسی، ئاکار، سیاسەت، جوانیناسی*

ئاین ڕاند لە ساڵی ١٩٠٥ی زایینی، لە شاری سانپترسبۆرگی ڕووسیەدا لەدایک بووە. ساڵی ١٩٢٦ چووەتە ئەمریکا و تاکوو کاتی مردنی لە ساڵی ١٩٨٢، هەر لەوێ مایەوە. ئەو کۆمەڵێکی زۆر ڕۆمان و وتاری نووسین، بەو جۆرە توانی سیستەمێکی فەلسەفیی هەمەلایەنە بخاتە بەردەست و لەسەر هەموو بابەتەکانی فەلسەفە بۆچوون و ڕوانگەکانی خۆی هێنانە بەرباس. هەروەها پێی وابوو سیستەمە فەلسەفییەکەی ئەو بەرین، هاوئاهەنگ و ڕێکوپێک و هەمەلایەنەیە و ناوی ئەو ڕێبازە فەلسەفییە نابووە ئۆبژێکتیڤیزم (Objectivism).

بە پێچەوانەی زۆربەی فەیلەسووفەکان، ڕاند لە فەلسەفەی خۆیدا سەر بە ڕێبازی ئەفلاتوون نییە، بەڵکوو پێڕەوی نەریتی ئەریستۆیە. بەو واتایە کە ڕوانگە و بیر و بۆچووکانی ناوبراو لە زۆربەی بوارەکاندا بە پێچەوانەی ئەو نرخ و بایەخانەن کە بەسەر کولتووری ڕۆژاوادا زاڵن. لەبەر ئەوەی کە بەشێکی بەرچاو لە کارە فەلسەفییەکانی ناوبراو، وەکوو ڕەخنە لە بیرۆکە و بیر و بۆچوونە زاڵەکانی نێو فەرهەنگی ڕۆژاوایی دادەنرێن، لێرەدا بەشێک لەو ڕەخنانەی ناوبراو دەخەینە بەرچاو بەڵام دەبێت ئەوەش بگوترێت کە ناوبراو لە ناوەندە ئەکادێمییە فەلسەفییەکاندا وەکوو کەسێکی بەرچاو ناناسرێت، ڕەنگە ئەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناوبراو بە ئاسانی تێکەڵاوی خەڵک دەبێ و هەروەها بە ئاشکرا و شێلگیرانەش دژایەتیی بیرۆکە و ڕێبازە فەلسەفییە باوەکانی وەکوو سوبژێکتیڤیزم، میستیسیزم، ڕێلەتیڤیزم، ئاڵترویزم و کۆلێکتیڤیزم دەکات.

## مێتافیزیک

دەوروبەری ئێمە پڕیەتی لە شت؛ دار و دەوەن، خانوو، جادە و ترۆمۆبیل و هتد... بە گوتەی ڕاند ئەو شتانە سەربەخۆ لە ئاگایی و وشیاریی ئێمە هەن و ئەوان بە هیچ جۆرێک لەژێر کاریگەریی ویست و داخوازی و هیوا و ئارەزووەکانی ئێمەدا نین. ئەگەر باران باریێت، تەنانەت ئەگەر ئێمە حەزیش لە بارانبارین نەکەین هەر دەباریێت، کەواتە ڕاستییە ڕاستەقینەکان سەربەخۆ لە ئێمە بوونیان هەیە و ڕەهاشن. واتە هیوا و ئارەزووەکانی ئێمە هیچ گۆڕانکارییەکیان تێدا پێک ناهێنن، هەروەها ڕوونە کە لە دەوروبەری ئێمەدا ڕاستییەکی سەربەخۆ لە ئاگایی ئێمە بوونی هەیە. کەواتە ئۆبجێکتیڤیزم یان بابەتتەوەری، ڕاستییەکی ڕاستەقینەی بوون وەکوو بنەمایەکی سەرەتایی وەردەگرێ و هەموو

ڕوانگە و بۆچوونەکانی لەسەر ئەو بنەما سەرەتاییە بنیات دەنێت و بنەما سەرەتاییەکانیش، بەو ڕاستییە بنەڕەتییانە دەوترێن کە سەربەخۆ لە ئێمە بوونیان هەیە و تەنانەت ئەگەر یەکێک حاشاش لە بوونیان بکات، هەبوونی ئەوان هەر لە جێگەی خۆیەتی.

بە گوتەی ڕاند، ئەو سەرسوڕمانییەی ئێگزیستانسیالیستەکان سەبارەت بەوەی بۆچی شتەکان هەن، لە بنەڕەتدا ڕێکارێکی هەڵەی پەلاماردەرانەیە، چونکە هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەک دەبێت لەسەر بنەمای قەبووڵکرنی ڕاستییەکانی بوون دابمەزرێت. هیچ جێگرەوەیەک بۆ ڕاستی نییە و هیچ شتێک ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە، ڕاستییەکان یا سروشت هەموو ئەو شتەیە کە هەیە. لە ئاکامدا ئەگەر قەبووڵی ڕاستی وەکوو بنەما و پرەنسیپێکی بنەڕەتی بۆ بیرکردنەوە وەرگرین، بنەما سەرەتاییەکەی دیکارت وەکوو خاڵی دەستپێک "من بیردەکەمەوە، کەواتە هەم" بە هەڵە دەردەچێت. لە ڕوانگەی ڕەندەوە، بیرکردنەوە بریتییە لە لێکدانەوە و تەتەڵەکردنی ئەو زانیارییانەی مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەکانییەوە کە سەبارەت بە ڕاستییەکانی دەوروبەری خۆی، پێ دەگەن. کەواتە بیرکردنەوە واتە وشیاری و ئاگایی، وشیاری و ئاگاییش ناکرێت بکەوێتە پێش ڕاستی. ڕاستییەکان هەمیشە بنەمایەکی بنەڕەتین و دەکەونە پێش هەر بڕواپێکراوێکی دیکەوە.

خاڵی دەستپێکی دیکارت (شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە هەم مرۆڤ خاوەنی وشیارییە و هەم دەتوانین گومان لە ڕاستییەکان بکەین) بوو بە هۆی ئەوەی کە فەیلەسووفەکانی دواتر لە پێوەندی لەگەڵ هەبوونی ڕاستییەکی ڕاستەقینەی سەربەخۆ لە ئاگایی ئێمە، تووشی گیروگرفتی گەورە بن و ئەوەش بە نۆرەی خۆی بوو بە هۆکاری پەرەگرتنی ئەو ڕێبازە سۆبژێکتیڤیستیانەی کە ئەمڕۆ باون.

ڕاند دەیوت ڕوون و ئاشکرایە کە مرۆڤ ئاگایی هەیە، بەڵام ئێمە پێش ئەوەی ئەوە وەکوو بنەمایەکی سەرەتایی یان وەکوو بنەما قەبووڵی بکەین، پێویستە لە پێشدا ئەوە قبووڵ بکەین کە واقعیەت لە دەوروبەری ئێمە دا هەیە. قەبووڵکردنی ئەو بنەما سەرەتاییە دوو ئاکامی هەیە: یەکەم واتە ئەوەی کە مرۆڤ توانای تێگەیشتن لەو ڕاستییەی هەیە و دووهەم واتە ئەوەی کە ئێمە دەیبینین هەویە و ناسنامەی هەیە. ئەو ڕاستییەی کە هەیە، بوونی هەیە و هەر شتێکیش کە بوونی هەیە، شتێکی دیاریکراوە، هەموو شتێک ناسنامەی تایبەت و تایبەت بە خۆی هەیە، هیچ شتێک بەبێ ناسنامەی تایبەتی و دیاریکراو بوونی نییە (بوون، ناسنامەیە).

لێرەدا دەبینین کە ئەو بۆچوونە بەپێچەوانەی بۆچوونی ئێگزیستانسیالیستەکانە کە دەڵێن؛ بوون دەکەوێتە پێش ناسنامە "existence comes before essence"، هەروەها بەپێچەوانەی بۆچوونی پراگماتیستەکانیشە کە پێیان وایە، ڕاستییەکان ناڕوون و نادیارن، تاکوو ئەو کاتەی کە شیکردنەوەیان بۆ نەکراوە، واتە ڕاستییەکان ناڕوونن تاکوو ئەو کاتەی شیکردنەوەیان بۆ نەکراوە. ئاین ڕاندیش وەکوو ئەریستۆ بڕوای قووڵی بەوە هەبوو کە یاسای هۆکار و ئاکام (واتە؛ قانون السبب والنتیجة) لە سروشتدا هەیە و کاریش دەکات. ئاکامی بنەڕەتیی ئەو یاسایە و پرەنسیپە ئەوەیە

کە شـــتەکان ناســـنامەیان هەیە، کەواتە لە هەلومەرجی تایبەتیدا، شـــتەکان بە جۆرێکی تایبەتی هەڵســـوکەوت دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر میزەڵانێک گازی هیلیۆمی تێدا بێت، پاش ماوەیەک بەرەو ئاســـمان بەرز دەبێتەوە، چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هیلیۆم ئەوەیە کە لە هەوا سووکترە. میزەڵانێکـــی پڕ لە ئاویش بـــەرەوە زەوی دێتەوە خوارەوە، چونکە ئاو لە هەوا قورســـترە. بەو جۆرە ئۆبژێکتیڤیزم بانگەشـــەی ئەوە دەکات کە سروشت یاســـای هەیە و بەگوێرەی یاسا سروشتییەکان کاردەکات، واتە لە سروشـــتدا یاسا و ڕێسای ڕەها بوونیان هەیە، (دەبێت بگوترێت کە هێشتاش زۆر یاسا لە سروشتدا هەن کە تاکوو ئێستا نەدۆزراونەتەوە).

هەروەها ڕەند پێی وایە کە مرۆڤ خاوەنی ئیرادەی ئازادە، لە هەر سات و کاتێکدا، ئەوە بەدەستی خودی مرۆڤە کە بیهەوێت ئاگایی و بیر و هزرەکانی کۆ بکاتەوە و ســـەرنجی خۆی بخاتە ســـەر شتێک، یان ڕێگە بدات بیر و ئاگاییەکەی بڵاو و سەرگەردان بن. لەو بارەیەوە مرۆڤ خۆی دەتوانێت هەڵبژێرێت، ئەوە ئەو شـــتەیە کـــە دەکەوێتە چوارچێوەی ئازادیی ئیـــرادەوە. تەنانەت ئەوانەش کە بەرگری لە جەبرگەرایی دەکەن، لەڕستیدا ئەوەیان وەک پێشگریمانە (presupposes) قەبووڵە کە مرۆڤ خاوەنی ئیرادەی ئازادە.

ئێمە دەست دەکەین بە لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتێک، پرسێک، کێشەیەک و پاشان دێین هەموو بەڵگە و دۆکیۆمێنت و فاکتەکانی پێوەندیدار بەو پرســـە هەڵدەســـەنگێنین، دواتر لەبەر ڕوونبوونیی بەڵگە و فاکت و دۆکیۆمێنت و زانیارییەکان، باشـــترین هەڵوێســـتی لواو دەگرینە بەر و بەجۆرێک هەڵوێست دەگرین کە بەڵگەکان و دۆکیۆمێنتەکان پشتیوانی لە هەڵوێستەکەمان بکەن.

کەســـێکی جەبرگەرا، جەبرگەرایی وەکوو شـــتێکی ڕاســـت دەبینێت و لەســـەر ئەو بنەمایەش هەڵوێســـت دەگرێت، ئەوەش ناکۆکیی تێدایە. ئاخر ئەو کەســـەی کـــە جەبرگەرایە و دەڵێت هیچ هەڵبژاردەیەکی نەکردوە، لە هەلومەرجێکی ئاوادا ناتوانێت کە هیچ بۆچوونێکی دروستی هەبێت کە ئەو هەڵوێستەی گرتوویەتی چەندە ڕاستە یان چەندە هەڵەیە.

## زانیناسی

ئاین ڕاند دەڵێ؛ سروشـــتی مرۆڤ جۆرێکە کە توانای ئەوەی هەیە ڕاســـتەوخۆ ڕاستی ببینێت (ئەوە هەڵەیـــە کە بڵێیـــن ئێمە توانای دیتن و چاوەدێریی زانیارییە هەســـتەکییەکانمان هەیە)، ڕاســـتە کە ڕەنگە سیســـتەمی هەستەکان لە هەندێک کەســـدا زیان ببینن و هەر بۆیەشە هەندێک کەس ناتوانن ئەو جیاوازییانە ببینن کە کەســـانی دیکە دەیانبینن، (بۆنموونە ناتوانن ڕەنگی سوور و سەوز لە یەکتر جیا بکەنەوە)، دیســـانیش لەوەدا ناتوانین بەو ئاکامە بگەین کە ڕاســـتییەکان بۆ کەســـانی جیاواز، جیاواز دێنە بەرچاو. ڕاســـتییەکەی ئەوەیە کە ڕاســـتیی ڕاستەقینە بۆ هەمووان وەکوو یەکە. هەروەها ئۆبژێکتیڤیزم، دووریش لەو جۆرە دابەشکردنەی جان لاک دەکات کە لە بواری چۆنیەتیی

هەستەکییەوە (sensory qualities) ڕاستیی ڕاستەقینە بەسەر دوو بەشی سەرەتایی و دووهەمدا دابەش دەکات، هەموو زانیارییە هەستەکییەکان سەبارەت بە ڕاستی لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە بەدەست دێنین. دەبێت ئەوەش بگوترێت کە ئەو هەستانە زانیاریی ڕوون و یەکلاکەرەوە سەبارەت بە سروشت و دەوروبەری ڕاستەقینە دەدەن بە ئێمە، بۆیە ڕاند بەپێچەوانەی لاک لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە هەر دوو جۆری چۆنیەتیی هەستەکان دۆخێکی یەکسانیان هەیە و بەیەک ڕادە ڕاستەقینەن.

بەپێچەوانەی مەسیحییەت، سۆبژێکتیڤیزم، پێی وایە ئێمە تەنیا لە ڕێگەی ئاوەزەوە دەتوانین زانیارییە واتاییەکان (ئابستراکییەکان) بەدەست بهێنین. بە گوتەی ڕاند، لەبەر ئەوەی کە پێوەندیی نێوان ڕاستیی ڕاستەقینە و ئاوەز لە ڕێگەی ئەو ئامرازانەوە پێک دێت کە ئاوەز کاریان پێ دەکات، واتە چەمکەکان، تیۆریی چەمکەکان بە یەکێک لە گرنگترین بوارەکانی کار و لێکۆڵینەوەی فەلسەفی دادەنرێت. چەمکەکان ئەو کاتە دروست دەبن کە ئێمە شتەکان لە هۆش و بیر و مێشکی خۆماندا و لەسەر بنەمای ڕادەی وێکچوونی ئەوان لەگەڵ یەکتر، ڕێکوپێک و بەستەبەندی دەکەین.

مەبەست لە وێکچوونی شتەکان چییە؟ فەیلەسووفەکان، هەمیشە ئەو پرسیارەیان کردووە، بەڵام ئێستەش نەیانتوانیوە وەڵامێکی دروست و ڕێکوپێکیان بۆی هەبێت، هەر بۆیە بەشێکی زۆر لەوان دەڵێن لە ڕاستیدا بیرکردنەوە، هیچ بنەمایەکی ژیرانەی نییە.

ئاین ڕاند بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەو توانیویەتی ئەو گیروگرفتە چارەسەر بکات و گوتی؛ لێرەدا مەبەست لە وێکچوون ئەوەیە کە ئەو شتانەی وەکوو یەکترن و لە یەکتر دەچن، ئەو شتانەن کە تایبەتمەندیی وەکوو یەکیان هەیە، بەڵام لە پلەی جۆراوجۆردا، بۆنموونە با بڕوانینە چەمکی "خانوو"، هەموو "خانوو"ەکان دیوار، دەرگا و دەلاقەیان هەیە، بەڵام ئەو دەرگا و دەلاقانە لە خانوویەکەوە بۆ خانوویەکی تر لە بواری ژمارە و قەوارەوە جیاوازن، کەواتە هەموو خانووەکان خاوەنی تایبەتمەندیی وەک یەکن، بەڵام بە پلە و بە ڕادەی جۆراوجۆرەوە.

ئەو ڕاستییە مێتافیزکییە لە لای ڕاین، بە بنەمای تیۆریی چەمکەکان دادەنرێت، چەمکەکان لە ڕێگەی پێوانە - کەمکردنەوە (measurement-omission) ساز دەکرێن، ئێمە شتەکان بەپێی تایبەتمەندییە وێکچووەکانیان، لە بیر و هۆش و مێشکی خۆماندا بە پلە و ڕادەی جۆراوجۆر دەستەبەندی دەکەین و پاشان بە لە بەرچاونەگرتنی ئامانجە تایبەتییەکان و بە لە بەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە وەک یەکەکان، چەمکێک بۆ ئەو شتانە دادەنین کە دەچنە چوارچێوەی ئەو گرووپەوە. ئەوە هەر ئەو شتەیە کە ڕەوتە واتاییەکان پێک دێنێت. هەر شتێک دەبێت تاکوو ڕادەیەک ئەو تایبەتمەندییە دیاریکراوانەی تێدا بن، بەڵام ڕەنگە بە ڕادەیەکی بچووک یان گەورە. بە دانانی وشەیەک لەسەر تێگەیشتنەکە، پرۆسەی فۆرمبەندی و ڕۆنانی زاراوەکە تەواو دەبێت. ئەو شێوە فۆرمبەندییەی چەمکەکان، بە واتای بابەتیبوونی چەمکەکانە، واتە چەمکەکان لەسەر بنەمای ڕاستییە مێتافیزیکییەکان فۆرم دەگرن. لێرەدا ئاگایی بە ڕەوتێکی دیاریکراودا تێ دەپەڕێت. کەواتە

بیردۆزی چەمکەکان لای ڕاند نۆمینالە، لەبەر ئەوەی کە چەمکەکان تەنیا لە ئاگاییی مرۆڤدا بوونیان هەیە و ناکرێت بە فۆرمێکی ڕیئالیزمیش دابنرێن. هەروەها تەنیا کاتێک دەتوانین بڵێین دوو شت وەکوو یەک دەچن کە بکەونە بەرانبەر شتی سێهەم؛ لێکچوونی دوو کورسی تەنیا کاتێک جێگەی باسە کە لەگەڵ شتی سێهەم بۆ نموونە ترۆمۆبێلێک بەراورد بکرێن. کاری چەمکەکان ئەوەیە کە ئەو زانیارییانە ڕێکوپێک بکەن کە هەستەکان بە ئێمەیان دەگەیەنن، کەواتە ئەرکی سەرەکیی زمان بریتییە لەوەی کە توانای ئەوەمان پێ بدات کە لە سەر ئەوەی کە هەیە بیر بکەینەوە. ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە ئەوبابەتە کاری فەلسەفەیە، نەک زمان. زمان لە پلەی یەکەمدا ئامرازێکە بۆ پێناسە و وێناکردنی ڕاستییەکان.

بە پێچەوانەی ئاوەزتەوەرەکان و ئەزموونتەوەرەکان، ئاین پێی وا بوو کە ئاوەز و هەستەکان پێکەوە و بەسەریەکەوە، سەرچاوەی زانین و زانیاریی ئێمەن و ئاوەزی بە "توانای مرۆڤ بۆ دەستنیشانکردن، ڕێکخستن و ئاوێتەکردنی ئەو ماتریاڵە کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە بە مرۆڤ دەگەن" پیناسە دەکرد، (Rand: The Virtue of Selfishness, NAL, New York 1964, s. 20). لەسەر ئەو بنەمایەیە دەوترێت هەموو زانین و زانیارییەک دەبێت لەسەر بناغەی ئەو ڕاستییە بنیات بنرێت کە هەستی پێ دەکرێت. ئەو زانیارییانەی کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە پێمان دەگەن، ئاوەز تەتەڵە و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکات و بۆ ئەو کارەش ئاوەز لە ڕێکاری لۆژیک کەڵک وەردەگرێت. خاڵی دەستپێکی لۆژیک ئەوەیە کە ناکۆکی و ناتەباییەکان لە ڕاستیدا بوونیان نییە. ئاین ڕاند وەکوو ئەریستۆ لەو بڕوایەدا بوو کە لۆژیک کۆمەڵە یاسا و ڕێسایەک نییە کە لەخۆڕا کەوتبنە پەنای یەکتر، بەڵکوو ئەو یاسا و ڕێسایانەن کە بۆ ئەوەی کە بیرکردنەوەمان لەگەڵ ڕاستییەکان بێتەوە، پێویستە پێڕەوییان لێ بکەین.

چەمک هێمای شتێکە کە لە ڕاستیدا هەیە، ئەو "شت"ە سەرچاوە یان ئەوەیە کە چەمکەکە سەرچاوەی لێ دەگرێ، یان بەرەو ئەو دەگەڕێتەوە. بەپێی ئۆبژێکتیڤیزم، نێوەڕۆکی کۆکنێتیڤی ئەو چەمکە، هەموو ئەو شتە دەگرێتەوە کە چەمکەکە هێما یان ئاماژەی پێ دەکات و ئەوەش بەپێچەوانەی ڕوانگە باوەکانە. زۆربەی فەیلەسووفەکان دەڵێن نێوڕۆکی کۆکنێتێڤی چەمکێک، تەنیا ئەو شتەیە کە لە پێناسەکەیدا هەیە. چەمکی "مرۆڤ" هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ سەبارەت بە مرۆڤ دەیانزانێت، بۆ نموونە دەزانێت؛ کە لەشی هەیە، دەتوانێت بجووڵێتەوە، توانای بیرکردنەوەی لۆژیکیی هەیە، شۆخە، دادپەروەرە، لە هەوای سارددا جل لەبەر دەکات، بۆ ژیان پێویستی بە هەوا و هەناسەیە، ئامرازسازە، توانای فێربوونی هەیە، دەتوانێت ترومۆبیل، پاپۆڕ و فڕۆکە لێخوڕێت، توانای پشکنینی ئەتۆمەکان و دروستکردنی پردە درێژ و باڵەخانە بەرزەکانی هەیە و... کەواتە چەمکی مرۆڤ هێما و ئاماژە بە شتێک دەکات کە هەموو ئەو تایبەتمەندییانە و ڕێژەیەکی زۆر تایبەتمەندیی ناسراو و هێشتا نەناسراوی دیکەشی هەن.

ئەگەر بمانەوێت چەمکەکان لە یەکتر جیا بکەینەوە، دەبێت پێناسەیان بکەین. بە گوتەی ئاین ڕاند، پێناسەی هەر شتێک، هەر چەمکێک پێویستە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەو شتە لە خۆیدا جێ بکاتەوە. گرنگترین تایبەتمەندییەکان، ئەو تایبەتمەندییانەن کە ئاماژە بە تایبەتمەندییە بنەڕەتی و جەوهەرییەکانی شتێک دەکەن و لە شتەکانی دیکە جیای دەکەنەوە. سەرەکیترین تایبەتمەندیی مرۆڤ ئەوەیە کە ئەو بوونەورێکی زیندووە و توانای بیرکردنەوەی ژیرانە و لۆژیکیی هەیە. توانای مرۆڤ بۆ بیرکردنەوەی لۆژیکییە کە وای لێ دەکات بتوانێت ئامراز ساز بکات، فێری شارەزایی و لێوەشاوەییی تەکنیکی و هونەری بێت، ئەتۆمەکان بپشکنێت و باڵەخانە و تەلارە زۆر بەرزەکان ساز بکات، کەواتە دەبێت مرۆڤ بە "حەیوانێکی عاقڵ" پێناسە بکەین.

ئەو بنەمایەی کە دەڵێت پێناسە دەبێت جەوهەری ئەو شتە ڕوون بکاتەوە کە پێناسەی دەکات، بە واتای ئەوەیە کە: ئەوە هەڵەیە کە بڵێین "ئینسان بوونەوەرێکە کە ئامراز دروست دەکات"، یان ئاژەڵێکە کە خۆشڕووە". دیارە ئەو دوو ڕستەیە ڕاستن، بەڵام لە ڕوانگەی ئۆبژێکتیڤیزمەوە بۆ پێناسەکردن نادروستن، لەبەر ئەوەی کە ئەوان ئەو مەرجە بنەڕەتییە دەخەنە ژێر پێ کە بەگوێرەی ئۆبژێکتیڤیزم دەبێت لە پێناسەدا هەبێت و ئەو مەرجەش ئەوەیە کە پێناسە دەبێت جەوهەر و ناوەڕۆکی ئەو شتە نیشان بدات کە تاریفی دەکات. ئاخر توانای ئامرازسازی و خۆشڕووی، بە تایبەتمەندیی بنەڕەتی لەقەڵەم نادرێن، بەڵکوو بە ئاکامی ئەوە دادەنرێن کە مرۆڤ توانای بیرکردنەوەی ژیرانەی هەیە.

ئۆبجێکتیڤیزم لە زۆر بارەوە لەگەڵ فەلسەفەی ئەریستۆ یەک دەگرێتەوە، بەڵام جیاوازیی بنەڕەتیشیان لەگەڵ یەکتر هەیە. یەکێک لەو جیاوازییانە بریتییە لە ڕوانگەی جیاوازی ئەوان سەبارەت بەوەی کە جەوهەر لە چی پێک دێت. بە گوتەی ئەریستۆ هەموو ئەو شتانەی کە واتای چەمکێک دەگەیەنن، جەوهەری مێتافیزیکیی نێوەڕۆکی سەرەکیی ئەو چەمکە پێک دێنن، بەڵام بە گوتەی ئاین ڕاند؛ بیرکردنەوەی لۆژیکی، تایبەتمەندییەکانی شتەکان دەدۆزیتەوە و لە ڕێگەی شیکردنەوەی سیستەماتیک، تایبەتمەندییە هەرە بنەڕەتی و جەوهەرییەکان دەستنیشان دەکات. ئەریستۆ "جەوهەر یا نێوەڕۆک" بە شتێکی مێتافیزیکی دەزانێت، ئۆبژێکتیڤیزم بە زانیناسی دادەنێت، (Rand: Introduction to Objectivist Epistemology, NAL, New York 1990, p. 5).

وەک ئاماژەمان پێ کرد، ڕاند پێی وایە کە نێوەڕۆکی کۆکنێتیڤی چەمکێک تەنیا شتێکە کە ئێمە سەبارەت بەو شتە دەیزانین کە چەمکەکە هێمای بۆ دەکات، بەڵام هەر لە سەردەمی کانتەوە وا باو بووە کە نێوەڕۆکی کۆکنێتیڤی چەمکێک بەرانبەر بێت لەگەڵ پێناسەکەی. ئەمەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی جیاوازی لەنێوان ڕاستەقینە و بیرکردنەوەدا. دەوترێت کە ڕاستییە شیکارییەکان هیچ شتێک سەبارەت بە ڕاستیی ڕاستەقینە ناڵێن، ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕاستییە ئەزموونی و تێکەڵکێشەکان مەرج نییە ڕاستگۆ بن. ئەگەر قەبووڵ بکەین کە چەمکێک تەنیا ئەو زانیارییە

دەگرێتەوە کە لە پێناسەکەیدا هاتووە، ناتوانین شتێکی دیکەی جیا لەوە بسەلمێنین کە مرۆڤە ئاژەڵێکی ژیرە، بۆ نموونە ناتوانین بیسەلمێنین کە مرۆڤ بۆ ژیان پێویستی بە ئۆکسیژێن یان هەوا و هەناسە هەیە. تیۆریی چەمکەکانی ئاین ڕاند پێچەوانەی ئەوەیە، بەو واتایە کە هەرچی سەبارەت بەو شتە دەیزانین کە ئاماژەی پێ دەکەین، لە پێناسەی ئەو شتەدایە کە پێناسەی دەکەین. ئەو بیردۆزەیە بەو واتایەیە کە دابەشکردنی واتا و مەبەستەکان بۆ واتای شیکارانە و تێکەڵکێش، دەبێت ڕەت بکرێتەوە. واتە هەر شتێک دروست بێت، دەکرێت ڕاستی و دروستتیەکەشی بسەلمێنرێت، هەر شتێکیش کە بسەلمێنرێت، ئەوە ڕاست و دروستە، (بە شێوەیەکی ئاسایی تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ پێوانەدا لە چەمکی "بەڵگە" کەڵک وەردەگیردرێت).

لەبەر ئەوەی مێتافیزیکی ئۆبژێکتیڤیزم لە ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەگوێرەی ئەو ڕوانگە فەلسەفییە، هەموو چەمکەکانیش دەبێت لەسەر بنەمای ڕاستی سەرچاوە بگرن. هەموو ئەو چەمک و دەستەواژانەی کە بناغەیەکیان لە ڕاستیی ڕاستەقینەدا نییە، دەبێت فڕێ بدرێن و بە ناڕاست لەقەڵەم بدرێن، وەکوو "جندوکە" یان "تەک قۆچ". دیارە ئەوە بەو واتایەش نییە کە هەموو چەمکەکان دەبێت لە سروشتی هەستپێکراوەوە ڕاستەوخۆ سەرچاوە بگرن. نە "سیاسەت" و نە "کۆمەڵگا" و نە "ئازادی" هیچ کامیان لە سروشتدا بە شێوەی کۆنکرێت نین، بەڵام دیسانیش ئەوان لەسەر بناغەی ڕاستییەکان فۆرمیان گرتووە و دروست بوونە. لە لایەکی دیکەوە چەمکی "خوا" لەسەر بناغەی ڕاستەقینەی هەستپێکراو دروست نەبووە، بۆیە چەمکێکی جێی باوەڕ نییە.

ئایا ئەگەری هەیە زانیاری و زانستێکی تەواو باوەڕپێکراو سەبارەت بە ڕاستی و ڕاستەقینە بەدەست بهێنین؟ ئاین ڕاند، بەپێچەوانەی هەموو فەیلەسووفەکان وەڵامی ئەرێنی بەو پرسیارە دەداتەوە. یەکێک لەو هۆکارانەی ناوبراوی وا لێ کرد تاکوو بەپێچەوانەی هەموو فەیلەسووفەکانی دیکەی پێش خۆی لەو پێوەندییەدا جۆرێکی تر بیر بکاتەوە، ئەوەیە کە ئەو جەختی لەسەر جیاوازیی نێوان زاراوەکانی "زانستی ڕەها" و "دڵنیایی"دا دەکرد، (she placed great emphasis on the difference between the concepts of «omniscience»and «security). زۆر ڕوونە کە مرۆڤ زانا و تێگەیشتوویەکی ڕەها نییە (ئێمە بەردەوام لە هەموو بوارەکاندا خەریکی بەدەستهێنانی زانیاریی نوێین) دیسانەوەش ڕاند پێی وا بوو ئێمە دەتوانین و ئەگەری ئەوەمان هەیە کە زانیاریی باوەڕپێکراو لەسەر ڕاستییەکان بەدەست بێنین.

لە ڕوانگەی ئۆبژێکتیڤیزمەوە ئەگەر هەموو زانیارییەکان، بەڵگە و دێکۆمێنتەکان، داتاکان، دراوەکان و فاکتەکان لە پێوەندی لەگەڵ بوارێکی زانستیدا شایەتی و ئاماژە بۆ شتێک بکەن و هیچ بەڵگە و داتایەکیش نەبێت کە شایەتی و ئاماژە بۆ ئاراستەیەکی دیکەی جیا لەوە بکەن، واتای ئەوەیە کە ئەو زانیارییە تەواو ڕاستە و بڕواپێکراوە.

کەواتە ڕادەی "دڵنیایی" سەبارەت بە هەر زانست و زانیارییەک بەستراوەتەوە بەو بوارە

دیاریکراوەی کە زانیارییەکە پێوەندیی پێوە هەیە. بوار چەمکێکی کۆنتێکستییە. کۆنتێسکت بەو جۆرە پێناسە دەکرێت «the sum of cognitive element conditioning an item of knowledge». واتە سەرجەمی هەموو ئەو توخم و پێداویستییە زانیناسییانەی کە هەلومەرجی دروستبوونی زانستێکی دیاریکراو پێک دەهێنن، بۆ نموونە لە فیزیکی کلاسیکی نیوتۆندا بەو ئاکامە گەیشتبوون کە جەوهەری (the mass) هەر شتێک نەگۆڕە، بەڵام ئێستە بۆمان دەرکەوتووە کە جەوهەری شتەکان بەپێی خێرایی زۆر دەبێت. ئایا ئەوە بە واتای ئەوەیە کە کە فیزیکی نیوتۆن هەڵەیە؟ ڕاند دەڵێ؛ نەخێر. لە کۆنتێکستە "کۆن"ـەکەدا مرۆڤ بە ئاکامێک دەگەیشت کە لەو کۆنتێکستەدا دەیتوانی و دەبوایە هەر بەو ئاکامە گەیشتبا، ئەودەم سەرجەمی هەموو بەڵگە و داتا و دراو و فاکتەکان شایەتی و ئاماژەیان بەوە دەکرد کە جەوهەری شتەکان نەگۆڕە.

لە فیزیکی نیوتۆنیدا کۆنتێکست تایبەتە بە "خێراییە کەمەکان". لە ساڵی ١٩٠٠ی زایینیدا، ئەوە ڕوون بووەوە کە جەوهەری شتەکان بەگوێرەی خێرایی زۆر دەبێت، بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە فیزیکی نیوتۆنی هەڵەیە، چونکە ئێستە ئێمە باس لە بوار و کۆنتێکستێکی دیکە دەکەین، واتە "خێراییە زۆرەکان". کەواتە ئەو زانستە نوێیە لەو بوارەدا لەگەڵ ئەوەی پێشووتر لە ناتەباییدا نییە و ئێستەش دەتوانین لە بیردۆزە کۆنەکان و لە کۆنتێکستی خۆی کەڵک وەرگرین، واتە "خێراییە کەمەکان". زانستی نوێ و زانستی کۆن لەو بارەوە جیاوازییان نییە. زانستی نوێ گەشە و پەرەگرتووی زانستە کۆنەکەیە. واتە لە کۆنتێکستێکی گەورەتر و هەمەلایەنەتردا بەکار دێت و هەر لەو کاتەشدا بواری بەکارهێنانی زانستە کۆنەکەش دەستنیشان دەکات. کەواتە لە ڕوانگەی ئۆبژێکتیڤیزمەوە، هەموو ئەو ئاکامانەی کە بەپێی هەڵسەنگاندن بەدەست هاتوون، لە کۆنتێکستی ڕاستەقینەی خۆیان ڕاست و دروست و باوەڕپێکراو و جێگای دڵنیایین.

بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری جەختکردنی ڕاند لەسەر ڕوانگەی بواری (contextual view)، بۆ تێگەیشتن لە ڕاستییەکان لێرەدا لە ڕوانگەی ئۆبژێکتیڤیزمەوە سەیری کامڵبوون و «کەماڵ» واتە (perfection) دەکەین. وا باوە (لە ئەفلاتوون وەرگیراوە) کە کەماڵ تەنیا لە ڕەهەندێکی دیکەدا بوونی هەیە و لە دنیای ڕاستیدا بە هیچ جۆر نییە. بەپێی ئەو بۆچوونە بێت، یەک تۆپی تەواو و بێ کەموکوڕی لەو گەردوونە ڕاستەقینەدا بوونی نییە، تەنانەت تۆپێکی بلیارد کە بە تازەییش سازکراوە، هەر بێ کەموکوڕی نییە. لە لایەکی دیکەوە ئۆبژێکتیڤیزم بانگەشەی ئەوە دەکات کە تەنیا شتێک بێ کەموکوڕی و پێرفێکتە کە لەو کۆنتێکستەدا کە ئەوی تێدایە، بە باشترین شێوەی کە دەکرێت، هەلومەرجی خۆنیشاندان و کامڵبوونی بۆ برەخسێت.

بەپێی ئەو ڕوانگەیە، تۆپێکی بلیارد کە تازە دروست کراوە، تۆپێکی تەواو بێ کەموکوڕییە، دیارە ئەگەر بیخەینە ژێر میکرۆسکۆپ، بۆمان دەردەکەوێت کە ڕووەکەی هێشتاش ڕێکوپێک نییە، وەڵام بۆیە وایە چونکە کۆنتێکست و بوارەکەی جیاوازە، ئاخر تۆپ لە ئاستێکی گەورەدا بەکار دێت.

ئێســـتە لێرەدا بوارەکەی جیاوازە، بۆیە نارێکی لەســـەر ڕووەکەی و لەژێر میکرۆسکۆپدا دەبینرێت، تـــۆپ دەبێت لە ئاســـتێکی گـــەورەدا بەکار بێت، نەک لە ئاســـتێکی بچووکی ژێر میکرۆســـکۆپدا، لێرەدایە واتە لە کۆنتێکســـتی خۆیدا، ئێمە تۆپەکـــە پێرفێکت و بێ کەموکوڕی دەبینین. بۆ ئەوەی بەڵگەهینانەوە لەگەڵ ڕاســـتییە ڕاســـتەقینەکە یەک بگرێتەوە، دەبێت لۆژیکی بێت. بە گوتەی ئاین ڕانـــد ئـــەوە واتای ئەوەیە کە نەک هەر هەموو بەڵگە و پاســـاوەکان، بەڵکوو پێویســـتە لە یاســـا و ڕێساکانی هەڵســـەنگاندنی بە ئاکامگەیشتن پێڕەوی بکەن، دەبێت هەموو جۆرە بەئاکام گەیشتنێک لە کۆنتێکســـت و زەمینەی تایبەت بە خۆیدا بێت، ئەو بنەمایە هەندێک توخمی دیکەشـــی هەن، بۆ نموونە لێرەدا باســـی بنەمای تێکهەڵکێشان، واتە یەکخســـتن بۆ سەلماندنی بیرۆکەکە دەکەین، (ntegration, and the so-called burden of proof principle).

لەبەر ئەوەی تەنیا یەک دنیا هەیە، هەموو ئەو شـــتانەی بوونیان هەیە و بە بەشـــێک لەو دنیایە دادەنرێن. واتای ئەو قســـەیە ئەوەیە کە هەر شتێک لەو دنیایەدا کاریگەریی لەسەر شتەکانی دیکە هەیە، کەواتە هەموو شتەکان پێوەندییان بەیەکەوە هەیە، هیچ ڕاستییەکی سەربەخۆ لەو گەردوونەدا بوونی نییە، لەبەر ئەوەی کە زانســـت هەمیشـــە ناسین و زانینە ســـەبارەت بە ڕاستییەکان، هەموو زانســـتەکان پێکەوە پێوەندییان هەیە، کەواتە بۆ ئەوەی زانســـتێک قەبووڵ بکرێت، دەبێت هەرچی زانستی نوێ هەیە، لەگەڵ زانستە کۆنەکان ناتەبایی نەبێت و پاشان ئاوێتەی ئەوان بکرێت.

با لێرەدا نموونەیەک سەبارەت بە چۆنیەتیی کارکردنی ئاوێتەکردن بۆ ئاکامێکی لۆژیکی بخەینە بەرچـــاو. ئایا ئەگەر کەســـێک ژمارەیەکی زۆر قاز ببینێت و بۆی دەرکەوێـــت کە قازەکان ڕەنگیان ســـپییە، دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە هەموو قازەکان سپین؟ زانست و زانیاریی ئێمە دەڵێت کە ئەو ئاژەڵانەی ســـەر بەیەک جۆرن، ڕەنگە ڕەنگی جیاواز لە یەکتریان هەبێت. جا ئەگەر زانســـت و زانیارییەکـــی دیکـــەت لەو پێوەندییە و لە ڕێگەی چاوەدێرییەوە بەدەســـت هێنـــاوە، لەگەڵ ئەو زانیارییەی کە پێشتر لەو بوارەدا هەبووە تێکەڵی بکەیت، بە ئاسانی دەتوانیت بەو ئاکامە بگەیت کە هەموو قازەکان سپی نین.

ڕێگایەکی ئاســـایی بۆ پاکانەکردن ســـەبارەت بە هەبوونی خودا ئەوەیە کە ئاماژە بەوە بکەین کە ئاوەز شـــتێک لەو بارەوە بە ئێمە دەڵێت؛ ئایا ئەگەر شـــتێک دەکەوێتە دەرەوە یان سەرەوەی ئاوەز، لەو شـــوێنەی کە ئاوەز بێدەنگ دەبێت، پێویستە لە ڕێکارەکانی دیکەی وەکوو هەست و سۆز، باوەڕ کەڵـــک وەرگرین؟ وەڵامی ئاین ڕاند بۆ ئەو پرســـیارە ئەوەیە کە دەڵێ؛ ئـــاوەز قەت بێدەنگ نابێت. هەموو زانســـت و زانیارییەکان لە ڕاستیی ڕاستەقینەی ماددی و هەستپێکراوی دەوروبەر سەرچاوە دەگرن. لێرەدایە کە بە شێوەیەکی لۆژیکی بەو ئاکامە دەگەین کە ئەتۆمەکان هەن، تەنانەت ئەگەر نەتوانین ڕاستەوخۆ هەستیشیان پێ بکەین، بەڵام بە شێوەیەکی لۆژیکی ناتوانین بەو ئاکامە بگەین کە خودا بوونی هەیە. بنەمای ســـەلماندن (proof principle)، ئەو پرەنسیپەیە کە دەڵێت ئەگەر

کەسێک بانگەشەی ئەرێنی بۆ شتێک دەکات، دەبێ پاکانەی بۆ بکات و بتوانێت ڕاستی و دروستیی ئەو شتەی کە بانگەشەی بۆ دەکات بسەلمێنێت.

ئەو پرەنسیپە لە دەزگای دادوەریدا جێی خۆی کردووەتەوە و ئەوە کاربەدەستانی دەزگای دادەوەرین کە دەبێت بیسەلمێنن کەسێک تاوانبارە. لە پێوەندی لەگەڵ بانگەشە بۆ بوونی خودادا ئەوەش هەر ڕاستە. بەرپرسایەتیی سەلماندن بە ئەستۆی ئەو کەسەیە کە بانگەشە و وابێژیی شتێک دەکات، لەبەر ئەوەی هیچ هۆکار و پاکانەیەکی ژیرانە بۆ بوونی خودا لە ئارادا نییە، (شتێک کە خەڵکی باوەڕمەند بە ئایین بڕوایان پێیەتی)، دەتوانین لە ڕێگەی ئاوەزەوە بەو ئاکاکامە بگەین کە نییە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هەڵوێستی ئەگنۆستیکەکان (agnostic's position) بە هیچ جۆر بۆ بەرگریکردن نابێت. کەسێکی ئەگنۆستیک دەڵێت ناتوانێت بوونی خودا بسەلمێنێت، بەڵام دیسانیش ناشتوانێت بیسەلمێنێت کە خودا نییە، بۆیە دەڵێ ئەو باسە و ئەو پرسیارە ئاوالایە.

بە گوتەی ڕەند، ئەوەی لێرەدا سەلمێنراوە (ئەوە کە هیچ بەڵگەیەکی ژیرانە بۆ بوونی خودا لە ئارادا نییە) لەگەڵ ئەو وابێژییە بێبنەمایە کە باس لە هەبوونی خودا دەکەن، بەرانبەر و وەکوو یەکە. بە واتایەکی دیکە ئەگنۆتیستەکان، بەڵگەی ژیرانە و ئاوەزمەندانە، ڕاستەقینە و بەهێزەکان لەگەڵ وابێژیی بێبنەماو نائاوەزمەندانە، بە یەک چاو سەیر دەکەن و ئەوەش دەبێت وەکوو تاوانێکی زانیناسی دابنرێت.

پرنسیپی بەرپرسایەتیی سەلماندن دەبێت لە گەلێک بواری دیکەشدا بەکار ببرێت، بۆ نموونە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو قسەیەدا کە دەڵێت سبەی خۆر هەڵنایەت، ئەو جۆرە قسانە هیچکات ناسەلمێنرێن و ئەوانە قسەی بێبنەمان و هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەم قسەگەلە نییە، بۆیە دەبێت بەتەواوەتی ڕەت بکرێنەوە.

بە بڕوای ئاین ڕاند، لە کاتی بەڵگەهێنانەوەدا ناکرێت سەرنج نەدەینە چۆنیەتیی فۆرمگرتن و دروستبوونی چەمکەکان و ئەو ڕەوتەی ئەوان لە دروستبوونی خۆیان، پێیاندا ڕۆیشتوون. ئاخر هەندێک زاراوە بەپێی ئەوانی دیکە بنەڕەتیتر و گرنگترن، بۆیە زاراوەکان دەبێت بە جۆرێکی تایبەتی فۆرم بگرن. هەندێک زاراوە و دەستەواژە تەنیا پاش فۆرمگرتنی هەندێک زاراوەی دیکە دەتوانن فۆرم بگرن، بۆ نموونە زاراوەکانی مرۆڤ و ئاژەڵ پێش فۆرمگیرتنی زاراوەی پریمات «primate» دروست بوون. ئەگەر لە کاتی بەڵگەهێنانەوەدا ئەو بابەتە لەبەرچاو نەگرین، ڕەنگە لە ئاکامدا تووشی هەڵە بین و ئەوە هەڵەی ئەو لۆژیکە نادروستەیە کە دەڵێت دنیا لە شتی فیزیکی دروست نەبووە، بەڵکوو لە هەندێک پرۆسە دروست بووە وەکوو ئەوەی کە هێگڵ و هیرۆکلیتۆس بانگەشەیان بۆ دەکرد. لەبەر ئەوەی پرۆسە شتێکە کە بۆ "شت" ڕوو دەدات، پێش ئەوەی کە چەمکی "پرۆسە" دروست ببێت، دەبێت چەمکی "شت" دروست بکرێت. کەواتە هەڵەیە کە بڵێین ڕاستی لە ڕەوت و پرۆسەی جۆراوجۆر دروست بووە و شتەکان ڕواڵەتی ئەو پرۆسانەن.

هەر بەو جۆرە ئەوەش هەڵەیە کە بڵێین مرۆڤ پێش هەر شتێک بە بەشێک لە گرووپ، واتە سەر بە چینێکی کۆمەڵگە لەقەڵەم دەدرێ. تاکوو چەمکی مرۆڤ دروست نە بێت، ئەو جۆرە چەمکانەی دیکە ناتوانن دروســـت بن. هەر دەســـتە و گرووپێک بریتییە لە کۆمەڵێک تاکەکەس، کەواتە ئەوە کە دەوترێت مرۆڤ پێش هەر شـــتێک بەشـــێکی کۆمەڵگایە، خۆی لە خۆیدا بە لە بەرچاونەگرتنی چۆنیەتیی دروســـتبوونی "کۆمەڵ" دادەنرێت. ئەو پاســـاوانەش کە دەڵـــێ "خاوەنداریەتی، دزییە"، چۆنیەتی ڕەوتی دروســـتبوونی زاراوەکان لە بەرچاو ناگرێت. پێش ئەوەی "دزی" پێناســـە بکرێت، دەبێت "مڵک و ماڵ" پێناسە کرابێت. دزی کارێکە کە کەسێک ماڵی خەڵکانی دیکە بۆ خۆی دەبات، کەواتە مڵک و ماڵ دەکەوێتە دوای "دزیـ"ــــیەوە، بۆ ئەوەی "دزی" بکرێت، دەبێت پێشگریمانەی زاراوەی "ماڵ و مڵک" هەبێت.

ئەگـــەر کەســـێک لە ڕەوتی زانینناســـیی خۆیدا لۆژیکـــی بێت، تاکوو زۆرتر فێـــر بێت، ڕادەی تێگەیشـــتنی دەچێتە سەرتر. زانستەکان هەموویان پێکەوە بەستراون. مەبەست لە ژیربوون ئەوەیە کە کەســـێک لۆژیکی و ڕاستەقینەتەوەور بێت. ڕاند زۆر جەختی لەسەر ڕاستیی ڕاستەقینە وەکوو تەنیا چوارچێوەی ڕیفێرانســـە دەکـــرد (frame of reference). ئەو گوتـــی بەڵگەهێنانەوە تەنیا کاتێک ڕاستە کە لەسەر بناغەیەکی ڕاست و بە شتێکی ڕاست دەست پێ بکات، واتە بە شتێک کە لەگەڵ ڕاستی یەک بگرێتەوە.

لەبەر ئەوەی ئاین ڕاند، فەلســـەفەی خـــۆی ناو نابوو ئۆبژێکتیڤیزم، دەبێـــت چاوەڕوان بین کە ئۆبژێکتیڤیزم بابەتی بنەڕەتیی ناوبراو بێت. ئۆبژێکتیڤیزم چییە؟ لە مێتافیزیکدا مەبەســـت لە ئۆبژە یان بابەتیانە بریتییە لە ســـەربەخۆبوونی ڕاســـتییەکان لە هەر چەشـــنە ئاگایی و هوشیارییەک. لە زانینناســـیدا عەینییەت زۆر ئاڵۆزترە. بە کورتی هەڵســـەنگاندن و لێکۆڵینەوە کاتێک بابەتیانەیە کە لەســـەر بناغەی ڕاستیی ڕاســـتەقینە بێت و لەلایەن ئاوەزەوە بەپێی یاســـاکانی لۆژیک پاکانەی بۆ بکرێت. ئەو جۆرە لێکدانەوانە پێویستە لەسەر بنەمای ستانداردەکانی ژیرانە و ئاوەزمەندانەی دڵنیایی (نـــەک زانایی ڕەهـــا) و کەماڵ (واتە ئەو ســـتانداردانەی ئەفلاتوون کە هیچـــکات پێیان ناگەین) جێبەجـــێ بکەیـــن، (Such assessments should further be made on the basis of rational standards of security (not omniscience) and perfection (not the Platonic, unattainable standard).

لە ڕوانگەی ئۆبژێکتیڤیزمەوە، زانیاری و زانست تەنیا لە ڕێگەی هەستەکان و ئاوەزەوە بەدەست دێن. دیســـانیش ئۆبژێکتیڤیزم لەو پێوەندییەدا جەخت لەسەر گرنگیی هەستەکان دەکات. زۆربەی بیرمەندەکانی پێش ئاین ڕاند، هەســـتەکانیان وەکوو شـــتێکی خۆرسک و ســـەرەتایی کە ناکرێت شیکردنەوەی زۆرتریان بۆ بکرێت، لەقەڵەم دەدان، (بۆ نموونە هەستی مرۆڤدۆستی لای هیوم).

بە پێچەوانەوە، ڕاند لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە هەستەکانی ئێمە، ئاکامی بیرکردنەوەکانی پێشووتر

و ئەو نرخ و بایەخانەن کە هەڵمانبژاردوون، بۆ نموونە ئەگەر دەمانچەیەکی سوار بەرەورووی کەسێکی گەورەساڵ ڕابگرین، دەستبەجێ هەست بە ترس دەکات، بەڵام ئەگەر لوولەی هەمان دەمانچە بەرەو منداڵێکی ســاوا ڕابگرین، هیچ دژکردەوەیەک لە خۆی نیشـــان نادات و تەنانەت ڕەنگە خۆشحاڵیش بێت و وەکوو ئامێرێکی یاریکردن ســەیری بکات. هۆی ئەو دوو جۆرە دژکردەوە جیاوازە ئەوەیە کە گەورەساڵان بەپێی ئەزموونی پێشووی خۆیان دەزانن کە دەمانچەکە دەتوانێت چ کارەساتێک بێنێتە ئاراوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە منداڵەکە هیچ شــتێک لەو بارەوە نازانێت، بۆیە هیچ ترســێکی نییە. با لێرەدا چەند نموونەیەکی دیکە بۆ ڕاست و دروست نیشاندانی ئەو قسانەی خۆمان بێنینەوە.

ئەگـــەر پێت بڵێن کە خودایەک هەیە ئەو جیهانـــەی ئافراندووە و ئاگاداری هەموو جۆرە ڕووداو و کار و کردەوەیەکـــە، تـــۆ دەتوانی ئەوە قەبووڵ بکەیت یان ڕەتـــی بکەیەوە؟ ئەگەر ئەوەت قەبووڵ کرد، جا ئەگەر کارێکت کرد کە بە پێچەوانەی ویســـتی خودا بێت، هەست بە ویژدانێکی ناڕەحەت دەکەیت. ئەگەر پێت بڵێن کە ڕەشپێستەکان لە ڕەگەزێکی نزمترن، تۆ خۆت دەتوانیت ئەوە قەبووڵ کەیت یان نە، جا ئەگەر بڕوات هێنا ئیتر هەستێکی نەرێنیت سەبارەت بە ڕەپشێستەکان تێدا پێک دێت. بە چوونەسەرەوەی تەمەن مرۆڤ دەتوانێت بەرە بەرە ئاڵوگۆڕ بەسەر ئەو بۆچوون و باوەڕهێنان و لێکدانەوەی خودا بێنێت کە بناغەیەکی بەهێزیان نییە و چاکتریان بکات، ئەو کەســـانەی ناتوانن چاکســـازییەکی ئەوتۆ لە خۆیاندا بکەن، زۆر جار ئاوەز و هەستەکانیان لەگەڵ یەک تووشی ناتەبایی و ناکۆکیی جیددی دەبن، دیارە ڕەوتێکی لەو چەشنە بۆ پێکهێنانی چاکسازی و ئاڵوگۆڕ لە خۆماندا جاری وایە زۆر دژوارە.

کەواتە هەستەکانمان ئاکامی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی پێشوومان و ئەو نرخ و بایەخانەن کە هەڵمانبژاردوون، جاری وایە ئەوان ئاماژە تەنیا بەوە دەکەن کە ئێمە ئەو شتەمان قەبووڵ کردووە کە لە ژیاندا پێیان وتووین و بەس. بە گوتەی ڕاند، لەو ڕێگایەوەیە کە (ڕێگای بیرکردنەوە و هەڵبژاردنی نرخ و بایەخەکان) مرۆڤ کەســـایەتیی خۆی دیاری دەکات، ئەویش وەکوو ئەریســـتۆ دەڵێ مرۆڤ وەکوو کاغەزێکی ســـپی دێتە سەر دنیا، پاشان لە ڕێگەی لێکدانەوە و شیکردنەوەی بەردەوامی ئەو زانیارییانەی وەریاندەگرێت، چوارچێوە بە وشـــیاری و بیـــر و بۆچوونەکانی خۆی دەدات و بەردەوام بەرەو چاکســـازی و باشتربوونیان دەبات و نرخ و بایەخی نوێ هەڵدەبژێرێت و بەگوێرەی ئەوان کار و کردەوە و دژکردەوەکانی ڕێک دەخات.

کەواتە لە ڕوانگەی ئۆبژێکتیڤیزم، هەستەکان خود بە خود لە بواری زانینەوە هیچ مەوقعیەتێکی جێی ئیعتیباریان نیە. ئەگەر کەسێک هەست بەوە بکات کە شتێک ڕاستە (یان ناڕاستە)، ئەوە بەپێی ئەو نرخ و بیرۆکە و بیر و بۆچوونانەیە کە پێشـــتر لە لای ئەو کەســـە دروست بوون. کەواتە تەنانەت ئەگەر مرۆڤ هەســـتی بەوە کرد کە شتێک ڕاستە، لەوەدا ناتوانین بەو ئاکامە بگەین کە ئەو شتەی ئەو کەســـە پێی گەیشـــتووە، شتێکی ڕاست یان هەڵەبوونی شـــتێک تەنیا لە ڕێگەی بیرکردنەوەی

لۆژیکییەوە دەستنیشـــان دەکرێت. هەروەها هەستەکان تەنیا سەبارەت بە ڕادەی گرنگی و بایەخی ئەو شتانە زانیاریمان پێ دەدەن کە ئێمە ئەزموونیان دەکەین، (ئەو شادی و خۆشییە زۆرەی دایک و باوکە نوێیەکان ئەزموونی دەکەن، نیشـــانەی ئاشکرای گرنگی و بایەخی ئەو منداڵەیە کە دێتە ناو ژیانیانەوە، هەروەها هەستەکان ئاگاداری و سیگناڵی ئەوەشمان بۆ دەنێرن کە لە هەر کاتێکدا دەبێت ســـەرنجی خۆمان بدەینە کوێ و سەر چ شتێک)، بۆ نموونە ئەگەر حەزت لە ژمارەکان نییە، نابێت خەریکی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی بابەتە بیرکارییەکان بیت، کەواتە هەســـتەکان زۆر پێویســـتن، ئەوان توانای ئەوەمان پێ دەدەن کە بژین و بۆ بەردەوامیمان لە ژیاندا زۆر پێویستن. هەروەها ئاین ڕاند پێی وایە باوەڕمان (باوەڕی ئایینی) هەر لە بنەڕەتدا شتێکی جیا لە هەستەکان نییە. بە گوتەی ڕاند؛ کاتێک دەڵێین بڕوامان وایە کە شتێک ڕاستە، واتای وایە هەست دەکەین کە ئەو شتە ڕاستە، هەروەها ئەگەر پێمان وا بێت شـــتێک ڕاســـتە لەبەر ئەوەی کە هەست دەکەین ڕاستە، بەگوێرەی ئۆبژێکتیڤیزم و زانینناسی، وابێژییەکی باوەڕ پێنەکراوە.

### ئاکار

بـــە پیچەوانەی زۆربەی تیۆرییە ئاکارییەکانی دیکە، ئاکار یان ڕەوشـــت لەلای ئاین ڕاند لە بایەخە زەرووریيەکانەوە ســـەرچاوە ناگرێت، بەڵکوو لەو شتەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەر لەبنەڕەتدا بۆچی بایـــەخ و نرخەکان بوونیان هەیە. لەبەر ئەوەی نرخەکان ئەو شـــتانەن کە ئێمە بۆ بەدەســـتهێنان و پاراســـتنیان تێ دەکۆشـــین و بەگوێرەی ئەوان هەڵســـوکەت دەکەین، ئەوەش پرسیارێکی دیکە بە دوای خۆی دا دێنێت و ئەو پرســـیارەش ئەوەیە کە بۆ دەبێت هەڵسوکەوت (to act) یان کردارێک بکەیـــن؟ ڕاند بۆ وەڵامدانەوە بەو پرســـیارەیە کە دەڵێت هەموو زینـــدەوەرەکان ژیان دەکەن، بەڵام هیـــچ گەرانتییەکیان بۆ مانـــەوە نییە. کەواتە هەموو زیندەوەرەکان لەگـــەڵ دوو جێگرەوە یان دوو بـــژاردە بـــەرەو ڕوون: واتە ژیان و مردن. تەنیا لە ڕێگەی جێبەجێکردنی کار و کردەوەی دروســـت و خۆپاراســـتن لە کار و کردەوەی نادروســـت دەتوانین پارێزگاری لە ژیان بکەین. گیا و ئاژەڵەکان چارەیەکیان نییە، جیا لەوەی کە بە شێوەیەکی خۆڕسکانە و سروشتی، بڕوێنەوە کە هەموو هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان بخە گەڕ. ئەمە لای مرۆڤەکان جیاوازە؛ مرۆڤ خاوەنی بڕیار و ئیرادەی هەڵبژاردنە، ئەو خووی سروشتی نییە، زانیاریی هۆشەکی و سروشتی و فکری نییە تاکوو خۆڕســـک ژیان و مانەوەی دەستەبەر بکەن. ئەمە بناغەی مێتافیزیکیی ڕوانگەی ئۆبژێکتیڤیزم بۆ ئاکار و ڕەوشتە. ئەرکی ئاکار و ڕەوشت بریتییە لە دروستکردن، فۆرمدان و ئافراندنی ئەو ڕێوشوێن و نۆرمانەی کە وەکوو پرەنسیپ و ڕێنیشاندەری کردار و کار و کردەوەکان دەستەبەری ئەوە دەکەن کە مرۆڤ بتوانێت ئەو نرخ و بایەخانە بەدەست بهێنێت و ئەوەش توانای ئەوەی پێ دەدەن کە وەکوو مرۆڤ ژیانێکی پێرفێکت و تەواوی هەبێت. کەواتە ئەو پێوانەی کە ئۆبژێکتیڤیزم بۆ دەستنیشانکردنی

ڕاستی و ناڕاستی و چاک و خراپ بەکاری دەهێنێت، بریتییە لە ژیانی مرۆڤ وەکوو مرۆڤ. کەواتە پێوانەی ئۆبجێکتیڤیزم بۆ دیاریکردنی خێر و شــەڕ بریتییە لە: هەر شــتێک کە ژیانی مرۆڤ وەکوو مرۆڤ بەرەو ڕەونەق و گەشــە و هەڵدان و پێشــکەوتن دەبات، ئەوە خێرە. واتە هەر شتێک دەبێتە هۆکاری هەڵدان و گەشەی ژیانی مرۆڤ وەکوو مرۆڤ، وەکوو خێر دەناسرێت و بە نۆرمێکی ئاکاری دادەنرێت و هەر شــتێکیش کە کۆسپ و چەڵەمە لەسەر ڕێگەی ژیانی مرۆڤ وەکوو مرۆڤ دروست دەکات، بە شەڕ دادەنرێت.

بۆ هەڵســوکەوتکردن، بۆ کردار و کردەوە لە خۆ نیشــان دان، بۆ جێبەجێکردنی کار و کردەوە، مرۆڤ پێویســتی بەوەیە کە زانســت و زانیاری لەســەر ڕاســتییەکان بەدەســت بهێنێت. ناسینی ڕاســتییەکان لە ڕێگەی هەستەکان و هەڵســەنگاندنی لۆژیکیی زانیاریەکان، بەدەست دێت. لەبەر ئــەوەی بیرکردنەوە چالاکییەکە کە تەنیــا مرۆڤ دەتوانێت بەڕێوەی ببات، مرۆڤ دەبێت لەســەر بنەمای بیرکردنەوەکانی خۆی هەڵســوکەوت بکات. هەڵسوکەوتکردن لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی کەســانی دیکە، بریتییە لە هەڵســوکەوتکردن بەبێ بیرکردنەوەی خۆت و لە خۆت، یان بریتییە لە هەڵســوکەوتکردن بەپێچەوانەی ئەوەی کە خۆت بیری لــێ دەکەیەوە. ئەوە بە واتای ئەوەیە کە تۆ بیرکردنەوەی کەســانی دیکە لە هی خۆت بە گرنگتر و پڕبایەختر دەزانیت یان بە واتای ئەوەیە کە مرۆڤ لە وشــیاری و ئاگاییی خۆی (بۆ ئەو شــتە کە بە ئاگایی دادەنرێت) کەڵک وەرناگرێت. واتە بۆ ناســین و هەڵسەنگاندنی ڕاســتییەکانی دەورووبەر لە ڕوانگەی ئۆبژێکیڤیزمەوە، کەڵکوەرگرتن و پشتبەســتن بە هەڵسەنگاندنی ژیرانە و ئاوەزمەندانە و لۆژیکی، بە گەورەترین و پڕبایەخترین بەها و نرخ (oremost virtue) ئەژمار دەکرێت.

لەبەر ئەوەی کە ئەوە خودی تاکی مرۆڤە کە بیر دەکاتەوە، کەواتە بایەخ و هەڵسەنگاندنەکانیشی بە شــتێکی تاکەکەســی دادەنرێن. ئەگەر نرخ و بایەخەکانی مرۆڤ ژیرانە بن، واتە لە سەر بناغەی ڕاستیی ڕاستەقینە ڕاوەستابن و لەگەڵ ئاوەز و ڕێسا و یاساکانی لۆژیک سازگار بن، ئەوە بابەتیشن. واتــە لەگەڵ ڕاســتی دێنەوە، ئاخر لەبەر ئەوەی مــرۆڤ خاوەنی ئیرادەی ئــازادە، قبووڵکردن یان ڕەتکردنەوەی ڕاستی و پشتگوێخستنی، بەرپرسایەتییەکی تاکەکەسییە و هەر کەس خۆی لەو بارەوە بڕیار دەدات. ئەگەر ڕاســتییەکان لە بەرچاو نەگریت، ناتوانیت لە دەســتی ئاکامە نەرێنییەکانی ئەو هەڵبژاردەیەی خۆت لە ئاماندا بیت.

مــرۆڤ بۆ زیندوومانــەوە دەبێت خاوەنی نرخ و بایەخ بێت و بۆ بەدەســتهێنانی ئەو بایەخانە و ڕاگرتنیشــیان دەبێت هەوڵ بدات و دەبێت کار بۆ گەیشتن بەو نرخ و بایەخانە بکات، ئەو کەسەی کە بۆ ئەو مەبەستە کار دەکات، پێویستە خۆی خۆشی و چێژ لەو کارە وەرگرێت. ئەگەر کەسێکی تر جگە لەو کەسەی کە کارەکەی کردووە، خۆشی و چێژ و بەری کارەکەی بەرێت، ئەو کار و کردەوە بێ واتا و بێ ئامانج دێتە بەرچاو. ئەو کەسەی کە کارێک دەکات دەبێت خۆی لە ئاکام و بەرهەمی

ئـــەو کارە کەڵک وەرگرێت. کەواتە ئۆبژێکتیڤیزم لایەنگری لە خۆویســـتی دەکات و مەبەســـت لە خۆویستی ئەوەیە کە مرۆڤ جۆرێک کار و هەڵسوکەت بکات کە لە درێژخایەندا بە ڕاستی بتوانێت لە بەرهەمی کارەکانی خۆی سوودمەند بێت، واتە تاکەکەس دەبێت بە جۆرێک کار و هەڵسوکەوت بکات کە خزمەت بە خۆی بکات.

دیسانەوەش کەسێکی خۆویست دەتوانێت دەست لە هێندێک شت بە قازانجی کەسانێکی دیکە کە بۆی گرنگن هەڵگرێت، بۆ نموونە هەموو خۆویستێک، ئەگەر بە قازانجی کەسانێک، بۆنموونە ژن و منداڵەکانی خۆی بێت، دەتوانێت لە زۆر شتی خۆی دەست هەڵگرێت. بەڵام ئەو کەسەی کە دەست لە زۆر بەرژەوەندی و شـــتی خۆی بە قازانجی کەســـانێک هەڵدەگرێت کە پێوەندییەکی تاکەکەسی لەگەڵیان نییە، پێی دەوترێت مرۆڤدۆست (an altruist). بەداخەوە جۆرێک مرۆڤدۆستی هەیە کە زۆریـــش باوە، ئەویش ئەوەیە کە دایک و باوکەکان منداڵەکانی خۆیان پشـــگوێ دەخەن بۆ ئەوەی بتوانـــن یارمەتیی منداڵانی خەڵکی دیکە بدەن. بەپێی ئۆبژێکتیڤیزم؛ گرنگترین کار لە ژیانی مرۆڤدا ئەوەیە کە کارێکی بەرهەمدار بکات، کارکردن بە واتای ئەوەیە کە مرۆڤ بیر و هێز و تواناکانی خۆی لە ڕێگەی کارەوە دەگۆڕێت بۆ کەرەستە و پێداویستییەکانی ژیان و شتی فیزیکی (کارکردن بریتییە لە گۆڕینی هزر و بیرەکان بۆ شـــتی ماددی و فیزیکی) کەواتە ئـــاکار لە ڕوانگەی ئۆبژێکتیڤیزمەوە بریتییە لە خۆویستیی ژیرانە و لۆژیکی. ئاین ڕاند بە پێچەوانەی خۆویستەکانی دیکە بۆ نموونە نیچە، بە شێوەیەکی سەرەکی پێداگریی لەسەر گرنگی و بایەخی ئاوەز دەکاتەوە.

ئاین ڕاند بە توندی دژایەتیی هەر چەشنە مرۆڤدۆستییەکی دەکرد. مرۆڤدۆستی بە واتای ئەوەیە کە کەســـانی دیکە قازانج لە بەرهەمی کار و ماندووبوونی تۆ وەرگرن نەک بۆ خۆت و پێی وا بوو مرۆڤدۆسیتی لەگەڵ سروشتی مرۆڤ ناسازگارە. هیچ کەس ناتوانێت بەتەواوەتی مرۆڤدۆستی بەڕێوە ببات، هەروەها کەســـێکیش نییە کە بەتەواوەتی مرۆڤدۆســـتی جێبەجێ بکات. ئەوەی کە زۆربەی خەڵک مرۆڤدۆســـتی بە ئیدەئال و بەرز دەزانن، لە لایـــەک لەبەر ئەوەیە کە زۆربەی خەڵک وا فێر کراون کە ناتوانن بەبێ یارمەتی و پشـــتیوانیی کەسانی تر بژین. لە لایەکی دیکەشەوە مرۆڤدۆستی لایەنێکی زۆر گرنگی فەلسەفەی ڕۆژاوایە کە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ وەکوو بیرۆکەیەکی زاڵ لـــە ئارادا بـــووە. هیچ کام لە بیرمەندەکانی دیکـــە ئەوەندە لە ڕێگەی ئـــاوەزەوە بەرگرییان لە ڕوانگەکانی خۆیان نەکردووە.

لـــە ڕوانگەی ئاین ڕاندەوە ئاکار بریتییە لـــەوەی کە هەر مرۆڤێک بتوانێت بە جۆرێک کار بکات کە بە باشترین شێوە، بەگوێرەی حەز و تواناکانی، هەروەها بەپێی بیرکردنەوە ژیرانە و لۆژیکییەکانی خۆی، ژیانی خۆی بنیات بنێت. ئەوە بایەخێکی زۆری نییە کە بۆ قازانجی کەسانی دیکە واز لە نرخ و بایەخ و بەرژەوەندییەکانی خۆمان بهێنین. دەستهەڵگرتن لە نرخ و بایەخەکانی خۆت بۆ کەسانێک کە نایانناســـی یان هیچ پێوەندییەکت پێیانەوە نییە، شـــتێک کە مرۆڤدۆستەکان بە شتێکی باش و

بەنرخی دەزانن و لایەنگریی لێ دەکەن، لە بواری ڕەوشت و ئاکارییەوە شتێکی ناپەسندە.

بەو جۆرە ئەو هەموو چەشنە ڕەوشت و ئاکارێکی ئەرکداری ڕەت دەکردەوە و پێی وا بوو کە جێبەجێکردنی کارێک لە ڕووی ئەرکەوە، کردەوەیەکە کە بە هیچ جۆر لە ڕووی ئاوەزەوە پاکانەی بۆ ناکرێت. ئەوە بەپێچەوانەی ئەوەیە کە مرۆڤ چۆن دەبێت هەڵسوکەوت بکات. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر بۆ ڕاپەڕاندنی کارێک هۆکارێکی ژیرانە هەبێت، ئەوە بە هیچ جۆر وەکوو ئەرک لەقەڵەم نادرێت. قەبووڵکردنی ڕاستییەکان لە ڕوانگەی ئۆبژێکتیڤیزمەوە بە بنەڕەتیترین بەها و نرخ دادەنرێت، یەکێک لە ئاکامەکانی ئەو پرەنسیپە ئەوەیە کە نابێت درۆ بکەین. لە ڕاستیدا درۆکردن، بریتییە لە نیشاندانی ڕاستی راستەقینە بە پێچەوانەوەی خۆی. واتە بانگەشەکردن بۆ شتێک کە بە پێچەوانەی ڕاستییە، ئەوەش کارێکی ناپەسەند و دوور لە ڕەوشتە. دیسان ئەوەش پێویستی بە کۆنتێکست و بواری خۆی هەیە. ئەرکی ڕەوشت یان ئاکار ئەوەیە کە هەندێک نۆرم و یاسا و ڕێسا دیاری بکات بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بتوانێت ژیانیکی مرۆڤانەی باشی هەبێت. (لێرەدا لەو سەرزەوییە، ژیانی دوای مردن نییە).

بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت ژیانێکی باشی هەبێت، دەبێت لە هەلومەرجی ئاساییدا ڕاستبێژ و ڕاستگۆ بێت، بەڵام ئەگەر دزێک بێت و داوات لێ بکات کە شتە بەنرخەکانت لە کوێ شاردوونەتەوە، درۆکردن شتێکی ئاکاری و ڕەوشتییە. لە هەلومەرجێکی ئاوادا ڕاستگۆبوون یارمەتیدانە بە کەسێکی خراپکار و ئەوەش بە زیانی خۆتە، بۆیە لە ئاکامدا شتێکە دوور لە پرەنسپە ئاکاری و ڕەوشتییەکان. لە ڕوانگەی ئۆبجێکتیڤیزمەوە، درۆکردنی زۆر نادادپەروەرانە بۆ بەدەستهێنانی بایەخە بێڕەوشتییەکان، کردەوەیەکی بێڕەوشتییە، بەڵام درۆکردن بۆ پاراستنی نرخ و بایەخە ژیرانە و ڕاستییەکان، کارێکە لەگەڵ یاساکانی ڕەوشت و ئاکاردا دەگونجێت.

ئاین ڕاند پێی وابوو کە ئەو توانیویەتی لە ڕێگەی تیۆرییە ئۆبژێکتیڤیزم و زانیناسییەکانی خۆیەوە پرسی دەبێت و ئەرێ چارەسەر بکات. (she had solved the is / should problem)

ئەگەر ئامانجێکی دیاریکراوت لە کردەوەیەکی دیاریکراو هەیە، بە ڕوون و ئاشکرایی پێویستە لە بواری ئاکاری و ڕەوشتییەوە بابەتەکە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. ئەگەر گەرەکتە شتێک ببڕیەوە، ڕوونە دەبێت چەقۆ بەکار بێنیت، چونکە چەقۆ ناسنامە و چۆنیەتییەکی هەیە بۆ ئەو کارە دەگونجێت، ئەگەر چەقۆکە کولە، دەبێت تیژی بکەیتەوە. ئەگەر دەتهەوێت لە ترافیکدا پێش لە ڕووداوی نەخوازراو و کارەسات بگریت، دەبێت بە تێبینی و وشیارییەکی زۆرەوە ترۆمۆبیل لێخۆڕیت. کەواتە ئێمە بۆ ئاکام لە ڕێکاری هەڵسەنگاندن کەڵک وەرگرین نەک لە ڕێکاری بەراوردکاری، (induction, not deduction). ئەگەر مرۆڤ ئامانجی ئەوەیە کە وەکوو مرۆڤ باش ژیان بەرێتە سەر، ناسنامەی مرۆڤ جۆرێکە کە دەبێت نرخ و بایەخە ژیرانە و لۆژیکییەکان بکاتە پێوانەی کار و هەڵسوکەوتەکانی و بۆ گەیشتن بەو بایەخانە و بەدەستهێنانیان، دەبێت مرۆڤ پشت بە ئاوەزی خۆی ببەستێت،

کارێکی بەهرەمەند بکات و ماف و ئازادییەکانی کەسانی دیکە لە بەرچاو بگرێت.

## سیاسەت

بەپێی ڕوانگەی ئۆبژێکتیڤیستی بۆ ئاکار، هەر مرۆڤێک پێویستە بەگوێرەی قازانجە درێژخایەنەکانی خۆی کار بکات. مرۆڤ ژیانی پێ دراوە، بەڵام ڕاگرتن و پاراستن و بەرەوپێش بردنی ژیانی پێ نەدراوە. مرۆڤ دەبێت لە ڕێگەی کارێکی بەرهەمهێنەرەوە ژیانی خۆی دابین و دەستەبەر بکات، دیسانیش مرۆڤ ناتوانێت بەبێ کەڵکوەرگرتن لە شتە ماددیەکانی وەکوو پارچەیەک زەوی، ئامرازەکانی دیکەی بەرهەمهێنان کار بکات. ئەگەر وا بڕیارە مرۆڤ بەگوێرەی بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنەکانی خۆی کار بکات، لەوەش دەبێت دڵنیا بێت کە ئەو شتانەی بەکاریان دەهێنێت، هی خۆیەتی و بەتایبەتی لە درێژخایەندا دەسەڵاتی بەسەریاندا دەشکێت. مەبەست ئەوەیە کە تاکەکەس دەبێت لە بەرانبەر دەستتێوەردانە نەخوازراوەکانی کەسانی دیکە لە کاروباری خۆیدا پارێزگاریی لێ بکرێت، هەر بۆیە مرۆڤەکان خاوەنی ماف و ئازادیین.

لەو نێوەدا گرنگترین و بنەڕەتیترین ماف، مافی ژیانە، واتە مافی دیاریکردنی چارەنووس. ئەوە بەو واتایە دێت کە هەموو کەسێک، بەبێ ئەوەی هیچ کۆسپێکی لەلایەن کەسانی دیکەوە بۆ دروست بکرێت، بتوانێت هەر هەنگاوێک کە خۆی بە دروستی دەزانێت بۆ دابینکردنی ژیانێکی باش، هەڵ بگرێت. لێرەدا تەنیا یەک مەرج لە ئارادایە و ئەو مەرجەیش ئەوەیە کە ئەویش ماف و ئازادییە ڕەواکانی کەسانی دیکە لە بەرچاو بگرێت. کەواتە مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە بە گوێرەی بیرکردنەوەی خۆی کاری بەرهەمهێنەری خۆی هەڵبژێرێت. بەو پێیە مافی ژیان، بە مافی کار و کردەوە دادەنرێت (The right to life is thus a right to work). ئەوە مافی ئەوە ناگرێتەوە کە تۆ کەڵک لەو شتانە وەرگریت کە لەلایەن خەڵکی دیکەوە بەرهەم هێنراون.

بە گوتەی ئاین ڕاند، ئەو بۆچوونەی سەرەوە بە بەردی بناغەی مافی خاوەندارێتی و مڵکدارێتیی تایبەتی دادەنرێت. مافی مڵکدارێتی و خاوەندارێتی بریتییە لە جێگیرکردن و جێبەجێکردنی مافی ژیان، بەبێ مافی موڵکدارێتیی تایبەتی، هیچ مافێکی دیکە جێبەجێ نابێت. واتە بە بنەمای هەموو مافەکانی دیکە دادەنرێت. مافی خاوەندارێتی و موڵکدارێتی، پێش هەر شتێک بریتییە لە مافی کاری بەرهەمهێنەر بەبێ دەستتێوەردانی کەسانی دیکە، بریتییە لە مافی کاری ئابروومەندانە. پێشێلکردنی مافەکانی کەسانی دیکە، بریتییە لە ناچارکردنی ئەوان بە هەندێک کار و کردەوە، بەپێچەوانەی باوەڕ و بیر و بۆچوونەکانیان، ئەوەش بە حاشاکردن لە توانای ئەوان بۆ بیرکردنەوەی ژیرانە و لۆژیکی دەزانرێت.

بە گوتەی ڕاین، ناچارکردنی زۆرەملێ و فیزیکی تەنیا ڕێگەی پێشێلکردنی مافەکانی کەسانی دیکەیە. (کڵاولەسەرنانی خەڵک و فێڵکردن و فریودانیش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەر بە زۆرەملێی

فیزیکی دەزانرێت). هەر بەو جۆرەی کە پێشـــێلکرانی مافەکانی کەســـێک ئاکامی زۆر خراپی بۆ ئەو کەســـە لێ دەکەوێتەوە، پێشـــێلکردنی مافەکانی کەســـانی دیکەش، زیان بە قازانج و بەرژەوەندییە ژیرانـــە و ڕەواکانی ئەو کەســـە دەگەیەنێت کـــە مافی خەڵکانی دیکە پێشـــێل دەکات، کەواتە ئەو مافانە پارێزراون و هیچ کەس و لایەنێک مافی پێشـــێلکردنی ئەوانی نییە. لانی کەم دەوڵەت مافی ئەوەی نییە کە ئەو ماف و ئازادییانە پێشێل بکات، (کاتێک دەڵێین مافە حاشاهەڵنەگرەکان لە هیچ هەلومەرجێکدا پێشـــێل ناکرێن، واتای پێشێلنەکرانی ئەوان نییە، مەبەست ئەوەیە کە پێشێلکردنی ئەوان کارێکی بێڕەوشـــتی و نائاکارییە). کەســـێک کە مافەکانی کەســـانی دیکە پێشێل دەکات، لە چوارچێوەی ئەو یاسا و ڕێسایانە دەچێتە دەر کە پارێزگاری لە مافەکان دەکەن و ئەوەش پاکانە بۆ ئەوە دەکات کە بکرێت سزای بدرێت، واتە ڕێگە بۆ ئەوە دەکرێتەوە بخرێتە ژێر فشار و پاڵەپەستۆ.

بە گوتەی ئاین ڕاند، لە کۆمەڵگایەکدا کە مافەکانی تاکەکەس لە بەرچاو دەگیردرێن و دەستەبەر دەکرێـــن، ئەو کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی ئازادە. ئازادی ئەوە نییە کە تۆ مافی ئەوەت هەبێت هەرچی بتهەوێت بتوانی بیکەیت. ئازادی ئەوەیە چۆنت بوێت ئاوا بتوانی هەڵسوکەوت بکەیت، بەو مەرجەی ماف و ئازادییەکانی کەســـانی دیکە پێشێل نەکەیت. هەروەها ئازادی بریتییە لە نەبوونی زۆرەملێ و ناچاربوون، ئەوە بە بنەمایەکی گرنگی سیاســـی لە ئۆبژێکتیڤیزم  دا دادەنرێت. واتە: پێوەندییەکانی نێوان کەسەکان دەبێت لەسەر بنەمایەکی دڵخوازانە دابمەزرێ.

بەگوێـــرەی ئۆبژێکتیڤیزم؛ بیرکردنـــەوە، کارکردن و بەرهەمهێنان خۆیـــان بەها و نرخن (is a virtue)، واتە بە چاکە و خێر و چاککرداری لەقەڵەم دەدرێن. لە ئاکامی ئەو کا رو کردەوانەدا، مرۆڤ دەتوانێت نرخ و بایەخ و قازانج بە کەسانی دیکەش بگەیەنێت. لە بەرانبەردا دەتوانێت نرخ و قازانج و بایەخیشـــی لە کەسانی دیکەوە پێ بگات. ئەو بنەمایە دوو لایەنەیە واتای ئەوەیە کە کەسێک کە بە باشترین شێوە دەتوانێت ویست و پێداویستی و داخوازەکانی کەسانی دیکە دابین بکات، کەسێکە کە دەتوانێت گەورەترین ســـەرکەوتن بۆ خۆی لە بازاڕی ئازاددا مسۆگەر بکات و لەو پێوەندییەشدا ئاین ڕاند دەڵێ؛ "پارە ڕیشە و سەرچاوەی هەموو شتێکی باشە" (Rand: For the New Intellectual, Random House, New York 1961, s. 112).

سەرکەوتن لە بازاڕی ئازاددا بە شێوەیەکی ئاسایی ئاکامی کار و زەحمەتی بەرهەمدارە، بۆیە کاری بەرهەمدار و بەرهەمهێنان هەمیشە بە کارێکی ئاکاری و ڕەوشتی دادەنرێت. ئەوەی کە دەوڵەمەندی دەتوانێت ئاکاری بێت، شتێکە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕوانگە و بۆچوونەکانی بۆ نموونە مەسیحییەت، ڕۆسۆ، کانت و مارکس لە ناتەباییی ئاشکرادایە.`۱ز````ز کۆمەڵگایەک کە بە جۆرێک ڕێک خرابێت کە لەوێدا ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ دەســـتەبەر بکرێن، کۆمەڵگەیەکی سەرمایەدارییە. لەلای ئاین ڕاند، ســـەرمایەداری نموونەی هەرە بەرز و جوان و ئیدەئال بوو. ئیدەئال و ئامانجێک کە هیشـــتاش زۆربەی خەڵک نەیانناســـیوە. ناوبراو پێی وا بوو کە جگە لە سەرمایەداری، هەموو شێوەکانی دیکەی

ڕێکخستنی کۆمەڵ لەسەر بنەمای پێویستی و ناچاری دامەزراون. هەم سۆسیالیزم و هەم دەوڵەتی خۆشبژیوی لەسەر ئەو بنەمایە دامەدەمەزرێن کە بەشێک لە خەڵک مافی ئەوەیان هەیە خەڵکی دیکە ناچار بکەن بەپێچەوانەی ئەو شتەی کە خۆیان بڕوایان پێیەتی کار و هەڵسوکەوت بکەن. کەواتە ئەو سیســـتەمە کۆمەڵایەتییانە، گرنگترین و بنەڕەتیترین تایبەتمەندیی مرۆڤ، واتە بیرکردنەوەی ژیرانە پێشـــێل دەکەن. لە سۆسیالیزم و دەوڵەتی خۆشـــبژیویدا خەڵک ناچارن بەپێچەوانەی تێگەیشتنی خۆیان لە ڕاســـتییەکان بجووڵێنەوە، هەر بۆیە ئەو جۆرە سیســـتەمە کۆمەڵایەتییانە لە درێژخایەندا ناتوانن کار بکەن و بڕۆنە پێشەوە، درەنگ یان زوو هەڵدەوەشێنەوە.

بەکارهێنانی "تێبینیە کۆمەڵایەتییەکان" بەمەبەستی پاکانەکردن بۆ زۆری و ناچاربوون، شتێک نییە بێجگە لە بیانوویەک بۆ شاردنەوەی مەبەست و ئامانجی ڕاسەقینە. واتە ناچارکردنی خەڵک کە بە پێچەوانەی بیرکردنەوە و باوەڕی خۆیان کار و هەڵسوکەوت بکەن. بەگوێرەی تیۆریی چەمکەکانی ڕانـــد، کۆمەڵگە بوونێکی ســـەربەخۆی نییە و واتاییە، کەواتە ئەوە شـــتێکی بـــێ واتایە کە بڵێین تاکەکەس شـــتێکی لە کۆمەڵ پێ دەگات. بۆ نموونە ئەگـــەر بچێتە قوتابخانەش، ئەوە کۆمەڵ نییە فێری دەکات، بەڵکوو ئەوە کەســـانێکی تایبەتین کە بۆ فێرکردنی ناوبراو هەوڵ دەدەن. بازاڕی ئازاد و نرخی ئازاد لە بازاڕدا، ئەو میکانیزمانەن دەستنیشـــانی دەکـــەن کە تاکەکەس تاکوو چ ڕادەیەک خێروبێری لە بەرانبەر کار و زەحمەتەکانیدا پێ بگات. هەر بەو جۆرە ئەوەش بۆ بەرگریکردن نابێت کە بێژیت دەبێت شـــتێک بۆ کۆمەڵگە بگێڕیتەوە، بۆ نموونە بە ناوی باج، لە بەرانبەر ئەوەدا کە لە کۆمەڵگەوە پێت گەیشتووە.

ئاین ڕاند، کە یەکێک لە بەرچاوترین ڕەخنەگرانی سیســـتەمی دەوڵەتی خۆشـــبژیوی بوو، پێی وا بوو؛ئەوەش وەکوو سیســـتەمێکی سیاســـی بوو و لە سیستەمی خۆشـــبژیویدا مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی سیستەماتیک پێشێل دەکرێن. "مافـ"ـی خوێندن، شوێنی نیشتەجێبوون و کار و هتد.. کە لە دەوڵەتی خۆشـــبژیویدا بۆ هەموو تاکێک دابین دەکرێن، بەو واتایە کە هەندێک کەس ناچار بکرێن ئەو دابینکردنی پێداویستی و کەرەستە و کەلوپەلانە بە کاری خۆیان ئامادەی بکەن و بیاندەن بە کەســـانی دیکە. ئەوەش شـــتێک نییە بێجگە لە سزادانی ئەو کەسانەی کەبە کار و ماندووبوونی خۆیان کەرســـتە و پێداویســـتییەکان بەرهەم دەهێنن و هەروەها هاندانی ئەو کەسانەشە کە هیچ کارێکی بەکەڵک و بەرهەمدار ناکەن. واتە ئەوانەی ئەو کەرەستانە بەکار دەبەن بۆ خۆیان بەرهەمیان نەهێنـــاون و ئاکامی کار و ڕەنجی ئەوان نین. بە واتایەکی دیکە دەوڵەتی خۆشـــبژیوی، بە جۆرێک کار دەکات کە تایبەتمەندییە باشـــەکان سزا دەدات و تایبەتمەندییە خراپەکانیش تەشویق دەکات و ئەمەش خەڵک هان دەدات کە هیچ بەرپرســـایەتییەک بەرانبەر ئەو سیستەمە قەبووڵ نەکەن کە تێیدا دەژین. ئاخر خەڵک دەبێت بەرپرســـایەتیی کار و کردەوەکانی خۆیان بگرنە ئەســـتۆ، ئەوەی کە دەوڵەت هەندێک ئەرک بگرێتە ئەســـتۆی خۆی کە ببنە هۆکاری پێشـــێلکردنی مافی خەڵکانی

دیکە، کارێکی زۆر خراپە، چونکە ئەرکی بنەڕەتیی دەوڵەت شتێک نییە بێجگە لە بەرگریکردن و پاراستنی مافەکانی خەڵک. ڕاند ئەیوت؛ دەوڵەتی خۆشبژیوی، بە مرۆڤدۆستی "ئۆلترائیزمـ"ـ بەرگری و پشتیوانیی لێ ناکرێت. مرۆڤدۆستی لەلایەن زۆربەی خەڵکەوە وەکوو ئامانجێکی بەرزی ئاکاری لەقەڵەم دەدرێت.

کاتێک دەوڵەت ئەو پارەیەی کە لە ڕێگەی وەرگرتنی باجی زۆرەملێییەوە کۆی دەکاتەوە و بەسەر هەندێک کەس و گرووپی دیاریکراودا دابەشی دەکات کە هەلومەرجی تایبەتیان هەیە (تەمەن، ژمارەی منداڵ، شوێنی ژیان و پیشە)، ئەوە بەو واتایەیە کە خەڵک زوو دەکەونە خۆیان تاکوو ژیانیان وا ڕێک بخەن کە ئەو خاڵ و پوەنە دەوڵەتییانە بیانگرێتەوە تاکوو کەڵکیان لێ وەرگرن، ئەو دەستە و تاقمانە بەرە بەرە لەو شوینانە کۆ دەبنەوە کە دەوڵەت ئەو پێداویستییانە بەسەریاندا دابەش دەکات. لەو شوێنانەی کە دەوڵەت ئەو جۆرە پوەنە تایبەتییانە دابەش ناکات، هیچ گروپ و دەستە و تاقمی لەو جۆرەی تێدا نین. کارکردن بۆ بەدەستهێنانی پوەنە تایبەتەکان بە کارێکی بەکەڵک لەقەڵەم نادرێن، بەڵکوو ئەوە هەوڵێکە بۆ بەدەستهێنانی بەرهەمی ڕەنج و زەحمەتی خەڵکانی دیکە لە جیاتی کار و خۆماندووکردن.

تەنانەت ئەگەر دەوڵەت دەست بکات بە ڕێکخستنی گشتیی کاروباری ئابوورییش، هەندێک دەستە و تاقم سەر هەڵ دەدن کە لەسەر تێچووی خەڵکانی دیکە خۆ بەڕێوە دەبەن. لە بارودۆخێکی ئاوادا هەمیشە سەرجەمی زیان و زەرەرەکان، لە دەستکەوت و قازانجەکان زۆرترە. لێرەدا کۆمەڵ زیانی پێ دەگات و هەندێک تاقم و کەسیش قازانجی خۆیان دەبەن. ئەو دەستە و تاقمانە تێ دەکۆشن ئەو پرۆگرامە کۆمەڵایەتییانە بە قازانجی خۆیان بپارێزن. بۆیە ڕاند لایەنگری جیایی یەکلاکەرەوەی نێوان دەوڵەت و ئۆکۆنۆمی بوو و پێی وا بوو کە ئەرکی دەوڵەت تەنیا و تەنیا بریتییە لە پارێزگاری لە مافەکانی هاووڵاتیان. هەروەها ئەیگوت دابینکردنی پارە و تێچووەکانی دەوڵەتیش هیچ کات نابێت لە ڕێگەی پێشێلکردنی مافەکانەوە بەدەست بێت. خەڵک دەبێت بە شێوەی خۆبەخش و دڵخوازانە پێداویستییەماڵییەکانی دەوڵەت دابین بکەن. دەتوانین ئەرکە ڕەواکانی دەوڵەت لەگەڵ ئەرکەکانی کۆمپانیا و کارگەیەکی بیمە بەراورد بکەین، هەر وەکوو زۆربەی خەڵک خۆیان و شتەکانیان بیمە دەکەن، دەتوانن هەر ئاواش دڵخوازانە بۆ دابینکردنی پێداویستییە ماڵییەکانی کار و چالاکییە یاسایی و ڕەواکانی دەوڵەت خۆبەخشانە هاوکاری بکەن.

کارڵ مارکس بەڵگەی بۆ ئەوە دەهێنایەوە کە سەرمایەداری سیستەمێکی ناسەقامگیرە و قەیران دەئافرێنێت و لە ئاکامدا هەڵدەوەشێتەوە، ئەو هەڵوەشانەوەیەش شتێکی سەداسەدە. بەڵام ئاین ڕاند لەگەڵ ئەو بۆچوونە هاوڕا نەبوو و ئەو دەیوت سەرمایەداری نەک هەر سەقامگیرە، بەڵکوو تەنیا سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی جێگرتوو و سەقامگیر و بێ قەیرانیشە. بۆیە ئەوە تەنیا کاتێک ڕاستە کە سەرمایەدارییەکی تەواو ئازاد لە ئارادا بێت. واتە بەبێ هیچ جۆرە دەستتێوەردانێکی دەوڵەت لە

کاروبـــاری ئابووریدا. هەروەها پێی وا بوو کە هەموو ئەو قەیرا ن و بێرەوونەقییانەی کە تاکوو ئێســـتە لە وڵاتانی ڕۆژاوادا ســـەریان هەڵ داوە، ئاکامی دســـتتێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا بووە. دیاریکردنـــی ڕادەی کرێی کارکردن، دیاریکردنی نرخی قازانج و بەهرە، ڕادەی خســـتنەڕووی پارە، ئەگەر دەوڵەت دەستتێوەردان لەو کارانەدا نەکات، هێزەکانی بازاڕی ئازاد، واتە ویست و خستنەڕوو، خۆیان هەموو ئەو شـــتانە ڕێک دەخەن. هەروەها ڕاند ئەیگوت لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە نرخی پارە سەقامگیر بێت، ئەوەش تەنیا لە ڕێگەی ستانداردکردنی نرخی زێڕەوە دەکرێت و پێی وا بوو بازاڕی ئازاد خۆی ستانداردی زێڕ ڕێک دەخات و دەوڵەت نابێت لەو بارەوە هیچ دەستتێوەردانێک بکات.

فەلسەفەی سیاسیی ئاین ڕاند، لە ساغکردنەوە و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی لیبرالیزمدا، لە دوای ساڵانی ١٩٧٠ی زایینیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. ڕێژەیەکی زۆر لە فەیلەسووفەکان، ئابووریزانەکان و هەروەها سیاســـەتمەدارە ڕاســـتڕەوەکان ئەویان بە ســـەرچاوەی ئیلهامی خۆیان دەزانی، کتێب و نووســـراوەکانی لە ئاستێکی بەربڵاودا دەفرۆشران. ســـەرەڕای ئەوەش دەتوانین بڵێین کە لە سایەی کاری ئەوە کە دەبینین ڕوانگە و بیر و بۆچوونەکانی لیبراڵیزم و ئیندیڤیدواڵیزم، لە ئاستێکی گەورە و لەنێو خەڵکدا بڵاو بوونەوەتەوە.

## جوانیناسی

ئاین ڕاند وەکوو ئەریســـتۆ لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە شێعر گرنگترە لە مێژوو، چونکە مێژوو ڕاستییە ڕاســـتەقینەکان بەو جۆرە نیشـــان دەدات کە بووە، لە کاتێکدا لە شێعردا دەکرێت ڕاستییەکان بەو جۆرە نیشان بدرێت کە دەبوا وا بوایە، یان بەو جۆرە بێت کە دەبێت هەبێت و لە ڕۆمانەکانیدا باسی کەســـانی نموونەیی و ئێدەئال دەکات، ئەو کەســـانە بە جۆرێک وێنا دەکات کە خۆی بە نموونەیان دەزانێت. هەرچەند ئەو قەت نەهات ئەدەبیاتێکی خەیاڵی و دوور لە ڕاســـتیی ڕاستەقینە بنووسێت، پاڵەوانی چیرۆکەکانی هەمیشە لە چوارچێوەی ڕاستیی ڕاستەقینەدان.

بەو تەی ڕاند، هەر بەرهەمێکی هونەری، بریتییە لە ئافراندنەوەی ســـەرلەنوێی ڕاستییەکان، کە هونەرمەندەکە بەپێی ئەو بایەخانەی کە هەڵبژاردوون، دروســـتی کردووە. تابلۆیەک یان پەیکەرێک ئەگەر ئاوێنەی ئافراندنەوەی سەرلەنوێی ڕاستییەکەی نەبێت، بە کارێکی هونەری دانانرێت. (دەبێتە دیکۆراســـیۆن). ئەوەی لە بەرهەمێکی هونەریدا دەبینرێت، نیشان دەدات کە هونەرمەند چ شتێکی بۆ گرنگە و کام پەیام بڵاو دەکاتەوە، هەروەها لە ڕێگەی ئەو شتانەش کە باسیان ناکات یان خۆیان لێ لا دەدات، نیشـــان دەدات کە چ شـــتێکی بە لایەوە گرنگ نییە و پێی وا بوو؛ "مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا شـــتە بێ بایەخەکان، شـــتە ناگرنگەکان، بە هێند ناگرێـــت و نایانبینێت، بەڵام لە هونەردا وەلایان دەنێت".

بەرهەمە ئەدەبییەکان، باشـــترین ئامرازی سیمبۆل و سەرمەشقە ئاکارییەکانن. لەو پێوەندییەدا

ڕاند دەیوت لە هەموو ئایینەکاندا گەلێک گێڕانەوە و چیرۆکی جۆراوجۆر هەن کە پڕن لە سەرمەشقە ئاکارییەکان. دیسانیش بە توندی دژایەتیی ئەوەی دەکرد کە شێعر وەکوو ئامرازێکی پەروەردەیی بەکار بهێنرێت و وەک زۆر ڕۆماننووسی گەورە، پرسە فەلسەفییەکانی لە چیرۆکەکانیدا دەهێنانە ئاراوە. بەپێی ڕوانگە بەرز و مرۆڤانە ئەرێنییەکانی خۆی، پاڵەوانی ڕۆمانەکانی وێنا دەکردن و لەو ڕۆمانانەدا، کەسانی هونەرمەند، خاوەنکار، بازرگان و زانا و بلیمەت دەبینرێن کە هەموویان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانیان تێ دەکۆشن، کەواتە ڕوانگەی ڕاند بۆ مرۆڤ، ڕاست بەپێچەوانەی ڕوانگەی ئاگوستین و هابزە. ئەو ڕوانگەیەی ئەمڕۆ بەسەر دنیای ڕۆژاوادا زاڵە.

ئاین ڕاند سەر بە نەریتی ڕۆمانتیک بوو. بەگشتی دەوترێ کە ئەڤین لەژێر دەسەڵاتداریەتیی سۆز و هەستەکاندایە. لە ڕوانگەی ئاین ڕاند، وەکوو پێشتر ئاماژەمان پێ کرد؛ هەستەکان، بنەڕەتی و سەرەتایی نین، بەڵکوو هەستەکان ئاکامی ئەو نرخ و بایەخانەن کە هەڵیاندەبژێرین. ئەوەی بە بنەما سەرەتاییەکان دادەنرێن، بریتین لەو نرخ و بایەخانەی کە بۆمان گرنگن. لە خۆڕا نییە لە ڕۆمانەکانی ئەودا قارەمانەکان نرخ و بایەخی خۆیان هەڵدەبژێرن و لە پێناویاندا خەبات دەکەن. لە بەرهەمێکی هونەریدا هەموو ئەو نرخ و بایەخانە ڕەنگ دەدەنەوە کە لە لای هونەرمەند بەرز و نموونەیین. بۆیە دەتوانین لە کاتی سەیرکردنی تابلۆیەکی هونەریدا، بە شێوەیەکی بابەتیانە ئەو نرخانە ئەزموون بکەین کە لە ژیان و ڕاستیی ڕاستەقینەدا بۆ ئێمە گرنگن.

کەواتە مرۆڤ پێویستییەکی قووڵی بە هونەر هەیە. بە گوتەی ڕاند هونەرێک کە لەگەڵ تاکی مرۆڤ دەدوێ و هەستەکانی مشتوماڵ دەدات، واتە هونەرێک کە لە ڕێبازە هونەرییەکانی ڕۆمانتێک، ناتوراڵیزم و مۆدێرنیزمدا خۆی نیشان دەدا و ئەو جۆرە هونەرە ڕەنگدانەوەی نرخ و بایەخە بنەڕەتییەکانی ژیانە. کەسێکی لۆژیکی ئەو بەرهەمە هونەرییانە پەسند دەکات کە لەواندا ڕێز و خۆشەویستی بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی ڕەنگ دەداتەوە و کەسێکی نالۆژیکیش حەزی لەو بەرهەمە هونەرییانەیە کە لە ڕێگەی ئەوانەوە پاساو بۆ ناژیرانەبوونی خۆی بێنێتەوە.

ڕاند پێ وا بوو هونەر یەکێک لە پێداویستییەکانی ژیانە، بەڵام چ بەڵگەیەکی بۆ ئەو قسەیەی خۆی هەبوو؟ ئەو دەیوت هەر بەرهەمێکی هونەری فەلسەفەیەک نیشان دەدات، هەر پارچە شێعرێک، سەمفۆنیایەک، تابلۆیەک، پەیکەرێک، گۆرانییەک، ڕۆمان یان کورتە چیرۆکێک، ڕوانگەیەکی بنەڕەتی لە ژیان و ڕاستییە ڕاستەقینەکان نیشان دەدات. ڕاند هونەر بە "سەرلەنوێ ئافراندنەوەی ڕاستییەکان لەسەر بناغەی ئەو نرخ و دادوەرییە مێتافیزیکییانە کە هونەرمەند بڕوای پێیان هەیە" پێناسە دەکات. کەواتە بەرهەمێکی هونەری سەرلەنوێ ئافراندنەوەی ڕاستییەکان لەلایەن هونەرمەند لەبەر ڕووناکایی ئەو نرخ و بایەخانەیە کە ئەو بڕوای پێیان هەیە. ئەوەی هونەرمەند لە تابلۆکەی دا نیشانی دەدات، ئەو شتەیە کە ناوبراو گەرەکیەتی لە ڕاستیدا هەبێت. ئەگەر ئەو لە ڕۆمانەکانیدا کەسانی ئەوتۆ دەئافرێنێت کە بۆ ماف و دادپەروەری خەبات دەکەن، واتای ئەوەیە کە هونەرمەند ڕاستیی

ڕاستەقینە بەو جۆرە دەبینێت. کاتێک لە بەرهەم و تابلۆکانیدا ئاژاوە و بێسەرەوبەرەیی نیشان دەدات، واتای ئەوەیە ئەو ڕاستییە بەو جۆرە دەبینێت.

لــە ڕوانگەی ڕاندەوە هونەر پێویســـتییەکی بنەڕەتیی ژیانە، چونکە فەلســـەفە بە تەنیا ناتوانێت پێداویستییەکانی مرۆڤ دابین بکات. هەر کەسێک بۆ ئەوەی بتوانێت بژیت، پێویستی بە فەلسەفەیەک هەیە و هەر کەســیش فەلســـەفەی خۆی هەیە، واتە هەر کەســێک خاوەنی ڕوانگەی تایبەت بە خۆیەتی بۆ ژیان. ئەگەرمرۆڤێک بیهەوێت فەلســـەفەی خۆی ڕابگرێت و بیباتە پێشەوە، ئەوە دەبێت لە ڕێگەی هونەرەوە ئەو کارە بکات و ئەرکی هونەر بریتییە لە پەسندکرنی ئەو فەلسەفەیە کە ئێمە هەمانە. لێرەدا ڕوانگەی ڕاند بەپێچەوانەی ڕوانگەی ئۆســـکار وارڵدە. وەکوو دەزانین ئۆســـکار پێی وا بوو کە 'هەموو جۆرەکانی هونەر بەگشتی بێ کەڵکن". ئەوەی لە بواری هونەرییەوە خۆشت دەوێت ئاکامی ئەو فەلســـەفەیە کە هەتانە. کەســـانێک کە ڕۆمانەکانی ڕاند دەخوێننەوە، واتای ئەوەیە کە خاوەنی فەلسەفەیەکن کە لەگەڵ فەلسەفەی ناوبراو دێتەوە. ئەوانەش کە ئەو ڕۆمانانە پەسند ناکەن، واتای ئەوەیە کە فەلســـەفەی ڕاند لە ڕوانگەی فەلســـەفی ئەوانەوە دوورە. ئەو کەسانەی چیرۆک و ڕۆمانەکانی کافکا دەخوێننەوە، ڕوانگە و بۆچوونە فەلسەفییەکانی خۆیان لەو ڕومانانەدا دەدۆزنەوە.

## دوا وتە

دوو هێڵی هاوتەریبی هزری و فەلسەفی، بەدرێژایی مێژووی فەلسەفە پێکەوە هاوتەریبی یەکتر چوونەتە پێش. یەکیان بریتییە لە ڕوانگە فەلسەفییەکانی ئەفلاتوون و ئەوی دیکەشیان بریتییە لە بیر و بۆچوونەکانی ئەریستۆ. وەکوو پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، ئەفلاتوون پێی وا بوو ڕاستییە ڕاستەقینەکان دوو جۆرن. بەو پێیە ئەو دەیگوت کە هەستەکان ناتوانن زانیارییەکی باوەڕپێکراو بە ئێمە بدەن و دەبێت چاومان ببڕینە ڕاستییەکی دیکەی جیا لەو دنیایە، دونیایەک کە تەنیا ڕێژەیەکی کەم دەتوانن دەستیان بەو ڕاستییە ڕاستەقینەیە بگات، بۆیە زۆربەی خەڵک دەبێت لەلایەن کەسانی دیکەوە کە ئەو تێگەیشتن «insight» و دووربینییەیان هەیە، ڕێبەری و ڕێنوێنی بکرێن. لە لایەکی دیکەوە ئەریستۆ لەو بڕوایەدا بوو کە تەنیا یەک ڕاستی هەیە و هەستەکانی ئێمەش توانای ئەوەیان هەیە کە زانست و زانیارییەکی باوەڕپێکراو سەبارەت بەو ڕاستییە ڕاستەقینەیە بە ئێمە بدەن و پێی وا بوو لەو دنیایەدا دەبێت ژیانێکی باشمان هەبێت و تێ بکۆشین جوان بژین. ئەوەش تەنیا کاتێک ئەگەری هەیە کە ئەو دنیایە باش بناسین، هەموو توانا و کەرەستەکانی بەردەستمان بەکار بهێنین بۆ ناسینی هەرچی باشتر و زیاتری ئەو ڕاستییە. لەبەر ئەوەی کە تەنیا یەک ڕاستی هەیە، هەموو کەسێک دەتوانێت زانست و زانیاریی سەبارەت بەو ڕاستییە بەدەست بهێنێت و دستی پێ ڕابگات، هەروەها بەبێ دەستتێوەردانی کەسانی دیکە بژی و ژیانی خۆی بنیات بنێت.

هەموو فەیلەسووف و قوتابخانە فەلسەفییەکانی دوای ئەوان، بە شێوەیەکی سەرەکی یان پێڕەوی ئەفلاتوونن یان هی ئەریستۆ. واتای ئەو قسەیە ئەوەیە کە زۆربەی ئەو بیرمەندانەی دوای گەشەی

فەلســـەفە لە یۆنانی کۆندا سەریان هەڵ داوە، ڕوانگەکانیان یان هاوڕاییە لەگەڵ ئەفلاتوون یان لەگەڵ ئەریســـتۆ. لە ســـونەت و نەریتی ئەفلاتووندا مەسیحییەت، دیکارت، ڕۆســـۆ، کانت، فیتشە، هێگڵ و مارکس دەبینرێن. لە ســـونەت و نەریتی ئەریستۆشـــدا، تۆماس ئەکیوناس، جان لاک و کەسانی دیکە دەبینرێـــن. هەرچەند لای هەر کامیان هەندێک ڕوانگەی ئەوتۆ هەن کە بە ڕوانگەیەکی ئەریســـتۆیی لەقەڵەم نادرێن. تەنیا کەسێک کە تەواو ئەریستۆییە و تاکوو سەر هەر ئاواش مایەوە، ئاین ڕاندە.

بەڵام ئەوە تەنیا هەر فەیلەسووفەکان نین کە بەو جۆرە دابەش بوونە، بەڵکوو زۆربەی هەرە زۆری خەڵکیش لە سەرەتاکانی ژیانیاندا هەندێک ڕوانگە و بیر و بۆچوونی بنەڕەتییان لە دەرونیاندا هاتوونەتە ئاراوە کە بە جۆرێک دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە شـــێوەیەکی سروشـــتی لەســـەر ئەم یان ئەو دەستە لەقەڵەم بدرێن. کەواتە دەبێت بڵێین زۆربەی هەرە زۆری خەڵک یان ئەفلاتوونین یا ئەریستۆیی.

پێڕەوانی ئەفلاتوون بڕوایان وایە، کە ڕێگای نالۆژیکی بۆ گەیشتن بە زانیاری هەیە، بڕوایان وایە کە مرۆڤ دەبێت نرخ و بایەخەکانی خۆی بکاتە قوربانی و لەوەش زیاتر ئەوان دەڵێن کە تەنیا ڕێژەیەکی زۆر کەم لە خەڵک توانای دەستنیشـــانکردنی خێر و شـــەڕ و چاکە و خراپەیان هەیە و دەبێت تەنیا ئەوانەش کۆمەڵگە بەڕێوە ببەن. هەروەها ئەوان ئەوەیان قەبووڵ نییە کە مرۆڤ خاوەنی ئیرادەی ئازاد بێت، هەر بۆیە بانگەشـــەی ئـــەوە دەکەن کە مرۆڤ ناتوانێت بەرپرســـایەتی کار و کردەوەکانی خۆی بگرێتە ئەستۆ.

لەلایەکـــی دیکەوە ئەریســـتۆییەکان لەو بڕوایەدان کە تەنیا لە ڕێگەی ئاوەز و هەســـتەکانمانەوە دەتوانین زانیاری و زانســـت بەدەســـت بێنین. ئەوان دەڵێن دەبێت مرۆڤ بەپێی زانســـت و زانیاری و تواناکانـــی خۆی ژیانێکی باش بۆ خۆی لەو دنیایەدا دابین و دەســـتەبەر بکات، هەروەها ئەوان دەڵێن مرۆڤ دەتوانێت بەبێ چاوەدێریکردن و دەســـتێوەردانی "کۆمەڵ" یان خودا یان هەر کەسێکی دیکە، ژیانی خۆی بەرێتە سەر. ئەوان لەو بڕوایەدان کە مرۆڤ خاوەنی ئیرادەی ئازادە، بۆیە هەموو مرۆڤێک دەبێت لە بەرانبەر کار و کردەوە و هەڵسوکەوتەکانی خۆیدا بە بەرپرس بناسرێت.

ئەفلاتوونییەکان دەڵێن کۆمەڵگە بوونێکی سەربەخۆی هەیە. ئەریستۆییەکان دەڵێن کۆمەڵگە تەنیا بریتییە لە ســـەرجەمی کۆمەڵە خەڵکێک کە هـــەر یەکیان لە جێگەی خۆیدا وەکوو تاکەکەس بوونی سەربەخۆی هەیە. (Platonists are most often collectivists, while the Aristotelians are usually individualist)

ئەفلاتوونیەکان دەڵێن لەنێوان ئەو شتەی کە ئاکاری وڕەوشتییە و ئەو شتەدا کە بە قازانجی مرۆڤە جیاوازی هەیە، لەو پێوەندییەشـــدا بە شێوەیەکی ئاســـایی ئیمانۆئێل کانت دەڵێ؛ کار و کردەوەیەک تەنیا کاتێک بە شـــتێکی ئاکاری و ڕەوشـــتی دادەنرێت کە بەگشـــتی لە هەموو مەبەست و قازانج و بەرژەوەندییـــە تاکەکەســـییەکان بەدوور بێت. کانت دەڵێ کارێک ئەخلاقییـــە کە تەنیا وەکوو ئەرکی سەرشانی خۆمان جێبەجێی بکەین.

ئەرەستۆییەکان دەڵێن ئەگەر هەموو توانا و لێوەشاوەییەکانمان بۆ بنیاتنانی ژیانێکی خۆش لەو سەرزەوییە بخەینە گەڕ، کاریگەری ئاکاری و ڕەوشتیمان کردووە و لەو پێوەندییەشدا ئاین ڕاند دەیوت؛ گەورەترین و بەرزترین بنەمای ئاکار و ڕەوشتی ئەوەیە کە تێ بکۆشین لەسەر ئەو دنیایەدا ژیانێکی شادمان هەبێت و پێی وا بوو بەرزترین و گەورەترین بەها و خێر ئەوەیە کە بەدوای بەدیهێنانی قازانج و بەرژەوەندییە تاکەکەسییە ژیرانە و لۆژیکییەکانی خۆمان بکەوین. (and that rational self-interest is the highest virtue).

□

دەبێت بگوترێت ئەفلاتونییەکانیش حەزیان لە ئاوەزتەوەری هەیە. وەکوو پێشتر ئاماژەمان پێ کردووە ئاوەزتەوەری ئەوەیە کە کەسێک لە خاڵێکی کەم و زۆر دیاریکراوەوە دەست پێ دەکات و شیکاری و هەڵسەنگاندنی خۆی دەباتە پێش تاکوو بە ئاکامێک دەگات و هەرچی لە ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەدا پێی گەیشتن (بێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە بینراوە ڕاستەقینەکان ئاکامی دیکە بە دەستەوە دەدەن) ئەوە قەبووڵ دەکەین. لەڕاستیدا زۆربەی ئەو فەیلەسووفانەی کە بە ئەزموونتەوەر دادەنرێن، بە ئاوەزتەوەر لەقەڵەم دەدرێن. بێرکلی و هیوم بە ئەزموونتەوەر لەقەڵەم دەدرێن، دیسانیش بێرکلی دەیوت چلۆنایەتیێ هەستەکییەکانی شتە ئۆبژەکان شتێکن کە ئیمە لە ڕێگەی هەستەکانەوە بە ئۆبژەکانی دەبەخشین، هەر بۆیەش هەموویان سوبژێکتیڤن. تەنانەت هیوم حاشای لە هەبوونی ئەو ئۆبژێکتانەش دەکرد. ئەگەر مەبەست لە ئەزموونتەوەری ئەوە بێت کە دەتوانین لە خاڵێکدا (وەکوو خاڵی دەستپێک بۆ لێکۆڵینەوە) دەست پێ بکەین تاکوو بە ئاکامێک دەگەین، ناتوانین بڵێین کە بێرکلی و هیوم ئەزموونتەوەرن، ئەوان بڕوایان بە ئاکامەکانی خۆیان لەو ڕێگەیەوە زیاتر بوو تاکوو بەو زانیارییانەی کە تەنیا لە ڕێگەی بینراوەوە بەدەست دێن.

لە پێوەندی لەگەڵ ئاوەزتەوەریدا، ڕێژەیەکی زۆر نموونەمان هەن، کوو دەزانین کە بۆ چەندین دەیە سۆسیالیزم وەکوو ئێدەئالێکی ڕەوشتی و سیاسی ئەژمار دەکرا، سەرەڕای ئەوەی لە کردەوە و لەو وڵاتانەدا کە سۆسیالیسمیان تیدا جێگیر کرابوو، بووبووە هۆکاری چارەڕەشی و مەینەتبەشی، هەر بەو جۆرە ئەو هەموو پشتیوانییە بەرینەی لە دەوڵەتی خۆشبژیوی دەکرێت، نیشانەی ئاوەزتەوەرییە.

□

لە سەرەتای ئەو کتێبەدا ئاماژەی پێ کراوە کە ئەوە فەلسەفەیە ڕەوتی مێژوو دیاری دەکات، دیارە قسەیەکی بەو جۆرە لە کتێبێکی ئاوادا ناسەلمێنرێت. لێرە زۆر بە کورتی باسێک لەوە دەکەین: کاتێک عیرفان و مرۆڤدۆستیی مەسیحییەت دەسەڵاتی ڕەهای بە دەستەوە گرت و زاڵ بوو، دەورانی دارمان و گەڕانەوە بۆ پاش لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا دەستی پێ کرد، واتە سەدەکانی نێوەڕاست. ڕوانگە و بیر و بۆچوونەکانی سەدەکانی نێوەڕاست هەر بەردەوام بوون تاکوو بیر و بۆچوونە ئەریستۆییەکان لە بوارەکانی ئاکار و زانینناسیدا هاتنە ئاراوە و زاڵ بوون، پاشان قۆناغێک لە پێشکەوتن

و پەرەسەندن لە هەموو بوارێکدا هاتە کایەوە و جێگەی سەدەکانی نێوەڕاستی گرتەوە، کە پێی دەوترا ڕێنێسانس. بەڵام لەو کاتەدا هیچ بەڵگەیەکی بەهێز و قاییم بۆ پاکانەکردنی ڕوانگەکانی ئەریستۆ لە ئارادا نەبوو، لەبەر ئەوەی کە لایەنگرانی ئەو بیرۆکەیە لاوازبوون (وەکوو جان لاک) بە ئاسانی ئەو ڕوانگانە لەلایەن کەسانی وەکوو هیوم و کانتەوە ڕەت کرانەوە.

دیسانیش دەتوانین بڵێین کە توخمە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی ئەریستۆ هێشتا هەر ماون و هەر بۆیەشە لە ڕۆژاوادا خەڵک ئازادیی سیاسییان هەیە و لە ستانداردە بەرزەکانی ژیان کەڵک وەردەگرن، بەڵام ئەمڕۆ ڕۆژاوا لە بواری مێژووییەوە کەوتووەتە سەر دووڕییانێکی چارەنووسساز.

کۆمەڵگە ڕۆژاواییەکان لە ڕەوتی دارزاندان، نائارامییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو زیادبوون دەچن و خەڵک بێهیوان. ئەو ئامانجانەی کە زۆربەی خەڵک بڕوایان پێیان هەبوو (وەکوو مرۆڤدۆستی، کۆلێکتیڤیزم، ناسیۆنالیزم، دەوڵەتی خۆشبژیوی و سۆسیالیزم) تێک شکاون، هەر بۆیە زۆرن ئەو کەسانەی کە بڕوایان وایە کە ئیتر ڕێگەچارەیەک لە گۆڕێدا نییە. دەزانی ئەوە واتای چییە؟ واتای ئەوەیە کە ڕوانگە و بیر و بۆچوونە ئەفلاتوونییەکان ناتوانن هیچ جێگرەوە و ڕێگەچارەیەک جیا لەو ڕێگەچارە ئەزموونکراو و تاقیکراوانەی باسمان کردن، پێشکەش بکەن.

ئەوە لەبەر ئەوەیە کە بیرۆکە و ڕوانگە ئەفلاتوونییەکان ئەگەر ڕێگەچارەیەکیش پێشنیار بکەن، ئاکامەکەی هەڵە دێتە دەر، چونکە بیرۆکە و ڕوانگە ئەفلاتوونییەکان بناغەیەکی ڕاست و دروست بۆ تێگەیشتن لە ڕاستییە ڕاستەقینەکان بەدەستەوە نادەن. دەتوانین بڵێین ئەو نەخشەی کە ڕوانگەی ئەفلاتوونی بەکاری دێنێت بۆ تێگەیشتن لە ڕاستی، لە بواری ڕاستیی ڕاستەقینەدا کار ناکات. ئەو کاتەی کە ئاکامی بیرۆکە و ڕوانگە ئەفلاتوونییەکان بۆ یەکەم جار سەر کەوتن و زاڵ بوون، ئاکامەکەی ئەوە بوو کە سەدەکانی نێوەڕاستیان بەدوای خۆیاندا هێنا. هیچ دوور نییە شتێکی لەو چەشنە سەرلەنوێ ڕوو بداتەوە.

ڕوانگە و بیر و بۆچوونە ئەریستۆییەکان لە زۆر بواردا بەگشتی لەگەڵ فەرهەنگی ڕۆژاوادا بێگانەن. وەکوو ئەوەی کە مرۆڤ تەنیا لە ڕێگەی عەقڵو هەستەکان دەتوانێ زانیاریو ماریفەت وەدەست بێنێ، ئەوە کە ژیانێکی باش شتێکی ئاکاری و ڕەوشتییە، ئەوەی کە دەبێت ڕێز لە ماف و ئازادییەکانی کەسانی دیکە بگیردرێت، بۆ ئەوەی چۆن حەز دەکەن ئاوا بژین، ئەوە کە دەڵێت کۆمەڵگە دەبێت بە جۆرێک ڕێک بخرێت کە هەموو مرۆڤەکان بەڕەوشت و ئاکارپاک بن، لە بواری سیاسی و ماڵییەوە بەرپرسایەتیی کاروباری خۆیان بە ئەستۆ بگرن. ئەوانە هەموو ئەو ڕوانگە و بیر و بیرۆکانەن کە لە ناتەبایی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بیر و ڕوانگە ئەفلاتوونییەکاندان کە زۆربە بە تاقە ئیدەی ڕاستیان دەزانن.

بیر و بۆچوونە ئەریستۆییەکان جارێک لە مێژوودا بوونە هۆکاری سەرهەڵدانی ڕێنسانس و ڕۆشەنگەری، دەتوانن جارێکی دیکەش سەرلەنوێ ئەو کارە بکەنەوە.

# سەرچاوەکان

I arbeidet med denne boken er i tillegg til verker av de omtalte filosofer følgende verker benyttet:

Arendt, Hanna: Eichmann i Jerusalem, Pax, Oslo 1965
*Artz, Frederick B.: The Mind of the Middle Ages, University of Chicago Press, Chicago 1980
Bjelke/Dege: Den europeiske filosofi, Universitetsforlaget, Oslo 1970
Gundersen, Jan B.: Den lille filosofihistorien, Aventura, Oslo 1988
*Jones, W.T.: A History of Western Philosophy, 5 bind, Harcourt Brace Jovanovich, New York 1975
Moen, Kristian: Verdenshistorien inntil 1815, Aschehoug, Oslo 1969
Nerheim/Rossvær: Filosofiens historie, Aschehoug/Tanum-Norli, Oslo 1984
Nordby, Klaus A.: From Kant to Kandinsky: The Development of Modern Esthetics (Upublisert)
Næss, Arne: Filosofiens historie, 2 bind, Universitetsforlaget, Oslo 1976
*Peikoff, Leonard: The Ominous Parallels, New American Library, New York 1983
Russell, Bertrand: A History of Western Philosophy, Unwin, London 1979

Slaattelid/Skirbekk: Filosofi for den vidaregåande skulen, Det Norske Samlaget, Oslo 1976

*Windelband, Wilhelm: A History of Philosophy, Greenwood Press, Westport, 1979

Titler som er spesielt å anbefale til videre studium er merket med *



Vegard Martinsen studied philosophy, mathematics and physics at the University of Oslo, and received his master's degree in 1981. He is now employed by Vox, the national professional body for competence policy in Oslo. Vox is a continuation of, among others, the Adult Education Institute and the Norwegian Resource and Adult Education Center, SRV, where Martinsen taught mathematics, physics and philosophy.

He has written a large number of articles, that have been published in, among others, Aftenposten, Morgenbladet, Dagbladet, Verdens Gang, Dagsavisen, Humanist, Teknisk Ukeblad, LIBERAL and AERA.

Martinsen has held a number of positions, among others. he was for a period deputy representative to the Storting (1989-93). He has been the leader of the Liberal People's Party since 2002.

له زنجیره بڵاوكراوه‌كانی
ده‌زگای په‌روه‌رده و لێكۆڵینه‌وه‌ی
حیزبی دێموكڕاتی كوردستانی ئێران
www.govartishk.com